# ژن بە باوەڕێکی پۆڵاییینەوە

وەرگێڕان و نووسینی:

**شیرین جیهانی**

خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

- ژن بە باوەڕێکی پۆڵایینەوە
- کۆکردنەوە، وەرگێڕان و نووسینی: شیرین جیهانی
- نەخشەسازی ناوەوە: لوقمان رەشیدی
- بەرگ: لوقمان رەشیدی
- تایپیست: شەهلا رەشیدی
- ژمارەی سپاردن: (      )
- نرخ: (٥٠٠٠) دینار
- چاپی یەکەم: ٢٠١٣
- تیراژ: ٣٠٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی (موکریان)

زنجیرەی کتێب (٧٢١)

هەموو مافێکی بۆ خانەی موکریانی پارێزراوە

ماڵپەر: www.mukiryani.com
ئیمەیڵ: info@mukiryani.com



ئەم کتێبە پێشکەش دەکەم بە خاتوونی فەرانسە «دانیال میتەران» کە بە ژیانی پڕ لە شۆڕش و شانازی خۆی، بوو بە پشتیوانی هەموو مرۆڤەکانی ژێر ستەم و ئازادیخواز لە جیهان و لە ناویشیان دا گەلی کورد. ئەو ژنەی کە بە شێوان و خەفەتی دایکان و منداڵانی کورد، دەشێوا و خەم دایدەگرت و بە هەموو شێوەیەک و بە هەموو توانای خۆیەوە، لە پێناو دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤ و لە ناویشیان دا مافەکانی کوردان، ئەوەی لە دەستی هات کردی. دانیال میتەران، هەم وەکوو ژنێکی بەرجەستە و هەمیش وەکوو تێکۆشەرێکی ئازادیخواز و مرۆڤ دۆست، ناوێکە کە بۆ هەموو کوردان ناسراوە و ئەوەندەش کە ڕێزی لێ بگیرێت، هەر کەمە. ئەم کتێبە بۆ ڕێز گرتن لە میتەران، وەکوو چەپکە گوڵێک لە سەر گڵکۆکەی دادەنێم و سەری ڕێزی بۆ دادەنەوێنم.




وێنەی دوکتور ئاتسوشی میازاکی لە کاتی لە باوەش کردنی منداڵێکی کورد

هەروەها ئەم کتێبە پێشکەش دەکەم بۆ ڕێز گرتن لە یاد و تێکۆشانەکانی مرۆڤ دۆستانەی ژنە چالاکوانی ژاپۆنی «دوکتور ئاتسووشی میازاکی Atsushi Miyazaki» کە دوابەدوای بوومەلەرزەکەی شاری وان لە ساڵی ٢٠١١ و بۆ یارمەتیدانی خەڵکانی ئاوارە و برینداری ئەو شارە، هاتە کوردستان و هەوڵی ڕزگار کردنی گیانی ژنان و منداڵانی کوردی دا، «میازاکی»، هەر لە هەمان شار و لە بوومەرزەیەک کە سەرلەنوێ هاتبۆوە، گیانی لە دەست دا و بوو بە فیدای ئامانجەکانی ئینسانی.

# پێڕست


پێشەکی ........ ٩
جەین ئادامز ........ ١٥
دایان ئاربۆس ........ ٢٥
ژاندارک ........ ٣٣
هانا ئارنت ........ ٤٣
جەین ئاوستون ........ ٥١
سوزان، بی. ئانتۆنی ........ ٥٩
جۆرج ئیلیۆت ........ ٦٩
فلانێری ئۆکۆنۆر ........ ٧٧
ئامیلیا ئەیرهارت ........ ٨٥
کلارا بارتۆن ........ ٩٣
پێرل باک ........ ٩٩
سیریماوو باندرانایکێ ........ ١٠٩
گرۆ هارلێم برونت لاند ........ ١١٩
هێلێن گێرلی براون ........ ١٢٧
گوێندۆلین برووکس ........ ١٣٥
ئێمیلی برۆنت ........ ١٤٣
ئێلیزابێت بلاک وێل ........ ١٤٩
مارگارێت بۆرک وایت ........ ١٥٧
نادیا بولانژێ ........ ١٦٥
سیمۆن دۆ بووار ........ ١٧٣
هەریەت بیچێرستۆ ........ ١٨٣
رۆزا پارکس ........ ١٩١
ئێمێلاین پانکهێرست ........ ١٩٩
لێنی ری فێن ستاڵ ........ ٢٠٩
باربارا تاچمەن ........ ٢١٩
ئێمیلی دیکینسۆن ........ ٢٢٩

ئاونگ سان سووکی ........................................ ٢٣٥
وو شائۆ ........................................ ٢٤٣
موراساکی شیکیبۆ ........................................ ٢٤٩
ئان فرانک ........................................ ٢٥٥
فریدا کالۆ ........................................ ٢٦٣
کلیئۆپاترا ........................................ ٢٧١
هێلێن کلێر ........................................ ٢٨١
رۆزا لوگزێمبورگ ........................................ ٢٨٩
دایە ترێزا ........................................ ٢٩٧
حەپسە خانی نەقیب ........................................ ٣٠٧
لەیلا زانا ........................................ ٣١٣
لەیلا بەدرخان ........................................ ٣٢٣
مەستوورە ئەردەڵان ........................................ ٣٢٩
لەیلا قاسم ........................................ ٣٣٥
دانیال میتەران ........................................ ٣٤٥

# پێشەکی

خوێنەری بەڕێز !

ئـەوەی کـە لەم کتێبــەدا دەیخوێنییەوە کورتەیەک لە ژیاننامە و ئاســەواری ژمارەیەک لە ژنانی چالاک و ناسراوی جیهانە کە بە کارەکان و بەرهەمەکانیان، دەورێکی بەرچاویان هەبووە لە هەڵسووڕاندنی چەرخی ژیانی مرۆڤایەتی. دیارە ئەمانــە تەنیــا نموونەیەکن لــە دەیان هەزار ژنی بەرجەســتەی جیهان و ئەگەر مــرۆڤ بیهەوێت ناوی هەموو ژنانی چــالاک و بەرهەمەکانیان تۆمار بکات، بە سەدان و ڕەنگە بە هەزاران کتێب تێری نەکات. بەڵام لە هەمان کات دا کەم نین ئــەو پیاوانــە و تەنانەت ژنانێکیش کە پێیان وایە ژنــان ناتوانن یان نەیانتوانیوە دەورێکی ســەرەکیان هەبێت لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک زانست، فەلسەفە، ئەدەبیات، سیاسەت، وەرزش. سەرچاوەی سەرەکی ئەم کتێبە لە کتێبی "زنانی کــە دنیــا را تکان دادند" لە وەرگێران و نووســینی (عیفەت بەرادەران رەحیمی) وەرگیــراوە.  ئێمــە بەم کتێبــە و ئەم چەند نموونە ژنەی کە لێــرەدا هێناومانن، دەمانهــەوێ بەم کەســانەی کــە وابیر دەکەنــەوە بڵێین «نــا» وا نییە. ئەوەش

مشتێک لە خەروار و ببینە و بزانە کە ئەم ژنانە کێ بوون و چیان کردووە.
ژن بنیادنەری کۆمەڵگای مرۆڤایەتیە.
بەڵێ، ژن بنیادنەری کۆمەڵگایە. ئەگەر چاوێک بە مێژووی مرۆڤایەتی دا بخشێنین بۆمان دەردەکەوێت کە مێژووی دەسەڵاتداری پیاوان (کە چەمکی کۆیلەداری و سازکردنی دەوڵەت لەوێوە دەست پێدەکات)، تەنیا بۆ پێنج هەزار ساڵ لەمەو پێش دەگەڕێتەوە و بەر لەم مێژووە شتێک بە ناوی کۆیلەداری نەبووە. ژنان و خوداژنان خاوەنی دەسەڵات بوون و ژن بە هۆی مودیریەت و ژیری، مێهرەبانی و هەستی پاکی، وە هەروەها لە بەر تایبەتمەندیەکانی سیحراوی جەستەی وەک بە دونیا هێنانی منداڵ، هەموو کاتێک بە چاوی ڕێزەوە لە لایەن پیاو تەماشای دەکرا. ئەوە ژن بووە کە یەکەم جار گەنمی چاندووە. ئەوە ژن بووە کە دواتر گەنمی هاڕاندووە و ئاردی بەرهەم هێناوە و نانی ساز کرد. ژن بوو کە کشت و کاڵی پێش خست، ئاژەڵی رام کرد و کردی بە هاوژیانی مرۆڤ و شیری بزن و مەڕی دۆشی. ژن بوو کە بنیانی بنەماڵەی دانا و سیستەمی کۆمەڵایەتی وەڕێ خست. ژن بوو کە خوری ئاژەڵی ڕست و چنی. جلوبەرگی بەرهەم هێنا و لە بەردەکان ملوانکەی ساز کرد و زێر و زێوی لە یەکتر جیا کردەوە و نرخی پێدان. ژن بوو کە منداڵی پێگەیاند و پیاوان لە داوێنی ژنانەوە گەورە بوون و هێزیان دەگرت. ژن هەم ئافەرێنەر و هەمیش سەرچاوەی ژیانێکی نوێی کۆمەڵایەتیە بۆ مرۆڤایەتی. لەخۆڕا نییە کە لە زمانی کوردی دا وشەی «ئافرەت» و «ژن» بەکار هاتووە. تۆ بڵێی وشەی «ئافراندن» لە گەڵ وشەی «ئافرەت» و «ژیان» لە گەڵ «ژن» یەک سەرچاوەیان نەبێت کە ئاوەها لە یەک نزیکن و لە یەک دەچن؟! مەگەر نە ئەوەیە کە ژن سەرچاوەی ژیانە و یەکەمین ئافرێنەرە لە جیهاندا.
جیا لەمانە ژن بە مێهرەبانی خۆیەوە ناسراوە. ژنان سیمبۆلی ئاشتی و تەبایین. ئەوە پیاوان بوون کە لە پێنج هەزار ساڵ لەمەو پێش بە ساز کردنی سیستەمی کۆیلایەتی و ژێر دەستە کردنی ژنان، کۆیلایەتیان پێک هێنا و «شەڕ» و کوشتار و تاڵانکاریان پێش خست. زۆر بە دەگمەن لە مێژووی مرۆڤایەتی دا ژن وەک شەڕکەر و بکوژ دەبیندرێت و لە راستی دا زۆرتر بۆ بەرگری لە خۆی و لە هێندێک قۆناغ دا ڕووی لە چەک کردووە. تەنانەت کۆمەڵناسێکی وەک «ئێلوین تافلێر» لە سەر ئەو باوەڕەیە کە شەڕ و میلیتاریزم بوویەرێکی پیاوانەیە و کاتێکیش چاو لە دیکتاتۆرە گەورەکان و مرۆڤە خوێن

ڕیـــژەکان دەکەیـــن، دەبینین کە زۆربەیان پیـــاو بوون. چەنگیز خـــان، هۆلاکۆ، هیتلێر، ستالین، سەدام، پینۆشە، و ...هتد، نموونەیەکن لەو ڕاستیە.

ژنان هەموو کاتێک لە دژی خوێن ڕشتن بوون و دڵیان پڕ بووە لە مێهرەبانی. هـــەر بەو هەستەشـــەوە بووە کە ژن توانیویەتی وەحشـــتی ترین ئاژەڵەکان بۆ یەکـــەم جـــار لە ڕۆژهەلاتی ناویـــن ڕام بکات و کاتێک بیری لـــێ بکرێتەوە ئەم ڕاســـتیە ئاشـــکرا دەبێت کە بۆ وێنە ئاژەڵێکی وەک پشیلە کە ئەمڕۆ لە ماڵەکان ڕادەگیـــرێ و تەنانەت بێ مرۆڤ ناژی، یان ســـەگ و بـــەراز، بەم چنگ و ددانە تیژانەی خۆیانەوە، سەردەمانێک وەک گورگ و پڵینگی ئێستا لە دەستی مرۆڤ هەلاتوون. بزن و مەڕ و ئەسپیش بە هەمان شێوە. بەلام ئەمە دەستی ژن بووە کە ئەم ئاژەلانەی پێگەیاندووە و وەهای ڕام کردوون کە ئیتر ناتوانن لە مرۆڤ دوور بکەونەوە.

لە کوردەواری خۆشـــمان دا و لە ڕۆژگارانی کۆن دا کاتێک لە نێوان پیاوانی دوو تایفە دا شـــەڕ بووە و تەنانەت خوێن ڕژاوە، ژنێک چووەتە ناو مەیدانەکە و بە فڕێدانی دەســـماڵی ســـەر یان دەسرەیەکی ســـپی بۆ ناو مەیدانی شەڕەکە، کۆتایـــی بە ناکۆکیەکان هێناوە. ئەمەش هێزی ڕاســـتەقینەی ژن و ئاشـــتیخواز بوونـــی نیشـــان دەدات کـــە تەنانـــەت لـــە دوای قۆناغەکانی خوداژنـــی و هاتنە ســـەرکاری سیستەمەکانی کۆیلەداری، فیئۆدالی و سەرمایەداری سەردەمیشدا، دیســـان خاوەنی تواناییگەلێکی تایبەتی بووە. ســـەرنج بدەن، بۆ وێنە کەســـێکی وەک «گاندی» دەڵێت کە پڕۆسەی چۆنیەتی خەبات کردن لە دژی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیـس لـــە هیندوســـتان لە خۆ ڕاگـــری ژنەکەی فێر بووە. گانـدی باس لەوە دەکات کـــە لـــە تەمەنێکـــی زۆر کەم دا، واتا لە سێزدەســـاڵەیی دا ژنی هێناوە و بەردەوام لە هاوسەرەکەی داوە. بەلام هاوسەرەکەی بە «خۆراگری نێگاتیڤ» و بـــە بـــێ ئەوەی بە شـــێوەی گاندی بەرپەرچـــی بداتەوە، کارێکـــی کردبوو کە لـــە ئەنجام دا گاندی بە خۆی دا بێتەوە و هەســـت بـــە تاوانبار بوون و دڕندانە بوونی هەڵسوکەوتەکانی بکات. گاندی پەشیمان دەبۆوە و هەوڵی دەدا بە خۆی دا بچێتـــەوە. ئەمـــە بوو کە گاندی ئەم شـــێوازەی لە سیاســـەتیش دا بە کارهێنا و «خۆراگـــری نێگاتیـــڤ»ی لە بەرامبـــەر ئینگلیس وەڕێ خســـت. خۆراگریەک کە بۆ وێنە لە جیاتی وەلام دانەوەی هێرشـــە ســـەربازیەکانی ئینگلیس بۆ ســـەر خاکی هیندوســـتان بە شـــێوازی خۆی، ئەوان بە نەرمی دژکردەوەیان نیشـــان دەدا و نافەرمانی مەدەنیان پێش دەخست. هەر ئەم کردەوانەش بوو کە بوو بە

هۆی شـکاندی ئینگلیس و وەدەستهێنانەوەی سـەربەخۆیی هیندوستان. لێرەدا ئەمە نموونەیەکە لە نرخی دەرۆناسـی و شێوازی رەفتاری ژنانە کە ئەوپەڕی مرۆڤایەتـی و هێمنایەتی و مێهرەبانی لە خۆ دەگرێت. ژنانی دڵ ڕەق لە جیهان دا کەمن و ژن هەموو کاتێک سـێمبۆلی خۆشەویسـتی و عاتیفە بووە. ئەمەش نرخێکـی گەورەیە بۆ مرۆڤایەتی و ئامانجـی مرۆڤایەتیش ئەوەیە کە جیهانێک ساز بێت بە بێ شەڕ و خوێن ڕشتن.

ژنـان لە گەڵ ئەوەشـدا کە سـەرکوت کراون، بەڵام خەریکـن جارێکی دیکە دەبووژێنەوە. ئەمڕۆکە لە جیهان دا گەلێک جووڵانەوە و ڕێکخستنی فێمێنیستی و مافخوازانـە هەیـە کە داوای مافەکانیان دەکەن. ئیتر ژن کۆیلەی ناو ماڵ نییە و خەریکە لە سەر پێی خۆی دەوەستێتەوە. بۆ نموونە لە وڵاتانی پێشکەوتوو دا ڕێژەی بەشداری چالاکانەی ژنان لە کار و تێکۆشانەکانی کۆمەڵایەتی دا دەبینین. ژمارەی نووسـەران، بیرمەندان، دەرهێنەرانی سینەما و هونەرمەندان، زانیاران و خوێندکارانـی ژن ڕۆژ بـە ڕۆژ پەرە دەسـتێنێ و ژنان بەرەو وشـیاریەکی زۆرتـر دەڕۆن. کاتـی ئەوە هاتووە کە خودا ژنەکانیـش بژینەوە و جارێکی تر ژنان ببنە پێشەنگی مرۆڤایەتی لە جیهان دا. ژیان و ئافراندنی نوێ بەڕێوەیە...

ئـەم کتێبـە گۆڵبژێرێکـە لە ژمارەیـەک ژن کە لە مـاوەی ژیانـی خۆیان دا بـە چۆنیەتی ژیـان و بەرهەمەکانیـان، بوونە پێشـەنگی ئـازادی، هونەر، یان گۆڕانکاریەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی و کاریگەریان لە سەر مێژووی مرۆڤایەتی هەبـووە. ئەمانە تەنیـا نموونەیەکن لە هەزاران ژنی لێهاتـوو کە ئەگەر مرۆڤ بیهەوێ تەنیا ناویان بنووسێت و بەس، بە دەیان و سەدان کتێبیش بەش ناکات. بـەڵام ئـەم چەند نموونەیەی کـە لەم کتێبە دا هاتوون، خۆی سـەلمێنەری ئەو راسـتیەیە کە ژنان لە جیهان دا خاوەنی هێز و دینامیکی گەورەی گۆڕانکاری، توانایی تێکۆشانی سیاسی و کۆمەلایەتی و هەروەها بەهرە و بەرهەمی فکری، ئەدەبی و هونەری گەورەن و ئەوانەی کە حاشا لەم راستیە دەکەن، با چاوێک بە سـەر ژیانی ئەم چەند کەسـە دا بخشـێنن کە لەم کتێبە دا وەک «مشتێک لە خـەروار» باسـیان دەکرێت. دیارە لێـرە دا رامان و بۆچوونـی ئەو ژنانە چی بـووە گرینـگ نییە. نووسـەر و وەرگێڕی ئەم کتێبە لە گـەڵ هێندێک بۆچوون هاوڕایە و لە گەڵ هێندێکیشـیان نا. بەڵام ئەوەی کە گرینگە ئاستی توانایی ئەم ژنانەیـە کە نموونەیەکن لە هەزاران هەزار ژنی تر. هاوکات بە هەڵسـەنگاندنی شێوازی کار و تێکۆشان و بەرهەمەکانی ژنانی جیهان لە گەڵ ژنانی کورد، لەو

راســتیه تێدەگەین کە زۆر ژنی کورد هەن کە بە راســتی شایانی ڕێز لێگرتنن. کەسانی وەکوو لەیلا قاسم و لەیلا زانا نموونەیەکن لەو ژنانەی کە ژیاننامەیان، نــەک تەنیــا لە کوردســتان، بەڵکوو دەبێ لــە هەموو جیهــان دا بخویندرێتەوە. ژنانی کورد و بە تایبەت ژنانی خەباتکاری کورد، نەک تەنیا شتێکیان لە ژنانی فێمینیست و خەباتکاری گەلانی دیکە کەم نییە، بەڵکوو زۆر ژنی کورد هەن کە لە زۆر بوارانەوە لە زۆر ژنی ناسراوی جیهان لە سەرتریشن. بەڵام ستەمێکی تــر کــە لە ژنانی کورد کراوە ئەوەیــە کە ئەم ژنە قارەمان و کــەم وێنانە، بەو جــۆرەی کە دەبێ ببــێ، تەنانەت زۆر جاران لە کوردســتانیش نەناســراون و ڕێزیان لێنەگیراوە. بەو هیوایە کە ئەم کتێبە ببێتە پێوانەیەک بۆ باشــتر ناسینی پێگەی ژنانی کورد و خاڵێک بۆ هان دانی ژنان بۆ تێکۆشان و کار. هاوکاتیش ببێتە مایەی خۆ ناســین و خۆ دۆزینەوەی زیادتر. بەڵێ، ژن سەرچاوەی ژیانە و ژیان دەبێ گەشە بکات...



# جەین ئادامز

Jane Addamms

1860- 1935

# "باشترین و گەورەترین ژنی جیهانی سەردەمی خۆی!"

"جەین ئادامز" لە کاتی ژیانی دا لە لایەن زۆرینەی خەڵکانی ئامریکا، بە "باشترین و گەورەترین ژنی جیهان" ناسێندرا. ئەم ژنە ئامریکاییە بە هۆی بنیادنانی "هاڵ هاوس Hull House" لە شاری شیکاگۆ، ناوبانگی دەرکرد. ئەمەش یەکەمین ناوەندنی گەورەی مەدەنی و کۆمەڵایەتی لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بوو. ئەوە لە کاتێکدایە کە جەین ئادامز هاوکات بنیادنەری "یەکیەتی ئازادیەکانی مەدەنی ئامریکا"، ڕێکخەر و بەرپرسیاری گشتی "پاتری ئاشتی ژنان" و هاوکاتیش یەکێک لە بنیادنەرانی "یەکیەتی ناونەتەوەیی ژنان بۆ ئاشتی و ئازادی" بوو.

جەین ئادامز، وەکوو یەکەمین ژنی ئامریکایی، وتارێکی لە بواری ڕاگەیاندنی خۆپاڵاوتنی یەکێک لە سەرۆک کۆمارەکانی ئامریکا، لە کۆنوانسیۆنێکی سیاسی نەتەوەیی دا پێشکەش کرد. لەم وتارە دا کە پێشکەشی کرد، پشتیوانی خۆی لە پاڵێوراوی "تیۆدۆر رۆزوێلت" کە لە لایەن "پارتی پێشرەو" خۆی نامزەدی هەڵبژاردن کردبوو، ڕاگەیاند.

جیا لەمانە "جەین ئادامز" یەکەمین ژنی ئامریکاییە کە لە ساڵی ١٩٣١، خەلاتی ئاشتی نۆبێلی وەرگرتووە.

جەین ئادامز، لە شاری "سداروێل" لە پارێزگای "ئیلی نیوز"، چاوی بە جیهان هەڵێناوە. ئەم ژنە بەناوبانگە، هەشتەمین منداڵی بنەماڵەکەیان و رۆڵەی ژن و پیاوێکە بە ناوەکانی" جان ئادامز" و "سارا ئادامز". کاتێک جەین تەمەنی گەیشتووەتە دوو ساڵ، دایکی مردووە و پێنج ساڵ دواتر باوکی جارێکی تر و ئەمجارەیان لە گەڵ بێوەژنێک بە ناوی "ئانا هالدمەن" کە خاوەنی دوو منداڵی کوڕ بووە، زەماوەندی کردووەتەوە.

لە گەڵ ئەوەدا کە جەین زۆر حەزی لەم زڕدایکەی کردووە کە هاوکات سەختگیر و مێهرەبان بووە، لە گەڵ ئەوەشدا کە پێوەندیەکی زۆر دۆستانەی لە گەڵ زڕبرایەکی بە ناوی "جۆرج" هەبووە، بەلام زیادتر لە هەر کەس پێوەندی دۆستایەتی و خۆشەویستی لە گەڵ باوکی هەبووە.

باوکی جەین، ئەندامی گرووپی "کواکێر" بوو، هەر بۆیەش لە گەڕەکی خۆیان وەکوو "پادشای خاوەن شکۆی گەڕەک" ناوبانگی دەرکردبوو.

جان ئادامز، بازرگانێکی دەوڵەمەند، سێناتۆری پارێزگا، لایەنگری ئازادی کۆیلەکان و دۆستی نزیکی "ئابراهام لینکۆڵن" بوو. جیرانەکانی زۆریان خۆش دەویست و سەبارەت بەوەی کە مرۆڤێکی زۆر بەڕێز و بەئەخلاق، دادوەر، زانا، درووستکار و خاوەن بیروبڕوایەکی پتەو بوو، زۆریان خۆش دەویست و گەلێک ڕێزیان لێ دەگرت. هەر ئەمەش بوو کە جان، لە گەڵ ئەوەشدا کە زۆر بە سادەیی دژیا، هەر لە تەمەنی لاویەتیەوە لە ناو خەڵک دا کەسێکی ناسراو بوو. بە جۆرێک کە هەموو کەس بە چاوێکی تایبەت لە کەسایەتی ئەویان دەڕوانی.

کەسایەتی باوک، کاریگەریەکی زۆری لە سەر "جەین"ی کچیشی دانابوو.

جەین ئادامز، دوابەدوای تەواو کردنی خوولی دواناوەندی، بە لاسایی کردنەوە لە خوشکە گەورەکەی لە فێرگەی کچانەی مەسیحی "راک فۆرد" لە پارێزگای "ئیلی نیوز" خۆی ناونووس کرد. لەوێ نیشانی دا کە بە راستی خوێندکارێکی سەرکەوتوویە و لە ماوەیەکی کورتخایەن دا ئەو دەرسانەی کە پێویست بوون بۆ وەرگرتنی لیسانس لە زانکۆی "بیلیۆت Beliot" بیانخوێنێت، هەمووی بە باشی تەواو کردن. دواتر بە پشتیوانی باوکی و لە پێناو یارمەتیدان و دەرمان کردنی خەڵکانی هەژار، بڕیاڕی دا کە دەست بکات بە خوێندن لە بواری پزشکی دا!

جەیـن لە ماوەیەکی کورتخایەن و بە خێرایی، دەرسـەکانی لە زانکۆی "راک فـۆرد" لە سـاڵی ١٨٨١ تـەواو کرد، بەڵام لـەو کاتەدا بوو کـە باوکی بە هۆی تەقینی ئاپاندیس ژیانی لە دەسـت دا و ئەمەش بوو بە خەمێکی گەورە لە سەر دڵـی جەین. هەر وەک خـۆی دواتر لە بیرەوەریەکانی دا نووسـی بوو، خەمی کۆچـی دوایـی باوکی، گەورەترین و قوورسـترین باری خەفەت بوو لە سـەر شـانی. کاریگەری کۆچی باوک، واتا باشـترین و نزیکیترین دۆسـتی جەین بە رادەیەک بەهێز بوو کە بۆ ماوەیەک بە سەرەگێژە و بێ ئامانج ژیا. بەڵام دوای ماوەیـەک جارێکی تر هاتەوە سـەرخۆی و بڕیـاری دا کە لە پێناو گەیشـتن کردن بـە ئامانجەکانی خۆی و باوکی و خزمەت کردن بە خەلکانی هەژاری ئامریکا، درێژە بـە خوێنـدن بداتەوە. بەم جـۆرە بوو کە جارێکی تر لە بواری پزشـکی دا دەسـتی کـردەوە بـە خوێنـدن و ئەمجارەیـان لە زانکـۆی پزشـکی تایبـەت بـە کچـان لە



پارێزگای "فیلادۆلفیا" درێژەی بە خوێندن دا ! ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە لە ماوەی خوێندن هەستی بەوە کرد کە لە راستی دا ئەو بۆ کاری پزشکی ساز نەکراوە و دەبێ ڕێگایەکی تر بگرێتە پێش! لە بەر ئەوەی کە ژانی پشـت ئێشـە و ئازاری مۆرەکانی پشـت لە جەستەی گەڕابوو، ئیتـر تاقەتـی نەهێنـا و بە تـەواوی زانکۆی بەجێ هێشـت ! ئەم ئـازارە تەنیا ئازاریکی جەسـتەیی نەبوو، بەڵکوو ئازارێکی دەرۆنیشـی بە دواوە بوو کە لە ئەنجام دا بە ناچار پشتی خۆی لە عەمەلیاتێک دا جەراحی کرد.

لە ساڵی ١٨٨٣، دوای ماوەیەکی درێژخایەن مانەوە لە ماڵ دا، لە نامەیەک دا کە بۆ یەکێک لە دۆستانی نزیکی خۆی بە ناوی "ئالێن گیتس ستار"ی ناردبوو، بەم جۆرەی نووسی:

*" ئامۆژگاریەکی کۆن لە ئامریکا هەیە کە دەڵێ، هەر ئامریکاییەک کە لە چۆک کەوتووە، وا باشـتر سـەفەر بکات و سـەرێک لە وڵاتانی دیکە بدات ! منیش ئەو ئامۆژگاریەم بە تەواوی پەسەند کردووە!".*

جەین لە سـەفەرێکدا چووە وڵاتی ئینگلیس و بۆ ماوەیەک لە شـاری لەندەن

مایەوە. لە گەڕەکی "ئیست لەند"ی شاری لەندەن بوو کە چاوی بە خەڵکانێکی زۆر هەژار کەوت و ئەمەش جارێکی تر هەستی بەرپرسیارەتی بۆ بەرگری کردن لە هەژاران لە ناو گیانی جەین ئادامز دا بووژاندەوە.

جەین لە دووەمین سەفەری خۆی دا بۆ ئوروپا، هاوڕێ لە گەڵ دۆستەکەی "ئالێن ستار" سەردانی ناوەندێکی خێرخوازیان کرد بە ناوی "توین بی هاڵ" کە لە لایەن "ئارنۆڵد توین بی" کوڕەمامی مێژوونووسی بەناوبانگی ئامریکایی "جۆزێف توێن بی" بۆ خزمەت کردن بە خەلکانی هەژار و لێقەوماو دامەزرابوو. شێوازی



کار و خەباتی چالاکڤانانی ئینگلیسی بۆ یارمەتیدانی هەژاران، کاریگەریەکی زۆری لە سەر هزر و رامانی جەین دانا. لە شێوازی ئینگلیسی دا هەوڵ دەدرا بە بێ ئەوەی کە کەسایەتی مرۆڤی هەژار تێکبشکێت و هەست بە کەم بوونی خۆی بکات، هەوڵ دەدرا هەم لە بواری ماڵی و هەمیش لە بواری دەرۆنیەوە یارمەتی بدرێت و کارێک بکرێت کە خەڵکانی هەژار خۆیان ئاکتیڤ بکەن بۆ ڕزگار بوون لە هەژاری. کاتێک جەین گەڕاوە ئامریکا، لە ڕووی مێتۆدی ئینگلیسی دەست بە کاری ساز کردنی ماڵێکی تایبەت بوو بۆ هەژاران لە ئامریکا!

لە سالی ١٨٨٩، جەین ئادامز و ئالێن ستاری هاوڕێی لە شاری شیکاگۆ نیشتەجێ بوون. لەم شارە بوو کە هەوڵی کۆکردنەوەی یارمەتیان و داوایان لە خەلکانی مرۆڤ دۆست، ناوەندەکانی ئایینی لە وێنەی کلیساکان و ڕێکخراوەکانی سڤیل و مەدەنی کرد کە بۆ ساز کردنی ماڵێک تایبەت بە هەژاران، پارەیان بۆ بدەنێ.

لە ئاکام دا جەین ئادامز، توانی ناوەندێکی گەورە و تایبەت بکاتەوە کە لە لایەن خەڵکەوە پشتیوانی لێ دەکرا، فەزایەکی ئاواڵەی هەبوو، هاوکاتیش گەلێک کارمەندی مێهرەبان و میوانپەروەر لەناوی داکاریان دەکرد. ئەم کۆمەڵەیە لە ناو یەکێک لە گەڕەکەکانی خەڵکانی کۆچبەر کە تازە ڕوویان لە ئامریکا کردبوو، بنیاد نرا.

کاتێــک جەیــن ئادامز و ئالێن ســتاری هاوڕێی لە ناوچەی "نایــن تین وارد" کە ســەردەمانێک ناوچەیەکی ئاوەدان و دەولەمەندنشــین و ئێســتاش ناوەندی کۆچبەرانی تازە هاتووی ئوروپایی بوو نیشتەجێ بوون، بینایەکی دوو قاتی و گەورەیان دۆزیەوە کە زۆر قاییم ســاز کرابوو. ئەو بینایە لە ســاڵی ١٨٥٦ و لە لایــەن "چارلز هاڵ" خاوەنی بونگای بازرگانی خانووبەرە ســاز کرابوو. جەین و هاوڕیکەی ئەم شــوێنەیان بە کرێ گرت و بە پارەیەکی کەم دەســتیان کرد بــە خاوێن کردنەوە و ڕەنگ کردنی، بــە جۆرێک کە خانوویەکی زۆر خۆش و تازەیــان لێ دەرهێنا. دوابەدوای چەند مانــگ ئەم خانووە ناوی "هاڵ هاوس"ی لــە ســەر دانــرا! هەر لە کۆتایی ئەو ســاڵە دابــوو کە نزیکەی بیســت کارمەند لەو شــوێنەدا دەســت بە کار بوون. هێندێک کەس ڕۆژانە و هێندێک کەســیش هەفتانە لەم خانووە کاریان دەکرد و زۆرتر یارمەتی ئەو پەنابەرانەیان دەدا کە پێویستیان بە یارمەتی بوو.

زۆری پێنەچوو کە خەڵکانێکی زۆر لە هەژاران و لێقەوماوان ڕوویان لە "هاڵ هــاوس" کــرد و ئەم ناوەندە بــە هۆی خزمەتەکانی لە نــاو خەڵک و کۆمەڵگای ئامریکایــی دا ناوبانگــی دەکــرد. لە هــاڵ هــاوس دا باخچەی منداڵانی ســاوا، خوێندگای منداڵانی بچووک و کلاسێکی پەروەردەی موزیک ساز کرا !

هــەر لــەو ناوەندە دا، ژنــان فێری کاری دروونی جلوبەرگ و چێشــت لێنان دەکــران و هاوکاتیــش گەلێک کایــی و دەرفەتی رابواردنــی کات بە تایبەت بۆ منداڵان رەخسیندرابوو.

"جەیمــز جیم" برازای جەین و نووســەری ژیاننامەکەی، بەم جۆرە باس لەم ناوەندە دەکات:

*" ئەوەی ڕوون و ئاشــکرایە ئەوەیە کە هەر کەســێک سەری لە ناوەنــدی هاڵ هاوز دابا، بە گەرمی لە لایەن کارمەندە ژنەکانی ئــەوێ پێشــوازی لــێ دەکرا ! بۆ ئــەوان گرینگ ئــەوە بوو کە بزانــن چیت پێویســتە تا لەم بــوارەدا یارمەتیت بدەن و ئەوەی لە دەســتیان هاتبا بە زووترین کات پێکیان دەهێنا و ئەنجامیان دەدا."*

بــەڵام جەیــن تەنیا بــە دامەزراندنــی ئەم ماڵــە رازی نەبوو. ئــەو بڕوای بە گۆڕانــکاری کۆمەڵایەتــی لــە ئاســتێکی بەرفراوانتــر دابــوو. لە ســاڵی ١٨٩١ ناوەندێکــی دیکەی بە ناوی "کلوپ جین" ســاز کرد کــە بوو ئازموونێکی بەهێز

و ســەرکەوتوانەی لــێ کەوتــەوە. ئەم ناوەندە بە تایبەتی بــۆ ئەو ژنە گەنجانە ســاز کرابوو کە لە کارگە و کارخانەکانی ئامریکا کاریان دەکرد و دوابەدوای مانگرتنەکانی کارگەری لە سەر کار دەرکرابوون.

جەین توانی بڕیارنامەیەک لە ســێنای ئامریکا پەســەند بکات کە بە پێی ئەو بڕیارنامەیە پێویست بوو کارگە و کارخانەکانی ئامریکا لە بواری تەندرووستی و رەوشــی ســاغی و ســڵامەتی کارگەرەکان بە بەردەوامی چاوەدێری بکرێن. هــاوکات بڵاوکراوەیەکی لە ســەر ژیــان و هەلومەرجی منداڵانــی کارگەر بڵاو کــردەوە کە ئــەم بڵاوکراوەیە کاریگەری لە ســەر بڕیارەکانی کاربەدەســتانی ئامریــکا دانــا و لە ئەنجام دا یاســای بنچینەیی ئامریکایان لــە پێوەندی لە گەڵ تەمەنی کاری منداڵان گۆڕی! لەم بەروارە دا کار کردن بە منداڵانی ژێر تەمەنی ١٤ ساڵ قەدەغە کرا. جەین لە کۆبوونەوەکانی نارەزایەتی کارگەرانی ئامریکایی دا بەشــداری دەکــرد و یەکێــک بوو لــە ئەندامانــی کۆمیتەکانــی دادوەری بۆ چارەسەری پرسەکان. هاوکات بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە لە پێناو ئافراندنی هەلومەرج و دەرفەتی باشتر بۆ کار و ژیان، ساز کردنی حەمامەکانی گشتی و زەوی وەرزشی لە شارەداریەکان، خەباتی دەکرد.

لــە بەر ئەوەی کــە هەلومەرجــی دژواری ژیانی ڕەشپێســتەکانی ئامریکای لــەم قۆناغــەدا بە باشــی دەرک کردبــوو، خەفەتی دەخــوارد و هەوڵی دەدا بە هەر شــێوەیەک بێت یارمەتیان بدات. هەر بۆیەش هەوڵی دەدا کە شــارەداری شــارەکان لەو گەڕەک و کۆڵانانەی کە ڕەشپێســتەکان لە ناویان دا نیشــتەجێ بــوون، خزمــەت بکەن و لــەو پێوەندیەش دا ناوەندێکی تایبەتی لە ســەر ناوی "کۆمەڵەی واندڵ فیلیپ" دامەزراند.

لە کۆبوونەوەکانی "کۆڕی نەتەوەیی ژنانی ڕەشپێست" دا چالاکانە بەشداری دەکــرد و لە بەرامبەر هەڵاواردنی ڕەگەزی لە دژی ڕەشپێســتەکان، بە هەموو هێــز و توانای خۆیــەوە دەنگی نارەزایەتی هەڵدەبــڕی! گەلێک جاران ڕێبەرانی جووڵانەوەی ئازادیخوازی ڕەشپێســتەکان لە وێنە "بۆکێر" و "تی واشێنگتۆن"ی بانگهێشــتی هــاڵ هــاوس دەکــرد و دەرفەتــی دەربڕینــی بیروڕای بــۆ ئەوان دەرەخساند.

لە ســاڵی ١٩٠٩ کاتێک "کۆڕی نەتەوەیی ڕەشپێســتەکانی ئامریکا NAACP دامەزرا، جەین ئادامز بوو بە یەکێک لە ئەندامانی سەرەکی کۆمیتەی بەڕێوەبەری ئەم ڕێکخراوەیە و بەردەوام لە تێکۆشان دابوو لە پێناو دەستەبەر کردنی مافی

ڕەشپێستەکان و وەدیهێنانی یەکسانی.

سەرنجراکێشــە کە لە سەردەمی شەڕی جیهانی یەکەم دا، لە قۆناغێک دا کە ئاگر و دووکەڵی شــەڕ لــە هەموو جیهان چاوی مرۆڤەکانــی داگرتبوو، کاتێک ڕۆژنامەکانــی ئامریکایــی جەین ئادامزیــان بە "تاکە ژنی پیــرۆز و موقەدەس" ناوزەد کردبوو، خەڵکانێکی زۆر کە لەم قۆناغە دا حەزیان لە بیســتنی وشــەی ئاشتی نەبوو، نەفرەتیان لە خەبات و چالاکیەکانی ئەم ژنە دەکرد و لە بەرامبەر دا دەهۆڵی چەکداریەتی و شەڕیان لێ دەدا ! بەڵام کاتێک کە جەین لە دەستی کرد بە گەڕانێک بە ناوی تەواوی ئامریکا دا و هەوڵی پاراســتنی زەخیرە و خەزێنەکانی خواردەمەنــی خەڵکی دا، زۆرتر لە جاران لە نــاو خەڵک و تەنانەت دژبەرانیشــی دا ڕێزی لێگیرا.



جەین ژنێکی مرۆڤ دۆست بوو. بۆ ئەو شــەڕ و کوشــتار و خوێن ڕشتن جێگەی نەفرەت بوو ئاشــتی و مــرۆڤ پەروەری بــە دوور لە پێوانەکانــی ڕەگەزی، ڕەنگی پێست و نەتەوە، ئەساس و بنچینە بوون. بەو هۆیە تەنانەت بەرگری لە مافی مندالە ئاڵمانیەکان دەکرد و دەیگووت "پێویســتە نانیــان بدەنــێ تا لە برســان نەمرن". یان بەرگری لە مافی ئەو کەسانە دەکرد کە لە لایەن دەوڵەتی ئامریکا و بە بەهانەی مەترســی بڵاو کردنەوەی رامانی کۆمۆنیســتی دەسبەســەر کرابــوون. لە بەر ئــەوەش کاتێــک کە جەین بەرگــری لە مافی ئەم جۆرە کەســانە دەکرد، لە ناو خــۆی ئامریکادا کەســانێک هەبوون کــە دژایەتیان دەکرد و ڕەقیــان لێی بوو. بەلام ئەو دەیزانی کە ڕێگایەک کە گرتوویەتیە پێش ڕێگایەکی درووستە و هەر بۆیەش ئامادە بوو نرخەکەشی بدات! جەین، لە بەرامبەر قوورسایی کێشەکان، تاڵــی ڕووداوەکان و دژایەتــی نەیارانی دا بەچۆک دانەهات. ئازاری دەچێشــت بەلام لە ئاکام دا تامی شیرینی سەرکەوتنی وەدەست دێنا.

لە ســاڵی ١٩٢٠ زۆربەی کاتەکانی خۆی لە ئاســیا و ئورووپا بە ســەر برد و وەکوو نوێنەری ڕێکخراوی "کۆمەلەی ناونەتەوەیی ژنان بۆ ئاشــتی و ئازادی"

خەباتی دەکرد.
لە ساڵی ١٩٣٠ ئامریکا تووشی قەیرانێکی گەورە هاتبوو. لەم نێوەدا بوو کە ڕوانگەکانی جەین زۆرتر لە جاران ئاقڵانە و لۆژیک دەهاتنە بەرچاو. لەم ساڵانە دا جەین بەردەوام بوو لە کار کردن لە ناوەندی هال هاوس و هاوکاتیش لە ژێر چاوەدێری و پشتیوانی سەرۆک کۆماری سەردەمی ئامریکا "فرانکلین دی رۆزڤێلت" لە گەڵ "ئیدارەی خزمەتی گشتی" هاوکاری دەکرد.
جەین ئادامز لە ساڵی ١٩٣٥ کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی لە ناو تابووتێکدا بۆ ماوەی دوو ڕۆژان لە سالۆنی هاڵ هاوس ڕاگیرا تا بە هەزاران کەس سەردانی بکەن و بۆ دواترین جار بە پێشکەش کردنی چەپکە گوڵ ماڵاوایی لی بخوازن.
ڕوانگەکان و شێوازی کار و خەباتی ئەم ژنە تێکۆشەرە لە پێناو ماف و دادوەری، هەتا ئێستاش نموونەیە بۆ ژنانی جیهان و وانەیەکە بۆ تەواوی مرۆڤایەتی.
"ئالێن.ئێف.دەیویس" لە کتێبێکدا بە ناوی "قارەمانانی ئامریکا" بەم جۆرە باس لە کەسایەتی بە کاریگەری جەین دەکات:

*" ئەوانەی کە بە شوێن باشتر کردنی ژیانی خەڵکانی شار و پێشکەوتنی ئاشتین لە جیهان دا، پێویستە لە سەر بنەمای ئامانجەکانی جەین ئادامز و هاوکارانی ئەو تێبکۆشن !"*



# دایان ئاربۆس

# Diane Arbus

1923- 1971

# "کامێراڤانی خەڵکانی بێ بەش"

"پاتریسـیا بـاس وێـرس" لـە کتێبێکدا بـە ناوی "دایـان ئاربـۆس وێنەگری بەناوبانگ"، وتەیەکی ئەم وێنەگرە وەبیردێنێتەوە کە گوتبووی: "زۆرینەی هەرە زۆری خەڵـک، لەوە دەترسـێن کە لـە داهاتوو دا تووشـی ڕووداوی دڵتەزێن و کارەسـات بن. بـەڵام مرۆڤە خوڵقێنەر و گەورەکان هەر لە سـەرەتاوە تاڵی ژیانیان چێشتووە. ئەوان پێشتر لە ژیان ئازموونیان وەرگرتووە."

دایـان ئابـۆس بە هۆی کاری وێنەگـری و لێکۆڵینەوەکانی تایبەتی بە ڕێگای فۆتۆگرافیـەوە ناوبانگـی دەکرد. ئەم ژنـە وێنەگرە زۆرتر وێنـەی لە خەڵکانی ئاسـایی و بە تایبەتیش لە کەسـانی کەم ئەندام، دووانەکانی سەیروسـەمەرە، کەسانی ورد ئەندام و کوتولە، کوێرەکان، ژنانی قەڵەو، کەسانی ڕووت و قووت و هەروەها ئەو پیاوانەی کە بە سوور کردنی لێو، لەبەرکردنی جلوبەرگی ژنان و شـێوازەکانی دیکەی خۆرازاندنەوە لاسـایی ژنانیـان دەکردەوە و خۆیان بە ژن دەزانـی، گرتووە. بەم شـێوەیە بوو کە وێنەکانی دایان ئاربێس سـەرنجی هەمـوو خەڵکانی جیهانی بەرەو لای خۆیان ڕاکێشـا و ناووناوبانگی بە جیهان

دا بڵاو بۆوە.
شـێوازی ڕوانینـی دایـان ئاربـۆس بۆ جیهـان و بـە تایبەت بۆ ئـەم چینە كۆمەڵایەتیانـە لـە وێنەگرانی پێشـووی كە بە شـێوەی كلاسـیك سـەرنجیان دابوویە ئەوان، جیاواز بوو. هەر ئەمەش بوو كە وێنەكانی دایان ئابۆس، زۆرتر بە خاتری شێوازی تایبەتی پۆرترەكانی لە جۆری دۆكیۆمێنت، دەبوونە میوانی ماڵی لایەنگرانی هونەر و بە تایبەتیش لایەنگرانی فۆتۆگرافی.
دایـان ئاربـۆس لە شـاری نیۆیۆرك لە دایـك بوو. دایان منداڵـی دوویەمی "داوید و گێرترود نمێرۆڤ" بوو كە بە گشـتی ئەم ژن و مێردە سـێ منداڵیان هەبـوو. باوكـی خاوەنی دووكانێكی فرۆشـتنی جلوبەرگی ژنانـە لە یەكێك لە گەڕەكەكانی شـاری نیۆیۆرك بوو. ئەم جلوبەرگانە مۆدێرن و سـەرنجراكێش بوون كە باوكی بە هاوكاری خەزووری خۆی كە پیاوێكی خەڵكی پۆلۆنیا بوو، وەدەسـتیان دەهێنا و دەیانفرۆشـت. پیشـەی باوكی دایان، كاریگەری لە سەر كچەكەشی دانابوو.
دایان لە ساڵی ١٩٤٠ لە خوێندنگای پێشكەوتووی "فیلدستۆن" لە "برونكێس"ی نیۆیۆرك خوێندنی دواناوەندی تەواو كرد. بەڵام لە جیاتی درێژەدان بە خوێندن لە زانكۆ، دەستی كرد بە لێكۆڵینەوە لە سەر مۆدێلەكانی جلوبەرگ و لە تەمەنی هـەژدە سـاڵەیی دا لە گەڵ "ئالێـن ئاربۆس" كە یەكێك بوو لە كارناسـانی ئەم بوارە و ڕێكلامی بۆ دووكانەكەی باوكی دەكرد، زەماوەندی كرد.
داوابەدوای ئەوەی كە دایان كامێرایەكی وێنەگری بە دیاری لە هاوسەرەكەی وەرگـرت، خوولێكی پەروەردەی وێنەگرتنی لە لای وێنەگری ناسـراو "بێرنیس ئایـۆت" لـە ماوەیەكی كورتخایەن دا تێپەڕ كرد. دواتر دایان و هاوسـەرەكەی، دەسـتیان كرد بە لێكۆڵینەوە و خوێندنەوە لە سـەر وێنەگـرە بەناوبانگەكان و بەشـێك لـە ئامانجەكانی ئـەم كارەش درێژەدان بوو بـە تەڕاحی و ڕێكلام بۆ جۆرەكانـی مۆدێلـی جلوبەرگ. بـەڵام دوای ماوەیەك وێنەگـری لێیان بوو بە حەزێكی سـەربەخۆ. هەر بۆیەش بە یەكەوە بە شـێوەی پیشەیی دەستیان كرد بە كاری وێنەگری. دایان وێنەی دەگرت و هاوسـەرەكەی بەشـی شووشتنەوە و بـڵاو كردنـەوەی وێنەكانی گرتبووە ئەسـتۆ. بەم جۆرە بـوو كە دووبەدوو دەستیان بە كارێكی بەرفراوانی وێنەگری كردبوو.
دوای ماوەیەك لە سـاڵی ١٩٥٧، دایان لەم شـێوازە كاریە ماندوو بوو. هەر بۆیە دەسـتی لە كاری هاوبەش لە گەڵ هاوسـەرەكەی هەڵگرت و ڕووی كردە

وێنەگرتن لە خەڵکانی سەر شەقامەکانی شاری نیۆیۆرک! ئەمە هەڵمەتێکی بەرفراوانی گرتنی وێنەکانی بەڵگەیی و دۆکیۆمێنتی بوو کە دوابەدوای دیتنی خوولێکی وێنەگری تر و ئەمجارەیان لە لای ژنە وێنەگری ئۆتریشی "لیزێت مادێل، دەستی پێکردبوو. خوولێکی وێنەگری کە دوو ساڵی خایاند و دایان ئاربۆسی بۆ ڕوو کردنە سەر شەقامەکان هان دابوو. دایان لە کاتێکدا ئەم کارەی دەست پێکرد کە پێشتر شەرمی دەکرد بە ئاسانی بچێتە سەر شەقامەکان و وێنەی ڕووخساری خەڵک بگرێت. بەڵام لە ناکاو ئەو ترسەی شکاند بوو.



دایان ئاربۆس لە ساڵی ١٩٦٠ لە هاوسەرەکەی جودا بۆوە. دواتر لە گەڵ دوو کچەکەی خۆی، لە ئاپارتمانێک دا ژیانێکی تازەی دەست پێ کرد. بەڵام دایان و هاوسەرەکەی لە گەڵ ئەوەشدا کە لە یەکتر جودا ببوونەوە، بەردەوام پێوەندیەکی دۆستانەشیان پاراست و هەموو کاتێک ئالێن ئاربۆس هاندەری دایان بوو لە پێناو درێژە پێدان بە کاری فۆتۆگرافی. ئەم دوو کەسە بە کردەوە لە ساڵی ١٩٦٩ بە تەواوی لە یەکتر دابڕان.

"کاترین لۆرد" لە کتێبێک دا بە ناوی "ژنانی بەرجەستەی ئامریکا"، بەم جۆرە باسی دایان ئاربۆس دەکات:

> *"دایان ئاربۆس، شێت و شەیدای سووژەکانی بوو. دایان ئەم کەسانەی کە بە هۆی تایبەتمەندیەکانی جەستەیی و دەروونی و نائاسایی بوونی کردەوەکانیان، کەم ئەندام بوون یانیش ڕووخساری خۆیان دەگۆڕن، بە کەسانێکی دابڕاو لە پشتیوانیەکانی کۆمەڵگا دەزانی."*

لە ڕوانگەی دایان، بۆ وێنە ئەم کەسانەی کە هەر لەکاتی لەدایک بوونەوە کوێر بوون یان زۆر قەڵەو، لە ڕادەبەدەر زەلام و زەبەلاح بوون، یان ئەم پیاوانەی کە ئەدای ژنانیان دەردێنا، لەشفرۆشەکان و ئەم کەسانەش کە حەزیان لە خۆ ڕووت کردنەوە بوو، بەشێک بوون لە کۆمەڵگا کە پێویست بوو سەرنجیان بدرێتێ. هەر بۆیەش ئەو بە گرتنی وێنەی ڕووخسار و ژیانی ئەم کەسانە،

ســەرنجی کۆمەڵگای بۆ سەر ئەم جۆرە کەســانە رادەکێشا کە بە کردەوە یان فەرامۆش کرابوون یان تەنانەت ڕووبەڕووی بێ ڕێزی و گاڵتە دەهاتنەوە.

دایــان ئاربۆس تا رادەیەکــی زۆر لە باری دەرۆنیەوە تێکەڵاوی ئەم خەڵکانە ببوو. دایان دەیدیت کە ئەم کەســانە لە باری کەســایەتیەوە چەندە لە واقع و راستی کۆمەڵگا دوورن و چ قەڵەشتێکی گەورە لە نێوان ئەم تیپە کەسایەتیانە و کۆمەڵگای ئامریکایی هەیە. دایان لە ساڵی ١٩٧٢ لە بابەتێکی زانستی و لە دوای توێژینەوەیەکی زۆر، باسی لەم قەڵەشتە کرد و بەم جۆرەی نووسی:

*" لە راستی دا ئەم قەڵەشتە لە نێوان دوو شت دا دەبیندرێت: لە لایەک ئێوە وەکوو کەســایەتی دەتانهەوێ خەڵک هێندێک شــت لــە بارەی ئێــوە دا بزانن و لە لایەکی دیکە هێندێک شــت هەیە کــە ئێــوە دەتانهەوێ تەنیــا خۆتان بیزانن و لــە چاوی خەڵکی وەشارن."*

لێرە دا مەبەســتی دایان ئەوە بوو کە ئەم تیپــە تایبەتیانەی کە ئەو وێنەیانی دەگــرت، بە پێچەوانەی زۆرینەی خەڵکانی ئاســایی، نیشــان دەدەن کە چین و چیــان لــە دڵ و دەرۆن دایــە. لــە کاتێکدا کە خەڵکانــی ئاســایی کۆمەڵگا زۆر جاران ویستەکانی دەرۆنی خۆیان دەشارنەوە و تەنانەت بۆ پاراستنی رواڵەت، ویستەکانی دەرۆنی خۆشیان سەرکوت دەکەن.

دایــان لە گەڵ ســووژەکانی بــە رادەیەک دەبوو بە رەفێق و دۆســت کە ئەم کەســانە گەلێــک جاران بە ئاســانی ئێــزن و دەرفەتی وێنەگریان پێــدەدا و لە بەرامبەر کامێراکەی رادەوەستان.

دایان لە ساڵەکانی ١٩٦٣ و ١٩٦٦، دوو خەلاتی بورسی "کاگینهام"ی بردەوە و لە نێوان سالانی ١٩٦٥ تا ١٩٧١ لە خوێندنگای "ۆارسۆنێز" کە خوێندنگایەکی تایبەتە بە کاری تەراحی کرد بوو، هاوکاتیش لە زانکۆی "نیو هاپشایەر" وانەی گوتەوە.

لە ســاڵی ١٩٧٠ تا ١٩٧١ بە شــێوەی تایبەتی وانەی فۆتۆگرافی و وێنەگری دا. لە هەمان کات دا بۆ گۆڤارەکانی "سکوایەر" و " هارپێز بازار" وێنەی ئامادە دەکــرد. لە ســاڵی ١٩٦٠ دابوو کە وەکوو وێنەگر لە نــاو وێنەگرانی ئامریکایی دا ڕۆژ بــە ڕۆژ ناوبانگــی زیادتــری دەردەکرد. بە تایبەتیــش دوای ئەوەی کە پێشــانگایەکی لــە وێنەکانی خــۆی لە ســاڵی ١٩٦٧ لە "مــووزەی هونەرەکانی مۆدێرن" پێک هێنا، گەلێک لایەنگر و پەیڕەوی پەیدا کرد.

دواترین ســووژەیەک کە دایان کاری لە سەر کرد، بابەتی "دواکەوتووەکانی هزری" بوو کە دایان ئەم کەســانەی بە "ئەوپەڕی پاکی و بێ تاوانی" وەســف دەکرد.

دایان ئاربۆس، لە ســاڵی ١٩٧١ و لە تەمەنی چل و هەشــت ساڵەیی دا، خۆی کوشت. دوابەدوای مردنی دایان، جارێکی تر و لە موزەی هونەرەکانی مۆدێڕن، پێشــانگایەک لــە بەرهەمەکانــی فۆتۆگرافی دایــان بە یادی ئــەو کرایەوە و بە هەزاران هەزار کەس، بە یادی ئەو ڕوویان لەم پێشانگایە کرد.

دایان ئاربۆس بە وێنەکانی جیا لەوەی کە بەرهەمی هونەری ئافراند، هاوکات هەستی هاودەردی و هاوسۆزی مرۆڤانەی بۆ کەسانێک لە ناو خەڵک داوروژاند کە پێشــتر بە چاوی سووک یان نەخۆش چاویان لێ دەکرا. بەڵام دایان هەوڵی دا کە نرخی ئینســانی بەم کەســانە بدات و خەڵکیش ڕێزیان لێبگرن. گەلێک لە بەرهەمەکانی فۆتۆگرافی دایان، ڕاچڵەکێنەر و هاوکات وشیارکەرەوەن.



# ژاندارک

Joan Of Arc

1412-1431

# " ئەو ژنەی فەرانسەی ڕزگار کرد"

ژانـدارک، ژنێکـی پیـرۆز و قارەمانی نەتەوەیی گەلی فەرانسـەیە کە وەکوو "ژان" خەڵکی "لووێرن" و هەروەها "خاتوون ئۆرلیێئان" یان زۆریش بە سـادەیی وەک "خاتوون" ناوزەد کراوە. ژاندارک لە سەردەمێکدا لە دایک بوو کە شەڕ و کوشـتار و خوێن ڕشتن سەرتاسـەری وڵاتەکەی گرتبۆوە. شەڕ و کوشتارێک کە بووە هۆی گیان لەدەستدان و مردنی هەزاران کەس کە وەک "مەرگی ڕەش" پێناسە دەکرا.

سـەربازانی وڵاتـی ئینگلیس بە هاوکاری "بورگاند"یەکان، شـاری پاریسـی پایەتەختی فەرانسـەیان داگیـر کردبوو. ئینگلیس هەروەها لە سـاڵی ١٤١٢ش، هەرێمەکانی باکوری ڕووباری "لووار"یان بە تەواوی داگیرکردبوو. فەرانسەیەکان کە پەیتاپەیتا تێک دەشکان، لە بەرامبەر ئەرتەشی ئینگلیس توانای خۆراگرییان نەمابوو. ئەوان بە بێ ڕێبەر و سەرکردە مابوونەوە و هێز و توانای بەرەنگاری کردن و پێک هێنانی ئەرتەشێکی تازەیان نەمابوو. ئیتر پادشایەک لە فەرانسەدا نەمابوو کە وەک جاران خەڵکانی ئەم وڵاتە یەکبخاتەوە و بۆ سەر لەنوێ ساز

کردنەوە و ئاوەدانی نیشتیمان فەرمان دەربکات.
چارڵی شەشەم لە ساڵی ١٤٢٢ مردبوو. ئەم پادشایە دوو ساڵ بەر لە مردنی ناچار کرابوو کە "هێنری پێنجەم" ی ئینگلستان، وەکوو جێگر و خاوەن میراتی خۆی رابگەیەنێت!
بەم جۆرە بوو کە لە وڵاتی فەرانسە پادشایەکی فۆڕماڵیتە بە ناوی "هێنری پێنجەم" دەسەڵاتی بە دەست گرتبوو کە ئەویش کۆمەڵێک مرۆڤی خەیاڵماڵ و نالایق، لە سەر ناوی وەزیر و راوێژکار دەورەیان تەنی بوو. لە وەها قۆناغێک دا بوو کە خەلکی فەرانسە پێویستیان بە قارەمانێک و ڕزگارییبەخشێک هەبوو. بەلام سەرنج راکێشە کە قارەمانی ئەمجارەی گەلی فەرانسە بە پێچەوانەی جاران پیاوێکی ڕەشیدی خاوەن دەرەجە و ئازموونی کاری ئەرتەشی و چەکداری نەبوو، بەڵکوو کچێکی هەژاری سادەی دێهاتی بوو کە تەنانەت سەوادی خوێندن و نووسینی نەبوو ! ژنێک کە بانگەشەی دەکرد کە گۆیا پێوەندی راستەوخۆی لە گەڵ خودا هەیە و لە ئەو فەرمان وەردەگرێت!
ژاندارک لە قەراغ شاری لووێرن گەورە بوو. ژاندارک سێیەمین منداڵی "ژاک دارک" بوو کە بە گشتی پێنج منداڵی هەبوو. باوکی پیاوێکی مەزهەبی و خاوەن ئیمان بوو کە لە ناوچەکەی خۆیان دا بە کەسێکی پاک و شەریف ناوبانگی دەرکرد بوو. باوکی ژاندارک هاوکات بە هۆی ئەو متمانەیەی کە پێی دەکرا، لە لایەن فیئۆدال و دەرەبەگەکانی ناوچەکە، کرابوویە بەرپرسیاری کۆ کردنەوەی ماڵیات و لە لایەن هەموو کەسێکەوە ڕێزی لێ دەگیرا.
ژاندارک تەمەنی منداڵی خۆی بە فێر بوونی کاری چێشت لێنان، ئاگاداری لە مندالانی تر، کشت و کاڵ لە مەزرا و هەروەها خزمەتی مەزهەبی تێپەڕ کردبوو. دایکی ژاندارک واتا "ئیزابێل" کە ئەویش کەسێکی ئیماندار وخاوەن بڕوای دینی و ئاییینی بوو، لەم بوارانە دا مامۆستای سەرەکی بوو.
خەڵکانی لووێرن کە لەوبەری چۆمی "موزێل" دەژیان، هاوڕێ لە گەڵ خەڵکانی شاری "بورگاندی" بە خەڵکانێکی زۆر وڵات پەروەر و وەفادار بە ئامانجەکانی فەرانسە دەناسران.
هێندێک جاران منداڵانی گوندەکانی هەرێمەکە، دەستیان دەکرد بە هاویشتنی بەرد بۆ سەر جیرانەکانی "لۆوێرن"ی خۆیان و لە گەمە و کاییەکانی خۆیاندا، دەوری سەربازانی فەرانسەیان دەگێڕا.
"ویتا ساکویل وێست" لە کتێبی ژیاننامەی ژاندارک دا کە خۆی نووسیویەتی

بەم جۆرە باس لە کەسایەتی ئەم ژنە قارەمانە دەکات:

*" ژاندارک، کچە دێهاتیەکی سادە و ئاسایی بوو کە هەموو کاتێک هەوڵــی دەدا لە بەرامبەر ئاســتەنگیەکانی ژیــان دا بەرەنگاری بکات و بە گشتی کەسایەتیەکی خارا بوو."*

نووسەری بەناوبانگی ئینگلیسی "چارلز دیکێنز" بە جۆرێکی دیکە و لە کتێبێکی خۆیدا بە ناوی "بەســەرهاتی منداڵێکی ئینگلیســی" باس لە کەســایەتی ژاندارک دەکات و دەڵێت: "ژاندارک، کچێکی خەیاڵاتی و پەرێشــان بووە کە بەردەوام لە ناو کلیساکان چۆکی داکوتاوە و دەستی کردووە بە دۆعا کردن و پاڕانەوە!".

ژمارەیەکی تر لە نووسەرانی ژیاننامەی ژاندارک بە هەمان شێوە باس لەوە دەکــەن کە ژاندارک لــە تەمەنی منداڵی دا بەردەوام لە ناو کلیســاکاندا بووە و خەریکی دۆعا کردن و پاڕانەوە بووە. بە گشتی بەم جۆرەی کە مێژوونووسان دەیگێڕنەوە، ئاشــکرا دەبێ کە ژاندارک کیژۆڵەیەکی وشیار و تێگەیشتوو بووە کە ئاستی خەیاڵی لە کەسانی تر بەهێز بووە.

ژان دارک لە تەمەنی دوازدە ساڵەییەوە رایگەیاند کە هێندێک دەنگ و پەیامی تایبــەت، راســتەوخۆ لە لایەن خــودا دەگاتە گوێی! گوێی لــە دەنگی هێندێک لە کەســایەتیە پیــرۆزەکان لە وێنەی "ســەنت میکائیل، ســەنت کاترین و ســەنت مارگرێت" دەبێت و هەموو ئەم دەنگانە لە گوێی دا دەزرینگێنەوە و پێی دەڵێن: "ژاندارک، ئەوە تۆی ئەم کەسەی کە دەبێ وڵاتی فەرانسە لە دەستی داگیرکەرانی ئینگلیســی ڕزگار بکەی و هاوکاتیش دەبێ دڵنیا بی لەوەی کە پادشایەکی نوێ تاجی پادشــایەتی لە فەرانســە لە سەر دەنێ!". ژان دارک جیا لەمانە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئەم دەنگانە  پێی دەڵێن کە پێویستە پرچەکانی کورت بکاتەوە، جلوبەرگی پیاوانە لە بەر بکات و شەمشــیری شــەڕ بگرێتە دەســت ! ژاندارک بــە درێژایی دەورانی منداڵی خۆی باســی لەوە کــردووە کە گوێی لەم دەنگ و پەیامانەیە و دەبێت بە زوویی جێبەجێیان بکات!

لــە بارەی ئــەم دەنگانە دا گەلێــک ڕوانگەی جیاواز هەیــە. هێندێک کەس بە تەواوی رەتی دەکەنەوە و بڕوایان بەوە نییە کە ژاندارک گوێی لە وەها دەنگێک بوو بێت. کەســانێک هەن کە بە هۆی توندرەوی مەزهەبی پێیان وایە کە خودا هەر لە ســەرەتاوە ژاندارکی بۆ ڕزگاری فەرانســە هەڵبژاردووە و دەبوایە بەم جــۆرەش پەیامی خۆی پێی گەیاندبا. کەســانێکیش هەن کە پێیان وایە ژاندارک بە راســتی لە هزری خۆیدا گوێی لەم دەنگانە بووە و ئەمەش بە هۆی حاڵەتی

عیرفانــی ژاندارک و باوەڕمەندی ئەو بووە کە تێکەڵ بە خەیالی بەهێزی بووە، بە جۆرێک کە خۆی ئیمانی بە بیستنی ئەم دەنگانە هەبووە.

"ساکویل ویست" دەنووسێت: "ژاندارک کەسێکی پێداگر، بێ سەبر و هێندێک جاریــش تووڕە و تەوســن بوو !" هاوکات لــە زمان ژاندارکەوە دەڵێت : "بە من دەڵێــن کە نابێ جلوبەرگی ژنــان لە بەر بکەم، بەڵێ، منیــش جلوبەرگی ژنانەم داکەندووە و ناشمهەوێ جارێکی تر لەبەریان بکەمەوە. بۆ رابواردن و کارەکانی پێوەندیدار بە ژنان، ژنانی دیکە زۆرن !".



بە گشــتی ژاندارک دەیهەویست کچێکی جیــاواز بێت لە کچانی تر و نەیدەویســت کــە وەکــوو کیژۆڵەیەکی ســادەی گوندی بمێنێتــەوە. لــە ســاڵی ١٤٢٩ ژانــدارک، لــە دوای دانوســتاندنێکی زۆر لــە گــەڵ کاپیتان "رابێــرت دۆ بۆدریکۆ" فەرماندەی هێزەکانی چەکداری جێگری راســتەقینەی پادشــای فەرانســە، ناوبــراوی رازی کرد کــە دەرفەتی چاوپێکەوتنی لە گەڵ جێگری فەرانسە پادشا "چاڕڵ"ی بۆ بڕەخسێنێ کە لە کۆشکی "شینۆن" دەژیا !

ژانــدارک بە لەبەر کردنــی جلوبەرگێکی پیاوانە و هاوڕێ لە گەڵ شــەش کەســان، چوونە ناو ئەم کۆشــکە. لەوێ دابوو کە ژاندارک توانی بە هێزی قســەکانی و کەســایەتی خۆی، کاریگەریەکی وا لە ســەر شاڕڵ دابنێت کە ئەویش بێتە سەر ئــەو قەناعەتەی کە ژاندارک راســتەوخۆ پێوەندی لــە گەڵ خودا هەیە و دەنگی خودای پێ دەگات! بەلام لە گەڵ هەموو ئەمانەشدا "شاڕڵ" فەرمانی دا ژاندارک لە لایەن کەشیشەکانی "پواتیە" تاقی بکرێتەوە و ئازموون بکرێت!

هەر دوابەدوای ئەوەی کە ئەم کەشیشانە دانیان بەوە دانا کە ژاندارک ژنێکی ئاسایی نییە و لە باری ئیمان و کەسایەتی ئایینەوە زۆر لە سەرەوەیە، ژاندارک باشــتر لە ناو کۆشــک دا جێگەی کردەوە. لێرەدابوو کە ژاندارک، کەســێکی بە ناوی "دۆنۆا"، کوڕی نازەوای "لوئی ئۆرلێئان" کە لە راســتی دا وەک بیژووی "ئۆرلێئان" دەناسرا توانی هان بدات بۆ ئەوەی کە هێرش بکاتە سەر "ئۆرلێئان"

کە ئەوکات لە لایەن ئینگلیسیەکانەوە داگیر کرابوو.

لە گەڵ دەسـتپێکردنی ئەم شـەڕانە دابـوو کە ژاندارک زۆر نـاوی پێدرا لە وێنەی "سـەرباز ژاندارک" و "کاپیتان ژاندارک" ! لەم شەڕانە دا ژاندارک خۆی قارەمانانە بەشـداری کرد و هەموو کاتێک بە ڕێنوێنی و هاندانی سەربازەکان، هێز، ئیرادە، شـەهامەت و ئازایەتی لە خوێنی ئەوان دا دەورووژاند. بەم جۆرە بوو کە خۆی بوو بە فەرماندەیەکی ئازای مەیدانەکانی شەڕ !

"ئالیس بوکان" لە کتێبێکدا بە ناوی "ژاندارک و ژیانەوەی فەرانسە" بەم جۆرە باس لە تواناییەکانی چەکداری ژاندارک دەکات: "ژاندارک لە شـەڕدا کەسـێکی کارزان و بـە توانـا بوو. هـاوکات لە بواری چۆنیەتـی هەڵگرتن، کۆکردنەوە و جێبەجـێ کردنـی کەرەسـتەکانی جەنگی لـە وێنەی خەنجـەر و نەیزەکان و لە بواری فەرماندەیی کردن و بەڕێوەبردنی سـەربازەکاندا، کەسـێکی لێهاتوو بوو."

لە دوای مانگی مای ساڵی ١٤٢٩ و سەرلەنوێ گرتنەوەی "ئۆرلێئان" کە هەموو کـەس بە موعجیزەی وەسـف دەکـرد، ژاندارک و شـەڕڤانەکانی، بە درێژایی چۆمی "لۆوار" دەسـتیان کرد بە گرتنەوەی یەک لە دوای یەکی سەربازگەکانی ئینگلیسی و هێزەکانی دوژمنیان تێکشکاند، یانیش ناچاریان کردن لە پاشەکشە بکەن.

دواتـر ژانـدارک "چاڕل"ی هان دا کە لە سـەر ناوی "چاڕلـی حەوتەم، تاجی پادشـایەکی سەرتاسـەری وڵاتی فەرانسـە لە سـەر بکات! بە هـۆی هاندانی ژانـدارک بـوو کە چاڕڵ ئـەم کارەی قەبوڵ کـرد و خۆی بـە چاڕلی حەوتەم ناسـاند. بە درێژایی ڕێوڕەسـمی تاج نانـەوە، ژاندارک لە گەڵ پادشـای نوێی فەرانسـە بوو. ئەمەش وەک ئەوپەڕی سـەردەمی خۆشـبەختی و سەرکەوتنی ژاندارک دەزاندرێت.

لە مانگی سێپتامبری ساڵی ١٤٢٩ ژاندارک هەوڵی دا شاری پارس بگرێتەوە، بەڵام لەم هێرشەدا سەرنەکەوت.

لـە بەهـاری سـاڵی ١٤٣٠ کاتێـک کـە دەیهەویسـت لـە بەرامبەر هێرشـی داگیرکەران لە "کامپی ئاین" بەرگری بکات، لە لایەن خەڵکانی هەرێمی بورگاندی دەستبەسـەر کرا! ژاندارک ویسـتی هەڵبێت، بەڵام جارێکی دیکە بە دیل گیراوە و دواتریـش وەکـوو دیاری پێشـکەش بە هێزەکانی ئینگلیسـی کـرا کە تینوو بـە خوێنی ژانـدارک بوون و دەیانهەویسـت بە هەر شـێوەیک بیکوژن. بەڵام

ئینگلیزییەکان کە نەیاندەویست ڕاستەوخۆ لە سەر ناوی خۆیان وەکوو نەیاری گەلی فەرانســە ژاندارک بکوژن، ئەم کچە قارەمانە بە دیل گیراوەیان ڕادەستی دادگایەکی ئایینی لە کلیسای "ڕوان" کرد!

ژانــدارک زۆر بە جەســارەت و ئازایەتیەوە لە دادگاکــە دا بەرگری لە خۆی کرد، بەلاّم دادگا بە تۆمەتگەلێکی وەک "جادوگەری و سیحربازی، لەبەر کردنی جلوبەرگی پیاوانە و ســووکایەتی کردن بە کلیســا بڕیاڕی مەرگی بە سەر ژان دا سەپاند.

ژاندارکیان بە تاوانبار زانی و لە ڕۆژی ٣٠ مانگی ١٤٣١ لە بازاڕگەی "ڕوان" لە دارێکیان بەستەوە و بە زیندوویی سووتاندیان!

دەڵێن گۆیا ئەو جەلادەی کە ئاگری لە جەستەی ژاندارک بەردابوو گوتبووی: "من زۆر دەترســێم کە بە هۆی ســووتاندنی ژنێکی پیرۆز، خۆم لە ناو ئاگری دۆزەخ دا بسوتێم !".

بەلاّم لەوبەرەو "چاڕلی حەوتەم" هیچ هەوڵێکی بۆ ڕزگار کردن و یارمەتیدانی ژاندارک بە ڕێگای وتووێژ یان دانی پارە و پووڵ ئەنجام نەدا.

"باربــارا تاچمەن" لە کتێبێکی خۆی دا بە ناوی "ئاوێنەی دوورە دەســت" لەو بارەیەدا بەم جۆرەی نووسیوە:

*" ڕەنگە تەنیا لە بەر ئەوەی کە پادشــای فەرانســە پێی شــەرم بــووە کە وا کیژۆڵەیەکی دێهاتــی دەوری هەبووە لە پێگەیاندن و ســەرلەنوێ وەدەست خســتنەوەی تاج و تەختی پادشایەتی، پێی باشــتر بووە کە بە هەر جۆرێک بێت بمرێت و ئەم هەستی سووکایەتی و کەماســیەش کە بەم هۆیە هەستیان پێدەکرد، لە گەڵ مردنی ئەو کۆتایی پێ بێت!"*

لە گەڵ هەموو ئەمانەشــدا شــاڕلی حەوتەم، چەندین ســاڵ دواتر و لە ساڵی ١٤٥٦، لە دادگایەکی فەرمایشــی دا کە بۆ بەرگری کردن لە گیان و کەســایەتی ژاندارک وەڕێی خستبوو، حوکمی دادگایەکی پێشووی بەتاڵ کردەوە کە بڕیاڕی ســووتاندنی ژاندارکی دابوو. ئەگەر چی ئیتر ژاندارک زیندوو نەبوو، بەلاّم بەم جۆرە شــاڕلی حەوتەم هەولی دا سپاســی خۆی پێشــکەش بەم کچە قارەمانە بکات کە ئەرتەشــی داگیرکەری ئینگلیسی لە زۆر شوێنان تێکشکاند و جارێکی تر شــکۆی دەســەلاّتی فەرانســەی لە زۆر بەشــی ئەم نیشــتیمانە داگیرکراوە گەڕاندبوویەوە بۆ فەرانسەویەکان.

ژاندارک لەساڵی ١٩٠٩ لە لایەن پاپ، وەکوو کەسێکی بێ تاوان ڕاگەیەندرا و لە ساڵی ١٩٢٠ بە فەرمی لە لایەن کلیساوە، چووە ناو ڕیزی ژنانی قەددیسە و بە یەکێک لە ژنانی پیرۆزی ئایینی ناسێندرا. ژیان و کەسایەتی ژاندارک، گەلێک ئەفسانەی قارەمانیەتی بۆ سازکراوە، گەلێک کەس ژیاننامەکەیان نووسیوە، هەڵبەستی بۆ نووسراوە، کراوەتە چیرۆک و ڕۆمان و فیلم و شانۆ، هاوکات گەلێک نیگاری لێ کێشراوەتەوە و گەلێک پەیرەکەی بۆ داتاشراوە. نموونەی ئەم شانۆیانە شانۆنامەی نووسەری بەناوبانگی ئاڵمانی "بێرتوڵت برێشت" و نموونەی ئەم فیلمانەش کە لە سەر ژاندارک ساز کراوە، ئەمانەن:

ژاندارک، بەرهەمی دەرهێنەر کارڵ تیۆدۆر درایەل، ١٩٢٨. ئەم فیلمە بێدەنگە

ژاندارک لە ناو ئاگر، بەرهەمی دەرهێنەر ڕۆبێرتۆ ڕۆسۆلینی، ١٩٥٤

ژاندارک، بەرهەمی دەرهێنەر ڤیکتۆر فلیمینگ، ١٩٤٨

ژاندارک، بەرهەمی دەرهێنەر کریستیەن دەرگێ، ١٩٩٩

بەسەرهاتی ژاندارک، بەرهەمی دەرهێنەر لوک بێسۆن، ١٩٩٩

ڕاستە کە ژاندارک نەیتوانی بە تەواوی ئینگلیسیەکان تێکبشکێنێ، بەلام خەبات و تێکۆشان و دەوری ڕێبەرایەتی و فەرماندەیی ژاندارک، ڕووحیەی داگیرکەرانی تێکشکاند و جەستە و گیانی ئەوانی خستە لەرزەوە. ئەمەش کاریگەریەکی گەورەی لە پاشەکشەی یەکجاری ئینگلیسیەکان دا هەبوو کە لە ساڵی ١٤٣٥ بە تەواوی ئۆردوگاکانی فەرانسەیان بە جێ هێشت.

شوێن و پێگەی ژاندارک لە گەڵ کامە چینی کۆمەڵایەتی و تاقم و گرووپی سەردەمی خۆی یەکی دەگرتەوە؟ هیچ کام!

لە ڕاستی دا ئەمە کەسایەتیەکی تایبەت بوو کە هەر وەک "تاچمەن" دەڵێت:

*" ژاندارک تەنیا بەو جۆرە دەخرێتە ناو بازنەی پێناسە کردنەوە کە ئەو پێویستیەکی سەردەم بوو. ژاندارک وڵامێک بوو بۆ داخوازەکانی سەردەمی خۆی. سەردەم پێویستی پێی هەبوو، ئەویش هات و وڵامی دایەوە."*



# هانا ئارنت

# Hannah Arendt

1906- 1976

# " گەورەترین ژنی فەیلەسوفی سەدەی بیستەم!"

ستێفان کۆلدمەن لە ڕۆژنامەی واشینتۆن پۆست، لە بابەتێک دا سەبارەت بە هانا ئارنت بەم جۆرەی نووسیوە:

*" لێکدانەوە و شرۆڤەکانی قووڵی هانا ئارنت لە بارەی توتالیتاریزم، دیمۆکراسی، کێشە و پرسەکانی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی، هۆکارەکانی سەرهەڵدان و شۆڕش و خولقانی سیما و ڕەنگەکانی سیاسی، بەشێکن لەو بابەتە گرینگە نووسراوانەی کە بۆ باشتر تێگەیشتن لە مێژووی سیاسی سەردەم، خوێندنەوەیان بە تەواوی پێویستە."*

هانا ئارنت، وەکوو یەکێک لە سیما هەرە بەرچاو و ناسراوەکانی تێۆریسیەن لە سەدەی بیستەم ناسێندراوە. بەشێک لە بەرهەمەکانی هانا ئارنت بریتین لەمانە: "ڕەگەکانی ستەمکاری و توتالیتاریزم"، هەلومەرجەکانی مرۆڤانە"، ئاشمەن لە ئۆرشالیم" و "لە بارەی شۆڕش"، کە ئەم کتێبانە لە قۆناغێکی زۆر دژواری شەڕی جیهانی دوویەم و دوای ئەم شەڕە، نووسراون. ئەم کتێبانە

بەرهەمگەلێکـن لە بواری مێژووی سیاسـی و فەلسـەفەی سیاسـی دا و هەتا ئێستاش خوێندنەوەیان بە کەڵکە و هەر تازە ماون.

"هانـا" لە شـاری "هانۆڤێر"ی وڵاتی ئاڵمان لە دایک بـووە. کچی ئەندازیارێک بـووە بـە ناوی "پـۆل ئارنت" و دایکیشـی بـە "مارتاکۆهێن ئارنت" ناسـراوە. باوکی لە سـاڵی ١٩١٠ مردووە و حەوت سـاڵ دواتر جارێکی تر دایکی مێردی کردووەتەوە.

هانـا هەر لـە تەمەنی منداڵیەوە کچێکی زۆر ژیـر و زانا بوو. بەر لەوەی کە خوێندنی سـەرەتایی و تەنانەت پێش سـەرەتایی دەسـت پێ بکات، بە باشـی خوێنـدن و نووسـینەوەی دەزانـی. دوای ئـەوەی کە لە قووتابخانـە لە لایەن مامۆستای وەرزش و بە تاوانی شێواندنی ئاسایشـی منداڵانی ناو پۆلەکەیان دەرکرا، دەسـتی کرد بـە خوێندنەوەیەکی بەربڵاو و بە هـاوکاری مامۆسـتایەکی تایبەتی لە ماڵی هانا دەرسـی پێدەگووتەوە، خوێندنی دواناوەندیشـی تـەواو کرد. هانا لە سـەر کلاسەکانی وانەی زانکۆی شاری "بێرلین" ئامـادە دەبـوو، بەر لەوەی کـە بچێتە ناو زانکـۆ. لەوێ گوێی لە وانـەکان دەگرت و خۆی بـۆ ئازموونەکان و چوون بۆ زانکۆ ئامادەتـر دەکـرد. هانا ئارنت لـە زانکۆی "ماربـۆرگ" بـۆ یەکەمیـن جـار لـە گەڵ فەیلەسـوفی بەناوبانگـی ئالمانـی "مارتین هایدگێـر" ئاشـنا بوو. بە هـاوکاری هادگێر بوو کە دەسـتی کـرد بە خوێندن و خوێندنـەوە لـە بـواری فەلسـەفە و دوای ماوەیەکی کورتخایـەن، واتا تەنیا دوای شـەش مانـگ خوێندن لە زانکـۆی "فری بۆرگ"، خـۆی گەیاندە زانکۆی "هایدلبێرگ". لەوی بوو کە مامۆسـتایەکی زانکۆ بە ناوی "کاڕل جاسپیرس" کە ئەویش یەکێکە لە فەیلەسوفەکانی بەناوبانگی سەدەی بیستەم، تواناییەکانی هانا ئارنتی بۆ دەرکەوت و هەم وەک مامۆسـتا و هەمیش وەکوو باوکی دوویەمی هانا ئارنت، دەستی کرد بە گوتنەوە وانە و هاوکاری کردنی هانا.



لە ژێر چاودێری و بە هاوکاری "کاڕل جاسپێرس"، هانا ئارنت تێزی دۆکتۆرای

خۆی لە سەر ناوی "ڕوانگە و تێگەیشتنی سەنت ئاگۆستین لە بارەی ئەوین" لە سالی ١٩٢٩ کۆتایی پێهێنا و توانی دۆکتۆرای فەلسەفە وەدەست بخات!

بەم شـێوەیە دوو فەیلەسـوفی بەناوبانگی ئالْمانی "هایدگێر" و "جاسپێرس" توانیان هانا ئارنت بەرەو جۆرێک ڕوانگەی "ئۆمانیست"ی و "ئێگزیستانسیالیست"ی هان بدەن.

هانا لە سـالْی ١٩٣٣ دەستی کرد بە نووسینی بیۆگرافی "راحل وەرن هاگێن" کە بەرپرسـیاری یەکێـک لە کۆڕەکانـی ئەدەبی جوولەکەکانی شـاری بێرلین بووە لە سـەدەی هەژدەی زایینی. هەر لەو سـەردەمە دابوو کە دەستی کرد بە کۆکردنەوەی کۆمەڵێک بەڵگەی لە دژی ئالْمانیەکان کە هەڵسـوکەوتی خراپ و نالەباریـان لە گـەڵ جوولەکەکانی ئەم ولاتە دا هەبـووە. هانا بەو کارەی و بە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵێک دۆستی جوولەکەی هەبوو، لە لایەن پۆلیسی گێشتاپۆ دەسبەسـەر دەکرێ و هەفتەیەک دوای ئازادبوونی لە زیندان، یەکسـەر خۆی دەگەیەنێتە فەرانسە و لە شاری پاریس نیشتەجێ دەبێت !. لەوێ لە ناوەندنێکی مرۆڤی و خزمەتکاری دەست بە کار دەکات. ئەم ناوەندە شوێنێکی تایبەت بوو لـە پێنـاو یارمەتیدانی ئـەو منداڵە جوولەکانەی کە لە ولاتانـی ئوروپایی دا بێ کەس و تەنیا مابوونەوە و ئەوانیان بۆ ولاتی ئیسرائیل رەوانە دەکرد.

هانا لە سـالْی ١٩٤٠، مێردی بە "هانریش بلوخێر" کارناسـی بواری مێژووی هوونەر کرد. ماوەیەکی زۆر لە زەماوەندەکەیان تێنەپەڕی بوو کە هەر دووکیان لە دوو زیندانی جیاوازی ئالْمانی نازی لە باشـووری فەرانسـە کە ئەو کات لە لایەن هێزەکانی هیتلیر داگیرکرابوو، دەسبەسەر کران. هانا ئارنت و مێردەکەی هەر لە سەردەمی داگیرکردنی فەرانسە بە دەستی ئالْمان، توانیان خۆیان رزگار بکەن و لە زیندان هەڵبێن. لێرە دابوو کە هانا و مێردەکەی هاوڕی لەگەڵ دایکی هانا، خۆیان گەیاندە ولاتی ئامریکا و مافی نیشتەجێ بوونیان پی درا.

لە سالْی ١٩٤٠، هانا وەکوو سەرراستکەرەوە هەڵەکانی ئەدەبی لە نووسینی کتێبـەکان بەر لـە بلاوبوونەوەیـان کاری دەکرد. هاوکات هانا، بەرپرسـیاری "کۆنفرانسـی پێوەنـدی جوولەکەکان" و بەرپرسـیاری بەشـی پراکتیزە کردنی "سـەرلەنوێ سـاز کردنەوەی فەرهەنگ و کولتوری جوولەکە" بوو. هاوکات لە گەلێک ڕۆژنامە و گۆڤاری ئەو کاتەدا، گەلیک بابەتی بلاو کردەوە.

سـالْی ١٩٥٠، بـوو بە هاوولاتی ئامریکا و سـاڵێک دواتـر کتێبێکی بە ناوی "ڕەگەکانی توتالیتاریزم" بلاوکردەوە.

ئـەم کتێبە پێگەی هانـا ئارنتی زۆرتر لە جاران لە نـاو کۆمەڵگای ئامریکا و بـە تایبەت چینـی ڕووناکبیر و بیرمەندەکان پتەو کرد و سـەلمێنەری ئاسـتی بـەرزی تواناییەکانـی هزری و ڕوانگەکانـی هانا ئارنت بوو. لـەم کتێبەدا هانا ئارنت پرسـەکانی وەک کۆمۆنیسـم، نازیسـم، مەسـەلەی دەوڵـەت نەتەوە لە سـەدەی هەژدەهەم و کێشـەکانی چینایەتی لە کۆمەڵگا و هەروەها بابەتەکانی دژە جوولەکەیی و دژە ئامپریالیسـتی بە باشـی تاووتوێ کردووە و ڕەگەکانی ئـەم بیرۆکە و ڕووداوانەی بە وردی پشـکنیوە. ئەم کتێبـە یەکێکە لە یەکەمین و بەنرخترین کتێبەکان کە لە دوای شـەڕی جیهانی دوویەم و لە سـەر بابەتی توتالیتاریسـم و زۆرداری نووسراوە و کاریگەریەکی زۆریشی لە سەر هزر و رامانی خوێنەرانی هەبووە.


دوویەمین کتێبی سەرنجراکێش و بەنرخی هانا ئارنت، کتێبێکی بوو بە ناوی "هەلومەرجی مرۆڤیانە". ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٥٨ بڵاو بۆتەوە و توێژینەوەیەکە لە بارەی سنوورەکانی تاکەکەسی و کۆمەلایەتی ئازادی و بایخەکانی ئەخلاق.

لـە سـاڵی ١٩٦١ ڕۆژنامەی "نیۆیۆرکێر" بە فەرمی هانـا ئارنتی نارده ولاتی ئیسرائیل و لە شاری ئۆرشالیم راپۆڕتێکی لە سەربابەتی دادگاییەکانی "ئادۆڵف ئایشمەن" کە یەکێک بووە لە بەرپرسیارە میلیتاریستەکانی ئاڵمانی نازی، ئامادە کـرد. هانا هەر جارە و چەند بابەتی بۆ بـڵاو کردنەوە دەناردەوە ئامریکا و لە کـۆی ئەم بابەتانە کتێبێکی بە ناوی "ئایشـمەن لە ئورشـالیم یان راپۆڕتێک لە کردەوە دزێوەکان" پێک هێنا، کە ئەم کتێبەش لە سالی ١٩٦٣ بڵاو کراوە.

هانا ئارنت لە سـەر ئەو باوەڕە بوو کە خودی ئایشمەن وەک فەرماندەیەکی میلیتار دەوری سەرەکی نەبووە لە کوشتاری میلیۆنان مرۆڤ. ئەو پێی وابوو کە ئایشمەن وەک کەسێکی چەکداری بێ مێشک، پلانی ئەم کوشتار و جەنایەتانەی دانەڕشـتووە و لە راسـتی دا ئەوەی کە پێی دیکتە کـراوە ئەنجامی داوە. هەر بۆیـە لـە تێڕوانینی هانـا ئارنت، ئـەم جەنایەتکارە نازیە، خۆی بـە جۆریک لە جۆرەکان قووربانی کراوی دەسـتی دەسـەڵاتی نازیسـمە. هاوکات هانا ئارنت بە بڵاو کردنەوەی ئەم بانگەشـەیەی کە گۆیا ژمارەیەک لە ڕێبەرانی جوولەکە خۆشـیان دەوریان هەبووە لە خراپ کردنی سـیما و ڕووخساری جوولەکە لە ئوروپا، بوو بە مایەی تووڕەیی ژمارەیەک لە جووەکان.

" لە بارەی شـۆڕش و سـەرهەڵدان" کتێبێکی دیکەی هانا ئارنتە کە لە سـاڵی ١٩٦٣ بڵاوی کردووەتەوە و لەم کتێبەدا جەخت لە سـەر نموونەی سیاسـەتی

ئامریكایی دەوڵەتە فیدێراڵ و ناوچەییەكان دەكات.
كتێبێكی دیكەی هانا "مرۆڤ لە سەردەكانی تاریكی دا" بوو كە لە ساڵی ١٩٦٨ بڵاو كراوە. ئەم كتێبە گەلێک وێنە لە ژنان و پیاوانی ئازا و خاوەن جەسارەت دەخاتە بەر چاوی خوێنەر.
"قەیرانی كۆماری" كتێبێكی دیكە بوو كە لە ساڵی ١٩٧٢ بڵاو كرایەوە و هاوكات كۆمەڵێک لە بابەتەكانی سیاسیشی لە ساڵەكانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ بڵاو كراونەتەوە.
هانا ئارنت لە دوای مردنی كۆمەڵێک ڕەشنووسی نووسراوەی لێ بە جێ ما كە بە گشتی كتێبێكی سێ بەرگیان لێ دەرهات و لە سەر ناوی "زەمیری ژیان" بڵاو كرانەوە. ئەم كتێبەش لێكۆڵینەوە و لێكدانەوەیەكە لە سەر ڕەوتی بیركردنەوەی مرۆڤ.



بەرگی یەكەمی ئەم كتێبە لە سەر ناوی "بیر كردنەوە"، بەرگی دوویەم لە سەر ناوی "ویست و ئیرادە" و بەرگی سێیەمیش لە سەر ناوی "داوەری" بڵاو كرانەوە كە بۆ چاپ كردنیان یەكێک لە دۆستە نووسەرەكانی هانا ئارنت بە ناوی "ماری مەک كارتی" دەورێكی بەرچاوی هەبوو.
هانا ئارنت، هەم مامۆستا بوو هەمیش نووسەر. هانا لە زانكۆكانی وەک "شیكاگۆ، كۆرنێل، كۆلۆمبیا و بێركلی" وانەی گوتەوە. لە ساڵی ١٩٥٩، یەكەمین ژنێک بوو كە پلەی مامۆستایەتی لە زانكۆی "پرینستۆن" پێ درا.
هانا تا ڕۆژی مردنی لە ساڵی ١٩٦٧، لە "نیو ئێسكۆڵ" لە ناوەندی "توێژینەوەكانی كۆمەڵایەتی نیۆیۆرک" وەكوو مامۆستا درێژەی كاری گوتنەوەی وانەی دا. لەو ساڵە دابوو كە لە ئەنجامی شەپلەی دڵ، لە تەمەنی شێست و نۆ ساڵەیی دا، ژیانی لە دەست دا.
ئەم ژنە بیرمەند و فەیلەسووفە، یەكێكە لە سیما هەرە بەرچاوەكانی بواری

رامان لە سەدەی بیستەم و رامان و نووسراوەکانی هەتا ئێستاش کاریگەریەکی گەورەیان هەیە لە سەر بیرمەندانی جیهان.
بەشێک لە بەرهەمەکانی هانا بریتین لەمانە:

The  rigins of Totalitarianism (1951)
The Human Condition (1958)
Men in Dark Times
Eichmann in Jerusalem: A Report on the Banality of Evil (1963)
On Revolution
On Violence Essay
The Life of the Mind (1978, edited by Mary McCarthy)



# جەین ئاوستون

Jane Austen

1775-1817

# " یەکەمین ڕۆماننوسی گەورە"

"جەین ئاستون" لە ساڵی ١٨١٥، لە نامەیەک دا بۆ کەشیش "جەیمز کلارک" بەم جۆرەی نووسی:

*" پێم وایە دەبێ شانازی بە خۆم بکەم کە بێ هیچ جۆرە خۆ بە زل زانینێک، ناشایانترین و نەزانترین ژنێکم کە غیرەت و ئازایەتی بە دەست گرتنی پێنووسم هەبووە."*

بەلام با بزانین خەڵکانی جیهان لە دوای ئەم قسانەی جەین ئاستین، بە چ شێوەیەک پێناسەی کەسایەتی ئەم ژنە نووسەرەیان کردووە کە خۆی بە نەزان و ناشایان ناوزەد کردبوو. خەڵک و بە تایبەت نووسەرانی ئەدەبی، جەین ئاستون"شێکسپیری ژن" ناو دەبەن.

نووسەری بەرجەستەی ئینگلیسی "واڵتێر سکات" کە هەر لە سەردەمی ئەو دا ژیاوە، ڕوانگەی خۆی لە مەڕ جەین ئاستون بەم جۆرە هێناوەتە زمان:

*" من لە زەوق و توانابییەکانی جوانناسی و زەریف، کە لە هەست و تێڕوانینی جەین ئاستون دا هەیە، بێ بەریم."*

ئەمڕۆکە زۆر کەس هەن کە جەین ئاستون بە ڕۆماننوسی هەموو سەردەمەکان دەزانن. تەنانەت هێندێک لە ڕەخنەگران و توێژەرانی بواری ئەدەبی لە سەر ئەو باوەڕەن کە جەین ئاستون، یەکەمین ڕۆماننوسی گەورەیە لە جیهان دا!

کۆڕ و کۆمەڵەکانی ئاستون لە لایەک و چیرۆکە بەهێزەکانی لە لایەکی تر، بە تایبەتی لە نێوان ساڵەکانی ١٨١١ تا ١٨٢٠، زەمینەیەکی لەباریان بۆ ڕۆمانەکانی ئەویندارانە و مێژوویی ڕەخساند. بە جۆرێک کە زۆر کەس وەشوێن ڕێبازی جەین ئاستون کەوتن و گەلێک کەس هەوڵی لاسایی کردنەوەی شێوازی نووسینەکانی ئەویان دا.

جەین ئاستون، بە رادەیەک کەسێکی لە خۆبردوو بوو کە هەرگیز لە سەردەمی ژیانی دا ناوی خۆی نەخستە سەر لاپەرەی یەکەمی کتێبەکانی.



ئاستون ئەوەی سەلماند کە نووسەر دەبێ لە بوارێکدا بنووسێت کە زانیاری لە سەری هەیە و تەنانەت زۆر ڕووداوی سادە و ساکاری ڕۆژانەش دەتوانێ ببێتە هەوێنی چیرۆکەکانی ئەدەبی و تەنانەت شاکاری هونەری و ئەدەبیان لێ بکەوێتەوە.

جەین منداڵی حەوتەم و بچووکترین منداڵی بنەماڵەکەیان بوو. "جۆرج ئاستون"ی باوکی لە شاری "ئەسۆنتۆن" لە پارێزگای "هامشایەر" لە وڵاتی ئینگلیستان و دایکیشی ناوی "کاساندرا بی ئاستون" بوو.

لە گەڵ ئەوەشدا کە باوکی، مامۆستای منداڵانی دەولەمەند و زەنگینی شارەکەیان بوو کە خۆیان بۆ خوێندن لە زانکۆکانی لە وێنەی "کەمبریج و ئاکسفۆرد" ئامادە دەکرد، بەڵام هەرگیز نەیتوانی بە باشی منداڵەکانی خۆی پێ بگەیەنێ و مامۆستایەکی باش نەبوو بۆ منداڵەکانی خۆی ! بەو حاڵەش هەوڵی ئەوەی دەدا کە منداڵەکانی بخوێنن و لەم نێوە دا جەین و خووشکە گەورەکەی بە ناوی "کاساندرا" بە شێوەی تایبەتی و لە ماڵی خۆیان دا، دەستیان کرد بە خوێندنی وانە و دواتریش لە خوێندنگاکانی "ئاکسفۆرد، سوتامپتۆن و ریدینگ" دەرسیان خوێند.

جەین، زۆر بە باشی فێری ئینگلیسی کلاسیک بوو. هەروەها بە باشی لە بواری نووسین و هەڵبەست دا زانیاری وەدەست هێنا و لە شێوازی بە کار

هێنانی زمانی ئەدەبی، زۆر خەلاقیەت و ئافراندنی لە خۆی نیشان دا.

هـاوکات جەیـن، لە بواری هوونەرەکانی نەریتی لـە وێنەی چنین و دروونی جلوبەرگ، ساز کردنی گوڵی پلاستیکی و ژەنینی ئامێرەکانی موسیقا، بەردەوام هەوڵی داوە کە خۆی پێشبخات.

لە تەمەنی نەونەمای دا، دەسـتی کردووە بە نووسـینی ئەدەبی. هەڵبەست و شـانۆنامەی نووسـیوە. هەروەها گەلێک چیرۆکی بۆ بنەماڵەکەی نووسـیوە تا ئەوان بەم جۆرە بتوانن کاتێکی خۆش بە سەر بەرن.

لە ساڵی ١٨٠١ جۆرج ئاستونی باوکی کە ئەوکاتە خانەنشین کرابوو، هاوڕێ لـە گـەڵ بنەمالەکەی بـۆ ناوچەی "بێـت" کۆچیان کرد. چەند سـاڵ دواتر و لە دوای مردنی جۆرج ئاستون، ئەمجارەیان بنەماله بە گشتی بەرەو "سوتامپتۆن" وەرێکەوتـن تـا بەو شـێوەیە بتوانن لە نزیک دوو کوڕی بنەماڵە کە لە بەشـی دەریایی دا خزمەتیان دەکرد، ژیان بەرنە سەر.

بنەماڵـەی ئاسـتون لە سـاڵی ١٨٠٩ جارێکـی تر گەڕانەوە "هاپشـایەر" و لە گوندی "شـاوتۆن" نیشـتەجێ بوون. جەین تا کاتی مردنی کە لە تەمەنی چل و دوو ساڵەیی و بە هۆکاری نەخۆشی ڕوویدا، لەم شارە مایەوە.

لـە بەر ئـەوەی کە جەین بـە درێژایی تەمەنـی خۆی لە گەڵ هیـچ پیاوێکدا زەماوەنـدی نەکرد، هەر بۆیـەش هەموو کاتێک لە لایەن هێندێک کەسـەوە بە تانەوتەشـەر، وەکـوو قەیرەکچ، پیرەژنـی دۆ لێ ڕژاو، بـە پرتەوبۆڵە و ژنێک کـە تەنیـا نووکەی دێت و باس لە ئازموونەکانی ئەویندارى، پرسـەکانی ژیانی هاوسـەرداری، زەماوەند و هێندێک شـتی تر دەکات کە هەرگیز خۆی لە ژیانی تاکەکەسی دا ئازموونی نەکردوون، تەماشا کراوە. بەڵام ئەو کەسێکی گۆشەگر و تەنیا نەبوو.

گەلێـک جـاران و لە لایەن زۆر کەسـانەوە خوازبێنی لێ دەکـرا. یەکێک لەم ژنانەی کە بە ساڵان جەینی لە نزیکەوە ناسیوە لە بارەی جەین دا بەم جۆرەی نووسیوە:

> *" جەیـن ئاسـتون، جوانتریـن، سەرشـێت ترین و بـۆ پیاوان، سەرنجراکێشـەترین کچێکە کە تا ئێسـتا بـە درێژایی تەمەنم ناسیومە!"*

جەیـن، بەوەی کە ئامادە نەبـوو زەماوەند بکات، دەرفەتێکی زۆرتری هەبوو کـە هاوڕێ لـە گەل ئەندامانی بنەماڵـەی کاتێکی زۆرتر رابوێـرێ و لە بواری

کارەکانی ناو ماڵ یارمەتیدەر بێت. هاوکات بەم جۆرە دەرفەتێکی زۆرتریشی بۆ کار و بەرهەمە ئەدەبیەکانی خۆی رەخساند.

ئاسەوارەکانی جەین ئاستون بە دوو بەش دابەش دەکرێن: یەکەم ئەو ئاسەوارە ئەدەبیانەی کە لە کاتی ژیانی کە "ئەستی وینتۆن" بەرهەمی هێناون و دوویەم ئەو ئاسەوارەی کە لە ماوەی دوازدە ساڵ و لە ژیانێکی هێمنانە دا لە "هامپشایەر" و "شاوتۆن" بەرهەم هاتوون.

جەین، یەکەمین ڕۆمانەکانی لە وێنەی "لەخۆبایی بوون و دەمارگژی"، "هۆش و هەست" و "کلیسای نورتانجێر"ی جارێکی تر و بە داڕشتنەوەیەکی نوێ، سەرلەنوێ نووسینەوە. دواتر ڕۆمانەکانی دیکەی خۆی لە وێنەی "ئێما"، "پارکی مانسفیلد" و "هان دان" بڵاو کردەوە.

جەین، ڕۆمانەکانی خۆی زۆرتر لە کاتی جێبەجێ کردنی کارەکانی ناوخۆی ماڵ و زۆرتریش لە سەر میزێکی بچووکی متبەق دەنووسی.

هەموو کاتێک لە ڕۆمانەکانی دا، وشەگەلێکی بە کار دەهێنا کە بە تەواوی پێیان ئاشنا بوو. کاتێک خووشکەکەی ویستبووی کە دەست بکات بە کاری نووسینی ڕۆمان، جەین بەم جۆرە ڕێنوێنی کردبوو: "تۆ دەتوانی ژیانی سێ یان چوار بنەماڵە لە شارێک، بکەی بە هەوێنی ڕۆمانێک!" . ئەمەش شێوازی کارەکانی ئەدەبی جەین بوو.

سەرنجراکێشە کە ڕۆمانەکانی خۆی کە زۆر مامۆستایانە و زیرەکانە بەرهەمی هێناون، بە لەتە عاجی بچووک وەسف کردووە کە زۆر بە وردی، بە پێنووسەکەی کاری لە سەر کردوون. بەڵام پێی وابووە کە دوای ئەم هەموو رەنج و زەحمەتەی کە کێشاویەتی، شتێکی بە شتێک نەکردووە و لە نووسراوەکانی رازی نەبووە!

لە ڕۆمانەکانی ئاستون دا، گەلێک کەسایەتی سەرەکی ژن، وەک کاراکتێری قارەمان خۆ دەنوێنن. قارەمانگەلێکی ئازا و کۆڵنەدەر لە وێنەی "ئێلیزابێت بێنت" و "ئێما ووهاوز" لە ڕۆمانەکانی ئەو دا، دەگەنە ئاستی ژنانێکی زۆر وشیار و ژیرمەند. ژنانێک کە هێز و توانای ئەندێشەیان لە هێزی یاساکان زۆرترە و هەڵگری هێندێک تایبەتمەندین کە رەوتی ژیانی ئەوانی گۆڕیوە.

لە راستی دا جەین ئەم شتانەی کە بە چاوی خۆی لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک دا دەیدیت، دەیکردە هەوێنی ڕۆمانەکانی و قارەمانەکانیش بەشێک بوون لە کەسایەتیەکانی راستەقینەی کۆمەڵگا. ئەو هەرگیز بە خەیاڵ و ئارەزووی خۆی

هیچـی نەنووسـی. بۆ وێنە هەرگیز لە مەڕ شـتێک کە بە چـاوی خۆی نەیدیت بوو هیچی نەهێناوەتە سـەر زمان، چوونکە نەیدەویسـت بە یارمەتی خەیاڵ و فانتـازی، دونیایـەک داڕێژێ کە بـاوەڕی بە هەبوونی نەبـووە یانیش تەنانەت دیمەنێـک بخوڵقێنـێ کـە هەرگیز لە ژیانی راسـتەقینە دا نەدیتـراوە یان خۆی نەیبینیوە.

ئەم شێوازە رێئالیستیە لە ڕوانگەکانی جەین ئاستون، بوو بە مایەی ڕەخنەگرتنی ژمارەیەک لە نووسـەرانی سەردەمی خۆی. نووسەری بە ناوبانگ "ئێمێرسۆن" لـە دژکردەوەیـەک دا لـە بەرامبەر ئەم ژنـە ڕۆماننوسـە، ڕۆمانەکانی ئەو بە کۆمەڵێک نووسراوەی ناڕێک و پێک ناوبردبوو کە گۆیا هیچ چەشنە هەوێنێکی راسـتەقینەی ئەدەبـی و هونەریان تێـدا بـەدی ناکرێت! ئەمەشـی بۆ ئـەوە گەڕاندبـۆوە کـە گۆیـا ئەم نووسـەرە ژنە پێنووسەکەی خۆی لـە چوارچێـوەی ژیانـی ڕۆژانـە و سـنووورداری خەڵکانـی وڵاتـی ئینگلیس دا، بەربەست کردبوو!



نووسـەرێکی بەناوبانگـی تـر واتا "شـاڕلۆت برۆنتێ" بەم جۆرە ڕەخنەی لە ڕۆمانەکانی جەین ئاستون گرتووە:

*" ڕۆمانەکانی جەین ئاستون هزری خوێنەر دەشێوێنێت. نووسەر بە باس کردنی هێندێک بابەتی سادە و هەرزان، دەبێتە مایەی ئاڵۆزی فکری و ناڕاحەت کردنی خوێنەرانی ڕۆمانەکەی!"*

لـە گەڵ هەموو ئـەم گلەیی و گازندە و ڕەخنانەش، بەڵام جەین ئاسـتون بە ڕۆمانەکانی خۆی کاریگەریەکی زۆری لە سـەر ڕەوتی داهاتووی ئەدەبی دانا و یەکێکە لە گرینگترین و ناسـراوترین سـیماکانی ئەدەبی لە جیهان دا. جەین، بـەوەی کە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی دەکـردە مایەی ڕۆمانەکانی، جیا لەوەی کە هەوڵـی تاووتوێ کردنی لایەنەکانی دەرۆنـی قارەمانەکانی ڕۆمانەکانی دەدا و کێشـە و پرسـەکانی کۆمەڵایەتی ئەوانی دەخسـتە ڕوو، هاوکاتیش گرینگی بە ناوەڕۆکی چەمکی بەرزی ئەخلاق دەدا.

نووسـراوەکانی جەین هەتا ئێستاش هەر تازەن و کۆن نابن. ئەم ژنانەی کە

ڕۆمانەکانی دەخوێننەوە خۆیان لە شــوێن قارەمان و کەسایەتیەکانی سەرەکی ڕۆمانەکانــی ئــەو دادەنێن. بە گشــتی هەم ژنان و هەم پیاوان، جەین ئاســتون بە یەکێک لە باشــترین ڕۆماننوســەکان دەزانن. هەر ئەمەشە کە نووسەرێکی گــەورەی جیهــان لە وێنەی "سامرســت موام" بە هۆی ئــەوەی کە ڕۆمانەکانی جەین ئاستون هەموو کاتێک گەلێک خوێنەری هەبووە، بەم جۆرە پەسنی داوە و نووسیویەتی:

*" ئــەوەی راســتی بێــت ئەوەیە کە لــە نــاو ڕۆمانەکانی جەین ئاســتون دا ڕووداوی زۆر سەیروسەمەرە ناقەومێن. بەڵام بەو حاڵــەش کاتێک مرۆڤ بەشــێک لە ڕۆمانەکە تــەواو دەکات، بە خێرایی پێی خۆشــە لاپەرەی بەشــەکانی دیکەش هەڵبداتەوە تا بزانــی کــە ڕەوتــی ڕووداوەکان دەگاتە کوێ! ئەمــە لە هێز و توانایی پێنووســی نووســەرەوە دێت و ڕۆماننوســێک کە ئەم هێزەی هەبێت، لە راســتی دا یەکێــک لە بەنرخترین دیاریەکانی دەرۆنی، واتا هێزی راکێشانی بەردەوامی خوێنەری هەیە!"*

بەرهەمەکانی جەین بریتین لەمانەی خوارەوە:

ڕۆمانەکان:


Sense and Sensibility (1811)
Pride and Prejudice (1813)
Mansfield Park (1814)
Emma (1815)
Northanger Abbey (1818, posthumous)
Persuasion (1818, posthumous)

کورتە چیرۆکەکان:

Lady Susan (1794, 1805)
Unfinished fiction
The Watsons (1804)
Sanditon (1817)

بەرهەمەکانی تر:

Sir Charles Grandison (1793, 1800)
Plan of a Novel (1815)



# سوزان، بی. ئانتۆنی

Susan B. Anthony

1820- 1906

# "ئەو ژنەی کارێکی کرد کە ژنان لە ئامریکا مافی دەنگدانیان هەبێت!"

"سوزان براون وێڵ ئانتۆنی" لە شاری ئادامز لە پارێزگای "ماساچۆست" ی ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە دایک بووە. دایک و باوکی، واتا "دانیەل ئانتۆنی" و "لوسی ئانتۆنی" شەش منداڵیان هەبووە و سووزان منداڵی دوویەمینی بنەماڵەکەیان بووە. دانیول ئانتۆن، ئەندامی گرووپی "کویکێر" و دژبەری سیستەمی کۆیلەداری بووە لە ئامریکا. ناوبراو خاوەنی کارخانەیەکی رستن و چنین بوو. سوزان، وەکوو خوشک و براکانی لە خوێندنگای "کویکێر" لە شاری "فیلادۆلفیا" وانەی خوێند. سوزان دوابەدوای کۆتایی هێنان بە خولی پەروەردەی دواناوەندی، بە هۆی لێهاتوویی و زیرەکی، بوو بە مامۆستای قووتابخانە و دواتر هەر بە هۆی لێهاتوویی و کارامەیی خۆیەوە، بوو بە سەرۆکی ئاکادێمیایەک بە ناوی "کاناژوهاری" لە شاری نیۆیۆرک.

ساڵی ١٨٤٩، سوزان بۆ لای بنەماڵەکەی گەڕایەوە کە ئەو کاتە بۆ مەزرایەک "رۆچستێر" لە دەوروبەری شاری نیۆیۆرک ماڵیان گواستبۆوە. لەم شوێنە بوو کە بنیانی خەبات و تێکۆشانێکی بەرفراوانی لە پێناو ئازادی دەست پێ کرد و

هەم لە بەرەی دژ بە کۆیلەداری دەستی بە کار کرد و هەمیش بوو بە هاوڕێ و هاوکاری جووڵانەوەی دژ بە "ئەڵکۆڵ و خواردنەوەکانی مەستی هێنەر"!

سوزان لە ساڵی ١٨٥١، لە کۆبوونەوەیەکدا و لە کاتی پێشکەش کردنی وتارێک لە لایەن "ویلیام لوید کاریسۆن" لە دژی کۆیلەداری، لە گەڵ "کەدی ستانتۆن" کە ژنێکی تێکۆشەر و ئازادیخواز بوو، ئاشنا بوو. لەو سەردەمە دا سوزان سی و یەک ساڵی تەمەن بوو. ژنێک بوو کە زۆر بە دەگمەن قسەی دەکرد و هێشتا زەماوەندی نەکردبوو. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە هاوڕێ تازەکەی واتا "کەدی" تەمەن سی و شەش ساڵە، خاوەنی سێ منداڵی کوڕ بوو. ئەم دوو ژنە بە خێرایی لە گەڵ یەکتر بوونە هەڤاڵ و هاوڕێی نزیکی یەکتر و لە خەباتێکدا کە دواتر بە بەرفراوانی دەستیان پێکرد، بوونە پشتیوان و تەواوکەری یەکتری. "سوزان ئانتۆنی" وەک ژنێکی ژیر و هێمن، جووڵانەوەی دژ بە "ئاڵکۆڵ و خواردنەوەکانی مەستی هێنەر"ی بنیاد نا و "کەید ستۆن"یش بوو بە یەکێک لە تیئۆریسیەنەکانی ئەم ڕەوتە.

لە ساڵی ١٨٥٢، سوزان ئانتۆنی لە جووڵانەوەی خەبات لە دژی ئالکۆڵ و خواردنەوەکانی مەستی هێنەر، بە هۆی ئەوەی کە زۆرینەیان لە پیاوانێک پێک هاتبوون کە مافی دەنگدانی ژنانیان بەلاوە پەسەند نەبوو، جیا بۆوە. بەم جۆرە بوو کە خۆی جووڵانەوەیەکی نوێی لە سەر ناوی جوڵانەوەی ژنان لە دژی ئالکۆڵ و خواردنەوە مەستی هێنەرەکانی وەڕێ خست. دواتر سوزان هاوڕێکەی خۆی واتا "کەدی" بۆ سەرۆکایەتی ئەم ڕێکخراوەیە دەستنیشان کرد و ڕێپێوانێکی بە بەشداری پێنج سەت کەس وەڕێ خست کە لە وێ دا بە پێشکەشکردنی وتارێکی ئاگرین، بوو بە مایەی سەرسوڕمانی هەموو ئامادەبوان. لەم وتارەدا سوزان وێڕای ئاماژە کردن بە مەترسی ئالکۆڵ، پێداگری لە سەر ئەوە کرد کە پێویستە ئەم کەسانەی کە بە هۆی خواردنەوەی لە رادەبەدەر بەدمەستی دەکەن، لە لایەنی یاساییەوە سزا بدرێن و ئەم کارە وەکوو تاوان بژمێردرێت. هاوکات جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە ژنانیش دەبێ خاوەنی مافی وەرگرتنی تەڵاق بن و ئەم مافە نابی تەنیا هی پیاوان بێت! بەم شێوەیە سوزان هەوڵی دەدا بە یارمەتی ئەم ژنانەی کە لایەنگریان لە بیروبۆچوونەکانی دەکرد، لە پێناو وەدەست هێنانی مافەکانی ژنان دەست بکات بە تێکۆشانێکی بەرفراوان. ئەوان سەرەتا گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە بۆ ئەوەی بیانهەوێ بۆ ماف و ئازادی ژنان تێبکۆشن، دەبێ بزانن کە ئەم مافانە چین و

دەبێ داوای چی بکەن. واتا مافەکانی ژنان سەرەتا لە لایەن خودی ژنانەوە بناسرێ و دەستنیشان بکرێت، بۆ ئەوەی باشتر بتوانن لە پێناو یەکسانی مافی ژنان و پیاوان خەبات بکەن. لێرەدابوو کە سوزان، ئەو هێزەی کە پێشتر لە دژی ئالکۆل و خواردنەوەکانی مەستی هێنەر بە کاری دەهێنا، ئەمجارەیان بۆ بابەتی وەدەستهێنانی ماف و ئازادیەکانی ژنان خستیە گەڕ و هەڵمەتێکی مەدەنی نارەزایەتی دەست پێکرد.

شەپۆل شەپۆل نامەی نارەزایەتی و داخوازنامەی لە لایەن ژنانەوە بۆ پارلەمانی پارێزگای نیۆیۆرک دەچوون و داوا دەکرا کە بە شێوەی یاسایی مافەکانی ژنان لە بەر چاو بگیرێت. ئەم نامە و داخوازنامانە، تا ساڵی ١٨٦٠ بە گشتی بێ وڵام مانەوە و لە لایەن کاربەدەستانی دەوڵەت و بە تایبەت پارلەمانێک کە هەموویان لە پیاوان پێک دەهاتن، لە بەر چاو نەگیران.




لە ماوەی شەڕە ناوخۆییەکانی نێوان خەڵکانی باکوری ئامریکا و باشووری ئەم وڵاتە کە بە شەڕ لە دژی کۆیلەداری ناسراوە، سوزان ئانتۆنی لایەنگری لە بیروبۆچوونی خەڵکانی باکوری ئامریکا کرد کە دژایەتی سیستەمی کۆیلەداریان دەکرد. لەو بوارەشدا سوزان گەلێک نامەی لە پێناو ئازادی کۆیلەکان و کۆتایی هێنان بە رەوتی کۆیلەداری، رادەستی بەرپرسانی دەوڵەتی ئامریکا کرد. سوزان و خەڵکانی ئازادیخواز، باسیان لەوە دەکرد کە کۆیلەداری وەحشیگەریە و کۆیلەکانیش مرۆڤن و دەبێ مافی ئینسانیان لە بەرچاو بگیرێت. دوای ئەوەی کە بە پێی گەلالەی چاردە کە جارێکیتر ئیسلاح کرابوو کۆیلەداری لە ئامریکا بە فەرمی قەدەغە کرا و هەڵگیرا، پێشنیاری ژمارە پازدە بەم گەلاڵەیەوە لکێندرا کە بە پێی داخوازی سوزان ئانتۆنی، داوای مافی یەکسان و هاوبەش وەکوو هاووڵاتی بۆ رەش پێستەکان و سپی پێستەکان دەکرا.

بەڵام ئەمە تەنیا بەشێک بوو لە پرۆسەی مافخوازی. رەشەکان ئازاد ببوون بەڵام ژنان، چ رەشپێست و چ سورپێست و چ سپی پێست، هێشتا لە پلەی دوویەم دابوون و مافی هاوبەشیان بە هۆی رەگەزەوە لە گەڵ پیاوان نەبوو. هەر بۆیە سوزان ئانتۆنی لە کۆبوونەوەکاندا بە شێوەیەکی چالاکانە بەشداری

دەکرد و دەیگوت:

*" ئەگــەر بڕیــارِ وایە کە هەمــوو هاووڵاتیانــی ئامریکایی مافی دەنگدان و بەشــداری کردن لــە هەلبژاردنەکانیان هەبێت، دەی کەوابوو ژنانی ئامریکاش دەگرێتەوە، چوونکە ژنانیش مرۆڤ و هاووڵاتین. ئەمە مافێکە کە دەبێ ئێمەی ژنیش هەمانبێت."!*

ســاڵی ١٨٦٩ بوو کە جووڵانەوەی ژنان بە پێشــەنگایەتی ســوزان ئانتۆنی، ناوەندێکی لە ســەر نــاوی "ڕێکخــراوی نەتەوەیی مافی دەنگدان و بەشــداری کردنــی ژنان لە هەڵبژاردنــەکان" وەڕێخســت و بیروبۆچونەکانی ژنانی ئەندام و لایەنگــری ئــەم جووڵانەوەیــە کــە لە ڕۆژنامەیەکــی فێمێنیســتی دا بە ناوی "شــۆڕش" بڵاو دەبۆوە. هەر لەو پێوەندیە دا "ســوزان" خۆیشــی گەلێک بابەتی لەم ڕۆژنامەیە دا نووسی و بڵاوی کردەوە.

لە ســاڵی ١٨٧٢، پۆلیســی ئامریکا "ســوزان" و دوازدە ژنی دیکەی قۆڵبەست کرد کە ئەندامی "ڕێکخراوی نەتەوەیی مافی دەنگدان و بەشــداری کردنی ژنان لە هەڵبژرادنەکان" بوون. دادگا ســوزانی بە تاوانبار زانی و بڕیارِی ســزادانی بــە ســەردا ســەپاند. بەڵام دوای ئەوەی کــە دادگا کۆتایی پێهات و ســوزان و هاوڕێیانــی بە شــێوەی کاتی ئازاد کــران، دادگا لەو بڕیارەی خۆی پاشــەگەز بوویەوە و هەموو ســزاکان بەتاڵ کرانەوە. لێرەدا بوو کە سوزان و هاوڕێیانی لەو راســتیە تێگەیشــتن کە تا کاتێک ژنان نەتوانن یاســاکانی بنچینەیی ئامریکا بگۆڕن و یاسای تایبەت بە مافەکانی ژنان لە یاساکان دا جێگیر نەکەن، ناتوانن بــە باشــی لە پێنــاو مافەکانی ژنــان و لە ناویشــیان دا مافــی دەنگدانی ژنان، تێبکۆشن. هەر بۆیە تەمایان گرت کە لەو پێناوە دا، واتا لە پێناو فشار هێنان بۆ گۆڕینێکی ئەرێنی یاساکان لە ئامریکا تێبکۆشن.

لە ماوەی ساڵەکانی ١٨٧٠ و ١٨٨٠، بابەتی مافی دەنگدانی ژنان، گرینگترین و تاکە بابەتێک بوو کە ســوزان، هەموو هەوڵی و دەوڵی خۆی لە پێناو وەدەست هێنانی، خستە گەڕ.

ســوزان گەلێــک پێشــنیاری رادەســتی پارلەمان کــرد کە لە ناویــان دا دوو پێشنیاری بە ناوبانگ بریتین لەمانە:

پێشنیاری یەکەم: مافی دەنگدانی هاووڵاتیانی ئامریکا، تەنیا سەبارەت بە ژن بوون یان پیاو بوون، پێشــێل نەکرێت، یان تەنیا بەشــێک لەو مافە لە بەر چاو نەگیرێت و مافێکی گشتی بێت.

پێشــنیاری ژمارە دوو: پێویستە کۆنگرەی ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، هێــز و توانایی بەرگری کردن لەو مافــەی هاوولاتیان هەبێت کە مافی تەواوی خەڵکانی ئامریکایە. ئێمە وەکوو کەسانێک کە بە هۆی کار کردنەوە مالیاتمان داوە و بەشــدارین لە وەگەڕ خســتنی چەرخەی وڵاتەکەمان، چاوەڕوانی ئەوەشمان لــە کۆنگــرەی ئامریکا هەیە کە لانی کەم ســەرنج بداتە ئەم بابەتە و خوازیاری ئەوەین کە دەرفەت و ئیمکانی بەشداری ژنان لە دەنگدان برەخســێنێ و وەکوو دەوڵەتێکی گەورە پشتیوانیان لێ بکات.



لەم ساڵانە دا ژنانی ئامریکا، تازە دەستیان بە خەبات و تێکۆشانێکی بەرفراوان کردبوو لە پێناو وەدەست هێنانی مافەکانیان و لە بەر ئەوەی کە تازە خۆیان بە ڕێکخســتن دەکرد، وەکوو یەکەمین هەنگاو زیادتر لە هەر شتێک گرینگیان بە مافی دەنگدانی خۆیان دەدا.

سوزان ئانتۆنی لە نووسراوەکانی خۆی دا بۆ کۆنگرەی ئامریکا دەیگوت:

*" ئەی ئەو پیاوە شــەڕافەتمەندانەی کە یاســاکانی وڵات دیاری دەکــەن، وشــیارتان دەکەینــەوە کە ژنانــی ئەم نیشــتیمانەش وەکــوو پیــاوان و بە ئەندازەی ئەوان و هــاورێ لە گەڵ ئەوان پەروەردەیــان دیتــووە و خوێندوویانــە و ئەوانیــش خاوەنــی بیروبۆچوون و ڕوانگەی سیاســین. ژنانی هیچ کام لە سێناتۆر و پارێزەرە پیاوەکان، بێ هەڵوێســت و بۆچوونی سیاسی نین. لە راستی دا لە هیچ شوێنێکی ئامریکا ناتوانن ژنانێک بدۆزنەوە کــە تــا رادەیەک روانگەی سیاســی لــە ناو هزریــان دا رەنگی نەدابێتەوە و بۆچوونی تایبەتی سیاســی خۆیان نەبێت. بەشێک لــە ئێمە فڵانە پــارت و حیزبمان قەبوڵە و تاقمێکی دیکەشــمان فڵانــە حیزب و لایەنی تر. ئێمەش وەکــوو ئێوەی پیاو، هێندێک پارتیمان خۆش دەوێن و هیچ هۆکارێکی نییە کە پارلەمانی سێنا، کــە حەفتا و شــەش پیاوی زانا و تێگەیشــتوو لە خۆ دەگرێت، خوشکان و دایکانی زانا و تێگەیشتووی ئەوانیش نەتوانن لەوێ دا جــێ بگرن و تەنانەت نەتوانن بۆ دەستنیشــان کردنی کەس*

*یان کەسانێک لەم پارلەمانە دا دەنگ بدەن !"*

سوزان ئانتۆنی بە یارمەتی هاوڕێکانی، سێ بەرگ کتێبی بڵاو کردەوە. بەرگی یەکەم لە سەر ناوی "مێژووی مافی دەنگدانی ژنان" لە نێوان ساڵانی ١٨٨١ و ١٨٨٦ بڵاو کرایەوە. لەم سالە بە دواوە هەموو ساڵێ جارێک، پێشنیارنامەیەکی بۆ ئیسلاح کردن و گۆڕینی یاساکانی پێوەندیدار بە مافی ژنان لە ئامریکا، پێشکەشی کۆنگرەی ئەم وڵاتە دەکرد. بەڵام هەموو جارێکیش بە بێ وڵام دەمایەوە و گرینگیەکی ئەوتۆیان پێ نەدەدرا.

سوزان ئانتۆنی دەیگوت:

*"بە هۆی ئەوەی کە ئێمەی ژن لە ناو کۆنگرەی ئامریکا دا دەستمان نەڕۆیشتووە، ئەم کۆنگرەیەش گرینگی بە مافەکانی ئێمەی ژنی نەداوە. پێویستە ئێمە کۆمیتەیەک بۆ چاوەدێری کردنی کۆنگرەی ئامریکا لە ناو خۆمان دا ساز بکەین. ئێمە ژنانی ئامریکا ناتوانین بە باشی بۆ مافەکانی خۆمان هەوڵ بدەین، مەگەر ئەوەی کە هێندێک کارمەند و نوێنەرمان لە پارلەمان و کۆنگرەی ئامریکا دا هەبێت. هەر وەک چۆن ژنان لە ئیدارەکان و کۆمپانیەکان دا کار دەکەن و کارمەندن. ئێمە هیچ دەستێک و نوێنەرێکمان لەو پارلەمانە دا نییە و چاوەڕێی ئەوەش دەکەین کە پیاوانی ئەندام لە کۆنگرە و پارلەمانی ئامریکا، مافەکانی ئێمە بە فەرمی بناسن و بە قازانجی ئێمە کار بکەن ! لە کاتێکدا کە ئێمەی ژن لە ئامریکا، زۆرترین نرخمان لە پێناو ساز کردن و ئاوەدان کردنەوەی ئەم وڵاتە داوە و دژوارترین کارەکان لە ئەستۆی ئێمەیە، بەلام بەو حاڵەش هیچ مافێکمان پێ نەدراوە، تەنانەت مافی بەشداری کردن لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆمان و وڵاتەکەمان!"*

لە ئەنجام دا لە ساڵی ١٩٢٠، یاسای مافی دەنگدانی ژنان لە ئامریکا بە فەرمی ناسێندرا و نەوەکانی داهاتووی ئامریکا توانیان لەو مافە کەڵک وەربگرن. بەڵام، سوزان ئانتۆنی لەو کاتە دا لە ژێر گڵ دابوو. ئەوەندە زیندوو نەما کە بەرهەمی خەبات و ڕەنجەکانی خۆی و هاوڕێیانی لە پێناو وەدەستهێنانی ئەم مافە کە دواتر وەدیهات بە چاوەکانی خۆی ببینێ و لە ڕاستیشدا ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٢٠ کرا، بەرهەمی تێکۆشانی ئەوان بوو.

سـوزان ئانتۆنی لــە کۆتایی تەمەنی دا و لە نامەیــەک دا بۆ ژنانی ئامریکای بەم جۆرەی نووسی:

*" ئــەو کاتــەی کــە ئێمە دەســتمان بــە کار کــرد و هەوڵمان دا کــە یاســاکانی بنچینەیــی ئامریکا لــە بەرژەوەنــدی ژنانی ئەم نیشــتیمانە بگۆڕین، هەرگیز باوەڕمــان نەدەکرد کە ئەم ئەرکە لــە لایەن ئێمەوە ئاکام وەدەســت نەهێنێ و بــە جیل و نەوەی داهاتــووی بســپێرین. بــەڵام لە گەڵ ئەوەشــدا دڵمان شــادە و خۆشــحاڵین کە چینێکی نوێ لە ژنانی خوێندەوار خەریکن دێنە مەیــدان و بڕوامان بەوە هەیە کــە جیلی خوێندەوار و زانکۆیی داهاتووی ژنان، ئامانجەکان وەدی دێنن و مافەکان دەســتەبەر دەکــەن. ئــەم جیلە نوێیــە کە لە هەموو بەشــەکانی سیاســی، ئابــووری، کۆمەڵایەتــی و فەرهەنگــی دا چالاک و بەشــدارە و ئــازادی دەربڕینی بیروڕایان لە ناو کۆڕ و کۆمەڵەکان دا هەیە، بێگومان ئــەو ئامانجانە دەپێکن کە ئێمە نەمانتوانی بیانپێکین و هەموو ئەم شــتانە وەدەســت دێنن کە ئێمە پەنجا ساڵە هەوڵی بۆ دەدەین و پێمان نەدراوە. ئەم کەســانە ئاڵایەک کە لە ســەر شانی ئێمە بوو بەرز دەکەنەوە و بەرەو داهاتوو هەنگاو دەنێن و ئەم تێکۆشانە بە بێ سوزان ئانتۆنیەکان کە سەبارەت بەوان خەباتیان کردووە، سەردەخەن."*

درووشمی سوزان ئانتۆنی بە درێژایی تەمەنی ئەوە بوو:

*" هەرگیز تێک ناشکێی. تێبکۆشە، سەردەکەوی!"*



# جۆرج ئیلیۆت

George Eliot

1819- 1880

# "ئەو ژنەی کە رەوتی ڕۆمان نووسینی گۆڕی"

ئەگەر سەدەی نۆزدەیەم سەردەمی گەشەکردنی رەوتی ڕۆمان نووسین بووە لە جیهان دا، ئەوا لە وڵاتی ئینگلیس، ژنێک بە ناوی جۆرج ئێلیۆت لە گەڵ ڕۆماننووسی گەورەی سەردەم واتا "چارلز دیکێنز" لە کێبەرکێ دا بووە.

دیکێنز بە هۆی هێزی بەرفراوانی خەیاڵ و هاوکاتیش بە هۆی سەرنجدان بە ژیانی منداڵان و هەژاران، لە ڕۆمانەکانی دا کە هێزی ئەدەبی وەکوو تیشک لێیان دەدرەوشێتەوە، ناوبانگی دەکرد. جۆرج ئێلیۆتیش بە هەمان شێوە بە هۆی هێز و تواناییەکانی خوڵقێنەری لە بواری ئەدەبی دا، سەرنجی هەموو لایەکی بۆ سەر نووسراوە و ڕۆمانەکانی راکێشابوو.

لە راستی دا جۆرج ئێلیۆت یەکێک لەو ڕۆماننوسانە بوو کە زیادتر لە زۆرینەی ڕۆماننوسانی سەردەمی "شازادە ویکتۆریا" لە ئینگلیس، کە تا ئەو کات زۆرتر بە چاوی کەرەستەیەک بۆ رابواردن چاویان لە ئەدەبیات و بە تایبەتیش ڕۆمان دەکرد، کارێکی کرد کە ڕۆمان تەنیا کەرەستەی تێپەڕ کردنی کات نەبێت و بە پێچەوانەوە ڕۆماننووس بە قووڵی بچێتە ناو ناخی پرسە

سەرەکییەکانی کۆمەڵایەتی و دەرۆنی مرۆڤەکان.

بــەم جۆرە بوو کە نووســەرێکی وەک "دی. ئێــچ. لاورێنس" لە بارەی جۆرج ئێلیۆت دا دەڵێت:

*" لە راستی دا ئەوە جۆرج ئێلیۆت بوو کە هەموو شتێکی دەست پێ کرد... ئەو بوو کە هەموو ئاکار و هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤی لە ناو ڕۆمانەکانی دا گونجاند."*

ناوی راســتەقینەی جۆرج ئێلیۆت "مێری ئان ئیوانێز"ە و لە "واروِیک شــایەر" هەڵکەوتــوو لە "میدلاند"ی وڵاتی ئینگلیس لە دایک بووە. "مێری" دواتر نازناوی ئەدەبــی "جۆرج ئێلیــۆت"ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە کە ناوێکــی پیاوانەیە و هەتا ئێستاش هەر بەم ناوە دەناسرێت. ئەو پێنجەمین و بچووکترین منداڵی "رابێرت ئیوانێز" بوو.

باوکــی جــۆرج ئێلیۆت کەســێکی زۆر ویشــک و توندرەوی ئاییینــی بوو کە بەردەوام ســەردانی کلیســاکانی دەکــرد و هیچ بڕوایەکی بــە گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵایەتی نەبوو.

جــۆرج ئێلیۆت لە ســەردەمی منداڵــی و لە کاری خوێندن دا کەســێکی زۆر زیــرەک و خوێندەوار بــوو. بەردەوام و بە بەرفراوانــی کتێبی دەخوێندنەوە و ئەوینــداری کتێــب بــوو. لــە قۆناغێکدا کە لــە قووتابخانە و بە شــەوانە وانەی دەخوێند، لە گەڵ ئیدە و رامانەکانی مەسیحی دا خۆی تێکەڵ کرد و کەوتە ژێر کاریگەری کەشیشێک بە ناوی "جان ئێدمۆند جۆنز" !

لەو قۆناغەدا جۆرج ئێلیۆت لە ســەر ئەو باوەڕە بوو کە هەموو کێشــەکانی مرۆڤایەتــی بە جێبەجــێ کردنی بڕیارەکانی "کتێبی پیرۆز" چارەســەر دەکرێت و هێزی خودایی کلیلی کردنەوە و دەرمانی هەموو کێشــەکانە. لەراســتی دا بۆ کیژۆڵەیەکی وەکوو جۆرج ئێلیۆت، بابەتگەلێکی وەک فیداکاری و لە خۆبردوویی ئاییینی ، شتێکی گەلێک سەرنجراکێش بوو.

جــۆرج ئێلیــۆت لە ســاڵی ١٩٨٤ هاوڕێ لە گــەڵ باوکی کە ئیتر خانەنشــین کرابوو، ماڵیان بەرەو "کاوانتری" راگواست. لەوێ بوو کە بنەماڵەکەی کەوتبوونە نیگەرانــی و دڵەراوکێــی ئەوەیان لێ ســاز ببوو کە ڕۆڵەکەیــان واتا جۆرج، بە هــۆی ئەم هەموو بیروباوەڕە ئاییینیە لە ژیانی راســتەقینەی کۆمەڵگا دانەبڕێت و هــەر بۆیــەش هەوڵیان دا کە کچەکەیــان لە گەڵ بنەماڵــەی "چاڕلز بێری "و "کارۆڵین بێری" ببێتە هاوڕێ، تا بەشکەم بەم شێوەیە کەمێک بێتەوە سەرخۆی

و لــە نێوان بیروبۆچوونەکانــی ئایینی و ژیانی ڕۆژانە و راســتەقینەی خۆیدا، هاوســەنگیەک ساز بکات. ئەم بنەماڵەیە، بنەماڵەیەکی ڕووناکبیر و تێگەیشتوو بوون کە کاریگەریەکی زۆریان لە سەر هزر و رامان و کەسایەتی جۆرج دانا. هــەر ئەوەش بــوو کە ئەمجارەیان جــۆرج بە پێچەوانەوەی پێشــوو ڕووی لە بیروباوەڕەکانی سێکۆلار کرد و بە تەواوی پێوانەکانی مەزهەبی و ئایینی رەت کردەوە، بە جۆرێک کە پێی وابوو تەنیا عەقلانیەتی مرۆڤ خۆیەتی کە دەتوانی ببێتە دینامیکی سەرەکی گۆڕانکاریەکانی کەسایەتی و کۆمەڵایەتی. دواتر جۆرج ئێلیۆت بڕیاڕی دا کە هەرگیز ڕوو لە کلیسا نەکاتەوە و ئەمەش ڕووداوێک بوو کە بنەماڵەکەی بەم زووانە چاوەڕوانیان نەدەکرد.

لــەم نێــوە دا بنەماڵەکــەی کــە خۆیــان ئایینی بــوون و تەنیا ویســتبوویان هاوســەنگیەک لە نێوان رامانە مەزهەبیەکان و ڕوو کردن لە ژیانی کۆمەڵایەتی لە جۆرج دا ساز بکەن، داوایان لێ کرد کە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە کلیسا. هەر چەنــدە کە جۆرج بۆ ڕێزگرتن لەوان ئەم کارەی کرد، بەڵام ئیتر هیچ بڕوایەکی بە بنەماکانی ئایینی نەمابوو.


جــۆرج هەوڵــی دەدا وێــرای ئەنجامدانی کارەکانی ناو مــاڵ، درێژە بە کاری خوێندنەوە ی کتێب و نووسینیش بدات و دواتریش دەستی کرد بە وەرگێڕانی کتێبێکی دژە ئایینی بە ناوی "ژیانی مەســیح" لە بەرهەمەکانی "داوید شتراوس" کە چیرۆک و بەســەرهاتی دابڕانی مەســیحی لە ئاسمان و ئیدەکانی مەزهەبی دەگێڕاوە. ئەم کتێبە لە ساڵی ١٨٤٦ بۆ یەکەمین جار بڵاو کرابۆوە.

دوای ئەوەی کە باوکی لە ساڵی ١٨٤٩ کۆچی دوایی کرد، ئیترجۆرج وەکوو پێشووتر لە ژێر فشاری ئایینی و فەرمانی باوکی نەبوو. هەر بۆیە ئەمجارەیان بە ئازادی روی لە کۆڕ و کۆمەڵەکانی ڕووناکبیران کرد و وەکوو ڕوناکبیرێکی هەڵگــری رامانێکی ئــازاد، لە کۆبوونەوەکانیان دا بەشــداری دەکرد. ڕۆیشــتە شــاری لەندەن و لە بەشــی پێداچوونەوەی ئەدەبی بە سەر نووسراوەکاندا، لە گۆڤارێکی لیبەراڵ و پێشــکەوتنخواز بە ناوی "وێســت مینستێر ریۆیۆ" دەستی بە کار کرد.

جۆرج، گەلێک نووسراوە و بابەتی ئەدەبی دەگەیشتە دەست و دەیخوێندنەوە. بەســەریان دەچوویــەوە و ڕەخنــەی لێدەگرتن و چاکی دەکردن. بەم شــێوەیە ڕۆژانە چاوی بە دەیان بابەت دا دەخشاند و لە گەڵ زۆر یەک لەم نووسەرانەی کە بابەتیان بۆ گۆڤارەکە دەنارد و بەشێکیشیان لە نووسەران و قەڵەم بەدەستانی

ژن پێـک دەهاتن، بـوو بە هاوڕێ و هاوکار. یەکێک لەم نووسـەرانەی کە بەم ڕێگەیەوە لە گەڵ جۆرج ئاشـنا بوو، نووسـەرێک بوو بە ناوی "جۆرج هانری لوویس". جۆرج ئێلیۆت، ئەویندارى جۆرج هانرى لوویس بوو کە خێزاندار بوو. هاوکات ئەگەرچی لەگەڵ هاوسـەرەکەی نەدەژیا، بەڵام هێشـتا لە یەکتر جودا نەببوونەوە.

بەو حاڵەش هەر دووکیان بە دوور لە یاسا و ڕێساکانی کولتوری سەردەم، پێوەندی ئەویندارانەیان ساز کرد و هەر دووکیان بەیەکەوە لە ماڵێکدا دەژیان. ئەوان ژیانێکی بەختەوەرانە و گۆشـەگیرانەیان لە گۆشـەیەکی شـاری لەندەن دەست پێکرد و ئەمەش دەرفەتێکی باشی بۆ بەرهەم هێنانی زۆرتر و باشتری ئەدەبی رەخسـاند بوو. لە راسـتی دا "جۆرج لوویـس" یەکەمیـن کـەس بـوو کـە "جۆرج ئێلیۆت"ی بۆ نووسینی ڕۆمان هان دا.



بەم شێوەیە جۆرج ئێلیۆت کە وەک ئاماژە کـرا ناوی راسـتەقینەی خۆی "مێـری "بوو، یەکەمین بەرهەمی خۆی لە سەر ناوی "چەند دیمەنێـک لـە ژیانێکـی ئایینـی Scenes of Clerical Life" نووسـی کە لە ساڵی ١٨٥٨ بـڵاوی کردەوە. بەڵام بۆ چـی "مێری" ناوی پیاوانەی جۆرجی بـە کار هێنا ؟ دەگووترێ کە هـۆکارەی ئەوە بووە کە لەم سـەردەمە دا کـەم کەس حەزیان لە خویندنەوەی بابەت و نووسـراوەکانی ژنـان بووە و هـەر بۆیەش ئەم ناوە، واتـا ناوی "جۆرج"ی بۆ خۆی هەڵبژارد کە لە راسـتی دا ناوی خۆشەویستەکەشـی بوو کە لە گەڵی دەژیا.

جۆرج ئێلیۆت هاوکات ئەم بەرهەمەی بە شێوەی سێ چیرۆک و لە گۆڤاری "بـلاک وود مەگەزین" بڵاو کردەوە. پرسـەکانی ڕۆژانەی ژیانی کۆمەلایەتی و تاکەکەسـی مرۆڤ، بەرجەسـتە کردنی وانەکانی سرووشت و هەڵسوکەتەکانی مـرۆڤ بـەم ڕێگایـەوە، بابەتگەلێک بوون کـە جۆرج ئێلیـۆت ئەمانەی وەکوو "پەروەردەی جوانی ناسانە" ناوزەد دەکرد.

یەکەمین بەرهەمی چیرۆکی جۆرج زۆر بە گەرمی و لە لایەن شاکارنووسانێکی

ئەدەبی لە وێنەی "چارڵز دیکێنز" و "تاکێری" پێشوازی لێکرا. ئەوەش لە حاڵێکدا بوو کە لە ناو خەڵکی ئاسـایی دا سەرکەوتێنێکی ئەوتۆی وەدەست نەهێنا. بەو حاڵەش یەکەم بەرهەم، بوو بە مایەی ناسین و دەرکردنی ناوبانگ.

بـەڵام جۆرج یەکەمین ڕۆمانی خۆی بە ناوی "ئادام بیدێ Adam Bede" کە لە ساڵی ١٨٥٩ بڵاو بووەتەوە، گەیاندە بازار.

رەخنەگری بەناوبانگی سەردەم "گۆردۆن هایت" لە بارەی ئەم ڕۆمانە دا بەم جۆرەی نووسیوە:

*" بە رای من لە دوای کتێبی "کەپری مامە تۆم" کە هەموو جیهانی ڕامالــی، هیــچ کتێبێکی دیکە بە ئەندازەی ئــەم ڕۆمانەی جۆرج ئێلیۆت، بە هێز و کاریگەر نەبووە!".*

ئەم ڕۆمانە و ڕۆمانەکانی سەرەتایی دیکەی جۆرج ئێلیۆت لە وێنەی "سیلاس مارنێر Silas Marner (١٨٦١)" و "ئاشـێک لـە فلۆرانس" زۆرتر رەنگدانەوەی رەنگدانەوەی ژیانی خەڵکی شارە و لە ژێر کاریگەری ئەو سەردەمە دانووسراون کە جۆرج لە "وارک شایەر" ژیابوو.

دواتر جۆرج دەستی کرد بە نووسینی ڕۆمانێکی مێژوویی بە ناوی "رۆمۆلا" و سـەدەی پازدەی لە ئیتالیا هێنایە بەر چاوی خوێنەر. جۆرج بۆ نووسـین و تەواو کردنی ڕۆمانەکەشـی سـەردانی وڵاتی ئیتالیای کرد و هەوڵی دا زانیاری زۆرتر لە مەڕ سەدەکانی کۆنی ئەم وڵاتە وەدەست بخات.

لێکۆڵینـەوە و سـەفەر و ئازموون، ڕۆژ بە ڕۆژ بوون بـە مایەی پووختەتر بوونی کەسـایەتی جـۆرج و بەهێزتر بوونـی ئەو لە باری ئەدەبیشـەوە. هەر بۆیـە ئـەم پووختە بوونە بـە تایبەتی لە ڕۆمانەکانی دواتـری ئەو دا لە وێنەی "فیلیکـس هۆلد"، "میدێل مارچ" و "دانیەل درۆنـدا" بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێت. بە تایبەتیش لە ڕۆمانی "میدێل مارچ"، نووسـەر زۆر بە وردی لە سـەر دەیان کەسـایەتی ڕۆمانەکـەی کاری کردووە و ئەوەی سـەلماندووە کە بە راسـتی هێزی خوڵقاندنی فەزای ڕۆمانی تا چ رادەیەکە.

ڕۆماننووسـی بـە ناوبانگی ژن "ویرجینیـا وۆڵف" لـە پێداهەڵگوتنێک کە بۆ ڕۆمانی "میدڵ مارچ" نووسیویەتی، بەم جۆرەی وەسف دەکات:

*" ئەمە یەکێکە لەو کتێبە تاکانەی کە بۆ کەسانی ژیر و پووختە لە وڵاتی ئینگلیس دا نووسراوە !"*

لـە ناوەراسـت مانگەکانـی سـاڵی ١٨٧٠، جـۆرج ئێلیۆت وەکـوو یەکێک لە

بەڕێزترین و باشترین ڕۆماننوسانی ڕۆژگاری خۆی ناوبانگی دەرکرد.
لــە ســاڵی ١٨٧٦، دوای ئەوەی کە دۆســتەکەی واتا "جــۆرج هانری لوویس" مرد، لە گەڵ "جان کراس" کە ئەویش یەکێک بوو لە دۆســتانی نزیکی خۆی، لە ساڵی ١٨٨٠ زەماوەندی کرد. بەڵام جۆرج لە هەمان ساڵیش دا بە خۆی مرد و چاوەکانی بۆ هەمیشە لە سەریەک دانا.
بەرهەمەکانی جۆرج ئیلیۆت بریتین لەمانە:

Scenes of Clerical Life (1858)
Adam Bede (1859)
The Lifted Veil (1859)
The Mill on the Floss (1860)
Silas Marner (1861)
Romola (1863)
Brother Jacob (1864)
Felix Holt, the Radical (1866)
The Spanish Gypsy (1868)
Agatha (1869)
Brother and Sister (1869)
The Legend of Jubal (1870)
Armgart (1871)
Middlemarch (1871)
Arion (1874)
A Minor Prophet (1874)
Stradivarius (1874)
Daniel Deronda (1876)
A College Breakfast Party (1879)
The Death of Moses (1879)
Impressions of Theophrastus Such (1879)
Early Essays (1919)



# فلانێری ئۆکۆنۆر

Flannery O’connor

1925- 1964

# "ڕۆماننوسی گەورەی سەدەی بیستەم"

فلانێـری ئۆکۆنـۆر، یەکێک لە گەورەترین ڕۆماننوسـانی ئامریکایە، لە دوای شـەڕی دوویەمی جیهانـی. ڕۆمان و چیرۆکەکانی ئەو، تژی لە سەرسـەختی، شۆخی بێ بەزەییانە، توندوتیژی و کەسایەتی سەیروسەمەرن کە هەڵسوکەوتی پارادۆکسیان هەیە و نووسەر بە ئافراندنی ئەم کەسایەتیانە لە ناو ڕۆمانەکانی دا و سـاز کردنی جەوی تایبەت، هەوڵی داوە کە سـەرنج بۆ سـەر کێشەکانی کۆمەڵایەتی و دەرۆنی مرۆڤی سەردەم رابکێشێ و ئاماژە بەوە بکات کە جیهان خەریکە ماناکانی راستەقینەی گەوهەری ئەخلاقی خۆی لە دەست دەدات.

فلانێری، لە باشووری ئامریکا و لە ناو بنەماڵەیەکی کاتۆلیک دا پێگەیشتووە. ئـەم کچـە ئامریکاییە، کەسـایەتیەکی تایبەت بـە خۆی هەبوو کـە تەنانەت لە ڕۆمانەکانی دا ئەم تایبەتمەندیە بە ڕوونی دەردەکەوێ و هەرگیز نەیویسـتووە زۆر لاسـایی ڕۆماننوسـانی پێش خۆی بکاتەوە. هەر بۆیەش دەسـتی کرد بە نووسینی ڕۆمان بە شێواز و دارشتنی تایبەتی خۆی و جارێکیش لە یەکێک لە نووسینەکانی دا بەم جۆرە باسی لەوە کرد کە بەرهەمەکانی ئەو لە سەردەمی

خـۆی لــە پێشــترن و گوتــی: "چاوەڕێی ئەوە دەکەم کە ســەت ســاڵی دیکە، کەسانێک ببنە خوێنەری ڕۆمانەکانی من!". بەڵام زۆری نەخایاند کە ڕۆمانەکانی ئەو لە لایەن ناسراوترین ڕۆماننوسانی جیهان بە گەرمی پێشوازیان لێ کرا.

فلانێری لە شــاری ساوانا، هەڵکەوتوو لە پارێزگای "جۆرجیا" لە دایک بووە. ئــەو تاقە منداڵــی "ڕۆژینا ئۆکۆنۆر" و "ئێدوار فرانســیس" بــووە. هەر تەمەنی منداڵییــەوە کچێکی پوختە و ژیر بوو کە بە پێچەوانەی منداڵانی دیکە لە جیاتی ئــەوەی لــە گەڵ منداڵانی هاوتەمەنی خۆی دۆســتایەتی بکات، زۆرتر مەیلی بە دۆســتایەتی کــردن لە گەڵ کەســانی بە تەمەنتــر لە خۆی هەبــووە. بەردەوام لەززەتی لە خوێندنەوە و نووسین دەبینی و هەموو کاتێک ڕووداو و کەسایەتی سەیروســەمەرە، ســرنجی ئەویان رادەکێشــا. زۆر حەزی لــە راگرتنــی جوجکە بــوو ! بە تایبەتیش باڵندە نایابەکانی زۆر خۆش دەویســتن و لــە ناو ئەم جووجەڵانــەی کــە لە لای خۆی رایدەگرتــن، یەکێک لە جووجکە تایبەتیەکانی جووجەڵەیەک بوو



کە دەیتوانی پشتاوپشــت ڕێگە بڕوات ! هــەر ئەوە بوو کە گۆڤاری "پاتێ نیوز" وێنەیەکــی فلانێری لە تەمەنی پێنج ســاڵەیی دا هــاوڕێ لە گەڵ ئەم جووجکەیە بڵاو کردەوە.

ماوەیــەک دوای بــڵاو بوونــەوەی ئــەم بابەتــە و وێنەکــەی فلانێــری و جووجکەکــەی، هــەر وەک خــۆی لە گێڕانــەوەی ژیاننامەکــەی دا ئاماژەی پێ کردووە، جووجکەکەی مردووە.

فلانێری دەیگوت کە باشــترین دەوران و ســەردەمی ژیانــی، قۆناغی منداڵی بووە و لە دوای ئەم ماوەیە ئیتر هەموو ژیانی بە چەرمەسەری و ئازار چێشتن تێپەڕ کردووە. ناوبراو بە دەست نەخۆشی "سیل" دەیناڵاند. ئەمەش نەخۆشیەک بوو کە لە ماوەی تەمەنی کورتی دا ئازاری دەدا و باوکیشی هەر بەم نەخۆشیە و لە کاتێکدا کە فلانێری تەنیا دوازدە ساڵی تەمەن بوو، ژیانی لە دەست دابوو. فلانێــری ئەم نەخۆشــیەی لە باوکــی گرتبۆوە، هەر بۆیــەش دایکی فلانێری بە خێرایی ئەوی بۆ ماڵی خزمێکیان لە "میلج ویل"ی پارێزگای "جۆرجیا" راگواست

بوو. لەم شـوێنە نوێیەدا بوو کە فلانێری لە خوێندنگای دواناوەندی دەستی بە خوێندن کرد و دواتریش لە کۆلێجی ئەیالەتی تایبەت بە کچان، تا ساڵی ١٩٤٥، درێژەی بە خوێندن دا.

بنەماڵەی فلانێری بە گشتی ئایینی و پەیرەوی مەزهەبی کاتۆلیک بوون. بەڵام زۆرینەی خەڵکانی ئەم شـوێنەی کە ئەو لێی دەژیا، واتا باشـووری پارێزگای ویرجینیا، لە کەسـانی سەر بە مەزهەبی پڕۆتسـتان پێک دەهاتن. ئەمەش وای کرد کە فلانێری هەموو کاتێک هاوسەنگیەک لە روانگەکانی ئایینی خۆی دا ساز بکات و هاوکاتیش بە چاوێکی ڕەخنەگرانە لە هەموو ئەم شتانەی دەڕوانی.

دوابـەدوای کۆتایـی هێنـان بە خولـی پـەروەردەی کۆلێـج، ئەمجارەیان لە زانکۆیەک دا بە ناوی "لوا" ناونووسـی کرد و لە بواری شـێوازی نووسـین و تێکنیکەکانی نووسین، خۆی پێش خست.

ساڵی ١٩٤٦، یەکەمین چیرۆکی بڵاو کردەوە. ئەم چیرۆکە بە ناوی "گرانیۆم" و لـە یەکێـک لە گۆڤـارەکان دا بڵاو کرایەوە. لە سـاڵی دوویەمـی خوێندن لە زانکۆ دابوو کە بە هۆی نووسـینی چیرۆکێکی تر، خەڵاتی یەکەمین و باشترین چیرۆکنووسـی وەدەسـت هێنا. ئەم چیرۆکە دواتر بوو بـە هەوێنی ڕۆمانێکی ناسراوی ئەو بە ناوی "وایزبلاد" !

ڕۆمانـی وایـز بلاد، بەسـەرهاتی پیاوێکی گوندی خاوەن رامانـی ئایینیە کە دوابـەدوای گۆڕینی ڕوانگەکانی مەزهەبی پێشـووی خۆی، مەزهەبێکی تازە و نوێ بنیاد دەنێت کە ئەم مەزهەبە لە راستی دا کلیسایەکی مەسیحی بێ مەسیحە و ئەم کارەشـی تەنیا بۆ ئەوە کردووە کە هێرش بکاتە سـەر بنیانەکانی ئایینی مەسـیحیەت. لەم نێوە دا ئەم پیاوە گوندیـە، کە بەردەوام و بە نائۆمێدیەوە، لە ڕێگایەکی ڕزگاری دەگەڕێت، تووشی فەلاکەت و توندوتیژی دەبێت.

بـڵاو کەرەوەی ئەم کتێبـەی فلانێری بە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە رایگەیاند کە ئەمە نووسـراوەیەکی زۆر سـەیرە و داوای لێکرد کە شـێوازی تر لە نووسین بگرێتە پێش. بەڵام فلانێری خۆی بەدەسـتەوە نەدا و لە جیاتی ئەمە ناوەندێکی چاپەمەنی دیکەی بۆ کتێبەکەی دۆزیەوە.

سـاڵی ١٩٤٩، رۆیشـتە شاری "ڕێدینگ ریچ" بۆ ئەوەی کە لە گەڵ هاوڕێیانی خۆی بێت. لەوێ بوو کە نووسـینی ئەم ڕۆمانەی کۆتایی پێ هێنا و هاوکاتیش چەندین بەشی ڕۆمانەکەی لە گۆڤارەکانی ئەدەبی دا بڵاو دەکردەوە.

لە مانگی دیسامبری ساڵی ١٩٥٠ و لە کاتی گەڕانەوەی بۆ پارێزگای "جۆرجیا"

بۆ پیرۆز کردنی جەژنی کریسمەس، بۆ دەرمان کردنی نەخۆشیەکەی سەردانی پزیشکانی کارناس دەکات و هەوڵی چارەسەر کردنی ئەم نەخۆشیە بێ دەرمانی سەردەمی خۆی دەدات. بە هۆی چاوەدێری پزشکی، بۆ ماوەی ساڵێک فلانێری لە رەوشـێکی باشـتر دا بە سەر دەبات. بەلام دوای ئەم ماوەیە هاوڕێ لە گەڵ دایکـی دەچێتە مەزرایەکی بەرهەمهێنانی لەبەنیات لە نزیک شـاری "میلج ویل" و لەوێ دەژین. لەم شـوێنە دا فلانێری کارەکانی ماڵەوە لە گەڵ دایکی دابەش دەکات و بە خۆیشی دەست دەکات بە راگرتن و پێ گەیاندنی ژمارەیەک باڵندە. تەنانەت خوێنەرانی ئاسەوارەکانیشـی بە زانینی ئەو راستیە یارمەتی دەدەن و بگرە لە ناو کۆلۆکسـیۆنی تاووسـەکانی دا، چەندین باڵندەی تر هەبوون کە لە لایەن خوێنەرانی ئاسەوارەکانی بە دیاری بۆی هاتبوو.

فلانێـری دواتـر دەگەڕێتەوە باشـووری ئامریکا، واتا شـوێنێک کە لە ناخی دڵەوە حەزی لێ دەکرد. لەوێ دەسـتی کردووە بە نووسـینی ژمارەیەکی دیکە لە ڕۆمانەکانی و بە شـێوازێکی هونەرمەندانە دونیای هەسـت و هزری خۆی دەخاتە سەر لاپەڕەکانی و پێشکەش خوێنەرانی دەکات.

ڕۆمانی "وایز بلاد" لە سـاڵی ١٩٥٣ بڵاو بووەتەوە. لە سـاڵی ١٩٥٥، کۆمەڵە چیرۆکێکـی بـە ناوەکانـی: "پیاوی چـاک بە زەحمـەت وەدەسـت دەکەوێ و چیرۆکەکانی تر"، بڵاو کردەوە.

ئەمـە یەکێکـە لـە بەناوبانگتریـن بەرهەمەکانی فلانێـری و بـە تایبەت ئەم چیرۆکـەی کە کۆمەڵە چیرۆکەکەی بە ناو کراوە، واتا چیرۆکی "پیاوی باش بە زەحمەت وەدەسـت دەکەوێت" کاریگەریەکی زۆری لە سەر خوێنەران هەبوو. ئەم چیرۆکە باس لە کوشتاری بنەماڵەیەکی نەفرەت لێکراو لە باشووری ئامریکا دەکات. بکوژی ئەم بنەماڵەیە کەسێکە بە ناوی "میس فیت" کە دەبێتە هۆکارێکی خودایی چاوەڕوان نەکراو بۆ رزگاری گیانی یەکێک لە قووربانیانی خۆی.

ژمارەیەک لە رەخنەگران لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە بەرهەمەکانی ئەدەبی فلانێری، گەلێک بێ بەزەییانە نووسـراون و پڕن لە توندوتیژی. بەڵام نووسەر لە بەرامبەر دا بە سەرسەختیەوە رادەوەستا و تەنیا ڕێگای خۆی دەگرتە پێش و بە بێ ئەوەی گوێ لەم جۆرە رەخنانە بگرێت، درێژەی بە شێوازی نووسینی خۆی دەدا.

دوویەمیـن ڕۆمانـی فلانێری بە نـاوی "ورچی دڕندە" لە سـاڵی ١٩٥٩ بڵاو بووەتەوە.

لە ساڵی ١٩٦٣، ڕەوشی تەندروستی فلانێری زیادتر لە جاران کەوتە مەترسی و جارێکی تر بە هۆی پەرەگرتنی نەخۆشیەکەی بۆ ئەنجامدانی چالاکی پزیشکی، ڕەوانەی نەخۆشــخانە کراوە. بەڵام بەو حاڵەش فلانێری بێ وچان لە نووســین ڕانەوەســتا و بەردەوام پێنووســی بە دەستەوە بوو. لەم قۆناغە دابوو کە دوو بەرهەمــی گرینگی خۆی بــە ناوەکانی "ڕۆژی ژیانەوە" و "پشــتی پارکێر" بڵاو کردەوە.

فلانێری، لە ســاڵی ١٩٦٤ و لە کاتێکدا کە تەنیا ســی و نۆ ســاڵی تەمەن بوو، بە هۆی نەخۆشــی گورچیلە ژیانی لە دەســت دا. هەر لەو ســاڵە دا کتێبێک لە ســەر ناوی "نهێنیەکان و شــێوازەکان" کە کۆمەڵێک بابەت و نووسراوەی بڵاو نەکــراوەی فلانێــری لە خۆ دەگرت، بڵاو کــراوە کە لە لایــەن خوێنەرانەوە بە گەرمی پێشوازی لێ کرا.  ساڵێک دواتریش کۆمەڵەیەک لە چیرۆکە کورتەکانی بە ناوی "هەموو سەرهەڵدانەکان دەبێ بگەنە یەکتر"، بڵاو کرایەوە.

بە گشــتی هەرچەند فلانێری لە ماوەی کورتی تەمەنی کە هەمووی بە ئازار و نەخۆشــی تێپەڕی، گەلێک چەرمەســەری بینی، بەڵام توانی گەلێک بەرهەمی ئەدەبی بەهێز لە پاش خۆی بەجێ بێڵێت و ناوی خۆی وەک یەکێک لە باشترین و بە تواناترین ڕۆماننوسانی  سەدەی بیستەم تۆمار بکات.

بە گشتی بەرهەمەکانی ئۆکانێر بریتین لەمانە:

ڕۆمانەکان:

Wise Blood, 1952
The Violent Bear It Away, 1960

کورتە چیرۆکەکان:

A Good Man Is Hard to Find, 1955
Everything That Rises Must Converge, 1965
The Complete Stories, 1971 —National Book Award[2]

بەرهەمەکانی تر:

Mystery and Manners: Occasional Prose, 1969
The Habit of Being: Letters of Flannery O’Connor, 1979
The Presence of Grace: and Other Book Reviews, 1983
Flannery O’Connor: Collected Works, 1988



# ئامیلیا ئەیرهارت

## Amelia Earhart

1897- 1937

# یەکەمین فڕۆکەوانی ژن
# کە بە دەوری جیهان دا هەڵفڕی

ئامیلیـا ئەیر هـارت، بەناوبانگترین فرۆکەوانی ژنە لە سـەدەی بیسـتەم دا. ئامیلیـا هـەم فرۆکەوان و هەمیـش ئەندازیاری بـواری فرۆکەوانـی بوو. ئەم ژنـە فرۆکەوانـە، بـە چالاکیەکانی خۆی توانـی دەرفەت و مەیدانی بەشـداری چالاکانەتری ژنان لە کاری فرۆکەوانی برەخسـێنێ و ئەم دەرگایەی زۆرتر و باشتر لە جاران بەرەو ئافرەتان کردەوە.

ئامیلیا ئەیر هارت، لە شـارۆچکەیەکی پارێزگای "کانزاس"ی ئامریکا لە دایک بووە. کچی گەورەی "ئێدوین "و "ئێمی" بوو کە بە گشـتی دوو منداڵیان هەبوو. باوکـی ئامیلیا کابرایەکی هەمیشـە مەسـت بوو کە بـەردەوام بە هۆی گیرۆدە بوونی بە خوردانەوەی شـەراب، کەمتر گرینگی بـە بنەماڵەکەی دەدا و گەلێک جارانیش بە هۆی پیشـەی باوکی، لەم شـار بۆ ئەو شـارماڵیان رادەگواست. لەم نێوە دا بوو کە ئامیلیا، گەلێک جاران تێکەڵ بە کوڕان دەبوو. جل و بەرگی کوڕانی لە بەر دەکرد و بە ئازادی و وەکوو ئەوان لە گەڵیان دەگەڕا و لە گەڵیان دا کایی و وەرزشی دەکرد. ئەو هەرگیز ئامادە نەبوو کە دامەن لە بەر بکات و

بەم شێوەیە هەستی بە ئازادی زۆرتر دەکرد. گۆڕینی بەردەوامی شوێنی ژیان لەم شار بۆ ئەو شار بوو بە هۆی ئەوەی کە ئامیلیا، تا تەمەنی حەڤدە ساڵەیی، شەش قووتابخانەی گۆڕی.

لە ساڵی ١٩١٦، دوای ئەوەی کە خوێندنی دواناوەندی لە شاری :شیکاگۆ" کۆتایی پێ هێنا، لە خویندنگای "ئۆگۆنتێز" کەلە راستی دا کۆلێجێکی بچووکی هونەری بوو، دەستی کرد بە خوێندن لە بواری هونەری. ئەم کۆلێجە لە دەرەوەی شاری "فیلادۆلفیا" هەڵکەوتبوو. ئامیلیا ئەیر هارت کچێکی قەد بڵیند و باریک ئەندام بوو کە بەردەوام وەرزسی دەکرد و وەرزش یەکێک لە گەورەترین لەززەتەکانی ژیانی ئەو بوو. جوانی ئەو بە رادەیەک بوو کە جارێکیان مامۆستاکەی گوتبووی:

*" ئامیلیا لە گەڵ ئەوەشدا کە جلوبەرگەکانی زۆر سادەن و زۆریش خۆی جوان ناکات، بەڵام لەوپەڕی سادەیی دا و بەم جلوبەرگە کوڕانەیەی کە لە بەری کردووە، زۆر یەک لە کچانی دیکە کە بەردەوام بە شوێن مۆدەوە دەگەڕێن، بەخیلی پێ دەبەن و لە ناخی دڵەوە پێیان خۆشە کە وەکوو ئەو بوانایە."*

ئامیلیا لەم کۆلێجە و لە دەفتەرێکی بچکۆڵە دا ئەم پێشانەی نووسی بوو کە گرێدراوی ژنان و پیاوانن. ئەو دەیهەویست بزانێ کە بۆ چی ژنان ناتوانن یان کەمتر بەشداریان هەیە لە ئەنجامدانی هێندێک کار و پیشەدا !

لە ساڵی ١٩١٧ بوو کە بە مەبەستی سەردانی خوشکی، سەفەری کردە شاری "تۆرێنتۆ"ی کانادا و بڕیاڕی دا کە بۆ هەمیشە لەم وڵاتە نیشتەجێ بێت. هاوکات بڕیاڕی دا کە بکەوێتە ناو کاروباری میلیتاری و چەکداری ! هەر لەوێ خولێکی پەروەردەی دەرمان و یارمەتیەکانی پزشکی بینی و لە نەخۆشخانەیەکی سەربازی لە شاری "تۆرێنتۆ" دەستی بە کار کرد. لە دوای شەڕی جیهانی یەکەم و لە ساڵی ١٩١٨، لە کاتێکدا کە نەخۆشی ئانفوولانزایەکی گەورە هەموو ناوچەکەی گرتبۆوە، لەم نەخۆشخانەیە دا بەردەوام بوو لە خزمەت کردن. ئامیلیا، هاوکات لە گەڵ یارمەتیدان بە کاری دەرمانی و پزشکی، خولێکی چەند مانگەی پەروەدەی میکانیکی ماتۆڕ بینی.

ساڵی ١٩١٩، بڕیاڕی دا کە لە بواری خوێندنی پزشکی لە زانکۆکان، خۆی تاقی بکاتەوە. بەم جۆرە بوو کە دواتر خۆی گەیاندە زانکۆی "کۆلۆمبیا" و وەکوو خوێندکارێکی ئەم زانکۆیە دەستی بە خوێندن کرد. بەڵام زۆری

پینەچوو کە جارێکی دیکە دەستی لە کارەکەی دیکە هەڵگرت و ئەمەشیان بە هۆی شەڕ و ناکۆکیەک بوو کە لە نێوان دایک و باوکی لە "لوسانجلێس" ساز ببوو. هەر بۆیە ئەو دەبوایە بۆ ئاشت کردنەوەی ئەوان سەردانی کردبان و کانادای بەجێ هێشت با. ئامیلیا گەڕایەوە "لوسانجلێس" و بۆ یەکەمین جار بە سواری فڕۆکە سەفەری کرد. ئەم سەفەرە ئاسمانیە، بوو بە هەوێنی بیرۆکەی "بوون بە فڕۆکەوان" لە هزری ئامیلیا. لە راستیدا خۆشی و هەیەجانی فڕین و جوانی دیمەنی هەورەکان و زەوی لە ئاسمانەوە، ئەم هەستەی لە ئەو دا ساز کرد کە شوێنی راستەقینەی کاری ئەو، لە ئاسمانە نەک لە زەوی ! بەم جۆرە بوو کە دواتر دەستی کرد بە دیتنی خوولی فڕۆکەوانی لە لای ژنێکی فڕۆکەوان بە ناوی "نێتا سنۆک".



ئامیلیا ئەیر هارت، یەکەمین ژنی فڕۆکەوانە کە لەساڵی ١٩٢١ و بە تەنیایی سواری فڕۆکە بووە و فڕیوە. ساڵێک دواتر و لە بیست و پێنجەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونی دا، یەکەمین فڕۆکەی تاکەکەسی خۆی کڕی کە لە جۆری "کینێر کاناری" بوو. بەم فڕۆکەیە بوو کە ڕێکۆڕدی فڕینی ژنانی بۆ بەرزایی چەهاردە هەزار هەنگاوی لە ئاسمان، لە ماوەیەکی کورتخایەن دا وەدەست هێنا.

لە ساڵی ١٩٢٤ لە گەڵ دایکی دا کە ئیتر لە باوکی ئامیلیا جودا ببوویەوە، بەرەو شاری "بۆستۆن" کۆچیان کرد. لەوێ بۆ ماوەیەک بوو بە مامۆستای ژمارەیەک کرێکاری ئینگلیسی کە بۆ کار کردن لە کارخانەکان، هاتبوونە ئامریکا. دواتر چەندین پیشەی دیکەی گۆڕی. هاوکاتیش بەردەوام بوو لە کاری فڕۆکەوانی دا و لە گەڵ چەندین فڕۆکەوان و ئەندازیاری بواری فڕۆکەوانی، کاری دەکرد.

مانگی ئاپریلی ساڵی ١٩٢٨ دوای ئەوەی کە فڕۆکەوانێک بە ناوی "چارلز لیندبێرگ" بە تاقی تەنیا بە سەر "ئۆقیانووسی ئەتلەس"دا فڕیبوو، بۆ یەکەم جار وەکوو فڕۆکەوانێکی ژن، پێشنیاری فڕین بە سەر ئاوی "ئۆیانووسی ئەتلەس" بە ئامیلیاش کرا. ئەم پڕۆژەیە لە لایەن گرووپێکەوە پشتیوانی ماڵی لێدەکرا و بڕیار بوو کە سێ فڕۆکەوان کە دەبوایە یەکیان ژن با، بە سەر

ئۆقیانــووس دا بفــڕن. فڕۆکەوانێــک بە نــاوی "ریچارد.ئی.بێرد" کــە ئاگاداری ئازایەتی و تواناییەکانی ئامیلیا بوو، ناوی ئەوی پێشــنیار کرد بوو. بەم جۆرە ئامیلیا هاوڕێ لە گەڵ دوو فڕۆکەوانی پیاو، سواری فڕۆکەی "فرێندشیپ" بوو. ئــەم فڕۆکەیە لە ڕۆژی ١٧ی مانگی جووەن لە شــاری "نیوفۆندلەند"ی ئامریکا بەرز بوویەوە و دوای تێپەڕ بوونی بیســت کاتژمێر و چل خوولەک، لە شــاری "وێلز"ی وڵاتی ئینگلیســتان، نیشــتەوە. بەم شێوەیە ئامیلیا ئەیر هارت، یەکەمین فڕۆکەوانی ژن بوو کە بە سەر ئاوی ئۆقیانووسی ئەتڵەس دا فڕی بوو. ئەمەش بوو بە مایەی دەرکردنی ناو و ناوبانگ !

ئامیلیــا بــەردەوام بوو لە فڕین و دواتریش لە گۆڤــاری "کۆزمۆپۆلیتین" بوو بە سەرنووســەری بەشــی فڕۆکە و فڕۆکەوانی. لە ســاڵی ١٩٢٩، لە یەکەمین کێبەرکێــی فڕۆکەوانــی ژنــان دا بەشــداری کــرد. لــە ســاڵی ١٩٣١، ئامیلیــا یەکەمیــن ژن بــوو کــە وەکــوو فڕۆکــەوان و ئەمجارەیان بــە هەلیکۆپتێر، ژمارەیــەک خەڵکی ڕاگواست. ئامیلیا هاوکات بنیادنەر و دواتریــش ســەرۆکی ڕێکخراوی جیهانی ژنانی فڕۆکەوان بوو کە بە ڕێکخــراوی "نایتنی نانــز" ناوبانگی دەرکردبوو.



هــەر لــە ســاڵی ١٩٣١، لــە گەڵ کەسێک بە نــاوی "جــۆرج پوتنام" ئاشــنا بــوو کــە بەرپرســیار و بڵاوکــەرەوەی کتێــب بــوو. ئامیلیا مێردی بە جۆرج کرد و بە یارمەتی مێردەکەی لە ساڵی ١٩٣٢ کتێبێکی بە ناوی "چێــژی فڕیــن" بڵاو کردەوە. چەند ســاڵ دواتریش و لــە دوای مردنی، واتا لە ساڵی ١٩٣٧، کتێبێکی دیکەشی لە سەر ناوی "دواترین فڕین"، بڵاو کرایەوە.

ئامیلیا یەکەمین ژن (و دوویەمین کەس) بوو کە بە تەنیایی بە سەر ئاوەکانی ئۆقیانووســی ئەتڵــەس دا فــڕی و یەکەمین کەســیش بوو کە بــە تەنیایی و بۆ جــاری دوویەم هەر بە ســەر ئەم ئاوانــە دا فڕیەوە. هــاوکات ئامیلیا بە فڕینە

تاکەکەسـیەکانی خۆی، ڕیکۆڕدی خێرایی لە فڕین دا شـکاند و خەڵاتی یەکەمی "خاچـی باشـترین فڕینـەکان"ی وەدەسـت هێنا کـە تا ئەو کات بـە هیچ ژنێک نەدرابوو.

لە ساڵی ١٩٣٥، بۆ یەکەمین جار لە "هاوایی" بەرەو "کالیفۆرنیا" هەڵفڕی. ئەو یەکەمیـن ژنێـک بوو کە بە تاقی تەنیا بە سـەر ئاوەکانی "ئۆقیانووسـی ئارام" دا فـڕی بـوو. بەم جۆرە بـوو کە ئامیلیا بە تاقی تەنیا، هەم بە سـەر ئاوەکانی "ئۆقیانووسی ئەتڵەس" و هەمیش بە سەر ئاوەکانی "ئۆقیانووسی ئارام" دا فڕی بوو.

هـەر لەو سـالە دابوو کـە وەک ڕاوێژکار و هاوکاتیش وەکـوو چاوەدێر بۆ ڕاهێنانی خوێندکارانی فڕۆکەوانی، لە زانکۆی "پریدۆ" هەڵبژێردرا. دوای ئەوەی کـە ئـەم زانکۆیە، بە نیشـانەی ڕێز گرتن لـە ئامیلیا، فڕۆکەیەکیـان لە جۆری "لاک هیدالیکترا" پێشـکەش کرد، بڕیاڕی سـەفەرێکی درێژ و مەترسـیداری دا. ئەمە بڕیاڕی خوولانەوە بوو بە دەوری زەوی دا و ڕێگاکەشـی بە سـەر "هێڵی ئۆستوا"دا تێدەپەڕی ! ئەمە فڕینێکی ئاسایی نەبوو. مەترسیدارترین و درێژترین سـەفەرێک بوو کە تا ئەو کات هیچ فڕۆکەوانێک نەیکردبوو. مەترسیدارترین و دریژترین سـەفەری جیهان. بە تایبەتیش یەکێک لە مەترسیدارترین شوێنەکانی ئەم سەفەرە، لە ناوچەی <لی" هەڵکەوتوو لە وڵاتی "گینەی نوێ" دەستی پێدەکرد و تا جەزیرەی بچووکی "هولاند"، واتا لە مەودای دوهەزار و پینج سەت و پەنجا کیلۆمێتری لە خۆ دەگرت. لە ڕاسـتی دا بە کەرەسـتەکانی سەرەتایی ئەو کاتە، دۆزینـەوەی جەزیرەیەکـی وا بچووک لە ناخی ئاوە بەرینەکانی ئۆقیانووسـی ئارام، کارێکی ئێجگار دژوار و مەترسیدار بوو.

ئامیلیا، لە ڕۆژی یەکەمی مانگی جووەن و لە "میامی" هەڵکەوتوو لە پارێزگای "فلۆریدا"ی ئامریکا، دەستی بە فڕین کرد. لەم سەفەرە دا فڕۆکەوانێکی ژیر و بە توانا بە ناوی "فرێد نۆنان" هاوڕێیەتی دەکرد. ئەوان دەبوایە بە سەر وڵاتانێکی وەک برازیل، ئافریقا، هیندوسـتان، بێرمە، تایلەند، ئۆسـترالیا و گینەی نوێ دا تێپـەڕی بان. بـەم جۆرە دەورێک بـە زەویدا دەخولانەوە و هێڵی ئۆسـتوایان دەگرتـە پێـش. ڕۆژی دووی مانگی جوولای بوو کە ئـەوان "گینەی نوێ"یان تێپەڕاند.

ئامیلیا ئەیر هارت، لە نووسـینێکی ڕۆژانەی خۆی دا کە بەر لەم سـەفەرە بە ڕێگای پۆست، بۆ ئامریکای ناردبوو، بەم جۆرە دوا:

*"کەمتــر لە مانگێکی تر، من لەوبەری ئۆقیانووســی ئارام بووم و لــە ڕۆژاوام دەڕوانی. ئەمشــەو لێرەم و بــەرەو ڕۆژهەڵاتی ئۆقیانووسی ئارام دەڕوانم. لە ماوەی ئەم ڕۆژانەدا کە تێپەڕین، سەرتاسەری جیهانمان تێپەڕاند، جیا لەم بەشەی ئەم ئۆقیانووسە بەرینە. بێگومان کاتێک مەترسیەکانی ئەم ئۆقیانووسەش تێپەڕ بکەین، دەگەینە شادی."*

لە ئەنجامدا لە دوای بیست و یەک کاتژمێر فڕین و لە فڕینێکی دا کە چاوەڕی دەکرا تەنیا هەژدە کاتژمیر بخایەنێت، دەنگی ئامیلیا بیســترا کە داوای یارمەتی دەکــرد ! ئەمــە دواترین جار بوو کە دەنگی ئامیلیا دەبیســترا و لە پێوەندیەکی رادیۆیی (بێسیمی) دا، کە بەردەوام دەپچڕا و دیسان دەگیرایەوە، رایگەیاند کە تەنیا بۆ ماوەی سی خوولەکی دیکە بێنزینی پێیە و هاوکاتیش هیچ ویشکاییەک بۆ نیشــتنەوەی فڕۆکەکەی وەبەر چــاو ناکەوێت! بەم جۆرە بوو کە ئامیلیا لە ناو ئاوەکانی ئۆقیانووسی ئارام دا بۆ هەمیشە ون بوو...

دوابــەدوای ون بوونــی فڕۆکەکەی ئامیلیــا لە ناو ئۆقیانــووس، گەورەترین و بەرفراوانتریــن پشــکنینی دەریایی بۆ دۆزینەوەی ئەنجــام درا. بەلام هەموو ئــەم هەوڵانــە هیچ ئاکامێکیــان نەبوو. ئامیلیــا ون ببوو. بەڵێ، ئــەم ژنە ئازا و چاونەترسەی کە فڕین ئەوینی ئەو بوو، هەرگیز نەدۆزرایەوە، بەلام، لە هەمان کات دا نــاوی چــووە نــاو ڕیزی ژنانی بەرجەســتەی جیهان و بــوو بە ژنێکی نموونە و ئوســتورەیی کە هاندەری ژنانی دیکە بوو، بۆ بوون بە فڕۆکەوان و بۆ هەڵفڕین !



# کلارا بارتۆن

Clara Barton

1821- 1912

# بنیادنەری ڕێکخراوی خاچی سوور لە ئامریکا

لــە مانگــی مــەی ســاڵی ١٨٨١، کلارا بارتــۆن و ژمارەیەک لــە هاوکارانی، ڕێکخراوی خاچی ســووری ئامریکایان بنیاد نا. بارتۆن جیا لەوەی کە بوو بە یەکێـک لە ئەندامانی شــوورای راوێژکاری لە گەڵ ســەرۆک کۆماری ئامریکا، هاوکات بوو بە ســەرۆکی ڕێکخراوی خاچی سووری ئەم وڵاتەش. جیا لەمانە چالاکیەکانی مرۆڤ دۆســتانەی "کلارا بارتۆن" بە تایبەت لە ماوەی شەڕەکانی ناوخۆیی لە ئامریکا، بەشێکی دیکەن لە ژیانی پڕ بەرهەمی ئەم ژنە.

کاتێـک لــە ســاڵی ١٨٦٠، واتــا بیســت و یەک ســاڵ بــەر لە ســاز کردن و دامەزراندنی ڕێکخراوی خاچی سوور لە ئامریکا لە لایەن بارتۆن و هاوڕێیانی، شــەڕی ناوخۆیــی هەمــوو ئامریــکای گرتــەوە و باکوریەکانی ئامریــکا کە لە دژی کۆیلــەداری بــوون لە گەڵ خەڵکانی باشــووری ئامریکا کــە پێیان وابوو کۆیلــەداری دەبێ هەروا درێژەی هەبێت کەوتبوونە گیانی یەکتر، کلارا بارتۆن وەکوو مامۆســتایەکی پێشــووی قووتابخانە لە یەکێک لــە ئیدارەکانی دەوڵەتی ئامریکا وەکوو کارمەندێکی سادە کاری دەکرد. شیمانەی ئەوە دەکرێت کە لەم

سـەردەمە دا بارتۆن یەکەمین ژنی ئامریکایی بوو بێت کە لە ئیدارەی فیدێراڵی دەوڵەتی ئامریکا دا کاری کردووە.

لە گەڵ دەسـت پێکردنی شـەڕی ناوخۆیی، کاتێک بارتۆن دیتی کە دەوڵەت توانایـی بەرەنـگاری کردن لە گەڵ کێشـەکانی نییە و تەنانەت کەرەسـتەکانی سـەرەتایی داو و دەرمانیشـی بۆ دابین ناکرێت، وەکوو تاکەکەسێکی کۆمەڵگا کە هەسـتی بە بەرپرسـیارەتی دەکرد، قۆڵی هەڵماڵی و وێڕای بە جێهێشـتنی پیشـەی جارانـی واتا کارمەندی دەوڵەت، بە شـێوەیەکی بـێ بەرامبەر لە گەڵ ژمارەیەک لە پزیشـکان و بۆ یارمەتی بریندارانن و خەڵکانی لێقەوماو، دەسـتی بە کار کرد.

بارتـۆن زۆر چالاکانە سـینگی دابوویە پێش و بە هەمـوو هێزی خۆیەوە لە گەڵ تیمێکی پزشـکی لە مەیدانەکانی شەڕ دا خزمەتی کرد. ئەوە لە حاڵێکدابوو کە سەرەتا ئەندامانی ئەم تیمە پزشکیە، بە هەبوونی ئەم ژنە لە ناو مەیدانەکانی شـەڕ دا نـارازی بـوون و زۆرتر وەکـوو کەسـێکی موزاحیمیـان دەدیت کە بەردەستیان دەگرێت و ناهێڵێت کە ئەوانی تر کارەکانیان بە باشی ئەنجام بدەن. بەلام دوای ماوەیەک تێگەیشتن کە بە پێچەوانەوە بارتۆن ژنێکی زۆر وشیار و زیرەک و چالاکە و نە تەنیا بەردەستیان ناگرێت، بەڵکوو زۆر بە باشی دەستیان دەگرێـت و یارمەتیەکانی ئـەو زۆر بە کەڵکن. هاوکات بارتۆنیان وەکوو ژنێکی فیداکار ناسـی کە تەنیا لە پێناو خزمەت هاتووەتە ئەم شوێنە و ژیانی خۆیشی خستووەتە مەترسی.

دوابـەدوای ئـەوەی کـە لـە مەیدانەکانـی شـەڕ دا وەکـوو یارمەتیـدەری پزیشـکەکان گەلیک ئازموونی باشی وەدەسـت هێنا، ئەمجارەیان ڕێکخراوێکی لـە پێناو دۆزینەوەی سـەربازە ون بووەکان وەڕێ خسـت. ئـەم ڕێکخراوەیە نـەک بە یارمەتی دەوڵەت، بەڵکوو بە یارمەتـی خەڵک و بە تایبەتیش بنەماڵەی ئەم کەسـانەی کە ڕۆڵەکانیان چوو بوونە سەربازی و دواتریش بێسەروشوێن ببوون، پێک هێنا.

لە سـاڵی ١٨٦٩ کلارا بارتۆن دەسـتی کردبە سەفەر کردن بۆ ژمارەیەک لە وڵاتانی ئوروپایی و هەوڵی ئەوەی دا کە هێندێک یارمەتی بۆ لێقەوماوانی شەڕ کـۆ بکاتـەوە. لە ئوروپا بوو کـە بە دیتنی ڕێکخراوە مەدەنیـەکان و بە تایبەت ڕێکخراوێـک بە ناوی "خاچی سـوور" هێڵـی چالاکیەکانی خـۆی گۆڕی. ئەمە یەکـەم جـار بوو کە ناوی ئەم ڕێکخراوەی دەبیسـت و هەوڵـی دا کە زانیاری

زۆرتری لە بارە دا بزانێت.

بارتــۆن تێگەیشــت کە ڕێکخــراوی خاچی ســوور بۆ یەکەم جــار لە وڵاتی ســویس و لە لایەن کابرایەکی بانکدار بە ناوی "ژان هانری دۆنان" بە گوێرەی پەیماننامەی "جێنیڤا" کە لە لایەن یازدە نەتەوە پەســەند کرابوو، لە ساڵی ١٨٦٣ بنیاد نراوە. بە پێی ئەم بڕیارنامەیە، ئەم کەسانەی کە لە ناو ڕێکخراوی خاچی سوور دا کار دەکەن، مافی ئەوەیان هەیە کە بە بێ لە بەر چاو گرتنی لایەنەکانی شــەڕ و تەنیا لە بەر خزمەتی مرۆڤانە، بە هەڵدانی ئاڵایەکی ســپی کە خاچێکی ســووری لە ناو دایە، لە مەیدانەکانی شــەڕ دا جێگە بگرن و یارمەتی خەڵکانی لێقەوماو و سەربازەکانی بریندار و نەخۆش بدەن.

کاتێک کلارا زانی کە ئەم ڕێکخراوەیە هێشتا لە ئامریکا ساز نەکراوە و بگرە ئامریکا تەنانەت ئەم بڕیارنامەیەی "جێنێڤا"ی واژۆ نەکردووە، ســەری ســووڕ ما. بەم جۆرە بوو کە کاتێک کلارا بارتۆن گەڕایەوە ئامریکا، بڕیاری دا لە پێناو پەســەند کردنی بڕیارنامەی جێگەی ئاماژە لە لایەن وڵاتەکەی خۆیەوە دەســت بکات بە تێکۆشــان و لە ئاکامیش دا دوای دە ســاڵ خەبات و تێکۆشــان، وڵاتە یەکگرتووەکانــی ئامریکاش بوو بە یەکێــک لەم وڵاتانەی کە ئەم پەیماننامەیەی واژۆ کرد.

کلارا بارتۆن بە پێی ئەو ئازموونە پزشــکی و ڕێکخســتنیانەی کە لە ماوەی شەڕەکانی ناوخۆیی ئامریکا هەیبوو، بە تایبەت لە بواری دەرمان کردنی نەخۆش و برینــدارەکان، زۆر بــە باشــی خەڵکانێکی لە دەوری خۆی کــۆ کردەوە تا لە پێناو دامەزراندنی ڕێکخراوی خاچی ســوور لە ئامریکا بە یەکەوە دەست بکەن بە تێکۆشــان. هەر بۆیەش دەستی کرد بە نووسین، قسە کردن، وەڕێ خستنی ڕێپێوان و قسە کردن لە گەڵ خەڵکی ئاسایی و بەرپرسانی دەوڵەتی ئامریکا لەو پێوەندیە دا. ئەم ژنە ئازایە، تەنانەت زۆر ژیرانە خۆی گەیاندە سیاسەتمەدارانی ئامریکایی و هەوڵی دا کە ئەوانیش بە واژۆ کردنی ئەم پەیماننامەیە رازی بکات و هانــی دەدان کە ئەم مــژارە بکەن بە ڕۆژەڤی خۆیان. بارتۆن هەروەها خۆی گەیاندە دەفتەری ناوەندی سەرۆک کۆماری ئامریکاش.

لە ساڵی ١٨٨١، کلارا بارتۆن و هاوڕێیانی توانیان ڕێکخراوی خاچی سووری ئامریکا دامەزرێنن. بارتۆن بوو بە سەرۆکی ئەم ڕێکخراوەیە. ساڵێک دوای ئەم ڕووداوە، دەولەتــی ئامریکا پەیماننامەی "جێنێڤا"ی واژۆ کرد. بارتۆن تا ســاڵی ١٩٠٤ واتا بە درێژایی پازدە ســاڵ، وەک ســەرۆکی ئەم ڕێکخراوەیە خەبات و

تێکۆشـانی بەردەوام کرد. لە ماوەی ئەم ساڵانە دا ڕێکخراوەکەی ئەو، لە پێناو یارمەتیدانی خەڵک لە بیسـت و یەک کارەسـاتی گەورە لە وێنەی "قات و قڕی و کـەم بوونی خۆراک، تۆفان و وێرانیماڵەکان، نەخۆشـی و ...هتد" دەورێکی بەرچاوی بینی.

سەرنجراکێشە کە بارتۆن هەرگیز ئامادە نەبوو کە هیچ یارمەتیەکی ماڵی لە دەوڵەت وەربگرێت و هەموو یارمەتیەکانی لە خەڵک وەردەگرت. دیارە هۆکاری ئـەم شـتە بە تـەواوی نازاندرێت بـەڵام مەزندە دەکرێت کەبـەم جۆرە هەوڵی پاراستنی سەربەخۆیی خۆی و ڕێکخراوەکەی داوە و هاوکاتیش هەوڵی ئەوەی داوە کە خۆی لە بوروکراسی ئیداری بپارێزێت.

خاچی سـووری ئامریکا، لە گەڵ ئەوەشدا کە ئیمکانات و دەرفەتی کەم بوو، بەڵام هەم بە یارمەتی پزشـکی و هەمیش بە یارمەتی خۆراکی و دابین کردنی خێوەت و کەرەستەکانی سەرەتایی تر بۆ لێقەوماوان، مۆری خۆی لە مێژووی چالاکیەکانـی مرۆڤ دۆسـتانە دا. ئـەم ڕێکخراوەیە جیا لـە خەڵکانی ئامریکا، یارمەتی خەڵکانی دەرەوەی ئامریکاشـی داوە و هەتا ئێسـتاش خاچی سووری ئامریکا بەردەوامە لە خزمەت کردن بە مرۆڤ و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی.



# پیٛرل باک

Pearl Buck

1892- 1973

# نووسەری کتێبی "خاکی چاک"

پێرل باک، هەشت ساڵ لە پاش بڵاو بوونەوەی ڕۆمانی "خاکی چاک"، خەڵاتی نۆبێلــی وەرگــرت. پێرل بــاک یەکەمین ژنی ئامریکایی بوو کــە خەڵاتی نۆبێلی وەرگرت.

دایک و باوکی پێرل، لە لایەن کلیساوە ئەرکی پڕۆپاگەندە کردن و ڕاگەیاندنی ئایینی مەســیحیەتیان لە وڵاتانی دیکە پێ سپێردرا بوو. هەر بۆیە پێرل، هەر لە تەمەنی منداڵییەوە لە گەڵ دایک و باوکی چوونە وڵاتی چین و سەردەمی منداڵی و نەونەمامــی تەمەنــی خۆی لــە وڵاتی چین تێپەڕاند. پێــرل دواتر گەڕاوەتەوە ئامریــکا و لە شــوێنی لەدایک بوونی واتا لە پارێــزگای ویرجینیا و لە کۆلێجی "ڕاندۆڵف ماسێن" درێژەی بە خوێندن دا. دوای کۆتایی هاتنی خوولی خوێندنی کۆلێــج، جارێکــی تر بۆ وڵاتی چین گــەڕاوە. پێرل باک لە وڵاتی چین دەســتی کردووە بە وانە گووتنەوە و ئەرکی مامۆستایەتی گرتووەتە ئەستۆ.

تا ســاڵی ١٩١٧ کە لە گەڵ پیاوێکی ئامریکایی بووەتە دۆســت و مێردی پێ کردووە، بەردەوام بووە لە پیشــەی مامۆستایەتی. دوابەدوای زەماوەند کردن،

هاوڕێ لە گەڵ مێردەکەی، شوێنی ژیانیان بۆ باکوری چین راگواستووە. لەوێ دا لە گەڵ جووتیارانی هەرێمەکە ژیانێکی نوێیان دەست پێ کردووە و ئەمەش بۆەتە هۆی ناسینی خەڵکی هەرێمەکە و بیروبۆچوونەکانیان. بەم شێوەیە گەلێک زانیاری نوێیان لە سەر خەڵکانی هەرێمی باکوری چین وەدەست هێنا کە ئەم زانیاری و ئازموونانە دواتر لە ناو نووسینەکان و ڕۆمانی "خاکی چاک"ی پێرل باک دا، بە تەواوی رەنگیان داوەتەوە.

پێرل باک، تاقە منداڵێکی بە دونیا هێناوە کە ئەویش منداڵێکی کەم ئەندامی هزری بووە. دواتر لە ماوەیەک دا کە دەستی کردووە بە خوێندن لە زانکۆی "نان کینگ"، منداڵێکی دیکەی بە منداڵی خۆی قەبوڵ کردووە.

لە ساڵی ١٩٢٢ دا بوو کە پێرل بۆ یەکەمین جار و لە کاتێکدا کە لە ماڵێ ئاگاداری لە دایکی نەخۆشی کردووە، دەستی کردووە بە نووسینی چیرۆک و ڕۆمان. یەکەمین چیرۆکی لە ساڵی ١٩٢٥، لە گۆڤاری "ئێژیا ماگازین" بڵاو کردووەتەوە. دواتر بۆ چارەسەری پزشکی منداڵە کەم ئەندامەکەی، گەڕاوەتەوە ئامریکا. هەر لەوێ لە زانکۆی "کورنێل" جارێکی تر دەستی کردووەتەوە بە خوێندن و تا ئەوپەڕی پلەی ماستەری خوێندووە. جارێکی تر گەڕاوەتەوە وڵاتی چین و لە دوو زانکۆی "چیانا" و "نان کینگ" وانەی گوتووەتەوە. تاساڵی ١٩٣١ کە هەستی دژایەتی کردنی بیانیەکان لە وڵاتی چین نەگەیشتبووە ئەوپەڕی خۆی، لەم زانکۆیانە دا درێژەی بە وانە گوتنەوە دا. بەڵام دواتر کە سەرهەڵدانێکی بەرفراوان و پڕ لە کین و تووڕەیی لە دژی بیانیەکان لە چین دەستی پێکرد، بە ناچار "پێرل باک" و بنەماڵەکەی، شوێنی ژیانی خۆیان بە جێ هێشت و لە ماڵی دۆستان و ناسیاوەکانی خۆیان دا، خۆیان شاردەوە. لە کاتی هەڵات هەڵات دابوون کە پێرل، یەکەمین رەشنووسەکانی ڕۆمانەکەی لێ ون بوو.



یەکەمین ڕۆمان کە پێرل بڵاوی کردەوە "بای ڕۆژهەڵات، بای ڕۆژاوا" بوو کە

له ساڵی ۱۹۳۰ بڵاو بوویەوە و ساڵێکیش دواتر ڕۆمانە شاکارەکەی واتا "خاکی چاک" بڵاو کراوە. ئەم کتێبە هەر لە سەرەتای بڵاوبوونیەوە سەرکەوتنێکی گەورەی وەدەست هێنا و خەڵاتی "پۆلیتزێر"ی وەدەست هێنا. دواتر ئەم ڕۆمانەی بە شێوەی شانۆنامە دەرهێندرا و هاوکاتیش فیلمی لێ ساز کرا. ئەم کتێبە هەر ئەو کات و بە خێرایی بە دوازدە زمان وەرگێڕدرا. بە میلیۆنان کۆپی لێ فرۆشرا و ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی کە نووسەر لە ناکاو یەکجار بەناوبانگ و دەوڵەمەند بوو.

بۆ ماوەی سێ ساڵ دواتر، پێرل باک دوو کتێبی دیکەی نووسی و هەر وا لە چین مایەوە. لە ساڵی ۱۹۳٤ بوو کە پێرل باک و میردەکەی، وڵاتی چینیان بە جێ هێشت. پێرل باک، لە ساڵی ۱۹۳٥ لە مێردەکەی جیا بۆوە و لە گەڵ بەرپرسیاری چاپ کردن و بڵاو کەرەوەی کتێبەکەی، زەماوەندی کرد. تەنیا لە ماوەی چوار ساڵ دوای ئەم زەماوەندە، بە لێشاو بابەت و کتێبی سەرسووڕهێنەری نووسین. هەر لە ساڵی ۱۹۳٥ دا کتێبێکی دیکەی نووسی و ساڵێک دواتریش دوو کتێبی دیکەی بڵاو کردنەوە.



لە ساڵی ۱۹۳۷ دوو کتێبی لە زمانی چینیەوە بۆ سەر زمانی ئینگلیسی وەرگێڕا. لە ساڵەکانی دواتریش دا، هەر ساڵە و حەوت کتێبی نووسیوە یانیش وەریگێراونەتەوە.

پێرل باک، بابەتگەلی جۆراوجۆری هەڵدەبژارد. لە نووسینی بابەت بۆ گۆڤارە ناسراوەکان را بگرە تا نووسینی کتێب بۆ منداڵان و شرۆڤە و لێکدانەوە و ڕاپۆرتەکانی پڕ خوێنەر لە بارەی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی دوور بە تایبەت چین.

لە سەردەمی دەسەڵاتی "مەک کارتی" بۆ ماوەیەک چەندین کتێبی لە سەر ناوی خوازراو بڵاو کردنەوە، بەڵام دواتر تێگەیشت کە وا باشترە جارێکی تر و هەر بە ناوی خۆی (وەک کەسایەتیەکی ئەدەبی ناسراو) بەرهەمەکانی بڵاو بکاتەوە.

رامانەکانی ئازاد و لیبەراڵی پێرل باک، هەر لە نووسراوەکانی دا رەنگیان

نەداوەتــەوە، بەڵکــوو لە ســاڵی ١٩٤١، بە ســاز کــردن و دامەزراندنی "کۆڕی ڕۆژهــەڵات و ڕۆژاوا" هەوڵــی لــە یــەک نزیــک کردنــەوەی شارســتانیەت و کولتورەکانی ڕۆژوایی و ڕۆژهەڵاتی دا.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٠وە تا سەرەتای ١٩٦٠، واتا بۆ ماوەی نزیکەی دە ساڵ، لە ســەر نێوی بەرپرســیاری کۆڕی نووسەران، لە ڕێکخراوەیەک دا کە تایبەت بوو بە هەوڵدان لە پێناو مافی ئازادی رادەبڕین، کار و تێکۆشانی کرد.

یەکێکی تر لە کارە باشەکانی دیکەی پێرل باک، دامەزراندنی ڕێکخراوێک بوو لە پێناو پاراستن و ئاگاداری کردن لە منداڵانی بێ سەرپەنا و بێ کەس کە زۆربەیان دایکیان خەڵکی ئاسیا و باوکیان ئامریکایی بوو. پێرل باک لەمەش زیادتر هەنگاوی هەڵێنا و دوازدە منداڵــی دوو ڕەگەی بە منداڵــی خۆی قەبوڵ کــردن و هەموویانــی وەکــوو منداڵی خۆی گەورە کردن و پێی گەیاندن.



پێــرل باک، ئەرکی پاراســتن و پشــتیوانی کــردن لــە منداڵانــی کــەم ئەندامیشــی گرتە ئەســتۆ. هەر لەو پێوەندیــە دا، یارمەتی زۆر یەک لە منداڵانی کەم ئەندام و بنەماڵەکانیانی دا.

بە گشتی پێرل باک، هەم لە ژیانی ئەدەبی خۆی دا کەسایەتیەکی سەرکەوتوو بوو، هەمیش لە ژیانی تاکەکەسی خۆی دا کە خزمەتێکی زۆری بە خەڵک و بە تایبەتیش منداڵان کرد. بەم جۆرە ئەمەی سەلماند کە یەکێکە لە ژنانی نموونەی ئامریکا و جیهان.

بەشێک لە بەرهەم و خەڵاتەکانی پێرل باک بریتین لەمانە:

بیۆگرافی:

My Several Worlds (1954)
A Bridge For Passing (1962)
The Exile (1936)
Fighting Angel (1936)

چیرۆک و ڕۆمانەکان:


See also: List of bestselling novels in the United States in the 1930s
East Wind:West Wind (1930)
The House of Earth (1935)
The Good Earth (1931)
Sons (1933)
A House Divided (1935)
The Mother (1933)
This Proud Heart (1938)
The Patriot (1939)
Other Gods (1940)
China Sky (1941)
Dragon Seed (1942)
The Promise (1943)
China Flight (1943)
The Townsman (1945) – as John Sedges
Portrait of a Marriage (1945)
Pavilion of Women (1946)
The Angry Wife (1947) – as John Sedges
Peony (1948)
The Big Wave (1948)
A Long Love (1949) – as John Sedges
The Bondmaid (1949) First Published in Great Britain
Kinfolk (1950)
God's Men (1951)
The Hidden Flower (1952)
Come, My Beloved (1953)
Voices in the House (1953) – as John Sedges
Imperial Woman (1956)
Letter from Peking (1957)
Command the Morning (1959)
Satan Never Sleeps (1962; see 1962 film Satan Never Sleeps)
The Living Reed (1963)

Death in the Castle (1965)
The Time Is Noon (1966)
Matthew, Mark, Luke and John (1967)
The New Year (1968)
The Three Daughters of Madame Liang (1969)
Mandala (1970)
The Goddess Abides (1972)
All Under Heaven (1973)
The Rainbow (1974)
[edit]Non-fiction
Of Men and Women (1941)
Talk about Russia (with Masha Scott) (1945)
How It Happens: Talk about the German People, 1914–1933, with Erna von Pustau (1947)
The Child Who Never Grew (1950)
The Man Who Changed China: The Story of Sun Yat-sen (1953) for young readers
My Several Worlds (1954)
For Spacious Skies (1966)
The People of Japan (1966)
The Kennedy Women (1970)
China as I See It (1970)
The Story Bible (1971)
Pearl S. Buck's Oriental Cookbook (1972)
[edit]Long and Short Stories
The First Wife and Other Stories (1933)
Today and Forever: Stories of China (1941)
Twenty-Seven Stories (1943)
Far and Near: Stories of Japan, China, and America (1949)
Fourteen Stories (1961)
Hearts Come Home and Other Stories (1962)
Stories of China (1964)

Escape at Midnight and Other Stories (1964)
The Good Deed and Other Stories of Asia, Past and Present (1969)
Once Upon a Christmas (1972)
East and West Stories (1975)
Secrets of the Heart: Stories (1976)
The Lovers and Other Stories (1977)
Mrs. Stoner and the Sea and Other Stories (1978)
The Woman Who Was Changed and Other Stories (1979)
The Good Deed (1969)
”Christmas Day in the Morning”
”The Refugee”
”The Chinese Children Next Door” (for children)
″The Enemy”
”The Frill”
”The Golden Flower”

خەڵاتەکانی کە پێرل باک وەریگرتوون:

Pulitzer Prize for the Novel: The Good Earth (1932)
William Dean Howells Medal (1935)
Nobel Prize in Literature (1938)



سیریماوو
باندرانایکێ

Sirimavo
Bandaranaike
1916- 2000

# یەکەمین سەرۆک وەزیری ژن لە جیهان دا

سیریماوو باندرانایکێ یەکەمین ژن بوو کە لە جیهان دا و لە وڵاتی سەیلۆن، بوو بە سەرۆک وەزیران. ئەم ژنە، لە گەڵ ئەوەش دا کە ژیانێکی سادە و ساکاری هەبوو، هاوکات کەسایەتیەکی زۆر زیرەک و بوێری هەبوو. لە لایەکەوە ئاستی وشـیاری و وریا بوونی ئـەو، لە مەیدانی سیاسـەت دا ناوبانگی دەرکرد بوو، لە لایەکی دیکەش ئەگەر لە سـەر شـەقام تووشـی هاتبای، هەرگیز بیرت لەوە نەدەکردەوە کە ئەمە ژنێکی سیاسەتمەدار و بەرپرسیاری وڵاتەکەیەتی و رەنگە وا تێگەیشتبای کە یەکێکە لەو ژنانەی کە بۆ کڕینی کەرەستە و پێداویستیەکانی ماڵێ، چووەتە ناو بازار!

ژنێکـی بـە هەیکەل و قەڵەو، بە بێ ئەوەی خۆی جوان بکات و زۆر بە خۆی رابگات، هاوکاتیش تا رادەیەک تووڕە و تەوسن بوو.

سـیریماوو باندرانایکێ، خوێندکارێکی بوودایی بوو کە لە کۆلێجی کاتۆلیکی "سانتا بریجیدا" خوێندوویەتی. هەموو کاتێک لە سەر کلاس بە تەنیایی و بە بێ دەنگی دادەنیشـت و گوێی لە مامۆسـتا دەگرت. واتا کەمترین پێوەندی لە گەڵ

هاوپۆلەکانی خۆی هەبوو. لە تەمەنی بیست و چوار ساڵەیی و بە بێ ئەوەی ئەویندار بوو بێت، بە هەڵبژاردن و خواستی بنەماڵەکەی، لە گەڵ پیاوێکی تەمەن چل و چوار ساڵە بە ناوی "سولەیمان باندرانایکێ" زەماوەندی کرد و بەم جۆرە بە فەرمان و بە بێ داخوازی خۆی بە مێرد درا. بەڵام سەرەڕای ئەمانە هاوسەرەکەی کەسایەتیەکی خوێندەوار و تێگەیشتوو بوو کە پێشتر لە زانکۆی ئاکسفۆرد دەرسی خوێند بوو. پیاوێکی سەرنجراکێش کە هەرگیز بە درێژایی تەمەنی وەدوای ئەوینداری کردن لە گەڵ ژنان نەکەوت. ئەوینی راستەقینەی ئەم پیاوە، سیاسەت بوو. هەر دووکیان واتا هەم سلێمان و هەمیش سیریماوو باندرانایکێ، سێ منداڵیان بوو: سونترا، چاندریکا و ئانۆرا. دوو کەسەکەی یەکەم کچ و ئەمەی دواییشیان کوڕە.

سلێمان هەموو کاتێک بیری لە دۆزینەوەی ڕێبازێکی سێیەمی ئیدیۆلۆژیک دەکردەوە کە هەم لە بەرامبەر مارکسیسم و هەمیش لە بەرامبەر لیبەرالیسم، واتا هەم لە بەرامبەر رامانەکانی چەپی و هەمیش لە بەرامبەر رامانەکانی راستگەرایی لە باڵیان بە سەر جیهان دا کێشابوو، بەرەنگاری بکات. بەم جۆرە بوو کە پارتیەکی لە سەر ناوی پارتی "لانگا" دامەزراند. سیریماوو باندرانایکێ، هەموو کاتێک لە گەڵ رامانەکانی هاوسەرەکەی هاودەنگ بووە و لە تەواوی میتینگ و ڕێپێوانەکان دا، پاڵپشتی و هاوڕێیەتی کردووە. تەنانەت وەکوو لە وڵاتی سەیلۆن بانگەشە دەکرێت، تەنانەت کاری دەفتەرداری بۆ کردووە. بەڵام ژیانی سەرکەوتووانەی ئەم ژن و مێردە زۆری نەخایاند....

سلێمان باندرانایکێ لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٥٦ لە بەرامبەر ئەو کەسانەی کە کیبەرکێیان لە گەڵ دەکرد سەرکەوتنی وەدەست هێنا و پلەی سەرۆک وەزیرانی وڵاتەکەی وەدەست هێنا. بەڵام دوای ئەم سەرکەوتنە، بە بێ ئەوەی هۆکارەکەی دیار بێت و دەستی شاراوەی ئەم جەنایەتە بناسرێت، سلێمان بە دەستی رەبەنێکی بودایی کوژرا. ئەم رەبەنە بوداییە دواتر قۆڵبەست کرا و لە لایەن دادگاوە سزا درا، بەلام هەرگیز دانی بەوە دانەنا کە بە هۆکارێک یان بە فەرمانی کێ ئەم کارەی کردووە.

دوابەدوای نزیک بوونەوەی خوولی دواتری هەڵبژاردنەکان، بە هۆی ئەوەی کە هیچ کەسایەتیەکی بەرچاوی تر لە دوای سلێمان لە ناو پارتەکە دا نەبوو، ئەندامان و بەڕێوەبەرانی پارتی داوایان لە سیریماوو باندرانایکێ کرد کە ئەرکی بەرپرسیارەتی پارتەکەیان بگرێتە ئەستۆ و جێگای بەتاڵی هاوسەرەکەی

پڕ بکاتەوە. لە گەڵ ئەوەشدا کە سیریماوو باندرانایکێ سەرەتا بەم کارە رازی نەبوو، بەڵام دواتر پەسەندی کرد و بە قایمی و بە شێوازێکی بەربڵاو، دەستی کرد بە هەڵمەتی پڕۆپاگەندە. ئەم ژنە بوێر و ئازایە، بە بێ ئەوەی هەستەکانی خۆی بشارێتەوە، جلوبەرگی سپی لە بەر کرد و لە میتینگەکان دا بە گریان و فرمێسک هەڵڕشتن خوازیاری گۆڕانکاری و پێشکەوتنی کۆمەڵگاکەی بوو. بەم جۆرە بوو کە خەڵکانێکی زۆر بەرەو پارتەکەیان راکێشران و رۆژ بە رۆژ ژمارەی لایەنگرانی سیریماوو باندرانایکێ کە وەک سیمایەکی دڵسۆز و سادە و هاوکاتیش زیرەک و سیاسی ناوبانگی دەرکردبوو، پەرەیان گرت. ئەوسا پارتەکەی لە هەڵبژاردنەکان دا دەنگی یەکەمی هێناوە و دەسەڵاتی وڵاتی سەیلۆنی گرتە دەست.



سیریماوو باندرانایکێ کە پێشتر ژنێکی بێدەنگ و گۆشەگیر بوو، ئەمجارەیان بوو بە ژنێک کە وتاری بۆ خەڵک و نەتەوەکەی خۆی پێشکەش دەکرد و لە بەڕێوە بردنی بنەماڵەیەکی بچووکی خۆیەوە، ئەمجارەیان خۆی وەکوو دایکێک دەدیت بۆ کۆمەڵگایەک کە وەک بنەماڵەیەکی گەورەتری دەهاتە بەرچاو. بنەماڵەیەکی چەند میلیۆن کەسی کە پێویستە بە باشی بەڕێوە ببردرێت. ئەمەش ئەرکێکی سادە و ئاسان نەبوو.

سیریماوو باندرانایکێ، یەکەمین ژن بوو کە لە ئاستی هەموو جیهان دا گەیشتبووە پلەی سەرۆک وەزیران. لە دوای ئەو ژنانێکی دیکەش لە وێنەی "گۆڵدا مایەر" و "ئێندیرا گاندی"ش ئەم پلەیان وەدەست هێنا، بەڵام ئەو یەکەمینیان بوو.

سیریماوو باندرانایکێ، زۆری هەوڵ دا کە نەوتی وڵاتەکەی بکاتە نەتەوەیی و هاوکاتیش هەوڵی دا کە نیشتیمانەکەی بکاتە وڵاتێکی پیشەسازی، بەڵام مەخابن کێشە و گرفتەکان بە رادەیەک قوورس و گران بوون و ئازموونەکان

بــە رادەیــەک کەم، کە لە ئەنجــام دا نەیتوانی ئەم ئەرکانــە بەڕێوە ببات. بەڵام ئەگەر لەم کارانە دا سەرنەکەوت، لانی کەم لە بواری سیاسەت و دیپلۆماسیەتی دەرەکی دا سەرکەوتنی وەدەست هێنا.

ســیریماوو باندرانایکێ هەوڵــی دەدا کە وەک چۆن مێردەکــەی بیری لە بێ لایەنی سیاســی دەکردەوە، ئەویش نە لایەنی بەرەی چەپ و نە لایەنی بەرەی راست بگرێت کە لە سەردەمی ئەو دا بە سەر دوو لایەنی جیهان دا زاڵ بوون و لــە لایەک ســۆڤیەت و لە لایەکی دیکەش ئامریــکا، جیهانیان لە ناو خۆیان دا دابــەش کردبوو. هەر بۆیە ئەو هەوڵی ئــەوەی دەدا کە لەم نێوە دا دیپلۆماتیک بجووڵێتــەوە و لــە گــەڵ هەر دوو لایەن دا نێوانی خــۆی خۆش بکات. وەک بە خۆی گوتویەتی: "تەنیا لە یەک دوکان شت مەکڕە. یان لە هیچ دووکانێک مەکڕە یــان ســەر لە هەموو دوکانــەکان بنێ و جارێک لــەم و جارێکیش لەمەی دیکە بکڕە."

بــەم جــۆرە بوو کــە جارێک دەچــووە مۆســکۆ و لە گەڵ "خرۆشــچۆف"ی مارکسیســت لێنینیســت دادەنیشت و جاریکیش دەچووە چین و لە گەڵ "چۆئێن لای" مائۆئیست دیدار و چاوپێکەوتنی پێک دەهێنا. هاوکاتیش کیفێکی بچکۆڵەی بە دەست وەک بڵێی لە هەموو شوێنێک بڵێت ئەوە من وەک ژنێک و وەکوو دایکێک هاتوومە لاتان، دەچووە وڵاتانێکی وەک چێکۆســلۆڤاکی، پۆلەند و یۆگوسلاوی. لــە هەمــان کات دا نێوانی لــە گەڵ وڵاتانی بەرەی راســت و ســەرمایەداریش لــە وێنــەی ئامریکا گەلیک خۆش بوو. بەم شــێوەیە کارێکی کــرد کە دەوڵەتی کانادا، ئەرکی چاک کردنەوەی فڕۆکەخانەی "کۆلۆمبۆ" بگرێتە ئەســتۆ، ئامریکا ئەرکی بەربەرەکانی لە گەڵ نەخۆشی مالاریا لە وڵاتەکەی ئەو بگرێتە ئەستۆ و ئینگلیسیش هێندێک کەرەستەی سەرەتایی پێ ببەخشێت. ئێستا ئیتر سیریماوو باندرانایکێ، وەکوو پلینگێکی مێ، بۆ چاکســازی و وەدەســت هێنانی دەرفەتی زۆرتــر بۆ نیشــتیمانەکەی، دەســتی بە تێکۆشــان و خەبات کردبــوو. لە گەڵ ئەوەشدا کە هەرگیز خۆی بە مارکسیست نەدەزانی و لە گەڵ ئەوەشدا کە خۆی لــە بنەماڵەیەکی دەرەبەگ بوو کە زەوی و زارێکی زۆریان هەبوو، بەڵام دواتر لە میتینگەکانی دا هاواری دەکرد کە پێویســتە ڕێگایەک بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی کــە مەودای نێوان چینی هەژار و چینی دەوڵەمەند لە کۆمەڵگا دا کەم بکرێتەوە و دەرفەتــی هاوبــەش و ژیانی باش، بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا برەخســێت. هاوکات بەڵێنی ئەوەی دەدا کە بانکەکان بکاتە نەتەوەیی و جارێکی تر لە ساڵی

١٩٦٠ لە هەڵبژاردنەکان دا سەرکەوتنی وەدەست هێنا. بەڵام ساڵێک دواتر، واتا لە ساڵی ١٩٦١، سەرهەڵدانێکی نارەزایەتی بە سەری دا تەقیەوە. ژمارەیەک لە لاوان و خویندکارانی زانکۆ، لە دژی دەسەڵاتی ئەو و دەوڵەتەکەی دەستیان بە ڕێپێوان کرد. کاتێک کە هەواڵی ئەم سەرهەڵدانەی بە گوێ گەیشت، دڵی لە خۆ بۆوە و لە سەر موبلێک کەوت. بەڵام لە کاتێک دا کە ژمارەیەکی زۆر لە وەزیرەکان و کاربەدەستانی دیکەی وڵاتەکە، خەریک بوون خۆیان کۆ دەکردەوە یان هەڵدەهاتن، ئەو تەنیا کەسێک بوو کە هەڵنەهات و لە بەرامبەر ئەم ڕووداوە دا دژ کردەوەی نیشان دا. بە تەنیایی لە کۆشکی سەرۆکایەتی دا راوەستا و لە بەرامبەر سەرهەڵداوان، ڕێبازی خۆراگری گرتە پێش. لەم نێوەدا



مەترسی ئەوە بوو کە ئیتر بە هۆی سیاسەتەکانی سیریماوو باندرانایکێ، ئەرتەشی وڵاتەکەی دەورێکی زۆری نەبوو لە دەسەڵات دا، هاوکات ئەویش نەیدەویست پشتی بە ئەرتەش ببەستێ یان وڵاتیکی میلیتاریستی ساز بکات، سەرەڕای ئەمانەش لە ناو کۆشکەکەی مایەوە و بە بێ ئەوەی خۆی بە دەستەوە بدات، چاوەڕێی ڕووداوەکانی دوایی بوو.

بەڵام سەرهەڵدانەکە گەورەتر لەوە بوو کە بیری لێ دەکردەوە. هەر بۆیە بە ناچار پەیامی داخوازی یارمەتی لە وڵاتانی جیران کرد. هیندوستان، پاکستان و چین گەلێک هێزی سەربازیان بۆ نارد و بەم جۆرە یارمەتیان دا. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە سیریماوو باندرانایکێ، هەستی بەوە دەکرد کە دەستی شاراوەی خودی یەکێک لەم دەوڵەتە زلهێزانەی جیهان، لە پشت پەردەی ئەم سەرهەڵدانە دا هەبووە. لەم نێوەدا بە تایبەتی گومانی لە دەستی شاراوەی سیاسەتمەدارانی کۆریای باکور بوو. دەستێکی شاراوە کە تەنانەت شێوازەکانی چەکداری لە وێنەی نانەوەی بۆمبی بە سەرهەڵداوان فێر کردبوو. بەڵام بە گشتی خۆراگری ئەم ژنە، بوو بە مایەی بەهێزتر بوونی پێگەی کەسایەتی لە ناو خەڵکانی وڵاتی سەیلۆن.

دوابەدوای کۆتایی هاتنی ئەم سەرهەڵدانە، سیریماوو باندرانایکێ

باڵوێزخانــەی کۆریــای باکوری لە وڵاتەکەی بەســت و هەمــوو کارمەندەکانی دەرکردن. سیریماوو باندرانایکێ، لەم پێوەندیە دا، تەنانەت گومانێکی زۆری لە یەکیەتی سۆڤیەت هەبوو. بە تایبەت کە دەیزانی یەکیەتی سۆڤیەت بە بەردەوامی پشــتیوانی لە کۆریای باکور دەکات و بگرە پارەی کرێی باڵوێزخانەی کۆریای باکور لە شاری کۆلۆمبۆ لە لایەن سۆڤیەتەوە دابین دەکرا.

ســیریماوو باندرانایکێ لە زیندان ســەردانی ئەو کەسانەی کرد کە قۆڵبەست کرابــوون و لــە گەڵیــان دا دیــدار و چاوپێکەوتنی ســاز کرد. لــە وتووێژەکان دا تێگەیشــت کــە زۆربەی ئــەم لاوانە، خوازیــاری ئەوە بوون کە ســیریماوو باندرانایکێ بکوژرێت و دەسەڵاتەکەی بڕووخێنن، بەلام ئەوان دیاریان نەکردبوو کە چ جۆرە سیستەمێک لە شوێنی دەسەڵاتی ئەو دادەنێن. سیریماوو لە وڵامی ئــەوان دا باســی لەوە کردبــوو کە ئەویش بڕوای بە سۆســیالیزمە، بەلام نەک بە شــێوازی مارکسیست لێنینیستی، چوونکە ئەو بڕوای بەوە نییە کە بە خوێن ڕشــتن و کوشتار و سەرهەڵدانی لە شێوازی ئەوان کێشەکان چارەسەر دەبن. هەروەها گوتبووی کە ڕێبازی دێمۆکراتیک و شــێوازی ئاشتیخوازانە باشترین شــیواز و ڕێبازە و ئەگەر کەســێکی وەکوو لێنین لە وڵاتەکەی خۆی دەســتی کــردووە بە تێکۆشــانێکی توندرەوانــە، هۆکارەکەی ئەوە بــووە کە دوژمنێکی نادێمۆکراتی هەبووە و لە ســەردەمی ئەو دا لە ڕووســیە، دەرفەتی تێکۆشــانی مەدەنی و دێمۆکراتیک نەبووە. بەڵام لە وڵاتەکەی ئەو سەیلۆن، خەڵک دەتوانن پارتی خۆیان دامەزرێنن و دەنگ وەدەســت بێنن و ئەگەریش پلان و پڕۆژەی ئابووریان هەیە، دوای وەدەست هێنانی دەسەڵات پیادەی بکەن.

سیریماوو باندرانایکێ، سەرەڕای خۆڕاگریەکانی دانی بەوە داناوە کە لە کاتی ســەرهەڵدانەکە دا زۆر ترساوە و تەنانەت گریاوە. ئەو گوتوویەتی: "هەرگیز لە خۆڕڕا نەگریاوم. تەنانەت پیاوانی سیاسیش ئەگەر پێیان شەرم نەبا و زانیبایان کە چۆن بگرین، سیاســەت و شێوازی دەســەڵاتداریان زۆرتر مرۆڤ دۆستانە دەبوو. هەر لەم ڕۆژەوە کە ئەرکی جێگرتنەوەی شوێنی مێردەکەم قەبوڵ کرد، چاوەڕوێی ئەوەشم دەکرد کە ڕۆژێک درەنگ یان زوو وەکوو ئەو بکوژرێم. لە راستی دا من لە مردنی خۆم ناترسێم، ئەوەی کە دەمترسێنێ ئەوەیە کە لاوانی وڵاتەکەم ببنە کەرەســتەی دەســتی وڵاتانی بێگانە و بە پێی داخواز و ویست و بەرژەوەنــدی ئەوان کار بکەن. کاتێک ســەرهەڵدان ڕووی دا و ناچار بووم کە فەرمانی سەرکەوت کردنی ئەم سەرهەڵدانە بدەم، لە ناخی دڵەوە بۆ خۆم بەداخ

بووم. بەڵام هیچ چارەیەکم نەمابوو. من بە درێژایی تەمەنم لە دژی دەسەڵاتی چەکداری و میلیتاریزم بووم. ڕەقم لە شـــەڕ و کوشـــتار و تفەنگ و کەرەستەی جەنگـی بووەتەوە، بەڵام مەخابن ئێســتا ناچارم ئەرتەشــی وڵاتەکەم بەهێزتر بکەم. هەمیشە لە سەر ئەو باوەڕە بووم کە بە ڕێگای تفەنگ و بە زمانی چەک، ناکرێ دیمۆکراســی سەقامگیر بکرێت، یان بەرگری لە مافەکانی کۆمەڵایەتی و دادوەری بکەین. سەرەڕای ئەمانە دەستی دەرەکی ناچارمان دەکات کە ئێمەش خۆمان بپارێزین و بەرەنگاری ئەو دەســتە دەرەکیانە ببینەوە کە هەوڵ دەدەن لاوانی ئێمە بە قازانجی خۆیان بخەڵەتێنن و شەڕی ناوخۆیی ساز بکەن. گەلێک هێــزی راســت و چەپ لــە جیهان دا چاویان لە ســەیلۆن بڕیــوە و دەیانهەوێ دەستی تێوەردەن. بەڵام ئێمە نامانهەوێ ببین بە ویەتنامێکی تر. ئێمە نامانهەوێ ببین بە بەشێک لە بەرەی سۆڤیەت یان سەرمایەداری جیهانی. ئەگەر ئەم کارە بکەین، دەبینە هۆی تووڕەیی یەکێک لەم لایەنانە لە دژی خۆمان و ئەمەش واتا ساز کردنی دوژمن بۆ خۆمان."

بەم جۆرە ســیریماوو باندرانایکێ، وەک ژنە سیاســەتمەدارێکی ژیر کە زۆر بە باشی لە ڕەوشی هەستیاری سیاسی سەردەمی خۆی تێگەیشت بوو، هەوڵی ئــەوەی دەدا کە ســەربەخۆیی وڵاتەکەی بپارێزێ و نەبێتە ئامرازی دەســت و سیاســەتی هیچکام لەم بەرەو و لایەنانەی کە لە ســەردەمی ئەو دا جیهانیان لە ناو خۆیان دا دابەش کردبوو.



# گرۆ هارلێم
# برونت لاند

# Gro Harlem Brundtland

1939- 2003

# ژنێک لە وڵاتی وایکینگەکانەوە کە نەک بە شمشێر بەڵکوو بە رامانی خەباتی کرد

گرۆ هارلێم برونت لاند بە دەیان ساڵ یەکێک بووە لە سیما ناسراوەکانی مەیدانی سیاسەت لە وڵاتی نۆروێژ. ژنێکی خۆشەویست و دڵخوازی خەڵک کە تەنانەت لە بەر نزیکایەتی و سادە بوونی خۆی، هەموو خەڵک، نەک بە پاشناو بەڵکوو بە ناوی خۆی، واتا بە "گرۆ" ناویان هێناوە و بانگیان کردووە ! گرۆ، ژنێکی تێکۆشەر و بە هێز کە کاریگەریەکی زۆری هەم لە باری کەسایەتیەوە لە سەر خەڵکانی نۆرویژ و وڵاتانی سکاندیناویا دانا و هەمیش لە ئاستی جیهانی دا، دەورێکی بەرچاوی هەبوو لە خەبات کردن بۆ مافی ژنان، مافەکانی مرۆڤ بە گشتی، خەبات کردن لە دژی هەژاری و یارمەتیدانی خەڵکانی هەژار لە گۆشە و کەنارەکانی جیهان و تێکۆشان لە پێناو پاراستنی ژینگە.

بنەماکانی رامانی گرۆ زۆرتر لە سەر سۆسیالیزم، فێمینیسم بە شێوازی سکاندیناویا و دێمۆکراسی پێک هاتبوو. ئەم ژنە بوێرە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٨٠، دەستی بە کار و خەباتی سیاسی کرد. پارتی کارگەرانی نۆروێژ کە لەو سەردەمە دا بە تەواوی لاواز ببوو، پێویستی بە کەسایەتیەکی تایبەت هەبوو

کــە ببێتــە کاریزمایەک و ئەم پارتیە جارێکی تــر بژێنێتەوە. لەو کاتە دا بوو کە ژنێکــی لاوی سیاســەتمەدار، کەوتە ناو مەیدانی ئــەم بەربەرەکانیە و بە هۆی کارزانی و تواناکانی، پێگەی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی سیاسی لە نیشتیمانەکەی دا وەدەست هێنا. گرۆ پێشتریش وەکوو وەزیری ژینگەتوانی بووی کە هێندێک یاسا لە وڵاتەکەی دا جیگیر بکات و دەنگی ئەرێنی بۆ ئەم یاسایانە لە پارلەمان وەربگرێت کە بۆ باشتر کردنی ژینگە پێشنیاری کردبوون.

کەسایەتی تایبەتی گرۆ هارلێم برونت لاند، سەرنجی هەموو سیاسەتمەداران و تــەواوی خەڵکــی نۆروێــژی بۆ لای خــۆی راکێشــابوو. بەم جۆرە بوو کــە لە تەمەنی چل و دوو ســاڵەیی دا وەک ســەرۆک وەزیرانی وڵاتەکەی هەڵبژێردرا. ئەمــەش یەکەمیــن ســەرۆک وەزیری لاوی نۆروێژ بوو کە لە دوای ســاڵی ١٩٠٥، واتا لە پاش ســەربەخۆبوونی وڵاتەکەیــان، ئەم پۆستەی پێ دەبەخشترا.



گرۆ هارلێم برونت لاند، هەر لــە تەمەنی منداڵیــەوە حەزی لە بــاس و دانوســتاندنی سیاســی بــووە و لە ناو ماڵەوە و لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی بنەماڵەیی دا، ســەری لەو بابەتانــە خووراوە و خــۆی لە باســەکان وەرداوە. باوکی پزشــک و لایەنگــری پارتی کارگەرانــی نۆروێژ بوو، دایکیشــی یەکێک لــەو ژنانــە بووە کە بە تەواوی لایەنگری لە یەکســانی مافەکانی ژنان و پیاوان کردووە و هەموو ئەمانەش کاریگەریەکی زۆریان لە سەر کەسایەتی و پێگەی گرۆ دانابوو. گرۆش وەکوو باوکی دەیهەویست ببێتە پزیشک و هەر بۆیەش لە زانکۆ دەستی کرد بە خوێندن لەم بوارەوە، بەڵام هاوکات دەیهەویست تواناکانی خۆی لە مەیدانی سیاســەت و بە تایبەتیش تێکۆشــانی ئازادی و مافخوازانەی

فێمێنیستی تاقی بکاتەوە و دواتریش لە گەڵ شاری ئۆسلۆی پایەتەختی نۆرویژ، لــە گەڵ پیاوێکی میانەڕەو بە ناوی "ئاون ئۆلۆف برۆنت لاند" زەماوەندی کرد. گرۆ خوێندنی پزشــکی لــە زانکۆی "هاروارد" ســەرکەوتووانە کۆتایی پێ هێنا. هاوکات لە گەڵ ئەوەی کە ســێ منداڵی گــەورە دەکرد، لە چوارچێوەی ڕوانگە چەپەکانیشی دا تێکۆشانی بەردەوام دەکرد.

لە ڕاســتی دا ئەوەی کە بوو بە مایەی ســەرکەوتنی گرۆ هارلێم برونت لاند لــە مەیدانی سیاســەت دا، قاییم بوونی بیروباوەڕەکانی بوو. ئەو دەیهەویســت بە شــێوەی بنیادین لە زۆر بواران دا گۆڕانکاری لە وڵاتەکەی ســاز بکات و بە کــردەوە و زانیاریش، پلانی تایبەتــی هەبوو. بە جۆرێک کە ئەندامانی پارلەمان لە ئاســتی ژیری و وردبینی ئەو ســەریان سووڕ مابوو. هەر بۆیەش دەرفەتی بــۆ ڕەخســێندرا و ئەویش لــەم نێوە دا وەکوو ســەرۆک وەزیرانێک کە چل لە سەتی کابینەکەی لە ژنانی چالاک و تێکۆشەری نۆرویژی پێک دەهاتن، لیاقەت و شایان بوونی خۆی بە هەموو کەسێک سەلماند.

یەکێک لە کەسایەتیەکانی ژن لە مەیدانی سیاسەت دا کە گرۆ سەرنجی ئەوی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتەی وڵاتی ئینگلیس "مارگارێت تاچێر" بوو. تاچێر ســەردانی وڵاتی نۆرویژی کرد و بۆ دیتنی گرۆ چوو. بەڵام گــرۆ کەســێک نەبوو کە بە خاتــری میوانداری، لە بیــر و بۆچوونەکانی خۆی شــتێک بگۆڕێت. بەم شــێوەیە کاتێک تاچێر میوانی بوو، گرۆ پێی ڕاگەیاند کە ئەو لە دژی سیاسەتەکانی وڵاتی ئینگلیسە کە خاکی ئافریقای باشووری داگیر کــردووە و ئــەم کردەوەیە بــە داگیرکەری و کۆلۆنیالیــزم دەزانێت. جیا لەمانە گرۆ هارلێم برونت لاند، وەکوو کەســێک کە بــە وردی لە بواری ژینگەپارێزی لێکۆڵینــەوەی کردبوو، لە ســەر ئەو بڕوایە بوو کە کــۆرەی زەوی کەوتووەتە نــاو مەترســیەکی گــەورەوە و ئەگەر ڕەوتــی دژایەتی ژینگە لــە لایەن مرۆڤ بــەم شــێوەیە بەردەوام بێت، ئەوا هەموو شــتێک بەرەو لــە ناوچوون دەچێت. هــەر بۆیەش گرۆ ســەرەتا لە وڵاتەکەی خۆیەوە دەســتی پێکــرد و خوازیاری سیاسەت و یاساگەلێک بوو کە بە گوێرەی ئەوان ئەم کارخانە و کارگانەی کە گازی گوڵخانەیی ســاز دەکەن و زیان بە ژینگە دەگەیەنن ڕابگیرێن و کارخانە و کارگەکانــی دیکــەش دەبێ بە جۆرێک کار بکەن کە هیــچ زیانێک بە ژینگەی وڵاتی نۆرویژ و وڵاتانی دیکەی جیهان نەگەیەنن. هاوکات هەمان پێشنیاری بۆ کۆمەڵــگای جیهانــی و بە تایبەت ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەبوو تا لە

ئاستی جیهانیش دا هەڵمەتێکی بەربڵاو دەست پێ بکرێت، چونکە جیهانماڵی هەموو مرۆڤەکانە و ناسەنگی ژینگەیی لە هەر شوێنێکی جیهان، کاریگەری لە سەر لایەکانی دیکەش دادەنێت و مەترسیەکی گەورەیە لە سەر داهاتووی ژینی مرۆڤ و هەموو گیاندارەکانی تر لە سەر گۆی زەوی.

گرۆ هارلێم برونت لاند، داوای لە مارگرێت تاچیریش کرد کە پێش بە کارخانەکانی لەم جۆرەی ئینگلیس بگرێت، چوونکە ئەم کارخانە و کارگانە گازی ژەهراوی سازدەکەن و لە هەمان کات دا زیانیان بۆ خەڵکی نۆروێژیش هەیە کە لە گەڵ ئینگلیس جیرانن. لە ئاکام دا ژنە تێکۆشەری نۆروێژی توانی بە سەر ژنە سەرۆک وەزیری ئینگلیسی دا سەرکەوێت و مارگرێت تاچێر بە دانی هێندێک بەڵێنی لەم پێوەندیە دا، گەڕایەوە شاری لەندەن.



سیاسەتی مرۆڤ دۆستانەی گرۆ لە لایەک و هاوکاتیش هەنگاوەکانی بەر بڵاوی لە پێناو پاراستنی ژینگە لە لایەکی تر، بوو بە هۆی ئەوەی کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سالی ١٩٨١ داوای لێبکات کە راپۆرتێکی لێکۆڵینەوەیی و زانستی لە سەر رەوشی ژینگە لە ئاستی جیهانی دا ئامادە بکات. گرۆ هارلێم برونت لاند، هاوڕێ لە گەڵ شاندیکی بیست و دوو کەسی دەستی بە کار کرد و لە ئەنجام دا راپۆرتە کتێبێکیان ئامادە کرد کە تا ئێستاش وەکوو یەکێک لە بەڵگەکان و سەرچاوەکانی سەرەکی لە بواری ژینگەپارێزی دەزاندرێت.

گرۆ هاوکات لە پێناو مافەکانی ژنان، هەموو کاتێک لە تێکۆشان دابووە. بۆ وێنە لە کۆنفرانسێک دا کە لە شاری قاهیرەی میسر لە سەر بابەت "زۆر بوونی هەژماری دانیشتوانی کۆرەی زەوی و مەترسیەکانی ئەم ڕووداوە" ساز کرابوو، وتارێکی پێشکەش کرد و بە توندی رەخنەی لەوە گرت کە پیاوان لە هەموو گۆشە و کەنارەکانی جیهان دا، خەریکن لە بەرامبەر ژنان دا جۆرێک

توندوتیژی بە کار دەهێنن.

لە بواری دیپلۆماسـیش دا وەکوو کەسـێکی ئاشـتیخواز، بـۆ وێنە وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی "جان هۆرسـت"ی بە نهێنی کردبووە بەرپرسیاری ئەوەی کە لە نێوان فەلەستینیەکان و ئیسرائیلیەکان دیدار و چاوپێکەوتن ساز بکات و دەرفەتێک بۆ لە یەک تێگەیشـتن و سـەقامگیر کردنی ئاشتی لە نێوان ئەم دوو نەتەوەیە سـاز بکات. هەروەها لە کاتی شـەڕی ناوخۆیی لە یۆگوسـلاویش، وەکوو کەسـێکی مرۆڤ دۆسـت دەورێکی بەرچاوی هەبووە لـە یارمەتیدانی لێقەوماوانی بۆسنیایی.

گرۆ هارلێم برونت لاند، وەکوو ژنێکی شیاو و زانا، لە سەر ئەو باوەرە بوو کە پێویسـتە مرۆڤ سـەرەتا خزمەت بە خۆی، بنەماڵەی خۆی، هاووڵاتیان و جیرانەکانی و دواتریش هەموو مرۆڤایەتی بکات. هاوکات دەیگوت:

*" من رەنج و زەحمەتی ئەم ڕێگایەی کە گرتوومەتە بەر دەگرمە ئەسـتۆ، تا جیلی داهاتوو و کەسانێک کە لە پاش من ئەرکەکان وەئەستۆ دەگرن، کەمتر بکەونە ناو زەحمەت و فشار."*

وە ئێسـتا ئەگەر نۆروێژ یەکێکە لە وڵاتانی هەرە دیمۆکراتیک، ماف پەروەر و پێشکەوتوو، بەرهەمی خەبات و رەنجی کەسانێکی وەک گرۆ هارلێم برونت لاندە.



# هێلێن گێرلی براون

Helen Gurley Brown

1922- 2010

# بەناوبانگترین ژنە سەرنووسەری جیهانی ڕۆژنامەوانی ئامریکا

هێلێن گێرلی براون، یەکێکە لەو ژنانەی کە لایەنگری لە مافی ئەو ژنانە دەکرد کە خوازیاری مێرد کردن نەبوون و ژیانی تاکەکەسیان بە لاوە پەسەند تر بوو. بەڵام لە سەردەمێک دا کە ئەو دەستی کرد بە تێکۆشان لە پێناو بەرگری کردن لــە پێگەی کەســایەتی ئەم ژنانە، کۆمەڵگا بــە چاوێکی خراپ لەم جۆرە ژنانەی دەڕوانی. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە لە ڕوانگەی هێلێن گێرلی براون، یەک لە سێی ژنانی کۆمەڵگای ئامریکا خوازیاری ئەم جۆرە ژیانە بوون و ئەمەش بەو واتایە دەهات کە لە روانگەی خەڵکانی ئەم کاتەی ئامریکا، یەک لە سێی ژنانی ئامریکا بە هۆی ئەم جۆرە تێڕوانین و هەڵسوکەوتەیان، بە چاوی ژنانی خراپە و نالەبار لە کۆمەڵگا دا چاویان لێ دەکرا.

هێلێــن گێرلــی بــراون، لە وتووێژێکــدا لە گــەڵ ڕۆژنامەیەکــی ئامریکایی دا گوتــی: "من لــە هەوڵی ئەوە دام کە بــە ژنانی ئامریکایی بڵێم، پێویســت ناکات ئامانجەکانتان زۆر گەورە بن و زۆریش خۆتان ماندوو بکەن، بەڵکوو لە ژیانی تاکەکەســی ڕۆژانەشتان دا و بە کەمێک هەوڵدان دەتوانن زۆر شتان وەدەست

بێنن. هەم پارە و هەمیش دۆست و هەمیش لەززەت و پێگەی کۆمەڵایەتی.!"

ئەم ژنە ڕۆژنامەوانە کە دواتر گۆڤارێکی بەناوبانگی بڵاو کردەوە و چەندین کتێبی نووسی، لە تەمەنی هەژدە ساڵەییەوە کەوتووەتە ناو مەیدانی کاری ڕۆژنامەوانی و لە رادیۆ کاری کردووە.

هێلێن گێرلی براون، لە پارێزگای "ئارکانزاس"ی ئامریکا لە دایک بووە. دایک و باوکی مامۆستا بوون و باوکی یەکێک بووە لە نوێنەرانی پارلەمانی فیدێراڵی ئەم پارێزگایە. کاتێک کە هێلێن تەنیا دە ساڵی تەمەن بوو، دایکی مردووە و دواتریش بنەماڵەکەیان بۆ شاری لوسانجلێس، شوێنی ژیانیان گۆڕیوە.

هەر لە تەمەنی منداڵی دا خوشکێکی تووشی نەخۆشی کەم ئەندامی دەبێت و ئەمەش قۆناغێکە کە ئابووری ئامریکا بە تەواوی شێوا بوو. ئەم قەیرانانەش ببوونە هۆی ئازاری دەروونی هێلێن. لە تەمەنی مامناوەندی دا دەستی کرد بە خوێندن لە قووتابخانەی دواناوەندی و دواتریش لە کۆلێجی تێگزاس و بە نمرەیەکی زۆر باش دەرچوو. بەڵام ماوەیەک دوای خوێندن و بە هۆی ئەوەی کە پارەی نەبوو بیدات، بە ناچار دەستی لە خوێندن هەڵگرت و کەوتە ناو بازاڕی کار.

لە نێوان ساڵەکانی ١٩٤٠ و ١٩٤١، هەم وەکوو تایپیست کاری دەکرد و هەمیش وەکوو یەکێک لە بێژەرانی رادیۆیەکی ناوچەیی، وڵامی نامەی گوێرەکانی دەدایەوە. هێلێن ئەم قۆناغە لە ژیانی خۆی بە یەکێک لە تاڵترین قۆناغەکانی ژیانی ناودەبات و دەڵێت "ئەمە سەردەمێک بوو کە من ببوومە مشک !"


هەر لەو پێوەندیە دا بەم جۆرەی نووسیوە:

*" هیچ شتێک لەوە ناخۆشتر نییە کە تۆ کچۆڵەیەکی هەژدەساڵە بی، بە دەم و چاوێکی پڕ لە زیبکە و سینگێکی ساف و ڕوویەکی زەرد و بێ تاقەت، هاوکاتیش لە ئیدارەیەک دا کار بکەی کە رقت لێیەتی."*

لە ساڵی ١٩٤٨ لە بواری کاری پڕۆپاگەندەیی و ئامادە کردنی وتار و نامە بۆ یەکێک لە ئیدارەکانی تایبەت بە پڕۆپاگەندە، دەستی بە کار کرد. نامەکان و نووسراوەکانی پڕۆپاگەندەیی ئەو بە رادەیەک بە هێز و جوان بوون کە سەرنجی خەڵکیان بە ئاسانی رادەکێشا و ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٥٧، خەڵاتی باشترین نامەی پڕۆپاگەندەیی ناسراو بە خەڵاتی "فرانسیس هۆلمێز" ی پێ درا. لە ساڵی ١٩٥٩ لە گەڵ دەرهێنەرێکی سینەما بە ناوی "دەیوید براون"

زەماوەندی کرد و ئەمەش هاوکات بوو لە گەڵ ئەوە دا کە وەک سەرنووسەری گۆڤارەکانی "لیبێرتی" و "کۆسمۆ پۆلیتین" دەستی بە کار کردبوو. لەم گۆڤارانە دا و بە تایبەتیش لە گۆڤاری "کۆسمۆ پۆلیتین" گەلێک بابەتی تایبەت بە ژنان و ئازادی پەیوەندیەکانی جنسی ئەوان بڵاو کردەوە، ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی کە بە میلیۆنان کەس لە ئامریکا، وتارەکانی ئەم گۆڤارە بخوێننەوە و هەم خۆی و هەمیش گۆڤارەکەی ناوبانگێکی بێ وێنەی وەدەست هێنا.

لە ساڵی ١٩٦٢ کتێبێکی لە سەر ناوی "سێکس و کچانی مێرد نەکردوو" نووسی کە لە سەرتاسەری ئامریکا دا تەقیەوە. لەم کتێبە دا هەر وەک ئاماژە کرا، بەرگری لە مافی ئەو کچ و ژنانە کرد کە نەیاندەویست مێرد بکەن و خوازیاری کار و دەرفەتی ژیانی تاکەکەسی بوون. لە هەمان کات دا ئەویش خوازیاری ڕێزگرتنی کۆمەڵگا لە کەسایەتی و ئازادی و پێگەی ئەم تاقمە ژنانە بوو.



لە ساڵی ١٩٦٤ کتێبێکی دیکەی بە ناوی "سێکس و ئیدارە" بڵاو کردەوە کە ئەمەش ژمارەیەکی سەیرە و سەمەرەی لێ فرۆشرا. چەند ساڵ دواتر و لە ساڵی ١٩٧٠، هەر لەو پێوەندیە دا کتێبێکی دیکەی بە ناوی "سێکس و کچی مێردنەکردووی نوێ" بڵاو کردەوە کە ئەمەش درێژەی هەمان کتێبی یەکەمی بوو.

هێلێن گێرلی براون، لە ڕۆژنامەکان دا بە ناوی خوازراوی "قەیرە کچ" بابەتی دەنووسی و لە سەر گەلێک بابەتی لە وێنەی "خۆجوان کردن، سێکس، پیشە، چۆنیەتی پێوەندی لە گەڵ پیاوان، مۆد و گەلێک بابەتی هاوشێوە..." وڵامی پرسیاری خوێنەرانی دەداوە. ئەم پرسیار و وڵامانە، دواتر لە چوارچێوەی کتێبێک دا بە ناوی "بیروبۆچوونەکانی تووڕەهێنەر" بڵاو بۆوە کە فرۆشێکی چاکی کرد.

لە ساڵی ١٩٦٤، هێلێن و مێردەکەی گۆڤارێکیان بە ناوی "فیێم" واتا ژن، بڵاو کردەوە. ئەم گۆڤارە بە هۆی زۆربوونی وێنەکانی و گران بوونی خەرجەکەی،

لـە لایەن زۆر بڵاوکەرەوەی ئامریکاییەوە، ئەرکـی چاپ کردنی رەت کرایەوە. بەڵام کەسـێک بە ناوی "ریچـارد دیمز" کە تواناییەکانـی هێلێنی دیتبوو، بیری لەوە کردبۆوە کە بۆی هەیە ئەم گۆڤارەش وەکوو گۆڤاری "کۆسمۆ پۆلیتین" لە ئاستێکی بەربڵاو دا خوێنەر پەیدا بکات و سەرکەوتوو بێت، هەر بۆیە پشتیوانی ماڵی لێ کرد و ئەرکی سەرنووسەریشـی بە هێلێن گێرلی براون سـپارد. بەڵام ئەم گۆڤارە وەکوو گۆڤارەکەی پێشوو سەرکەوتوو نەبوو.

لەم نێوەدا ژمارەیەک لە تێکۆشـەرانی فێمینیسـت لە وێنەی "بێتی فریدان" بە توندی هێرشـیان کردە سەر هێلێن و بە نووسـینی وتار، باسیان لەوە کرد کە هێلێن ئاستی خەبات و مافەکانی ژنانی هێناوەتە خوار و لـە جیاتی ئەوەی کە بۆ ئامانجگەلێکی گەورەتـر تێبکۆشـێت، دونیای ژنانـی تەنیا لە لەززەت و خۆشـی و سێکسـی تاکەکەسـی دا کورت کردووەتەوە. ئەم نووسەرە فێمینیستانە هاوکات لە سەر ئەو بڕوایە بوون کە شێوازی تێڕوانینی هێڵێن، ژن دەکات بە کالا و هێندیکی دیکەش پێیـان وابوو کە ئەم جـۆرە تێڕوانینە مەترسـیدارە و بنیانی بنەماڵـە لاواز دەکات و دواتریش شیرازەی کۆمەڵگا دەشێوێنێت.



سـەرەڕای هەموو ئەمانە هێڵێن گێرلی بروان، کە سەردەمانێک ئەویش ناوی فێمینیسـتی لە سـەر خـۆی دادەنا و دواتر ئـەم ناوەی ئێتر بـە کار نەهێناوە، یەکێک بوو لەم ژنانەی کە هەوڵی دا ژنان زۆرتر لە بواری ژیانی تاکەکەسیەوە سـەربەخۆ و ئازاد بن و بەرگری لە پێگە و شـوێنی تاکەکەسـی و کۆمەڵایەتی ئـەم کچ و ژنانە کرد کە نەیاندەویسـت میرد بکەن. ئـەوەش لە کاتێکدا بوو کە کۆمەگا ئەم جۆرە ژنانەی بە کەسـانێک ناودەبرد لە ڕێ لایان داوە و فاسید و خراپەکارن.

هـاوکات گۆڤارەکـەی "کۆسـمۆ پۆلیتیـن" کە هێڵێـن سەرنووسـەری بوو، کاریگەریەکـی کۆمەڵایەتـی وای لە سـەر هزری میلیۆنان کەس لـە ئامریکا دا هەبـوو کـە لانی کـەم دوازدە میلیـۆن کـەس، وتارەکانیان دەخوێنـدەوە. بەم جـۆرە بوو کـە هێڵێن، بوو بـە بەناوبانگترین و کاریگەرترین سەرنووسـەری جیهانی ڕۆژنامەوانی سەردەمی خۆی لە ئامریکا و بەش بە حاڵی خۆی، مۆری

رامانەکانی لە قۆناغێکی هەستیاری کۆمەڵایەتی وڵاتەکەی دا.
بەرهەمەکانی هیڵێن گێرلی براون بریتین لەمانە:
Sex and the Single Girl (1962)
Lessons In Love—LP Record on How To Love A Girl & How To Love A Man (1963) Crescendo Records, GNP #604
Sex and the Office (1965)
Outrageous Opinions of Helen Gurley Brown (1967)
Helen Gurley Brown's Single Girl's Cookbook (1969)
Sex and the New Single Girl (1970)
Having It All (1982)
The Late Show: A Semi Wild but Practical Guide for Women Over 50 (1993)
The Writer's Rules: The Power of Positive Prose—How to Create It and Get It Published (1998)
I'm Wild Again: Snippets from My Life and a Few Brazen Thoughts -2000
هاوکات ئەم خەڵاتانەی کە وریگرتوون ئەمانەن:
1995: Henry Johnson Fisher Award from the Magazine Publishers of America
1996: American Society of Magazine Editors' Hall of Fame Award




# گوێندۆلین
# برووکس

# Gwendolyn
# Brooks


1917- 2000

# یەکێک لە گەورەترین شاعیرانی ژنی ڕەش پێست لە جیهان دا

"گوێندۆلین برووکس "، یەکێکە لە گەورەترین و ناسراوترین شاعیرانی ژن لە سەدەی بیستەم دا. ئەم ژنە یەکەمین ژنی ئافریقایی- ئامریکایی بوو کە خەڵاتی ئەدەبی "پۆلیتزێر"ی وەرگرت کە یەکێکە لە گەورەترین و بەنرخترین خەڵاتەکانی ئەدەبـی لـە جیهان دا. ئەم خەڵاتەی بە هۆی شـێعرەکانی سـەرنجراکێش و بە توانـای "گوێندۆلین برووکس "پێـی درا. گوێندۆلین برووکس، لە هەمان کات دا ئەندامی ئەنستیتوی نەتەوەیی هونەر و ئەدەبیاتی ئامریکا بوو.

هەڵبەست و شێعرەکانی "گوێندۆلین برووکس "، هەڵگری هەست و رامانێکی تەواو مرۆڤدۆسـتانە و پاکن. هەسـتی ئەم ژنە لە شێعرەکانی دا زۆر کاریگەرە و خەڵکانێکی زۆری بەرەو لای خۆی راکێشاوە. ئەم ژنە رەشپێستە لە شاری "توپاکا" هەڵکەوتوو لە پارێزگای "کانزاس"ی ئامریکا لە دایک بووە و دواتریش لە باشووری هەرێمی "شیکاگۆ" گەورە بووە. "کێزیا" دایکی گوێندۆلین مامۆستای قووتابخانە بووە و "داوید" باوکیشـی، هەموو کاتێک لە هەوڵی ئەوە دابووە کە ببێتە پزشـک. بە گشـتی هەم باوکی و هەم دایکی، هۆگریەکی زۆریان بە وێژە

و ئەدەبیــات هەبووە. ئەم هەوڵ و تەقەلایانــە و ئەم حەز لێکردنە بنەماڵەییە لە هونــەر و ئەدەبیــات، کاریگەریان لە ســەر هزر و رامان و هەســتی گوێندۆلین داناوە و لە ئاکام دا کەســایەتی ئەویان، وەکوو ژنێکی شــاعیر، شێوە داوە. ئەم دایک و باوکە هاوکات هەوڵی ئەوەیان داوە کە جیا لە کچەکەیان، کوڕەکەشیان واتــا "ریمۆنــد"، ڕوو لە بابەتــی ئەدەبی بکات و تەنانەت بڕگــە و بەرنامەیەکی ســەختی ڕۆژانەیــان بــۆ منداڵەکانی خۆیان دارڕشــت بوو کە بــەم جۆرە بوو: (هەمــوو ڕۆژێ بەیانیان منداڵەکانیان دەبوایە کایی دژوار و توندوتیژیان کردبا و ئێوارانەش کایی هێمن و ئارام، لــە گــەڵ خوێندنــەوەی کتێب و نیگارکێشی!).



گوێندۆلیــن، هــەر لــە تەمەنی حەوت ساڵییەوە دەستی کردووە بە نووســینی شێعر و هەڵبەست. بۆ خۆی لەم بارەوە بەم جۆرەی نووســیوە: "لــە تەمەنــی یــازدە ساڵەیی دا، دەفتەرێکی بیرەوەریم هەبــوو. کاتێک دەســتم کــرد بە هۆنینەوەی هەڵبەســتەکانم، دایکم بەو بڕوایە گەیشــت کە لە داهاتوو دا دەبمە شاعیرێکی لە وێنەی ( پۆل لارێنس دانبێرن) !"

کاتێک "گوێندۆلین برووکس "تەنیا سێزدە ساڵی تەمەن بوو، یەکەمین هەڵبەستی خۆی لە سەر ناوی "ئێوارە" لە گۆڤارێکی منداڵان بە ناوی "ئەمەریکەن چایڵدهود مەگەزین" بڵاو کردەوە و وەکوو پاداشــتی ئەم هەڵبەســتەی، سەرنووســەری گۆڤارەکــە بۆ ماوەی شــەش مانگان بە خۆڕایی، ژمارە بــڵاو کراوەکانی ئەم گۆڤارەی بۆ نارد.

"گوێندۆلیــن برووکس "لــە قۆناغی خوێندن دا گەلێک زەحمەتی و ناخۆشــی بە چاوەکانی خۆی بینی. لە لایەکەوە بۆ خۆی کچێکی شــەرمێون و کەم دوێ بــوو. لــە لایەکی دیکەش بە هۆی ئەوەی کە ڕەنگی پێســتی ئێجگار ڕەش بوو، نەک تەنیا لە لایەن هێندێک سپی پێستەوە، بگرە لە لایەن ئەو ڕەشپێستانەی کە پێستیان کەمێک ڕووناکتر بوو، بەردەوام گاڵتە و گەمەی پێ دەکرا. ئەم هەستی هەڵاواردنەش زۆر تاڵ و ناخۆش بوو. ئەم هەســتە لە ناو دڵی دا وەهای پەنگ

خواردەوە کە دواتر دەستی کرد بە نووسینی رۆمانێک لە سەر ناوی "مادمارتا" و ئەم ئازموونە تاڵەی سەردەمی خوێندنی خۆی لەوێ دا گێڕایەوە. ئەم ڕۆمانە لەساڵی ١٩٥٣ بڵاو کراوەتەوە.

دوای کۆتایی هێنانی خولی دواناوەندنی خوێندن، ئەمجارەیان لە کۆلێجی "وود ڕۆ ویلسۆن" دەستی کرد بە خوێندن. لەم کۆلێجە دا گۆڤارێکی بە ناوی "نیوز ریۆیۆ" بڵاو کردەوە کە زۆربەی بابەتەکانی لە مەڕ کێشەکانی کولتوری و رەگەزپەرەستی بوو.

لە ساڵی ١٩٣٩، لە گەڵ نووسەرێک بە ناوی "هانری لوینگتۆن بلەیک لی" کە یەکتریان لە NAACP "کۆڕی نەتەوەیی پێشکەوتنی رەشپێستەکان" ناسی بوو، زەماوەندی کرد. ساڵێک دواتر، واتا لە ساڵی ١٩٤٠، دوو منداڵی دوانەی بوو. لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٠، بە هاوکاری کەسێک بە ناوی "ئینێز کانینگهام ستارک" لە "ناوەندنی هوونەری کۆمەڵگای باشوور" خوولێکی تایبەتی لە سەر هەڵبەست و هەڵبەستوانی دیت و روانگەی لە بارەی چۆنیەتی شێعر نووسین زۆرتر ئاواڵە بوو.

یەکەمین کتێبی شێعری خۆی لە ساڵی ١٩٤٥، لە سەر ناوی "شەقامێک لە برۆنزویل A Street in Bronzeville" بڵاو کردەوە. هەر لەو ساڵە دا، یەکێک بووە لەم دە ژنانەی کە خەڵاتی گۆڤاری "مۆدمۆزێل"یان بە هۆی نووسراوە و بەرهەمەکانی بە هێزی ئەدەبیان، وەدەست هێنا.

بەڵام ئەو خەڵاتی گەورەتریشی لە پێش بوو. لە ساڵی ١٩٥٠، سەبارەت بە نووسینی کتێبە شێعرێک بە ناوی "ئانی ئالێن" کە لە ساڵی ١٩٤٩ بڵاو کردبۆوە، خەلاتی ئەدەبی "پۆلیتزێر"ی وەرگرت. لەم کتێبە دا کۆمەڵێک شێعری هۆنیوەتەوە کە ناوەڕۆکیان زۆرتر مژاری دونیای ڕەشپێستەکان لە خۆ دەگرێت و زمان و شێوازی دارشتنی شێعرەکانیش لە شێوازی شاعیرانێکی مۆدێرنی وەک "ئێزراپۆند" و "تی.ئێس. ئێلیۆت" دەچێت.

گوێندۆلین برووکس، لە ماوەی ساڵانی ١٩٥٠ و ١٩٦٠، کۆمەڵێک کتێبی شێعری بۆ منداڵان و هێندێک کتێبی شێعریشی بۆ نەونەمامان و تازەلاوان بڵاو کردەوە.

ئەم نووسەرە ژنە هەموو کاتێک بە دڵێکی گەورە و کراوە، هەوڵی ئەوەی دەدا کە گیانی ناسک و پاکی منداڵانەی خۆی بپارێزێ و هەموو کاتێکیش تینووی فێر بوونی شتی تازە بوو. کاتێک لە دوویەمین کۆنفرانسی نووسەرانی

ڕەشپێست بەشداری کرد و گوێی لە وتار و بابەتەکانی ژمارەیەک نووسەری هاوڕەگەزی خۆی ڕاگرت، سەری لە تواناییەکانی ئەوان سووڕما و وەک بە خۆی ئاماژەی پێکردووە، گەلێک شتیان لێ فێر بوو. لەم ساڵە بە دواوە گۆڕانکاریەکی زۆر لە تێڕوانینەکانی خۆی دا وەدی دێنێ. هەر لەم پێوەندیە دا بەم جۆرەی نووسیوە:

*" لەمە بەدواوە هەوڵ دەدەم فۆرم و شێوازی نوێتر لە شێعرەکانم دا بە کار بێنم. دەبێ کارێک بکەم کە هەڵبەستەکانم لە ناو مەیخانەکانیش دا بگوترێنەوە."*

لەم نێوەدا لە جیاتی ئەوەی کە شێوازەکەی خۆی سادە بکاتەوە، زمانێکی خۆماڵی تر و ڕەوانتری، بۆ دەربڕینی هەستی شاعیرانەی خۆی بە کار هێنا. دیسان لەو پێوەندیە دا نووسیویەتی:

*"دەمهەوێ هەڵبەستەکانم ڕەوان بن، بە بێ ئەوەی کە کێش و وێنەکانم لە شێعر دا تێکبدەن."*

لەو کاتەشەوە زیادتر لە جاران هەوڵی دا کە مژاری ئێش و ئازارەکانی ڕەشپێستەکان بکاتە هەوێنی هەڵبەستەکانی و خوازیاری مافی یەکسان و بەرابەر بوو لە نێوان هەموو مرۆڤەکان دا. ئەم ژنە ڕەشپێستە مافخوازە، هەستی خۆی و هەڵبەستەکانی بە باخچەیەک لە گوڵ و گوڵزار شووبهاندووە کە پێشکەشی هەموو خەڵکانی جیهان و بە تایبەتیش سپی پێستەکانی دەکات، تا هەر سپی پێستێک کە بۆن بە گوڵاڵەکانی شێعری




ئەوەوە دەکات، چاوێکیش بە دونیای ڕەشپێستەکان دا بخشێنێ و گوێ لە دەنگ و داخوازەکانی ئەوان بگرێت. لەم کارەش دا وەکوو باخچەوانێکی ڕاستەقینە، بە تەواوی سەرکەوتوو بوو.

بەرهەمەکانی ئەدەبی گوێندۆلین برووکس، بریتین لەمانە:

Negro Hero (1945)
The Mother (1945)

A Street in Bronzeville (1945)
Annie Allen (1950)
Maud Martha (1953) (Fiction)
Bronzeville Boys and Girls (1956)
The Bean Eaters (1960)
Selected Poems (1963)
We Real Cool (1966)
In the Mecca (1968)
Malcolm X (1968)
Family Pictures (1970)
Black Steel: Joe Frazier and Muhammad Ali (1971)
The World of Gwendolyn Brooks (1971)
Aloneness (1971)
Report from Part One: An Autobiography (1972) (Prose)
A Capsule Course in Black Poetry Writing (1975) (Prose)
Aurora (1972)
Beckonings (1975)
Black Love (1981)
To Disembark (1981)
Primer for Blacks (1981) (Prose)
Young Poet's Primer (1981) (Prose)
Very Young Poets (1983) (Prose)
The Near-Johannesburg Boy and Other Poems (1986)
Blacks (1987)
Winnie (1988)
Children Coming Home (1991)
In Montgomery (2000).



# ئێمیلی برۆنت

Emily Bronte

1818- 1848

# نووسەری کتێبی "بەرزاییەکانی پڕ لە با "Wuthering Heights

Wuthering Heights یانی بەرزاییەکانی تۆفانی، تاکە ڕۆمانی "ئێمیلی برۆنت"ە کە لە تەمەنێکی زۆر کەم دا، واتا لە تەمەنی سی ساڵەیی، بۆ هەمیشە چاوەکانی وە یەک ناوە.

بەسەرهاتی ژیانی ئێمیلی و خوشکەکانی و تاقە براکەیان، لە وڵاتانی ئیرلەند و ئینگلیس، بووەتە ئەفسانە و تەنانەت شێوازی ئوستوورە و مێتۆلۆژیکی بە خۆیەوە گرتووە. خەیاڵ و هەستی ئەم ژنە نووسەرە لە ڕۆمانەکەی دا، بە رادەیەک سەرنجراکێشە کە تا ئێستا بووەتە مژاری لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبی و دەرۆنناسانە و گەلێک بابەت و وتاری لە سەر نووسراوە.

ئێمیلی، کچی کابرایەکی بە رەگەز ئیرلەندی بوو بە ناوی پاتریک کە لە بواری ئایینەوە مەسیحی و لە باری مەزهەبییەوە لە سەر ڕێرەوی گرووپی "مێتۆدیست"ەکان بوو کە ئەم گرووپە گرێدراوی کلیسای وڵاتی ئینگلیس بوون. لە ساڵی ١٨٢٠، باوکی بوو بە جێگری کەشیشی بەشێک لە ناوچەی "هاورس" هەڵکەوتوو لە شاری "یۆرکشایەر" و بەم شێوەیە بنەماڵەی برۆنتماڵیان بۆ

ئەم ناوچەی گواستەوە کە پێدەشتێکی پڕ لە دار و دڕوو بوو. ئێمیلی پێنجەمین منداڵــی بنەماڵــە بوو، چوونکە پێشــتر دوو منداڵی "پاتریک" بە هۆی نەخۆشــی مرد بوون. ســێیەمین منداڵی بنەماڵە "شــارڵۆت" بوو کــە ئەویش دواتر بوو بە یەکێکی تر لە ڕۆماننوســەکانی بەناوبانگ و تەنیا ئەو بوو کە لە کاتی ژیانی دا بڵاوبوونەوەی بەرهەمی ئەدەبی خۆی بە شــێوەی کتێب بە چاوی خۆی بینی. بڵاو بوونەوەی ڕۆمانی شارڵۆت، بوو بە مایەی ناوبانگ دەرکردنی ئەو، ئەگەر چــی ئەویــش زۆر نەژیــاوە و لە تەمەنی ســی و نۆ ســاڵەیی دا کۆچی دوایی کردووە.

منداڵــی چوارەمی پاتریــک، تاقانە کوڕی بنەماڵە بوو کە نــاوی "بران واڵ"ی لە ســەر داندرا. ئەم کوڕەش وەکوو خوشــکەکانی خاوەنــی بەهرەی هونەری بــوو. هــەم لە بواری نووســین و هەمیش لە بواری نیگارکێشــی کاری دەکرد، بــەڵام بە هۆی ئەوەی کە لە تەمەنی لاویەتی دا ڕووی لە خواردنەوەی ئەلکول و مەشــرووب کرد و لەم کارەش دا زێدەڕۆیی کرد، دەســتی لە کاری هونەری بــەردا و لــە ئەنجامیــش دا بە بەدمەســتی گیانی لە دەســت دا. شەشــەمین و بچکۆلەترین منداڵی پاتریک، کچێکی دیکە بوو بە ناوی "ئان برۆنت" کە ئەویش دواتر پێنووســی نووســینی بە دەســتەوە گرت و ڕۆمانی نووســی. هەر چەند ئەویــش نەیتوانــی بلاوبوونەوەی بەرهەمی ئەدەبی خۆی بــە چاو ببینێت و لە دوای مردنــی ڕۆمانــی لێ بڵاو کرایەوە. ئان برۆنت، تەنیا بیســت و نۆ ســاڵ ژیاوە. دایکی ئەم منداڵانە لە ســاڵی ١٨٢١ مردووە و هەر بۆیە پووریان، واتا خوشــکی دایکیــان بە ناوی "ئێلیزابێــت" ئەرکی ئاگاداری و گــەورە کردنی ئەم منداڵانەی وەئەســتۆ گرتــووە. ئەم ژنەش یەکێک بووە لە ڕێڕەوانی شــێوازی "مێتۆدیسم".

پاتریکــی باوک، ژیانێکــی کۆمەڵایەتی و بەربڵاوی هەبــوو، هەر بۆیە کەمتر دەرفەتــی پێڕاگەیشــتن بە منداڵەکانی هەبوو. لەم نێــوە دا منداڵەکانی کە دواتر وەکوو نووســەر کاریگەریەکی زۆریان لە سەر ئەدەبیاتی زمانی ئینگلیسی دانا و بەرهەمگەلی سەرنجراکێشــیان ئافراند، خۆیان کەســایەتی خۆیان پێگەیاند و ئەویندارانە، لە ناو دەشــت و کوێســتانەکان دا، هەست و ڕامانی خۆیان هێنایە سەر کاغەز.

ئەم منداڵانە هەر کات کە کارەکانی ناو ماڵیان تەواو دەکرد، دەستیان دەکرد بــە خوێندنــەوەی ئاســەوار و بەرهەمەکانــی ئەدەبی و لە ڕۆمــان، چیرۆک و

شـــانۆنامەکانی "ویلیام شێکســـپیر، بایرۆن"، و گەلێک نووسەری دیکەوە بگرە، تـــا دەگاتـــە بەســـەرهاتەکانی "هەزار و یەک شـــەو" و نووســـراوەکانی گۆڤاری "دارستانی ڕەش Black wood" هەر چی وەدەستیان کەوتبا دەیانخوێندەوە و کاریگەریەکی زۆریان لە دونیای خەیاڵی ئەدەبی وەردەگرت.

پووری منداڵەکانیش کە بە تەواوی بڕوای بە چیرۆک و بەسەرهاتەکانی ناو کتێبی پیرۆز و هەروەها گەلێک ئەفســـانەی دیکەی بۆ دەگێڕانەوە کە ئەمانەش خەیاڵی ئەوانی بەهێزتر دەکرد و هانی دەدان کە دەست بکەن بە نووسین.

ئێمیلـــی، زۆربەی کاتەکانی ژیانی لە نـــاو ماڵ و لە ژووریَ دا تێپەڕاند. بەڵام خەیاڵی هەموو کاتێک بەرەو شوێنە دوورەکان فڕیوە و هەموو کاتێک لە جیهانی خەیاڵەکانی دا نووقم بووە. هەر لە منداڵیەوە دەســـتی کردووە بە نووســـین لە بـــارەی وڵاتانـــی خەیاڵی و بە شـــێوەیەکی زۆر وەســـتایانە، بە وردی وەســـفی چۆنیەتی ئەم وڵاتە خەیاڵیانەی کردووە.

پاتریکـــی باوکـــی منداڵەکان، لـــە ڕۆژی پێنجی جوونی ســـاڵی ١٨٢٦، لە کاتی گەڕانەوە لە ســـەفەرێک دا، بە دیاری باوەشـــێکی کەرەستەی کایە و گەمەی لە گـــەڵ خـــۆی هێناوەتەوە کە لە ناویان دا چەندین ســـەربازی بووکەچینی بوون. ئەم ســـەربازانە کە لە دار داتاشرابوون، بوونە کەرەستەی گەمەی منداڵەکان و ئەمەش دیســـان کاریگەریەکی زۆری لە سەر خەیاڵی ئەوان دانا و هانی دەدان بۆ ســـاز کردنی هێندێک چیرۆک و گێڕانەوەی هیندێک بەسەرهاتی خەیاڵی لەم ســـەربازانە. تەنانەت هەر کام لە منداڵەکان، یەکێک لەم ســـەربازانەی بۆ خۆی هەڵگرتبـــوو کە تایبەتمەندی و کەســـایەتی تایبەتیان پێدابوون. ئەمەش یەکەمین هەنـــگاو بـــوو لە پێناو نووســـینی ئەم بەســـەرهاتە خەیاڵیانە و هـــەم "ئێمیلی" و هەمیش "ئان" و "شارلۆت" و "پاتریک" چەندین چیرۆکیان بە زمانێکی شاعیرانە بەرهـــەم هێنا. بەڵام بەشـــێک لـــەم بەرهەمانە لە ناو چوون و تەنیا بەشـــێک لە شێعرەکان کە بەرهەمی "ئێمیلی"ن، هەتا ئێستا ماون.

ئێمیلـــی لە تەمەنی لاویەتی دا تاقە رۆمانـــی خۆی واتا "بەرزاییەکانی تۆفانی" نووسی و لە راستی دا بەشێک لە کەسایەتیەکانی ئەم ڕۆمانەی لە ژێر کاریگەری کەســـایەتیەکانی دیاریەکەی باوکی داڕشـــتبوو کە خـــۆی خەیاڵی بۆ کردبوون. کەسایەتی سەرەکی ئەم ڕۆمانە ژنێکە بە ناوی "نێلی" کە پێشخزمەتی ماڵێکە و لە روانگە و زمانی ئەوەوە، بەسەرهاتی ڕۆمانەکە و گەلێک ئەوین و ڕووداوی سەیروســـەمەرە دەگێڕدرێتـــەوە. ئەم ژنە زۆرتر بەســـەرهاتەکانی ناو ئەم ماڵە

دەگێڕێتەوە کە کاری تێدا دەکات و هەستی بوون لە ناو ماڵ و ئاگاداری لە ماڵ، لە ناو ئەم ڕۆمانە دا زۆرینەی فەزای ڕۆمانەکەی داگرتووە.

توانایــی و هێــزی نووســەر لــە گێڕانــەوەی بەســەرهات و ڕووداوەکان و وەســف کردنی وردەکاریەکانی کەســایەتی و جێگە و شــوێنەکان، وەستایەتی ئێمیلــی برۆنــت دەخاتــە ڕوو. خەیاڵێکی بە هێز و پێنووســێکی بــە هێز کە بە ئاســانی خوێنــەر بە دوای خــۆی دا بۆ نــاو قووڵایی ڕۆمانەکە رادەکێشــێ و کاریگەریەکی وای لە ســەر دادەنێت کە دوای خوێندنەوەی ڕۆمانەکە، کاریزما و کەســایەتیەکانی ڕۆمانەکە لە هزری دا دەمێنێتەوە و ڕەنگە لە گەڵیان بژی و بە زیندوویی هەستیان پێ بکات و بیانهێنێتە بەر چاوی خۆی.

ئەم ڕۆمانە دەورێکی ئەخلاقیشی هەیە. نووسەر هاوکات بە کەڵک وەرگرتن لــە ئێلێمێنتەکانــی سرووشــتی لە وێنەی ئــاو و ئاگر و تۆفــان، دونیای تۆفانی مرۆڤەکانی بە وێنە کێشاوەتەوە.

خەیاڵی ئەدەبی ئێمیلی، خەیاڵێکی شاعیرانەیە و ئەم ژنە بە هەست و توانایە، لە دوای مردنی و لە دوای بڵاو بوونەوەی ڕۆمانەکەی، مۆری خۆی لە مێژووی ئەدەبیاتی ئینگلیسی و بەرهەمە بەهێزەکانی جیهان ی ئەدەبیات دا. تا رادەیەک کە زۆر یەک لە نووســەران و ئاکادێمیسیەنەکان، مێژووی ئەدەبیاتی ئینگلیسی بــە دوو بەش دابەش دەکەن: ئەدەبیاتی ئینگلیســی بەر لــە ڕۆمانەکەی ئێمیلی برۆنت و ئەدەبیاتی ئینگلیسی لە پاش ئەم ڕۆمانە.



# ئێلیزابێت بلاک وێل

# Elizabeth Blackwell

1821- 1910

# یەکەمین ژنی پزیشک و بنیادنەری پزیشکیی ژنان لە ئامریکا

لەو سەردەمە دا کە ئێلیزابێت لاو بوو، هێشتا هیچ ژنێک لە ئامریکا پزیشک نەبوو. مافی خوێندن لە بواری پزیشکی بە هیچ ژنێک نەدرابوو. بەڵام ئێلیزابێت دەیهەویست ببێتە پزیشک. هەر بۆیە گەلێک جاران نامەی بۆ زانکۆکانی پزیشکی دەنارد و داوای لێدەکردن کە وەکوو خوێندکار وەری بگرن. ئەم نامانە هەموو جارێ وەپشت گوێ دەخران تا ئەوەی کە ئاخری لە ساڵی ١٨٤٧، کۆلێجی "جێنێوا" ڕێگەی پێدا کە وەکوو خوێندکار لەم کۆلێجە دەست بکات بە خوێندن.

ئەم ڕووداوە شتێکی تایبەتی بوو. لە ڕاستی دا بەرپرسیارانی کۆلێجەکە، کە پێشتر وڵامی "نا" یان بە زۆربەی نامە و داخوازەکانی ئێلیزابێت بلاک وێل دابوویەوە، نەیاندەویست کە بە خوێندکار وەریبگرن. بەڵام لەم نێوە دا پزشکێکی بەناوبانگ و ناسراو بە ناوی "جۆزێف وارینگتۆن" پێداگرییەکی زۆری لە سەر وەرگرتنی ئێلیزابێت کرد و کۆلێجەکەی ناچار کرد کە سەرنج بدەنە نامە و داخوازەکانی ئەم کچە. بەرپرسیارانی کۆلێجەکە نەیاندەویست لە بەرامبەر داخوازی جۆزێف وارینگتۆن راوەستن و هەر بۆیەش ویستیان کە لە

جیاتی ئەوەی خۆیان ڕاستەوخۆ وڵامی نەرێنی بەم پزیشکە بدەنەوە، بە ڕێگای خوێنـدکارە کـوڕەکان ئەم کارە بکەن. هەر بۆیە گوتیـان: "ئەگەر خوێندکارانی دیکە ڕازی بن بەوەی کە خوێندکارێکی کچ بێتە ناویان و دەرس بخوێنێت، ئەوە لە ڕوانگەی ئێمەوە کێشە نییە. بۆیە دەبێ ڕاپرسیەک بکەین و ئەگەر زۆرینەی خوێنـدکاران دەنگـی ئەرێیان دا، ئەوە ئێلیزابێت دەتوانـێ بێتە ئێرە و خەریکی خوێنـدن بێت، بـەڵام ئەگەر وڵامی زۆرینە "نا" بوو، ئەوسـا بەداخەوە ناتوانین ڕێگەی پێ بدەین."

بەرپرسـیارانی کۆلێجەکـە پێیان وابوو کـە لەم ڕاپرسـیە دا زۆربەی هەرە زۆری خوێندکارانی پیاو، بە هاتنی کچێک بۆ ناو کۆلێجەکەیان ڕازی نابن. بەڵام لەوپەڕی سەرسـووڕمان، خوێندکارە کوڕەکان تەنیا بۆ فشەکردن و ڕابواردن، وڵامی ئەرێنیان بەو ڕاپرسیە دایەوە و هەر بۆیەش کۆلێجەکە ناچار بوو کە بە نابەدڵی مافی خوێندن بە یەکەمین کچی ئامریکایی بدات کە دەستی بە خوێندنی پزیشکی کرد، واتا ئێلیزابێت بلاک وێڵ.

بـەڵام ئێلیزابێـت شـاگردێکی زۆر زۆر زیـرەک بوو. تەنیا دوو سـاڵ دوای وەرگیرانـی لـە کۆلێجی پزیشـکی، واتا لە سـاڵی ١٨٤٩، نەک تەنیا شـاگردی یەکەمـی پۆل بوو لـە خوێندن دا، بەڵکوو لە هەمان کات دا کۆتایی بە خوێندنی پزیشکی هێنا بوو.

ئێلیزابێت بە درێژەدان بە خوێندن لە بواری پزیشکی بوو بە یەکەمین پزیشک لە مێژووی ئامریکا دا و مۆری خۆی لە مێژوو دا.

ئێلیزابێـت لە شـاری لەنـدەن لە دایک بووە. دایک و باوکـی "هانا بلاک وێڵ" و "سـاموئێل بلاک وێڵ" بە گشـتی نۆ منداڵیان هەبووە : پێنج کچ و چوار کوڕ. ئێلیزابێت سـێیەمین کچی بنەماڵەکەیان بوو. باوکی پیاوێکی دەوڵەمەند بوو کە خاوەنی کارخانەیەکی شـەکر بوو. هاوکات باوکی کەسـێکی ڕوناکبیر بوو کە هەوڵی دەدا کچەکانیشی وەکوو کوڕەکانی پێش بکەون و لە هەموو دەرفەت و ئیمکاناتێک بە تایبەت بۆ خوێندن بەشدار بن.

بنەماڵـەی بلاک وێڵ، لە سـاڵی ١٨٣١، کۆچبەری وڵاتـی ئامریکا بوون و بۆ هەمیشـە لـەم وڵاتە و لە شـاری نیۆیـۆرک دا جیگیر بوون. لەوێ سـاموئێل کارخانەیەکـی تازەی شـەکری سـاز کـرد. بەڵام لـەو کاتە دا کە سـەردەمی کۆیلـەداری بوو، بنەماڵـەی بلاک وێڵ لە دژی کۆیلـەداری بوون و خوازیاری یەکسـانی لە نێوان ڕەشپێسـتەکان و سـپی پێسـتەکان دابـوون. هەر بۆیەش

هەرگیز کۆیلەیان بە کار نەهێنا.

لە ساڵی ١٨٣٥، کارخانەکەیان سووتێندرا و بە تەواوی بووو بە زووخاڵ. هەر بۆیە بەرەو "سین سیناتی" ماڵیان گواستەوە. لەوێ ساموئێل دەستی کرد بە چاندنی چەوەندەر و هەوڵی ئەوەی دا کە جارێکی تر کارخانە شەکرەکەی ساز بکاتەوە. بەلام زۆری پێنەچوو کە بە هۆی نەخۆشی مالاریا چاوەکانی بۆ هەمیشە وێک نا و بنەماڵەکەی بە بێ پووڵ و پارە بە جێهێشت. هەر بۆیە منداڵە گەورەترەکان بە دوای کار دا گەڕان و ئێلیزابێتیش دەستی کرد بە گوتنەوەی وانەی مۆسیقا بە خەڵک. دواتریش دوو خوشکە گەورەکەی دەستیان کرد بە وانە گوتنەوە و تەنانەت ماڵەکەی خۆیان کردە قووتابخانەیەکی بەردەوام کە هەم بە شەو و هەمیش بە ڕۆژ خەڵکی تێدابوو.

ئێلیزابێت دواتر بوو بە یەکێک لە ئەندامانی جووڵانەوەی دژ بە ڕەگەزپەرەستی و کۆیلەداری. هاوکات لە گەڵ ئەوەشدا کە خۆی حەزی لە زەماوەند کردن بوو بەڵام هەرگیز زەماوەندی نەکردو بە تەنیا ماوە. لە ڕاستی دا ئەو دەیهەویست زۆرتر گرینگی بە خوێندنی پزیشکی بدات و بیرۆکەی بوون بە پزیشکیش کاتێک لە مێشکی دا سەری هەڵدا کە یەکێک لە هاوڕێ خۆشەویستەکانی بە ناوی "ماری دۆنالدسۆن"، تەنیا بە هۆکاری نەخۆشیەکی سادە و ساکاری ژنانە ژیانی لە دەست دابوو. نەخۆشی شێرپەنجەی منداڵدان کە ئەگەر دوکتورێکی ژن چاوی لێ کردبا، بۆی هەبوو دەرمانێکی بۆ دۆزیباوە. بەلام لە بەر ئەوەی ئەم هاوڕێیەی پێی خۆش نەبوو بچێتە لای پزیشکی پیاو، بە هۆی ئەم نەخۆشیە گیانی لە دەست دابوو. ئەمە ئێلیزابێتی هان دا کە دەست بکات بە خوێندنی پزیشکی و ئەم تابۆیە بشکێنێت کە گۆیا ژنان ناتوانن ببنە پزیشک !



لە ماوەی خوێندنی دا لە کۆلێجی پزیشکی، هاوکات جیا لە کتێبەکانی کۆلێج، مانگانە ژمارەیەکی بەرچاو لە کتێبەکانی جۆراوجۆری پزسکی دەخوێندەوە و بەم جۆرە بوو کە زانیاریەکی زۆری لە سەر نەخۆشیەکان و ڕێگەکانی چارەسەریان پەیدا کردبوو.

لــە هاوینــی ١٨٤٦ هاوکات لــە گەڵ خوێندن لە کۆلێج، لە بەشــی سفلیســی نەخۆشــخانەیەکی تایبەتــی ئــاگاداری کــردن لــە خەڵکانــی هــەژار بــە ناوی نەخۆشخانەی "بلاکلی ئاڵمیرزهاوز" دەستی کرد بە کار کردن.

لە گەڵ ئەوەشــدا کە لەوێ، لە دەســتپێکی کارەکەی دا و لە لایەن پزیشــکە پیاوەکانەوە بە باشــی پێشــوازی لێ نەکرا، بەڵام دواتر بە هەموویانی سەلماند کە ســوورە لە ســەر کارەکەی و بە باشترین شێوە خزمەتی پزیشکی خۆی بە جێ دەگەیەنێت. لەم نێوەش دا بە تایبەتی خزمەتێکی زۆری بە ژنان و منداڵانی هەژار و بێ دەرامەد دەکرد و نرخێکی زۆری پێ دەدان.

دوابــەدوای کۆتایــی هێنان بە خولی خوێندن لە کۆلێجــی "جێنۆوا"، ئێلیزابێت ڕۆیشــتە وڵاتی فەرانســە و لە تاقە زانکۆیەکی ئەم وڵاتە دا کە مافی خوێندنی پزیشــکی بە ژنــان دابوو، واتا لــە زانکــۆی "لاماتێرنیە" درێژەی بــە خوێندنی پزیشــکی دا. لە ماوەی خوێندنی لەم زانکۆیە دابوو کە بینایی چاوی چەپی لە دەست دا.


لە ســاڵی ١٨٥٠ خوولێکی پزیشکی لە زانکۆی "ســەنت بارتێلیمۆ" دەست پێ کرد و لەوێ بوو کە لە گەڵ "فلۆرانس نایتنیگێل" ئاشــنا بوو. ئاشــنایەتیەک کە بــوو بە هەوێنی دۆســتایەتیەکی گەرم و گوڕ و ئەم دۆســتایەتیەش تا کۆتایی ژیانیان درێژەی هەبوو.

ئێلیزابێت ئەمجارەیان وەک پزشــکێکی خاوەن ئازموون و ژیرمەند، لە ساڵی ١٨٥١ گەڕایەوە بۆ ئامریکا. بەڵام بە هۆی رامانی پیاوســالارانەی زاڵ بە ســەر دونیای پزیشکی ئەو سەردەمە دا، هیچ نەخۆشخانەیەک ئامادە نەبوو کە ناوبراو بۆ کار کردن وەبگرێت و هەر بۆیەش بۆ خۆی ناوەندێکی پزیشــکی تایبەت بە خــۆی لە شــاری نیۆیــۆرک کردەوە کــە خەڵکانی نەخۆش بــۆ دەوا و دەرمان کردنــی خۆیان دەچونە لای. هاوکات دەســتی کرد بە قســە کردن بۆ خەڵک و وتاری لە سەر گرینگی و پێداویستیەکانی تەندرووستی ژنان و پزیشکی ژنانە، بڵاو دەکردەوە.

لە ســاڵی ١٨٥٣، کلینیکێکی بچکۆڵەی لە شــەقامێکی پیس و پڕ لە حەشیمەتی "مانهاتان"، بۆ خزمەت کردن بە ژنان و منداڵانی هەژار کردەوە. لەم شــوێنە دا بوو کە بە کەمترین پووڵ و پارە، دەستی کرد بە خزمەتی پزیشکی و دەرفەتێکی وای بــۆ ژنانی هەژار ئافراندبوو کە بۆ دەرمانی نەخۆشــیەکانی خۆیان بتوانن ســەری لــێ بدەن و خەڵکانێکــی زۆر ڕوویان تێ کرد. هاوکات دوو خوشــکی

ئێلیزابێت بە ناوەکانی "ئێمیلی" و "ماری" کە ئەوانیش هەر لە بواری پزیشکی دەرسیان خوێندبوو، بۆ یارمەتیدانی چوونە لای و لە گەڵی دا دەست بە کار بوون. دواتر ئەم کلینیکە لە لایەن ئەوانەوە بەرفراوانتر و گەورەتر کرایەوە و ناوی "دەرمانگای ژنان و منداڵانی نیۆیۆرک"یان لە سەر دانا.

لە ساڵی ١٨٥٨، ئێلیزابێت لە گەڵ "کیستی" کچی ( لە بەر ئەوەی کە خۆی هەرگیز مێردی نەکرد، منداڵی نەببوو، هەر بۆیە کچێکی دیکەی وەکوو منداڵی خۆی قەبول کردبوو)، بە سەردانێک چوونە وڵاتی ئینگلیس و لەوێ کتێبەکەی بە ناوی "یاساکانی ژیان" ی سەر لە نوێ چاپ و بڵاو کردەوە، سەری لە نەخۆشخانەکان دا و هێندێک وتاری لە سەر تەندرووستی ژنان بڵاو کردەوە و قسەی بۆ جەماوەر کرد. لەم نێوەدا گەلێک جارانیش ڕووبەڕووی بێ ڕێزی ژمارەیەک لە پیاوان دەهاتەوە. بەڵام ئەو بە بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەم هێرش و سووکایەتیانە، بەردەوام بوو لە هان دانی ژنان بۆ خوێندن لە بواری پزیشکی.



لە ساڵی ١٨٦٠ و لە کاتی شەڕەکانی ناوخۆیی لە ئامریکا، خزمەتێکی زۆری بە بریندار و نەخۆشەکان کرد و لە ساڵی ١٨٧٢ لە هێندێک پلان و بەرنامەی پزیشکی دا، یارمەتیدەر و هاوکاری پزشکێکی ڕەشپێست بوو بە ناوی "ڕۆبێکا کێل" کە ئەم ژنە ڕەشپێستە، یەکەمین ژنە ڕەشپێستی پزیشک بوو لە مێژووی ئامریکا دا.


لە ساڵی ١٨٦٨ دا، خەون و ئاواتی ئیزابێل وەدیهات و یەکەمین کۆلێجی پزیشکی تایبەت بە ژنان لە ئامریکا لە شاری نیۆیۆرک دامەزرا.

جارێکی دیکە لە ساڵی ١٨٦٩ گەڕایەوە ئینگلیس و گەلێک وتاری دیکەی لە بارەی پزیشکی و تەندرووستی ژنان و منداڵ پێشکەش کرد و هێندێک پلانی پەروەردەییشی لەم بوارانەوە وەڕێ خست. هاوکات بۆ دامەزراندنی کۆڕی نەتەوەیی تەندرووستی ئینگلیس" یارمەتیدەر بوو.

ئێلیزابێت بلاک وێل، دواتر لە کۆلێجی پزیشکی تایبەت بە ژنان، دەستی کرد بە وانە گوتنەوە و کتێبێکی دیکەی بە ناوی "پەروەردەی ئەخلاقی لاوان" بڵاو کردەوە کە زۆرتر لە پێناو ڕێنوێنی پێوەندیەکانی جنسی لاوان نووسیبووی.

لە ساڵی ١٨٩٤ بوو کە دەستی لە کاری پزیشکی هەڵگرت و لە ماڵەوە دەستی کرد بە نووسینی وتار لە بواری پزیشکی دا و لە ساڵی ١٨٩٥ کتێبێک لە سەر ژیاننامەی ئەم ژنە پزیشکە لە سەر ناوی "پێشەنگی کردنەوەی ڕێگا و دەرفەتی پزیشکی بۆ ژنان" بڵاو بۆوە.

ئێلیزابێت بلاک وێل، لە ساڵی ١٩١٠ کۆچی دوایی کرد و لە گوندێکی شاخاوی وڵاتی سکاتلەند بە ناوی "کیل مۆم" بە خاک سپێردرا.



# مارگارێت
# بۆرک وایت

# Margaret Bourke White
1904- 1971

# گەورەترین ڕۆژنامەوانی وێنەگر (فۆتۆژورنالیست)ی ژن لە سەدەی بیستەم

مارگارێت بۆرک وایت، یەکێکە لەو ڕۆژنامەوانە وێنەگرانەی کە هونەری فۆتۆژورنالیسمی گەیاندە پلەیەکی بەرز و دەورێکی بەرچاوی هەبووە لە پێشخستنی ئەم کارە دا. مارگارێت لە "برونکێس"ی سەر بە پارێزگای "نیۆیۆرک" لە دایک بووە و لە شارۆچکەی "بوند برۆک"ی سەر بە ئەیالەتی "نیوجێرسی" پێگەیشتووە و گەورە بووە. مارگارێت، دوویەمین منداڵ بووە لە سێ منداڵی "مینی بورک وایت" و "جۆزێف وایت". باوکی ئەندازیارێکی شارەزا و سەرکەوتووە بووە لە پیشەسازی و فۆتۆگرافی دا و هاوکاتیش کەسێک بووە کە دەستی هەبووە لە کاری توێژینەوە و بەرهەمهێنانی نوێی پیشەسازی.

مارگارێت لە ناو بنەماڵەیەک دا گەورە بوو کە زۆر گرینگیان بە ئەخلاق و دابونەریت داوە و هەر بۆیەش وەکوو کەسایەتیەکی فەرهەنگ دۆست و تێگەیشتوو، پێگەیشتووە. وەک بە خۆی باسی کردووە، دایک و باوکی دەورێکی بەرچاویان هەبووە لە ساز کردنی هزری کولتوری و فەرهەنگی لە ناو هزری ئەو دا و هەموو کاتێک هەوڵی داوە کە نرخەکانی بەرزی مرۆڤایەتی

بە بنەما بگرێت. مارگارێت ئاماژەی بەوەش کردووە کە بە هۆی ئەم تەربیەت و ڕاهێنانەی دایک و باوکی بوو کە توانی لە بواری هونەری فۆتۆگرافیەوە هەنگاو هەڵبگرێـت و هاوکاتیش ئەم شـێوازە ڕاهێنانی خۆی لە سـەردەمی منداڵی، بە گەورەترین خەڵات و دیاری لە لایەن دایک و باوکی ناوزەد کردووە.

باوکـی مارگارێت، نەک تەنیا باوک، بەڵکوو هاوکات دۆسـتێکی هەرە نزیکی ئەو بوو. نزیکایەتی دەروونیان بە ڕادەیەک بوو کە لە هەموو کاتێک ئیلهامی لە باوکی وەردەگرت و تەنانەت بە ڕادەیەک کاریگەری باوکی لە سەر بوو کە دواتر دەستی کرد بە درێژەدان بە کار لە بواری پیشەی باوکی و ڕووی لە پیشەسازی و دیزاینی بیناسـازی و هەروەها فۆتۆگرافی کرد. باوکی لە سـاڵی ١٩٢٢، واتا لـە کاتێکدا کە تازە مارگارێت پێ دەگەیشـت، مرد و ئەمەش زەربەیەکی گیانی لـە مارگارێـت دا کـە خەریکی خوێنـدن بـوو لـە زانکـۆی "کۆلۆمبیا ".



مارگارێـت لـە زانکـۆی کۆلۆمبیا لە بواری سرووشـت و ئاژەڵناسـیەوە دەرسـی دەخوێند. بـەڵام دواتـر لـە کلاسـەکانی پـەروەردەی وێنەگـری "کلارنـس وایـت" بەشداری کرد و هێدی هیدی لە بواری فۆتۆگرافی و وێنەگرتن، یەکەمیـن هەنگاوەکانـی خـۆی هەڵێنـا. بەم جۆرە بـوو کە هەنگاو بـە هەنگاو بـەرەو داهاتوویەکی ڕوون و درەوشـان، واتا بوون بـە یەکێک لە گەورەترین فۆتۆگرافیسـتەکانی جیهان و یەکێک لە ڕێبەرانی شـێوازی وێنەگری، هەنگاوی هەڵێنا.

لە نێوان سـاڵانی ١٩٢٣ تا ١٩٢٥، لە زانکۆی "میشیگان" درێژەی بە خوێندنی ئاژەڵناسـی دا و هاوکاتیـش گەلێـک وێنەی لـە مار و مارمێلکـە و ئاژەڵەکانی هاوشـێوەیان بۆ بڵاو کراوەیەکی ئەم زانکۆیە دەنارد کە هەر سـاڵە و جارێک بـڵاو دەبۆوە. لە سـاڵی ١٩٢٥ لە گەڵ "ئێوێرێت شـاپمەن" کـە لە هەمان زانکۆ و لـە بواری ئەندازیاری دەرسـی خوێندبوو، زەماوەنـدی کرد. بەڵام ئەم ژیانە

هاوبەشــە تەنیــا یەک ســاڵی خایانــد و دواتــر مارگریت لە زانکــۆی "کۆرنێل" کۆتایــی بــە خوێندن هێنا. لەم زانکۆیە دا بوو کە دەســتی کرد بە لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی زۆرتر لە ســەر فۆتۆگرافی و چەندین بابەتی لەم بوارە لە یەکێک لە ڕۆژنامەوانی ئەم زانکۆیە دا بڵاو کردەوە.

مارگاریــت، ســەرەڕای ئەوەی کــە خۆی لە بواری ئاژەڵناســیەوە دەرســی خوێنــد بوو، بــەڵام لە سرووشــت دوور کەوتەوە و ڕووی لــە مەیدانی کاری پێشووی باوکی، واتا ڕووی لە بواری تێکنۆلۆژی و پیشەسازی کرد. هاوکاتیش کامێراکەی بە کار هێنا و دەستی کرد بە ئامادە کردنی گەلێک وێنە و دیزاین لە پرد و بینا و کارخانەکان و لە ماوەی سالانی ١٩٢٠ تا ١٩٣٠، دوای ڕاگواستنی ماڵەکەی بۆ "کلیۆ لەند" وەکوو کامێراوانێک درێژەی بە تێکۆشان دا.

لــە ســاڵی ١٩٢٩ دا بــوو کــە بوو بــە وێنەگری فەرمــی گۆڤارێــک بە ناوی "فورچــوون" کە لە لایەن "هانــری لووس"، یەکێک لــە بنیادنەرانی حەفتەنامەی "تایمز" دامەزرابوو، دەستی بە کار کرد.

مارگارێت بۆرک وایت، ژنێکی خوڵقێنەر و هاوکاتیش بوێر و بە غیرەت بوو. شان بە شانی کارە هونەریەکانی، کەسایەتی خۆی پێ دەگەیاند و بە بێ ترس، تەنانــەت بۆ گرتنی تاقە وێنەیەکیش، هەموو کارێکی مەترســیداری دەکرد و لە ئەنجامیش دا وێنەکانی ئەو، باشــتر و زۆرتر لە وێنەی فۆتۆگرافیســتە خاوەن ئازموونەکانــی پیاو، ناوبانگیان دەردەکرد و پێشــوازیان لێ دەکرا. ئازایەتی و حــەز و ئەوین بە کاری فۆتۆگرافی، وایان لە مارگرێت کرد بوو کە تەنانەت بۆ گرتنی وێنەیەک، لە بەرزایی بینایەک و لە شوێنێکی مەترسیداری بڵیند کە هەر ئان و ســات مەترســی کەوتن و مردنی تێدابوو، شــوێنی وا کە زۆر کەم کەس دەوێرن لەوێ خۆ بگرن، وێنەی دەکێشا.

لــە ســاڵی ١٩٣٠، لــە لایــەن گۆڤــاری "فورچــوون"ەوە بۆ وڵاتــی "یەکیەتی سۆڤیەت"ی ئەو کات ڕەوانە کرا و لە ڕاستیشدا یەکەمین وێنەگرێکی ڕۆژاوایی بــوو کــە ڕێگەی پێ دەدرا بچێتە ئەم وڵاتە. لەوێ دەســتی کرد بە وێنەگرتن لە ڕەوتی پیشەســازی ڕووســیە و ئەم وێنانەشی لە ســاڵی ١٩٣١، لە کتێبێکدا بە ناوی "چاوبڕین لە ڕووســیە" کۆ کردەوە و دواتر لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٩٣٠، بڵاوی کردنەوە.

بەڵام پەروەردەی کەسایەتی مارگارێت بە تایبەت لە باری مرۆڤ دۆستی و فەرهەنگیەوە، ئەوی پەلکێشــی بابەتەکانی مرۆیی دەکرد. هەر بۆیەش دواتر لە

مژاری پیشەسازیەوە ڕووی کردە مژارەکانی مرۆیی و بۆ وێنە گەلێک وێنەی لە کارەساتی ویشکەسالی و قات و قڕی لە وڵاتانی دیکە گرت. ئەم وێنانەش هەر لە گۆڤاری "فورچوون" بڵاو دەکرانەوە.

لە ساڵی ١٩٣٥، "هانری لووس" گۆڤارێکی نوێی بە ناوی "لایف" دامەزراند و ئەمجارەیان مارگارێت بۆرک وایت، وێنەیەکی هونەری لە شاری "فورت پێک" گرت کە ئەم وێنەیە لە سەر ڕووبەرگی ژمارە یەکی ئەم گۆڤارە بڵاو کرایەوە. ساڵێک دواتر مارگارێت هاوڕێ لە گەڵ نووسەری بە ناوبانگ "ئێرسکین کاڵدوڵ" سەفەرێکی بۆ باشوور کرد و گەلێک وێنەی بەڵگەیی و دۆکیومێنتی لە سەر ژیانی پڕ لە فەلاکەت و دژواری جوتیارەکانی ئەم هەرێمە گرت. بە هاوبەشی و هاوکاری ئەم نووسەرە و ئەم فۆتۆگرافیستە ، کتێبێکی مێژوویی باش و بە نرخ لە سەر ناوی "ڕووخساری ئەمانەتان دیتووە؟" لە ساڵی ١٩٣٧ بڵاو کرایەوە.

لە ساڵی ١٩٣٧، یەکێک لە بەناوبانگترین وێنەکانی مارگارێت بۆرک وایت، لە گۆڤاری لایف دا بڵاو کرایەوە و سەرنجی هەموو خەڵکانی ئامریکای بەرەو لای خۆی راکێشا. لەم وێنەیە دا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکانی ڕەشپێست دەبیندران کە قەراغ چۆمی "ئۆهایۆ" لە نزیک شاری "لەئیزۆویل" بە هۆی کارەسات و لە فەلاکەت دا لە ژێر تابلۆیەک دا ریز ببوون، هاوکات بنەماڵەیەکی سپی پێست بە پێکەنینەوە لە ناو ماشێنێک دانیشتوون و لە سەر تابلۆکەش نووسراوە: "باشترین ستانداردی ژیان لە جیهان، هیچ شێوازە ژیانێک لە شێوازی ژیانی ئامریکایی باشتر نییە! ". ئەم وێنەیە رەخنە و دیمەنێک بوو کە زەردەخەنەیکی تاڵی دەهێنایە سەر ڕووخساری بینەرانی.

مارگارێت دواتر لە گەڵ "ئێرسکلین کاڵدوڵ"ی نووسەر دا زەماوەندی کرد کە لە بڵاو کردنەوەی دوو کتێبی دیکەش دا هاوکاری کرد. یەکێک لەم کتێبانە بە ناوی "باکوری دانووب" بوو کە لە ساڵی ١٩٣٩ بڵاو کرایەوە و مێژوو و بەسەرهات و چۆنیەتی ژیانی خەڵکانی وڵاتی "چێک و سلۆواکی" بەر لە داگیرکرانی ئەم وڵاتە بە دەستی هێزەکانی ئاڵمانی نازی، دەگێڕاوە. کتێبەکەی تریشی بە ناوی "چاو لێ بکە، ئەمەیە ئامریکا"، لە ساڵی ١٩٤١ بڵاو کرایەوە کە ئەویش زۆرتر مژاری شێواز و چۆنیەتی ژیانی خەڵکی ئامریکای لە بەرەبەری سەرەتای شەڕی جیهانی دوویەم، تاووتوێ دەکرد. ئەم ژن و مێردە کاتێک کە هێزەکانی ئاڵمان بە سەرکردایەتی "هیتلێر" هێرشیان کردە سەر شاری مۆسکۆی پایەتەختی سۆڤیەت، لە ناو ئەم شارە دابوون و دواترین ڕووداوەکانی ئەم

هێرشەیان، بۆ گۆڤاری "لایف" تۆمار دەکرد و بە ڕاپۆرت دەیانناردەوە ئامریکا. مارگارێت کە لەو کاتە دا، تاقە ڕۆژنامەوانی بیانی لە شاری مۆسکۆ بوو، وێنەی کڵپەی ئاگر و سووتانی کۆشکی "کرێملین" ی گرت.

مارگرێت و کالدۆڵ، لە ساڵی ١٩٤٢، لە یەکتر جودا بوونەوە. لە سەروبەندی شەڕی جیهانی دوویەم دا، مارگرێت یەکەمین وێنەگری ژن و کارمەندی بەشی هێزەکانی ئاسمانی بوو کە لە ساڵی ١٩٤٥ لە باکوری ئافریقا و ئیتالیا، کاری دەکرد. ئەو یەکێک بوو لە یەکەمین وێنەگرانێک کە پێی لە ناو ئۆردوگاکانی کار و مەرگی نازیەکانی ئاڵمانی نا کە لەوێ دا بە هەزاران و میلیۆنان جوولەکە و هاووڵاتی دیکەی ئوروپایی شکەنجە کران، بە گاز خنکێندران و سووتێندران. لە نێو ئەم وێنانەی کە لەم ئۆردوگایانە گرتوویەتی، یەکێک لە بەناوبانگترین وێنەکان، وێنەیەکە بە ناوی "مردووەکانی زیندووی بوخێن واڵد".



دوابەدوای کۆتایی هاتنی شەڕی دوویەمی جیهانی لە لایەن گۆڤاری "لایف" بۆ جێبەجێ کردنی هێندێک ئەرکی تر، چووە وڵاتی هیندوستان. لەوێ بوو کە یەکێکی تر لە وێنەکانی بەناوبانگ و جیهانی خۆی تۆمار کرد: وێنەی ڕێبەری گەورە و عارفی هیندوستان "مهاتما گاندی" لە کاتی ڕستنی خووری بزنەکەی بۆ ساز کردنی جلوبەرگ. لەم وێنەیە دا "مهاتما گاندی" لە قەراغ چەرخێکی بچکۆڵەی ڕستن دانیشتووە و خەریکی ڕستنی خووریە. ئەم وێنەیە هەتا ئێستاش یەکێکە لە وێنە بە کاریگەرەکانی جیهان کە راستی کەسایەتی سادە و خۆشەویستی گاندی، وەکوو ڕێبەرێک کە خوازیاری سەربەخۆیی بوو، نیشان دەدات.

لە ساڵی ١٩٤٩، تا ساڵی ١٩٥٣، گەلێک وێنەی تایبەتی لە باشووری ئافریقا، بە تایبەتیش لە سەر مژاری هەڵاواردنی رەگەزی لە دژی رەشپێستەکان و ئاپارتاید، گرت و هاوکاتیش گەلێک وێنەی لە مەیدانەکانی شەڕی کۆریای باکور

و باشوور گرت و له ژاپۆنیش وەكوو وێنەگر و ژورنالیست كاری كرد.
له ناوەراست مانگەكانی ساڵی ١٩٥٠، تووشی نەخۆشی "پاركینسۆن" هات و ئەمەش بوو به مایەی دوور كەوتنەوەی له پیشـەی دڵخوازی خۆی واتا كاری فۆتۆژورنالیستی. بەم جۆره بوو كه دواترین بابەتی نووسراوەی خۆی هاوڕێ له گەڵ چەند وێنە، له ساڵی ١٩٥٧ بۆ ئەم گۆڤاره نارد.
له نێوان سـالانی ١٩٥٩ تا ١٩٦١، چەندین چالاكی پزیشـكی هەسـتیاری له سـەر كرا، تا بەڵكوو بەم شـێوەیه نەخۆشیەكەی زۆر به خێرایی پەره نەگرێت. كتێبێكی به ناوی "وێنەی خۆم" كه به گشتی ژیاننامەی خۆی تێ دا گێڕاوەتەوە، له ساڵی ١٩٦٣ بڵاو كردەوە. ئەم ژنه فۆتۆژورنالیسته جیهانیه، له ساڵی ١٩٧١ و له تەمەنی شێسـت و حەوت ساڵەیی دا، بۆ هەمیشه چاوەكانی بەرەو ڕووی ژیان بەسـت و كامێڕاكەی و ئەویندارانی وێنەكانی به جێهێشت. بەڵام له پاشه خۆی گەلێك وێنە و بابەتی هەمیشـه زیندووی هێشـتەوە كـه تـا ئێسـتاش بـه تایبـەت وێنەكانی، هەم وەكـوو بەڵگەی مێژوویی و هەمیش وەكوو بەرهەمگەلێكی هونەری و ڕۆژنامەوانـی، كاریگەریـان لـه سـەر بینەرانی وێنە هەیە.




مارگارێـت بـۆرك وایـت، نـەك تەنیا كاریگـەری لـه سـەر هونەرمەنـدان و وێنەگرانـی پـاش خـۆی و بـه تایبـەت فۆتۆژورنالیستەكان دانا، بەڵكوو له هەمان كات دا وەكوو ژنێك، بوو به سـێمبۆلی ژنانی دیكه بۆ نەترسـی و بوێری و دڵ به دەریا دادان. ئەو دڵی به دەریا دادا و هونەر و تواناییەكانی خۆی سـەلماند. ئەوسـا بوو به یەكێك له بەناوبانگترین فۆتۆژورنالیسـتەكانی ژن، له ئاسـتی هەموو جیهان.



# نادیا بولانژێ

# Nadia Boulanger
1887- 1979

# موسیقی ژەنی بە ناوبانگی سەدەی بیستەم

نادیا بولانژێ، یەکێکە لە سیما ناسراوەکانی بواری موزیک لە ولاتی فەرانسە و لە سەرتاسەری جیهان دا. بیرمەندی ناسراوی جیهان "ژان کۆکتۆ" لە بارەی نادیا دا بەم جۆرەی نووسیوە:

" هێندێک ناو هەن کە لە ناو تۆفانەکانی بێ خەیاڵ بوون و بێ موبالاتیەکان و هەروەها لە ناخی ڕووداوە دێوەزمەکانی ڕۆژانە، دەدرەوشێنەوە و سەردەردێنن. "نادیا بولانژێ" یەکێکە لەم ناوانەیە، چوونکە ئەم ناوە گەیشتووەتە پلەیەکی وەها بەرز کە ئیتر شوێن و پێگەیەکی رەسەن و پاکی پەیدا کردووە. کەم وا هەیە کە هونەرمەندێکی لاوی بواری موسیقا، لە ناکاو سەری لە ناو سەران دەربێنێ و بە مووسیقاژەنینی خۆی ببێتە مایەی سەرسووڕمان، بەڵام شاگردی نادیا نەبووبێت."

نادیا ڕێبەری ئۆرکێستر و مامۆستای پەروەردە و ڕاهێنانی لاوان بوو لە بواری موسیقا دا. هاوکات یەکێک بووە لە داهێنەرانی موسیقا و گەلێک بەرهەمی تایبەتی ئافراندووە کە تا ئێستاش کاریگەریان لە سەر جیهانی موزیک

بەردەوامــە. نادیــا، لــە گەڵ ئەوەشــدا کە یەکەمیــن ژن بووە لە جیهــان دا کە ڕێبەرایەتــی گەورەترین ئۆرکێســترەکانی موســیقای کردووە، لــە هەمان کات دا، شاگردەکانیشــی وەها پــەروەردە کردووە کە بەرهەمەکانیــان ببێتە مایەی سەرسووڕمانی گوێگران.

مامۆســتای بــە ناوبانگــی موســیقا "ویژیــل تامپســۆن" لــەم پێوەندیــە دا گوتویەتی:

*" نادیــا بولانژێ، وەکــوو قووتابخانەیەکی گەورە و پڕ بەرهەم بــوو. قووتابخانەیەکــی بێ وێنــە کە لە لایەن ژنێکــەوە بەڕێوە دەچــوو. تەنانەت لە وڵاتێکی وەکوو ئامریکا، ئەگەر لە شــارێک دا شاگرد و خوێندکارێکی نادیا هەبوایە، ئەوا نرخی ئەم شوێنە دەچووە ســەرێ و خەڵک بە چاوێکی تایبەت چاویان لەم شارە دەکرد و لێیان دەڕوانی !".*

ویرژێل تامپسۆن، کاریگەری مامۆستایانەی "نادیا بولانژێ" لە سەر موسیقا لە ئامریکا بە رادەیەک بەرز دەبینێ لە ناوبراو بە "زانکۆی ئێمە" ناوزەد دەکات.

نادیــا لــە وڵاتــی فەرانســە و لە شــاری پارس لە دایــک بووە. باوکــی نادیا "ئێرنێســت بولانژێ" وەکوو باپیری نادیا، لە ســاڵۆنی کۆنســێرتی موســیقا، بە ئەرکــی مامۆســتایەتیەوە خەریــک بووە. دایکــی نادیا "رەئیســا" شــازادە خانمێکی خەڵکــی وڵاتی ڕووســیا بووە کە پێشــتر خۆی یەکێک لە شــاگردەکانی ئێرنێســت بوو.




نادیــا هەر لە تەمەنی دە ســاڵەییەوە لە ســاڵۆنی ئۆرکێستر، دەســتی کردووە بە گۆرانــی خوێندن و جار لــە گەڵ جار کە گەورەتر بووە، لە بواری هونەری ئاواز و گۆرانیش دا چاکتر و چاکتر پێگەیشتووە. لە تەمەنی حەڤدە ســاڵەیی، گەلێک جاران خەڵاتــی یەکەمی هونەری لە فێســتیڤاڵ و کێبەرکێکان وەرگرتووە. هاوکات خەڵاتی دوویەمی کێبەرکێی "ڕۆم" ی بە هۆی سازکردنی هێندێک ئاهەنگ و ئاواز وەدەست هێنا و ناوی ئەم ئاوازەش "پەری

دەریایی" بوو کە تەنیا لە لایەن تاکەکەسێکەوە بەڕێوە دەچوو.

لە ساڵی ١٩١٢، نادیا کاری ساز کردنی ئاهەنگی وەلانا و زۆرتر لە جاران ڕووی کردە بواری پەروەردەی موسیقا. یەکێک لە یەکەمین شاگردەکانی، خوشکەکەی خۆی واتا "لی لی "بوو. لی لی یەکەمین کەس بوو کە خەڵاتی "ڕۆم" ی لە ساڵی ١٩١٣ وەدەست هێنا.

دەگووترێ کە نادیا بە هۆی ئەوەی کە تێگەیشت کە خوشکەکەی لە بواری دانانی ئاواز و گۆرانی خوێندن لە خۆی سەرکەوتووترە، لەم بوارە پاشەکشەی کرد.



نادیا خۆی دواتر لەم پێوەندیە دا گوتوویەتی: "دەبوایە کاری ساز کردنی ئاهەنگم وەلانابا. ئەو ئاهەنگانەی کە سازم دەکردن خراپ نەبوون، بەڵام بە ڕای من بێ سوود بوون. پیشەی راستەقینەی من پەروەردە کردنی خەڵکە لە بواری موسیقا دا."

جوانەمەرگ بوونی "لی لی" لە ساڵی ١٩١٨، کاریگەریەکی زۆری لە سەر هەست و کەسایەتی نادیا دانا و بوو بە خاڵێکی وەرچەرخان لە ژیانی دا. ئەم ڕووداوە بوو بە هۆی ئەوەی کە زۆرتر لە جاران گرینگی بە هونەری مووسیقا بدات.

بۆ ماوەی چەندین ساڵ، نادیا بولانژێ لە قووتابخانەی بەرزی موسیقی و لە ساڵۆنی کۆنسێرتی شاری "فۆنتێن بلو"ی ئامریکا، خەریکی گوتنەوەی وانەی موزیک بووە و دواتریش لە ساڵی ١٩٥٠ بۆتە سەرۆکی ئەم ناوەندە و هەروەها ناوەندی ئۆرکێستری شاری پاریس.

نادیا لە نێوان ساڵانی ١٩٣٠ تا ١٩٤٠ چووەتە ئامریکا و لە کۆلێجەکانی "وێلزلی"، "راد کلیف" و "جولیارد"، وانەی موسیقای گوتووەتەوە. لەم نێوە دا گەلێک شاگردی بەرجەستەی لە بواری موسیقا دا پەروەردە کرد کە ئەم کەسانە دواتر بوونە ئەستێرەکانی موزیک لە ولاتی ئامریکا و ئاماژە کردن بە ناوەکانیان و بەرهەمەکانیان، خۆی لە خۆی دا فەرهەنگێکی دەوێت. کەسانێکی

وەک "ئـارۆن کاپلاند"، "ویژیـل تامپسـۆن"، "رۆی هەریس"، "ئێلیـۆت کارتێر"، "دەیوید دایامۆند" و گەلێک خوێندکاری دیکەی زانکۆی مووسیقا.... هتد.

ئاهەنگسـازی بـە ناوبانگی موسـیقا "ئـارۆن کاپلاند" کە هێندێـک بەرهەمی کلاسـیکی موسـیقای ئامریکای لـە وێنـەی ئاهەنگەکانی بەناوبانگـی "بەهاری ئاپالاچینی" و "پۆنی سوور"ی ساز کردووە، لە بارەی کەسایەتی هونەری نادیا، بەم جۆرە دواوە:

*" نادیا، هەموو شـتێکی لە سـەر موسـیقا دەزانی. لە کۆنترین بەرهەمەکانـی موسـیقیەوە بگـرە تـا نوێترینیـان، هەموویانی دەناسـی و شـارەزایەتی تەواوی بەسـەریان دا هەبوو. نادیا ، زۆر بە قووڵی و بە شێوەیەکی بەرفروان، کۆنترین ئاهەنگەکانی دەناسی و بە تایبەتیش لە سەر قۆناغەکانی پێش لە "باخ" دوای "ستراوینسـکی" شـارەزا بوو. لە راستی دا بە تەواوی هونەری موسیقا، لە پەنجەکانی ئەو دەرژا."*

نادیا، مامۆستایەک بوو کە بێ ماندووبوون و بێ راوەستان، تا ڕۆژی مردنی درێژەی بە کاری موسـیقا دا و هەموو کاتێک بە چاوی ئەوینەوە لە کارەکەی خۆی دەڕوانی. بێ وچان لە کاتژمێر هەشـتی بەیانیەوە تا دەی شـەوێ، وانەی موسیقای دەگووتەوە و راوەستانی نەبوو.

لـە گـەڵ ئـەوەش دا کە هەرگیز بە شـێوەی بـەردەوام ئەرکـی ڕێبەرایەتی بەڕێوەبردنی کۆنسـێرتەکانی موسیقای لە ئەسـتۆ نەگرت، بەڵام گەلێک جاران وەکوو ڕێبەری ئۆرکێسـتر، چووەتە سەر سەکۆ و گەورەترین کۆنسێرتەکانی بەڕێوە بردووە. ئەو ژنێک بوو کە گەورەترین کۆنسێرتەکانی موسیقای لە ساڵۆنە گەورەکانـی وەک: "ئۆرکێسـتری ڕۆیاڵ فیلارمونیک"، "نیۆیـۆرک فیلارمونیک"، "ئۆرکێستری فیلادۆلفیا" و "ئۆرکێستری سێمفۆنی بۆستۆن" ڕێبەری کرد.

کاتێک لە سـاڵی ١٩٣٨ لێیان پرسـی کە وەکوو ژنێک کە یەکەمین ژن بووە کە ئۆرکێسـتری سـێمفۆنی بۆسـتۆنی بەڕێوە بردووە و ڕێبـەری کردووە، چ هەستێکی هەیە، بەم جۆرە وڵامی دایەوە:

*" زیادتر لە پەنجا سـاڵە کە من ئۆرکێسترەکانی دیکەم ڕێبەری کردوون، هەر چەند بچووکتر لەم ئۆرکێسـترە بوون، هەر بۆیە بەڕێوە بردن و ڕێبەری کردنی ئۆرکێسترەکانی گەورەتر بەلای منەوە کارێکی ساکار و ئاساییە."*



نادیا، ماۆستایەکی وردبینی موسیقا بوو. یەکێک لە تواناییەکانی تایبەتی ئەو، دۆزینەوەی تواناییەکانی شاگردەکانی بوو. ئەو لێهاتوویی شاگردەکانی دەدۆزیەوە و پەروەردەی دەکردن و هێزی پێ دەبەخشین. بەم جۆرە شاگردەکانی جار لە گەڵ جار باشتر پێش دەکەوتن و بە دەیان ماموستای شارەزا لە ژێر دەستی نادیا پەروەردە بوون کە سیماکانی گەورەی هونەریان لێ دەرهات.

بۆ ماوەی پەنجا ساڵان لە شاری پارس، هەموو ڕۆژانی چوارشەممە لە ئاپارتمانەکەی خۆی دا لە بارەی موزیک دا قسەی دەکرد و خەڵکانێکی زۆر، بە تایبەت شاگردەکانی خۆی و ماموستایان و لایەنگرانی موسیقا، بۆ گوێگرتن لە شرۆڤە و شیکاریەکانی نادیا، لە ماڵەکەی کۆ دەبوونەوە. دواتر نوێترین بەرهەمەکان، هەر لەوێ دا و بە شێوەی کۆڕ و لە لایەن میوانەکانی بەڕێوە دەچوون.

نادیا بولانژێ، تا کۆتایی تەمەنی و تا ئەو کاتەی کە هێزی لە جەستە دابوو، درێژەی بە تێکۆشانی هونەری دا. کاتێک نادیا هەشتا ساڵە بوو، لە بارەی خۆیدا دا کە کەنگێ دەیهەوێ دەست لە کار هەڵبگرێت، بەم جۆرە وڵامی دایەوە:

*" من هەرگیز بیر لە تەمەن ناکەمەوە. من کار دەکەم. نازانم خانەنشین بوون و دەست لە کار هەلگرتن مانای چییە. مرۆڤ*

*یان کار دەکات، یانیش کاری پێ ناکرێ. ئەگەر کەسێک کاری پێ نەکرێ، واتا ئیتر زیندوو نییە و مردووە.″*

نادیا بولانژێ، تەنانەت دوای ئەوەی کە بینایی چاوەکانی لە دەست دا و بە هۆی لە دەستدانی توانایی لاقەکانی لە سەر سەندەڵی چەرخدار دەڕۆیشت، دیسان درێژەی بە کارەکەی دەدا. تا ئەوەی کە ئاخری لە ساڵی ١٩٧٩، لە تەمەنی نەود و دوو ساڵەیی دا، چاوەکانی بۆ هەمیشە بەست و ماڵاوایی لە جیهانی هونەری موسیقا و میلیۆنان لایەنگری کرد.



# سیمۆن
# دۆ بووار

Simone
de Beauvoir
1908- 1985

# نووسەری کتێبی "ڕەگەزی دوویەم"

سـیمۆن دۆ بـووار، لە ڕۆژی نۆی ژانویەی سـاڵی ۱۹۰۸ لە شـاری پارس لەدایـک بووە. خوولـی خوێندنی دواناوەنـدی لە خوێندنگای "دزیـرە"، وەکوو شـاگردێکی زۆر زیرەک کـە هەموو کاتێک لە پۆلـەکان دا یەکەم بوو، کۆتایی پێ هێناوە و لە سـاڵی ۱۹۲۵ لە تەمەن حەڤدە سـاڵەیی، دوو ساڵەی سەرەتایی خوێندنی لە زانکۆ کۆتایی پێ هێناوە.

لە ساڵی ۱۹۲٦، چووەتە ڕیزی جووڵانەوەی سۆسیالیستی و لە هەمان ساڵ دا لە زانکۆی "سـۆربۆن" لە بواری فەلسـەفە دا دەستی کردووە بە خوێندن. لە سـاڵی ۱۹۲۸، ماستێری فەلسـەفەی لە زانکۆی سۆربۆن وەرگرتووە و ساڵێک دواتـر لـە خوێندنـگای دواناوەنـدی "ژانسـۆن دۆ سـایی Janson de Sailly "دەستی کردووە بە کار کردن. ئەم ساڵە ساڵێکی زۆر گرینگ و چارەنووسساز بوو، چوونکە هاوکات لە گەڵ نووسەر، ئەدیب، فەیلەسوف و بیرمەندی گەورە "ژان پۆل سـارتر Jean Paul Sartre "ئاشـنا بوو. بەڵام دواتر بە هۆی ئەوەی کە سـیمۆن لە بەر کارەکەی ناچار بوو سـەفەر بکاتە ئەم شار و ئەو شار، بۆ

ماوەی چەند ساڵێک، لە سارتر دوور دەکەوتەوە.

سیمۆن یەکەمین کتێبی خۆی لە ساڵی ١٩٤٣ بە ناوی "میوان" بڵاو کردەوە. هەر لەو ساڵە بە دواوە لە گەڵ رامانی فەلسەفەی "ئێگزیستانسیالیسم" یان "هەبوون گەرایی" ئاوێتە بوو. لەو کاتە بەدواوەش، تەواوی ژیانی تێکەڵ بە تێکۆشان و خەبات کرد.

لە ساڵی ١٩٥٤، بە هۆی نووسینی ڕۆمانی "ماندارانەکان" خەڵاتی "گێنکۆر"ی پێ درا. دواتر لە سێ بەرگ دا، بیرەوەریەکان و ژیاننامەی خۆی نووسی کە ئەم کتێبەش ڕووبەڕوی پێشوازیەکی گەورە هاتەوە. ئەم کتێبە، وەکوو بەڵگەیەکی باش لە ژیان و کەسایەتی سیمۆن و هەروەها هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکانی و سەردەمی ئەو، دەژمێردرێت.



سیمۆن لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە مرۆڤ دەبێ بە خۆشی و شادیەوە بژی و ئەم هەستی خۆشیە لە هەموو چرکەکانی ژیانی دا هەبێت. ئەم ڕوانگەیە بووەتە هۆی ئەوەی کە تەنانەت هێندێک کەس، سیمۆن زیادتر لە "ژان پۆل سارتر"، بە کەسێکی خۆش بین بزانن.

ئەویش وەکوو ژان پۆل سارتر، تێروانیکی "هونەر بۆ هونەر" رەت دەکاتەوە و پێی وایە کە هونەر دەبێ لە پێناو خزمەت بە ئامانجەکانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی بێت. هاوکات بە هەموو هێزی خۆیەوە لە پێناو دابین کردنی مافی هاوبەش لە نێوان ژن و پیاو بە شێوەی گشتی و کۆمەڵایەتی، تێکۆشانی کردووە.



لە تێڕوانینی "ئێگزیستانسیالیست"ی ژان پۆل سارتر و سیمۆن دۆ بووار، لە گەڵ ئەوەشدا کە تێڕوانینێکی "نەهیلیستی" بۆ مرۆڤ هەیە و رەوشی راستەقینەی بوونی مرۆڤ لە سەر زەوی بە شێوەیەکی خەماوی دەنرخێندرێت، هاوکات هەوڵ دەدرێ کە مرۆڤ بە سەر نانکۆیەکان و خەفەتەکانی ژیان دا زاڵ بێت و پێشکەوتن لە ناو تاکی مرۆڤ و کۆمەڵگا دا وەدی بێت.

سـیمۆن یەکێکە لە سیماکانی سـەرەکی رامانی "ئێگزیستانسیالیسم". سیمۆن لـە نووسـراوەکانی دا ئامـاژە بـەوە دەکات کـە مـرۆڤ دەبێ ئـازاد بژی. لە بابەت سـتەمێکیش کە لە ژنان دەکرێت، سـیمۆن پێی وایە کە ژێردەستی ژنان ڕووداوێکی ئەزەلی و ئەبەدی نییە و ئەم رەوشـە، ڕووداوێکی تاڵە کە بە سەر رەگەزی مێینە دا سەپێندراوە. هەر بۆیەش دەبێ بە کردەوە گۆڕانکاری بە سەر دا بێت و ژنان لە بەرامبەر ئەم زەخت و فشـارانە راوەسـتن و دەنگ هەڵبڕن. وەک نوونەش بە خۆی بە کردەوە ئازادی و کەسـایەتی خۆی پاراسـت و هەم وەکـوو ژن و هەمیـش وەکوو نووسـەر، لە گەڵ ئەوەشـدا کـە هاوژیانی ژان پۆل سـاتر بوو، بەڵام ژیانێکی سـەربەخۆی گرتە پێش و پێگەی کەسـایەتی و کۆمەڵایەتـی و تایبەتمەندی خۆی هەبـوو. هاوکات ئەو بە پێچەوانەی ژان پۆل سـارتر، لە نووسـراوەکانی دا کەمتر وتاری فەلسەفی بە کار بردووە و زۆرتر هەوڵی داوە کە ئازموونەکانی خۆیشی بخاتە سەر کاغەز.

بەڵام سـیمۆن، زۆرتر سـەبارەت بە نووسینی کتێبی "رەگەزی دوویەم The Second Sex" ناوبانگێکـی جیهانـی پەیدا کرد. ئەم کتێبە لە سـاڵی ۱۹٤۹ بڵاو کراوەتەوە و تا ئێستا بە دەیان زمان وەرگێڕدراوەتەوە.

لـەم کتێبە دا سـیمۆن، هـەم لە بواری ژینگەناسـیەوە و هەمیـش لە بواری کۆمەڵایەتیـەوە، رەوش و پێگەی ژنی هەڵسـەنگاندووە. هاوکات بە ئاماژە بەو ڕێگایانـە دەکات کـە ژنان بە ئـازادی دەگەیەنێت. ئەم کتێبـە، وانەی خەبات و تێکۆشان لە پێناو گەیشتن بە ئازادی بە ژنان دەدات. بە خۆی لەم بارە دا، بەم جۆرەی نووسیوە:

> *" گەورەترین سـەرکەوتنی پیاوان تا ئێسـتا ئـەوە بووە کە بە ژنانیـان قەبڵانـدووە کە گۆیـا ژن ناتوانێ چارەنووسـی خۆی بگۆڕێ و دەبێ خۆی بە دەستی ئەم چارەنوسە بسپێرێ کە بە سەر دا سەپێندراوە. بەڵام کتێبەکەی من، ئەم بیرۆکە بەرتەسکە، تێکدەشکێنێ و هێڵێکی سووری بە سەر دا دەکێشێت."*

نووسەر لەم کتێبە دا هەوڵی داوە کە راستی ژن وەکوو خۆی نیشان بدات. لە روانگەی ئەو ژن، نە ئەفسـانەیە و نە پەری و نیوەخودا. ژن بە تەواوی مرۆڤە و بـەس. ژن کەرەسـتەی بە دونیـا هێنانی منداڵ نییـە و پیاویش مافی ئەوەی نییە کە کاری بە سـەر دا دابەش بکات و لە ماڵ دا گۆشـەگیری بکات. ژن نابێ ببێتە کەرەستەری دەستی پیاو و نابێ ئەو شتە بێت کە پیاو حەزی لێ دەکات،

بەڵکوو دەبێ راستی خۆی ببینێت و خۆی بێت.

سـیمۆن، لە روانگەیەکی "ئێگزیستانسیالیست"یەوە لە هەبوونی ژن دەڕوانێ و ئامانجەکانی ئەم فەلسـەفەیە کە بریتین لە پێشـکەوتن و پێگەیشتن، لە کتێبی "رەگەزی دوویەم" دا بۆ ژنان دەخاتە ڕوو.

سـیمۆن دو بـووار لـە سـاڵی ١٩٧٢، لە بابەتێـک دا کە لە گۆڤـاری "نۆوێل ئۆپسێرڤاتۆر" بڵاو کرایەوە، بەم جۆرە باس لەم کتێبەی دەکات:

*" ... مەبەسـتی من لە نووسـینی ئەم کتێبە تەنیا ئەوە نەبوو کە شوێن و پێگەی ژنان تاووتوێ بکەم. بەڵکوو ئامانجی سەرەکی مـن خەبـات بـوو. ئامانجی سـەرەکیم هان دانی ژنـان بوو لە پێناو خۆناسـین. لە ماوەی ئەم بیسـت و چەند ساڵە دا کە ئەم کتێبەم نووسـیوە، گەلێـک ژن نامەیان بۆ ناردووم و باسـیان لـەوە کردووە کە ئەم کتێبە یارمەتـی ئەوانی داوە و توانیویانە باشتر خۆیان بناسن و خەبات بکەن و بڕیار بدەن."*

تا ئەو کاتە هیچ کام لەو نووسـەرانەی کە لە سـەر بابەتی دەستەبەر کردنی ماف و ئازادیەکانی ژنان کتێبیان نووسـیبوو، بە ئەندازەی سـیمۆن دو بووار، نووسـراوەکانیان کاریگەر نەبووە. بەڵام سـەرنجراکێش ئەوەیە کە سیمۆن بە خۆی تا ساڵی ١٩٧٢، بە کردەوە نەکەوتە نـاو مەیدانـی تێکۆشـانی ڕێکخراوەیـی ژنان.



سـیمۆن بـە پێچەوانـەی زۆربـەی خوێنەرانـی کتێبەکـەی، پێـی وابـوو کە ئـەم کتێبـە نەیتوانیـوە گۆڕانکاریەکـی کۆمەڵایەتـی- وەک بـە خۆی چاوەڕوانـی دەکرد- پێک بێنێ. هـەر بۆیە بیری لـەوە دەکـردەوە کە جارێکی تر بە سـەر تێڕوانینەکانی خـۆی دا بچێتەوە. لە وتووێژێکدا لە گەڵ هەمان گۆڤار، گوتویەتی:

*" من لەوە تێگەیشـتووم کە دوای تێپەڕ بوونی بیسـت و چەند سـاڵ بە سەر بڵاو کردنەوەی ئەم کتێبەم دا، ژنان نەیانتوانیوە پێشـکەوتنێکی ئەوتۆی کۆمەڵایەتی سـاز بکەن. بۆیەش بڕیارم دا کە جارێکی تر بە سـەر بیروبۆچوونەکانم دا بچمەوە. ئەمڕۆ لە سـەر ئەو بڕوایەم کە ئەگەر ژنـان بیانهەوێ خاوەنی ژیانی*

دڵخوازی خۆیان بن، پێویسته خۆیان بۆ وەدەست هێنانی ئەم ژیانە کار بکەن و تێبکۆشن. نابێ چاوەڕێی گۆڕانکاریەکانی داهاتوو بین. با هەر چی زووتر دەست بە کار بین و ئەم ڕەوشە سەرەوژێر بکەین. من ئێستا لەوە تێگەیشتووم کە نابێ لە پێناو دەستەبەر بوونی مافەکانی ژنان، چاوەڕێی شۆڕشێکی سۆسیالیستی لە داهاتوو دا بین، نا، دەبێ هەر ئێستا بۆ باشتر کردنی پێگە و ژیانی ژنان تێبکۆشین. لە ڕاستی دا تەنانەت دەبێ بڵێم کە لە وڵاتانی سۆسیالیستیش دا بە پێچەوانەوەی ئەوەی کە باس دەکرێت، ژنان و پیاوان مافی هاوبەشیان نییە. کەوابوو دەبێ ژنان بە خۆیان، چارەنووسیان بگرنە دەست و هەست بە بەرپرسیارەتی بکەن. زۆرینەی پیاوان لە گەڵ ئازادی و بەرابەری ژنان و پیاوان ناکۆکن و دژایەتی دەکەن. سووکایەتی بە ژنان دەکەن و بە کەمیان دەزانن. ئەو گۆڕانکاریەی کە ئێستا لە دوای نووسینی ئەم کتێبە لە هزری من دا ساز بووە ئەوەیە کە بە پێچەوانەی ئەوەی کە لەوێ دا نووسیومە، ئێستا لە سەر ئەو بڕوایەم کە تەنیا گۆڕانکاری چینایەتی و خەباتی چینایەتی ناتوانێ زەمانەت و گارانتی دەستەبەر بوونی ماف و ئازادیەکانی ژنان بکات و پێگەی ژنان بەرێتە سەر. لە تەواوی سیستەمەکانی کۆمەڵایەتی، چ لە ناو کۆمەڵگاکانی چەپی و سۆسیالیست و چ لە ناو کۆمەڵگاکانی ڕاستگر و سەرمایەداری، پیاو بە کردەوە خەریکە بە سەر ژن دا فەرمان دەدات و دەسەڵاتی بە دەستەوەیە. سەرنجراکێش ئەوەیە کە دوابەدوای بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبەم "ڕەگەزی دوویەم"، لەوە تێگەیشتم کە سۆسیالیستەکان و لایەنگرانی بیری چەپ، بە گەرمی پێشوازیان لێ نەکرد. ئەوەش بوو بە هۆی سەرسووڕمانم. تەنانەت هێندێکیان کەسیان بە منیان دەگووت: "ئێستاکە نابێ بابەتی ژنان زۆر بخرێتە پێش. هەر کات شۆڕشێکی سۆسیالیستی کرا، ئەوسا بە شێوەیەکی سرووشتی، ماف و ئازادیەکانی ژنانیش دەستەبەر دەبێت !!!. هێندێک لە سۆسیالیستەکان بە گاڵتە و گەپەوە باسیان لەوە

*دەکرد کە گۆیا ئەوەی بۆ کارگەر و کرێکارانی ناو کارخانەکان گرینگ نییە، بابەتی ژنانە! منیش وەکوو ئەوان پێم وابوو کە دوابەدوای شۆڕشێکی سۆسیالیستی لە فەرانسە، ژنان بە ئازادی دەگەن، بەڵام ئێستا دەزانم کە وا نییە و بە کردەوە شتێکی وا ڕووی نەداوە."*

کتێبی "رەگەزی دوویەم" نە تەنیا لە وڵاتی فەرانسە، بەڵکوو لە ئاستی هەموو جیهان و بە هۆی وەرگێڕانی کتێبەکە بۆ سەر گەلێک زمانی تر، کاریگەریەکی زۆری دانا و گەلێک لە تێکۆشەرانی بواری مافەکانی ژنان، هەوێنی رامانی تێکۆشانی خۆیان لەم کتێبە وەرگرت. هاوکات ئەم کتێبە دەورێکی بەرچاوی هەبووە لە ساز کردنی گەلێک ناڕەزایەتی و جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی ژنان بو باشتر ناساندنی مافەکانی ژنان. بە جۆرێک کە ئەم بەرهەمە، وەکوو یەکێک لە گەورەترین کتێبەکانی بواری ژنان لە مێژووی تێکۆشانی ئەم رەگەزە بۆ وەدەست هێنانی یەکسانی و بەرابەری دەناسرێت.



دوبووار زۆر بوێرانە لەم کتێبە دا راستیەکان دەخاتە بەرچاو و دەنگی ناڕەزایەتی بەرز دەکاتەوە. لە روانگەی نووسەر، ئەم کتێبە تەنیا بۆ ژنان نەنووسراوە، بەڵکوو هاوکات بۆ ئەم پیاوانەش نووسراوە کە بە هۆی نەزانین و بیرۆکەی دواکەوتوویان لە سەر ئەو باوەڕەن کە ژنان دەبێ وەکوو رەگەزی ژێردەست چاویان لێ بکرێت و حیسابیان بۆ بکرێت. ئەو پیاوانەی کە ئازادی ژنان، وەکوو مەترسیەک بۆ خۆیان دەزانن و لە دژی دەوەستن!

خوێندکارێکی پیاو لە زانکۆ بە سیمۆن دۆ بوواری گوتبوو: "ئەگەر کچێکی خوێندکار ببێتە پزیشک یان پارێزەر، جێگە و شوێنی یەکێک لە پیاوانی گرتووە و پیشەی ئێمەی پیاوی خستووەتە ناو مەترسی!". ئەمەش قسەیەک بووە کە لە زاری خوێندکارێکی پیاو کە لە بواری "ماف" دا وانەی خوێندووە گوتراوە.

سیمۆن دۆ بووار بە چەکی کتێبی "رەگەزی دوویەم" هاتە مەیدانی شەڕ و

بەربەرەکانــی کردن لە بەرامبەر ئەم شــێوازە تێڕوانینــەی ئەم جۆرە پیاوانە و هەروەها ئەم ژنانەی کە ژێردەســتیان وەکوو چارەنووســی داســەپاو پەسەند کــردووە و خۆیان بە کۆیلە بوون ڕازی بوون. بەڵام لەم مەیدانە بەربەرەکانیە دا، چەکــی ســیمۆن دو بــووار، لــە بیرۆکەی زاڵمانــە، دواکەوتووانــە و کۆنی پیاوسالاری زۆر بە هێزتر بوو. هەتا ئێستاش ئەم چەکە بە دەستی زۆر ژنەوە دەبیندرێت و شەڕی پێدەکرێت.

کتێب و بەرهەمەکانی سیمۆن دو بووار:

L>Invitée (1943) (English - She Came to Stay)
Pyrrhus et Cinéas (1944)
Le Sang des autres (1945) (English - The Blood of Others)
Who Shall Die? (1945)
Tous les hommes sont mortels (1946) (English - All Men are Mortal)
Pour une morale de l>ambiguïté (1947) (English - The Ethics of Ambiguity)
Le Deuxième Sexe (1949) (English - The Second Sex)
L>Amérique au jour le jour (1954) (English - America Day by Day)
The Mandarins, (1954)
Must We Burn Sade?, (1955)
The Long March, (1957)
Memoirs of a Dutiful Daughter, (1958)
The Prime of Life, (1960)
Force of Circumstance, (1963)
A Very Easy Death, (1964)
Les Belles Images, (1966)
The Woman Destroyed, (1967)
The Coming of Age, (1970)
All Said and Done, (1972)
When Things of the Spirit Come First, (1979)
Adieux: A Farewell to Sartre, (1981)
Letters to Sartre, (1990)
A Transatlantic Love Affair: Letters to Nelson Algren, (1998)

وەرگێڕانەکان:

Patrick O>Brian was Beauvoir>s principal English translator, until he attained commercial success as a novelist.
Philosophical Writings (Urbana : University of Illinois Press, 2004, edited by Margaret A. Simons et al.) contains a selection of essays by Beauvoir translated for the first time into English. Among those are: Pyrrhus and Cineas, discussing the futility or utility of action, two previously unpublished chapters from her novel She Came to Stay and an introduction to Ethics of Ambiguity.

خەڵاتەکان:

Prix Goncourt, 1954
Jerusalem Prize, 1975



# هەریەت
# بیچێرستۆ

harriet beecher
stowe
1811- 1890

# نووسەری کتێبی "کەپری مامە تۆم"

"جـان گرین لیـف وایتێر" نووسـەری ژیاننامەی "هەریەت بیچێر سـتۆ" بەم جۆرە باسی کەسایەتی ئەوی کردووە:

*" ئەو کەسـێک بوو کە لە سـەردەمی تاریک و گڵاوی ئێمە دا، جەنایەتەکانـی نەتـەوەی خۆی خسـتە ڕوو. ئەم کارەشـی بە هێزێکـی زۆرتـر لـە هێزی پیـاوان و بە پێنووسـێکی تیژتر لە شمشێری ئەوان کرد."*

"ئابراهام لینکۆڵن" بە زمانێکی کەمێک تێکەڵ بە شـۆخی، لە بارەی "هەریەت" دا گوتوویەتی:

*" ژنێکی کورتەباڵا کە جەنگێکی وەها گەورەی داگیرساند!".*

لە ڕاستیش دا کتێبی "کەپری مامە تۆم" کە بەرهەمی هزر و خامەی بە توانای ئـەم ژنە تێگەیشـتووە بوو، ڕێگایـەک بوو لە پێناو کۆتایی هێنان بە شـەڕێکی گەورەش لە ناو خۆی ئامریکا و دەستەبەر کردنی ئاشتی. ئەم کتێبە شەڕی کرد لە دژی ڕامانی کۆیلەداری و شەڕخوازانە و خاڵی کۆتایی لە سیستەمی بە کۆیلە

گرتنی ڕەشپێستەکان دا. لە قۆناغێکدا کە بەشێک لە خەڵکانی ئامریکا لایەنگری بەردەوام بوونی سیستەمی کۆیلەداری بوون و ڕۆژانە مرۆڤی ڕەشپێستیان دەچەوساندەوە، بەشێکی دیکەش لە خەڵکانی ئامریکا خوازیاری دیمۆکراسی و پێوانەکانی مافی مرۆڤ بوون و دژایەتی ئەم سیستەمەیان دەکرد. لەم نێوە دا هەریەت، لە بەرەی دوویەم دابوو، واتا بەرەی دژە کۆیلەداری. شەڕێکی گەورەی خوێناوی نیشتیمانی گەورەی ئامریکای گرتەوە و هەر کەس بە هەڵگرتنی چەک، کەوتە گیانی کەسانی تر. لە هەر شوێنێکی ولات خوێن دەڕژا و دەنگی هاوار بەرز دەبۆوە. هەریەتیش یەکێک بوو لەم کەسانەی کە خۆی گەیاندە مەیدانی ئەم شەڕە، بەڵام ئەو لە جیاتی تۆپ و تفەنگ و چەقۆ و شمشێر، پێنووسی هەڵگرت و ڕۆمانی "کەپری مامە تۆم"ی نووسی. لە ئەنجامیش دا ئەوەی کە سەرکەوت، رامانەکانی هەریەت بوو.



نووسەر لەم کتێبە دا باس لە لایەنەکانی ئەخلاقی دەکات و نیشان دەدات کە کۆیلەداری کردەوەیەکی دڕندانەیە لە دژی نرخەکانی مرۆڤایەتی. وە بەم جۆرە بوو کە کتێبێک توانی کاریگەریەکی سیحراوی و موعجیزەئاسا لە سەر کۆمەڵگاکەی خۆی دابنێت بە جۆرێک کە بە میلیۆنان کەس ئەم کتێبەیان خوێندەوە. لەم نێوە دا ئەوانەی کە هاوبڕوای هەریەت بوون و دژایەتی کۆیلەداریان دەکرد، بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە بڕوایان پتەوتر دەبوو، گەلێک کەسیش لەوانەی کە لایەنگری کۆیلەداری بوون، دوای خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە، بیر و هزری خۆیان گۆڕی و کاریگەری ئەرینیان وەرگرت. تەنانەت بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە ئەم ڕۆمانە، یەکێک بوو لە هۆکارەکانی هاندەری خەڵک بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕ و کۆتایی هێنان بە سیستەمی کۆیلەداری لە ئامریکا.

هەریەت لە "لیچ فیلد" لە بنەماڵەیەکی پڕ هەژمار لە دایک بوو. ئەو حەوتەمین منداڵ بوو لە نۆ منداڵی پیاوێک بە ناوی "لیمەن بیچێر". باوکی هەریەت، یەکێک

بووه لە کەشیشـــەکانی بەناوبانگی ســـەردەمی خۆی. دایکی هەریەت، لە کاتێکدا کـــە هەریـــەت تەنیا پێنج ســـاڵی تەمـــەن بوو، مـــردووە و باوکی بـــە خێرایی و جارێکـــی تر زەماوەندی کردووەتەوە. لـــەم زەماوەندەش خاوەنی چوار منداڵی دیکە بووە.

بەم جۆرە هەریەت سەردەمی منداڵی خۆی لە گەڵ ژمارەیەکی زۆر خوشک و بـــرا تێپەڕانـــد و ئەگـــەر چی باوکی کەســـێکی تووڕە و تەوســـن بـــوو، بەڵام هەریـــەت هەموو کاتێک لە ماڵەوە، هەســـتی بە شـــادی و خۆشـــی کردووە. بە هۆی ئەوەی کە باوکی کەشیش بوو، ئەویش وەکوو خوشک و براکانی هەر لە سەردەمی منداڵیەوە ڕووی لە ئایینی مەسیحیەت کرد و سەرەتا لە ئاکادێمیای "لیچ فیلد" و دواتریش لە خوێندنگای ئایینی "هارت فۆرد" کە لە لایەن خوشـــکە گەورەکەی "کاترین" دامەزراندبوو، وانەی خوێندووە.

لە ساڵی ۱۸۳۲، بنەماڵەکەیان بۆ "سین سیناتی" ماڵیان بار کردووە و لەوێ بۆ یەکەمین جار هەریەت، گەلێک کۆیلە و کۆیلەدار دەبینێ و زیادتر لە هەر کاتێک هەســـت بە ستەم و زۆرداری سیســـتەمی کۆیلەداری دەکات. براکانی هەریەت بـــە هەموو هێزی خۆیانەوە دژایەتی کۆیلەداریەتیان دەکرد و تەنانەت هەریەت جارێـــک لە جـــاران یارمەتـــی کۆیلەیەکی دابوو کـــە لە دەســـتی کۆیلەدارەکەی هەڵاتبـــوو، بەڵام هێشـــتا بیری لە نووســـینی ڕۆمـــان و کتێب لـــەو پێوەندیە دا نەکردبۆوە.

لە ســـاڵی ۱۸۳٦ لە گەڵ کەســـێک بە ناوی "کالوێن ســـتۆ" کە مامۆســـتایەکی قووتابخانـــەی ئایینـــی و لێکۆڵـــەری کتێبی پیرۆز بوو، زەماوەنـــدی کرد. دواتر بەرهەمی ئەم زەماوەند، لە دایک بوونی شەش منداڵ بوو.

دوابەدوای ئەم زەماوەندە بوو کە هەریەت دەســـتی کرد بە نووسینی گەلێک بابـــەت لـــە گۆڤارە ئایینیەکان و بە تایبەتیش لە گۆڤاری "وێســـتێرن" کە مانگانە بـــڵاو دەکرایـــەوە، گوتـــار و بابەتی بڵاو دەکـــردەوە. لە ســـاڵی ۱۸٤۸، یەکەمین ڕۆمانی خۆی لە سەر ناوی "گوڵاڵەکانی مانگی مەی" بڵاو کردەوە کە ئەم کتێبە زۆرتر لە بارەی خووخدە و ئاکارەکانی تاقمێکی پرۆتستان بوو.

لە ساڵی ۱۸۵۰، هاوڕێ لە گەڵ هاوسەر و منداڵەکانی بۆ شاری "برانس ویک" هەڵکەوتوو لە پارێزگای "مین" ماڵیان گواســـتەوە. لەوێ بوو کە هاوســـەرەکەی لە کۆلێجی "بودوئێن" دەســـتی بە کار کرد. هەر لەو ســـاڵە دا بوو کە هەریەت، بڕیارنامەیەکی لە بارەی ئەم کۆیلانە دا بەرچاو کەوت کە بە پێی ئەم بڕیارنامەیە،

ئەم کۆیلانەی کە لە باشــووری ئامریکا هەڵدێن و بۆ گەیشتن بە ژیانێکی ئازاد ڕووو لە باکوری ئامریکا دەکەن، پێویستە لە لایەن خەڵکانی باکوری ئامریکاەوە رادەســتی کۆیلەدارەکانیان لە باشــووری ئامریکا بکرێنەوە. هەریەت بە دیتنی ئەم بڕیارنامەیە زۆر تووڕە بوو. ئەم تووڕەییەش هانی دا کە دەســت بکات بە نووسینی ڕۆمانی "کەپری مامە تۆم" یان "ژیان لەو پەڕی سووکایەتی دا" .

بــۆ یەکــەم جار ئەم کتێبە بە شــێوەی بڕگە بڕگە و هەر جارەو بەشــێکی لە ڕۆژنامەیەکی دژی کۆیلەداری بە ناوی "ناشناڵ ئیرا" بڵاو کرایەوە. خاڵی هەرە دڵتەزێــن و لووتکــەی ئەم ڕۆمانە ئــەو کاتەی کە پیاوێک بە نــاوی "مامە تۆم" بە تاوانی ئەوەی کە شــوێنی خۆ شــاردنەوەی دوو کۆیلەی ڕەشپێست نیشانی کۆیلەدارەکانیان نادات، دەدرێتە بەر قامچی و لێدان و لە ئەنجامیش دا بە هۆی ئەم قامچیانە ژیانی لە دەست دەدات.

لەم کتێبەدا زۆر بە وردی ژیانی کۆیلەداری و کۆیلەکان خراوەتە بەر چاوی خوێنەر و لە راســتیش دا ئەم تراژێدیە تالانە شــتێک نین کە تەنیا دەســکردی خەیاڵــی نووســەر بووبن، بەڵکــو ئەمە ڕەنگدانــەوەی راســتیەکانی ژیانی ئەو سەردەمەی ئامریکا بوو. نووسەر، تەنیا بەشێک لەم راستیانەی خستووەتە سەر لاپەڕەکانــی کاغەز و ئەوپەڕی بێ ڕەحمی و بێ بەزەیی بوونی مرۆڤی خاوەن پووڵ و پارەی سپی پێستی نیشان داوە. هەریەت بە خۆی گوتوویەتی:

*" ئــەوەی کــە من کردوومە لــە کاری نیگارکێشــێک دەچێت کە هەوڵ دەدات راستیەکانی دیمەنێک وەکوو خۆی بکێشێتەوە. من بە کێشــانەوەی دیمەنەکانی ژیانی کۆیلەکانی ڕەشپێست و ئەم فەلاکــەت و بەدبەختیانەی کە بەســەریان هاتووە، بە تایبەتیش بــە هۆی ئەوەی کە لێکۆڵینەوەیەکی زۆرم لەســەریان کردووە، هەوڵم داوە سەرنجی خوێنەر بەرەو ئەم راستیە راکێشم."*

نووســەر هەوڵی نەداوە کە بە پێچەوانەی هێندێک لە نووســەرانی تر هەموو شــتێک ڕەشــی ڕەش یان ســپی ســپی ببینێت. ئەو هەوڵی داوە کە راستیەکان وەک خــۆی ببینێــت و تەنانــەت لە ناو دڵــی کۆیلەدارەکانیــش دا هێندێک جار بەرەزیی دیتووە. بۆ وێنە لە بەشــێک لە ڕۆمانەکەی دا ســێ کۆیلەدار هەن کە دوو کەســیان مێهرەبان و شــەریفن، بەلام کەسی سێیەمیان دڵی بە هیچ شتێک ناســووتێ و بــە تەواوی زاڵم و بــێ بەزەییە. بەم جــۆرە جەوهەری مرۆڤ و هەلومەرجەکانی نیشان داوە.

سەرنجراکێشــە کــە هەریــەت، هەرگیــز چاوەڕوانــی ئــەوەی نەدەکــرد کە ڕۆمانەکەی وا بە گەرمی و لە سەرتاســەری ئامریکا پێشــوازی لێ بکرێت. ئەم کتێبە کە بۆ یەکەم جار لە ســاڵی ١٨٥٢ بڵاو کرایەوە، وەکوو ناوەڕۆکی پڕ لە مانا و کاریگەری، فرۆشــێکی ســیحراوی هەبوو: یەکەمین چاپ کە پێنج هەزار کتێبی لە خۆ دەگرت، تەنیا لە ماوەی دوو ڕۆژ دا، بە تەواوی فرۆشترا و یەک دانەشــی نەمــا. چاپی دوویەم، بیســت هەزار کتێبی لە خۆ دەگــرت کە تەنیا لە ماوەی کەمتر لە سێ حەوتوو دا، بە تەواوی فرۆشترا. بە گشتی دەگووترێ کە لەو کاتەوە زیادتر لە سێ میلیۆن نموونە لەم کتێبە لە وڵاتی ئامریکا فرۆشراوە ! ئەم کتێبە تا ئێســتا چل جاران ســەرلەنوێ بڵاو کراوەتەوە و لە سەرتاسەری جیهان دا، بۆ سەر گەلێک زمان وەرگێڕدراوەتەوە.

*" لانگ فالو" لە ڕۆژنامەکەی دا بەم جۆرەی نووسیوە: "تەماشای ئەم ژنە بکەن کە چۆن بە ڕۆمانێک، هەموو جیهانی هەژاندووە! "*

مێژوونووسێکی ئینگلیسی بە ناوی "توماس مەک کولی" ئەم ڕۆمانەی وەکوو "بەنرخترین ڕۆمانی ئەدەبیاتی ئینگلیسی کە لە ئامریکا بەرهەم هاتووە" ناوزەد کردووە.

" لیئۆن تۆلستۆی"، ڕۆماننوسی بەناوبانگی ڕووس کە لە ئاستی جیهانیش دا ناوبانگی هەیە، ئەم ڕۆمانە بە یەکێک لە رۆمانە گەورەکانی ئەخلاقی ناساندووە و تەنانــەت لە ڕیزی ڕۆمانەکانی گەورەی وەک ڕۆمانی "هەژارەکان" بەرهەمی "ویکتۆر هۆگۆ" و "چیرۆکی دوو شار" بەرهەمی "چارڵز دیکێنز"ی داناوە.

دوابــەدوای بڵاو بوونەوەی ئەم ڕۆمانە، گەلێک شــانۆنامە لە ســەر بنەمای ئەو نووســرا و تەنانەت دەگووترێ کە هەر کات شــانۆکانی "کەپری مامە تۆم" بەڕێوە دەچوون، ساڵۆنەکانی شانۆ پڕ دەبوون لە بینەر.

دیــارە هــاوکات لایەنگرانی کۆیلەداری هەموو کاتێــک نەفرەتیان لەم ڕۆمانە بووە و گەلێک جاریش هێرشــیان کردووەتە ســەر نووسراوەکان و کەسایەتی هەریەت. هاوکات ژمارەیەک نووسەر و ئەدیب و کەسایەتی سیاسیش دەستیان کرد بە رەخنە گرتن لە ڕۆمانەکەی و لە بەرامبەر دا هەریەت لە ســاڵی ١٨٥٣، لــە کتێبێــک دا بە ناوی "کلیلێک بــۆ کەپری مامە تۆم" بەرگــری لە ڕۆمانەکەی خــۆی کرد و ولامی هێرشــکاران و رەخنەگرانی دایــەوە. لەم کتێبە دا جارێکی تر بە هێنانەوەی گەلێک بەڵگە ئەوەی ســەلماند کە رەشپێستەکان ڕووبەڕووی

هەڵسوکەوتێکی زۆر دڕندانە بوونەتەوە و مافەکانیان وەکوو بەشێک لە پەیکەرەی مرۆڤایەتی پێشێل کراوە.
هەریەت بە بێ ئەوەی کە خۆی راستەوخۆ لە هیچ جووڵانەوەیەکی دژ بە کۆیلەداری دا بەشداری کردبێت، کەوتبووە ناو جەرگەی ئەم جووڵانەوانە. بەڵام ئەو پێی وابوو کە ڕێکخراوەکان، چ ڕێکخراوەکانی لایەنگری کۆیلەداری و چ ڕێکخراوەکانی ئازادیخوازانە و دژە کۆیلەداری، هەموویان توندرەون. هەر بۆیەش هەرگیز لە هیچ ڕێکخراوەیەک دا راستەوخۆ جێی نەگرت.
هەریەت دواتر ڕووی کردە مژاری دژایەتی بە کار هێنانی ئەلکۆل و خواردنەوەکانی بێهۆشکەر. هاوکات گرینگی بە مافی دەنگدانی ژنان دا و دەنگی نارەزایەتی خۆی لە پێناو دەستەبەر کردنی مافەکانی ژنان و بە تایبەتیش مافی دەنگدان کە لەو سەردەمە دا قەدەغە بوو، بەرز کردەوە.
لە ساڵی ١٨٥٦ بە نووسینی کتێبێک بە ناوی "چیرۆکی گۆمێکی گەورە" جارێکی تر مژاری کۆیلەداری هێنایەوە بەر باس. دەگوترێ کە ناوەڕۆکی دواترین ڕۆمانەکانی زۆرتر گرێدراوی سەردەمی منداڵی ئەون. ئەو هەروەها چەندین دیوانی هەڵبەست، کتێبی مندالان و بابەت و سەفەرنامەی نووسیوە.
لە ساڵی ١٨٧٠، بەردەوام لە گەڵ نووسەران و لایەنگرانی بەرهەمەکانی دادەنیشت و لەم کۆڕ و کۆمەڵە ئەدەبیانە دا، دەستی دەکرد بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی خۆی. بەم جۆرە بەردەوام ڕووبەڕووی پێشوازی و پێداهەڵگوتنی لایەنگران و نووسەران دەبوویەوە. لە نێوان ساڵانی ١٨٨٠ و ١٨٩٠، واتا لە دواترین ساڵەکانی تەمەنی دا، هێدی هێدی وشیاری خۆی لە دەست دا و لە کۆتایی تەمەنی لە ناو ماڵی "هارت فۆرد" کە بە هۆی فرۆشتنی باشترین ڕۆمانەکەی "کەپری مامە تۆم" سازی کردبوو، ژیانی بردە سەر.



# رۆزا پارکس

## Rosa Parks

1913- 1989

# ژنە پێشەنگی ناڕەزایەتی مەدەنی و خەباتی سڤیل لە ئامریکا

ڕۆزا پارکس، سیمایەکی ناسراوە لە ئامریکا و جیهان. ژنێک کە بە نافەرمانی مەدەنی و بە کردەوەیەکی زۆر سادە، تۆفانێکی ناڕەزایەتی وەڕێخست و لە ئەنجامیشدا توانی یاساکانی ئامریکا و بەشێک لە شێوازەکانی ناڕەوای هەڵسکەوتی کۆمەڵایەتی بگۆڕێت.

بەسەرهاتی ڕۆزا پارکس بەم جۆرە دەستی پێکرد:

لە سەردەمی ئەو، واتا لە ساڵانی ناوەراستی سەدەی بیستەمیش دا، هێشتا زۆر ستەم لە رەشپێستەکان دەکرا. رەشپێستەکان بە کردەوە لە زۆر مافان بێ بەش بوون و زۆر کەسی رەگەزپەرەست بە چاوی مرۆڤ چاویان لێ نەدەکردن. یەکێک لەو ستەمانەی کە لە رەشپێستەکان دەکرا ئەوە بوو کە لە ناو ئۆتوبوسەکان دا، شوێنی ڕەشپێستەکان و سپی پێستەکان جیاواز بوو. مرۆڤی رەش دەبوایە لە ریزێکی ئۆتوبوس و مرۆڤ سپی لە ریزێکی دیکە دانیشتبا. هاوکات کاتێک کە ژمارەی سپی پێستەکان لە ناو ئۆتوبوس دا زیادی دەکرد، مرۆڤی رەش مافی ئەوەی نەبوو کە لە سەر سەندەڵی دابنیشێت لە

کاتێـک دا کە سـپی پێسـتێک بە پێـوە بێت. هـەر بۆیە دەبوایـە مرۆڤی ڕەش تەنانەت لە شوێنی خۆی، واتا لەو شوێنەی کە وەک شوێنی ڕەشەکانی دیاری کرابوو هەسـتابا و جێگەی خۆی بە مرۆڤی سـپی دابا. بەلام ئەم یاسـا نارەوا کۆمەڵایەتیـە چۆن گۆڕا؟ کێ بـوو بە هۆی گۆڕانی؟ پیاوانی ڕەشپێسـت؟ نا... ئـەوە ڕۆزا پارکـس بوو کە بە بێدەنگی و هەڵسـکەوتی هێمنانەی خۆی و بە نا گوتنێکی سادە، ناڕەزایەتیەکی گەورەی نیشان دا. ڕۆزا خۆی بەم جۆرە باسی ئەم ناڕەزایەتیە دەکات:

(ئێوارەیەک لە ڕۆژانی ناوەراسـت مانگی دیسامبری ساڵی ١٩٥٥، لە شاری "مۆنگـرێ" هەڵکەوتوو لە پاریزگای "ئالاباما"، لە پێشـەوەی ئۆتوبوسـێک و لە ڕیزی تایبەتی ڕەشپێسـتەکان دانیشتبووم. سپی پێستەکانیش لە بەشی تایبەتی خۆیان دانیشتبوون. دوای ئەوەی کە ژمارەی سپی پێستەکانی ناو ئۆتوبوسەکە زیادی کرد و جار لە گەڵ جار زۆرتر بوون، هەرجارە و ڕەشپێستێک بە ناچار لە شوێنی خۆی هەڵدەستا و شوێنی دانیشتنی خۆی دەدا بە سپی پێستێک. وای لێهات کە ئیتر جێگایەکی بەتاڵ بۆ دانیشتن نەما و هەموو شوێنەکان گیرانەوە. لەم نێوەدا من هێشـتا لە سـەر سـەندەڵی خۆم نەجووڵابـووم. پێیان گوتم کە منیش دەبێ هەستم و جێگای خۆم بدەم بە سپی پێستێک، بەڵام من ئەم کارەم نەکرد. شۆفیرەکە کە بە خۆی سپی پێست بوو گوتی:

*"خێراکە، هەستە. ئەم سەندەڵیەی پێشەوەی ئۆتوبەسەکە بەتاڵ بکە!"*

بەڵام من هەڵنەسـتام. ئیتر لە خۆبەدەسـتەوەدان و تەسـلیم بـوون ماندوو ببووم.)

لە راستی دا ڕۆزا پارکس بەم کارەی خۆی، دواتر وەکوو دایکی ناڕەزایەتی سڤیل ناوبانگی دەکرد. سیمایەکی ئارام و هێمن کە وەکوو پشکۆیەک لە مۆمێک، ئاگرێکی گەورەی داگیرسـاند و بوو بە هۆی ساز بوونی ڕێپێوانەکانی ساڵانی ١٩٥٠ و ١٩٦٠، بـە هـۆکاری قسـە و کارە سـادەکانی ئـەو بوو کـە زنجیری یاسـاکانی هەڵاواردن و ئاپارتاید، تێکشکا. هەر ئەویش بوو بە هۆی ئەوەی کە ڕێبەرێکی ناسراوی وەک "مارتین لۆتێر کینگ" خۆی نیشان بدات. مارتین لۆتێر کینگی بیسـت و شەش ساڵە کە بە هۆی ڕێپێوانەکانی ناڕەزایەتی بۆ پشتیوانی کردن لە ڕۆزا پارکس، سـینگی خۆی دایە پێش و بوو بە سـیمایەکی ناسراوی خەباتی ئازادیخوازانە و ماف پەروەرانە.

ڕۆزا پارکس لە گوندێکی سەر بە شاری "توسکی گی" هەڵکەوتوو لە پارێزگای ئالاباما لـە دایک بووە. هـەر لە تەمەنی لاویەتـی خۆیەوە لە دژی یاسـاکانی ڕەگەزپەرەستانە و هەڵاواردن دەنگی ناڕەزایەتی هەڵبڕی. باوکی ڕۆزا دارتاش بـوو. دایکیشـی لە ناو یەکێک لـە ژوورەکانیماڵەکەیان، لـەم گوندەی کە لێی دەژیان، وانەی دەگووتەوە. کاتێک کە ڕۆزا تەنیا دوو سـاڵی تەمەن بوو، دایک و باوکی لە یەکتـر جودا بوونەوە. باوکی ڕۆزا بـەرەو پارێزگاکانی باکوری ئامریکا ماڵی گواسـتەوە و ڕۆزاش لە گەڵ دایکی و برا گەورەکەی لە "پین لێویل" ی ئالاباما داگیرسـان. رۆزا دە ساڵی تەمەن بوو کە هەواڵی مردنی باوکی پێ گەیشت و دوای ئەمـەش چوونـە لای پـووری لە شـاری "مونتێگێمری". لەم شارەدابوو کە ڕۆزا لە



بواری پیشەسـازی دا دەسـتی کرد بە خوێندن. هاوکات کە زۆر بواران دا لە وێنـەی "چێشـت لێنان، دروومان، زەنبیـل چنین و ...هتد" پـەروەردەی دیت و کاری کرد. دواتر کە دەسـتی کرد بە خوێندن لە خوولی دواناوەندی، بە ناچار و بە هۆی نەخۆشـی دایکی، دەسـتی لە خوێندن هەڵگرت تا ئاگاداری لە دایکی بکات.

لە ساڵی ١٩٣٢ لە گەڵ "ریمۆند پارکس" ئاشنا بوو. ڕیمۆند کاری سەرتاشین و سـەرچاک کردنی دەکـرد و هاوکاتیش یەکێک بوو لـە چالاکانی مەدەنی بۆ بەرگری کردن لە مافی ڕەشپێستەکان. ئەم ئاشنایەتیە بوو بە هۆی زەماوەند و ژیانێکی هاوبەشیان دەست پێکرد. ڕۆزا دەستی کرد بە فرۆشتنی شت و مەک و درووونەوەی جلوبەرگی خەڵک و لە هەمان کاتیشدا دەرسی دەخوێند. ئاخری لە ساڵی ١٩٣٤ بەڵگەی دیپلۆمی وەرگرت.

لـە سـاڵانی گرانـی و پەرەگرتنی کێشـەکانی ئابـووری لە ئامریـکا، کار و پیشەیەکی ئەوتۆ بۆ ڕەشپێستەکان نەبوو. کار وەدەست نەدەکەوت و ئەگەریش کارێک بە ڕەشپێستێک درابا، کارێکی دژوار و کەم دەرامەد بوو. ڕۆزا لە کتێبی "ژیاننامە"کەی خۆی دا بەم جۆرە باسی ئەم ساڵانە دەکات:

*" ئەگەر ئەتۆ وەکوو ڕەشپێست کەسێکی هێمن و مەتین بووبای و ماستاوت بۆ مرۆڤی سپی نەگرتباوە، مرۆڤی سپی دەیتوانی بە*

*بێ ئەوەی کە هیچ تاوانێکت کردبێت، کێشەی بۆ ساز کردبای و گەلێک تۆمەتی لێدابای. ئەوەندەی ئازار دەدای کە هەموو جارێ تامی مەرگت دەچێشت!".*

ڕۆزا پارکس دواتر پەیوەستی ڕێکخراوی NAACP "کۆڕی نەتەوەیی پێشکەوتنی ڕەشپێستەکان" بوو. لەم ڕێکخراوەیە دا بە ڕادەیەک خۆی پێشخست کە لە نێوان سالانی ١٩٤٥ تا ١٩٥٦ لە بەشی شاری "مۆنتێگێمری" وەکوو بەڕێوەبەری بەشێکی ئەم گرووپە کاری دەکرد. هاوکات ڕۆزا لقی لاوانی ئەم ڕێکخراوەی لە شوێنی تێکۆشانی خۆی وەڕێ خست.

هەموو ئەم پێش زەمینانە کاریگەریەکی ئەوەندە بە هێزیان لە رامان و باوەڕی و کەسایەتی قوورسی ڕۆزا دا ساز کردبوو کە کاتێک لە ئێوارەیەکی مانگی دێسامبری ساڵی ١٩٥٥ لە ئوتوبوس، فشاریان بۆ هێنابوو کە جێگاکەی بدات بە مرۆڤێکی سپی پێست، بە قوورسی لە جێگای خۆی هەڵنەستا و بە بێ ئەوەی هیچ جۆرە توندوتیژیەک لە خۆی نیشان بدات یان دژکردەوەیەکی ناشیاوی هەبێت، بە هێمنی بەرگری لە مافی خۆی کرد و وڵامی "نا"ی بە شۆفیرەکە و داخوازگەرانی دیکە دایەوە. لە ئەنجام دا شۆفیری ئوتوبوس پۆلیسی بانگ کرد و کەلەپچەیان کرد. پۆلیس بە تۆمەتی ئەوەی کە گۆیا ڕێزی لە یاساکانی هاتوچۆ نەگرتووە و ئاسایشی شێواندووە، قۆڵبەستیان کرد و بۆ گرتووخانەیەکی کاتی ڕایانگواست. ڕۆزا بە دانی سەت دۆلار بارمتەی ماڵی و بە شێوەی کاتی ئازاد کرا. بەڵام دواتر لە ڕۆژی پێنجی دێسامبر، بە هەمان تۆمەت دادگایی کرا. لەم نێوە دا تا کۆتایی حەفتە، زیادتر لە حەوت سەت هەزار کەس بە پێشەنگایەتی ڕێکخراوی کۆڕی ڕەشپێستەکان، لە دژی دادگایی کرانی ڕۆزا پارکس ڕێپێوانیان وەڕێ خست. ئامریکا تا ئەو کاتە ڕێپێوانی نارەزایەتی لەم چەشنەی بە خۆی نەدیت بوو. زیادتر لە حەوت سەت هەزار کەس هاتبوونە مەیدان و دەولەتی ئامریکا سەری سوورِما بوو. چۆن ژنێک توانی بووی بە کردەوەیەکی سادە و دادگاییەکی سادە، ببێتە هۆی ساز بوونی وەها تۆفانێک؟! ئایا ئەمە تۆفانێک لە ڕەنج و کین و ئازارێکی گەورەی پەنگ خواردبوو کە بە



بەهانەی ڕۆزا سـەری هەڵدابوو؟! دەوڵەت دەیزانی کە ئەم خەڵکە چی دەوێت، بەلام ئایا تەسـلیمی داخوازەکانیان دەبوو یان دەیتوانی ئەم هەموو کەسـە بە چۆک دا بێنێت؟!

لە ناو ئەم تۆفانە ناڕەزایەتیانە دا بوو کە لاوی ناسراوی شۆڕشگەر "مارتین لۆتێر کینگ" بوو بە سـیمایەک لە سـیماکانی ناسـراوی تێکۆشانی مافخوازانە. لۆتێـر کینگ بۆ پشـتیوانی کردن لە ڕۆزا پارکـس، داوای لـە ڕەشپێسـتەکان کـرد کە بۆ ماوەی ڕۆژێک، هیچ ڕەشپێسـتێک سواری ئۆتوبوس نەبێت و بایکۆتی بکەن. ئەمەش کاتێک بوو کە دادگا، لە بڕیارێکی نادادوەرانە و ناڕەوا دا، ڕۆزا پارکسی بە تاوانبـار زانی بـوو. دادگا بڕیاڕی دابوو کـە ڕۆزا بـڕی دە دۆلار جەریمە بدات و



چـوار دۆلاریـش وەک خەرجـی دادگاکە بـدات. بـەڵام ڕۆزا جارێکی دیکە بە شـێوەیەکی هێمنانە و لەسـەرەخۆ، وڵامی "نا"ی بە کار هێنـا و ئامادە نەبوون هیچ جەریمەیەک لە بەرامبەر کردەوەیەک بدات کە خۆی بە تاوانی نەدەزانی. لە بەرامبەر دا هەم ڕۆزا و هەمیش هاوسـەرەکەی، لە سـەر کارەکانیان دەرکران و بێ کار بوون.

بایکۆت کردنی ئۆتوبوسـەکان لە لایەن رەشپێسـتەکانەوە، لە جیاتی ڕۆژێک ٣٨١ی ڕۆژی خایاند. رەشپێسـتەکان لەم ماوەیە دا بۆ هاتوچۆ کردن لە جیاتی ئۆتوبوس لە کامیۆن کەڵکیان وەردەگرت. یانیش هەر بە چەند کەسان سواری ماشێنێک دەبوون و دەچوونەوە سەر کارەکانیان. تەنانەت زۆر کەس هەبوون کـە بە پێیـان دەچوونەوە سـەر کار و دەگەڕانەوە ماڵەکانیـان. ناڕەزایەتیەکی مەدەنی سـەرکەوتووانە کـە بوو بە مایەی زیانێکی ئابووری گەورە بۆ سـپی پێستەکان و توورەیی زۆرتری رەگەزپەرەستەکان.

لـە ئاکامـی خۆراگری، یەکگرتـن و بەرخۆدانـی ڕۆزا پارکـس و دژبەرانی رەگەزپەرەسـتی، لە سـاڵی ١٩٥٦ دادگای هەرێمی ئامریـکا رایگەیاند کە هەر جۆرە هەڵاواردنێکی ڕەگەزی لە ناو ئۆتوبوسـەکان دا، بە پێچەوانەی یاسـای بنچینەیـی ئامریکایـە. دادگای بەرزی ئامریکا پشـتیوانی لـەم بڕیارەی دادگای هەرێمـی کرد و بە پێـی فەرمانێک کە دەرکرا، هەموو مرۆڤێک بە هەر رەنگ و

ڕەگەزێک، مافی کەڵک وەرگرتنی هاوبەشـیان لە کەرەسـتەکانی هاتوچۆ و بە تایبەتیش ئۆتوبوس هەبوو.

لە راسـتی دا بەسـەرهاتی سواری ئوتوبوس بوونی ڕۆزا پارکس و بایکۆتی هێمنانەی ئوتوبوسەکان لە لایەن رەشپێستەکان، بوو بە هۆی پێشکەوتنی مافی مرۆڤ و گۆڕانکاری لە یاساکانی پارێزگاکانی باشووری ئامریکا.

ڕۆزا کە ئیتر کاری وەدەست نەدەکەوت، لە ساڵی ١٩٥٧ لە گەڵ هاوسەرەکەی بۆ شاری "دیترۆیت" ماڵی گواستەوە و لەوێ دەستی کرد بە کاری دوروومان. لەم نێوەشدا بەردەوام بوو لە تێکۆشانی سڤیل لە پێناو دەستەبەر کردنی مافی رەشپێستەکان.

لە ساڵی ١٩٦٥ بوو بە کارمەندی یارمەتیدەری نوێنەرێکی پارلەمانی ئامریکا بە ناوی "جان کۆنیرێس" و تا سـاڵی ١٩٨٨ کە بوو بە خانەنشین، هاوکاریی ئەم پارلەمانتارە کرد.




لە ماوەی ئەم سـاڵانە دا تا ڕۆژی مردنی، گەلێک کارتـی شـانازی و پیرۆزبایی بۆ رەوانـە کرا و لە لایەن خەڵکەوە، بە گەرمی پێشـوازی لە کەسایەتی ڕۆزا کرا و ڕێزێکی تایبەتی هەبوو. کۆڕی نەتەوەیی بۆ پێشـکەوتنی رەشپێسـتەکان لە سـاڵی ١٩٧٩ بۆ ڕێزگرتـن لـە خەبـات و تێکۆشـانی ڕۆزا پارکس، میداڵیایەکی لە سەر ناوی "میداڵیای سپین گارم" پێشکەش کرد.

لە ساڵی ١٩٨٠ ڕۆزا پارکس، نۆیەمین کەس و یەکەمین ژنێک بوو کە خەڵاتی تایبەتی "مارتین لۆتێر کینگ"ی پێدرا. هەر لەو ساڵە دا بوو کە گۆڤاری "ئابنوس"، بە هۆی خەبات و تێکۆشـانی مافخوازانەی ڕۆزا پارکس لە پێناو مافی مرۆڤ، ڕێزی لێ گرت.

هاوکات جیا لەمانە هەتا ئێسـتاش ئەم ئوتوبوسەی کە ڕۆزا پارکس لە ناوی دانیشـتبوو، لە مووزەخانەیەک راگیراوە و وێنەکانی ڕۆزا لە ناو ئوتوبوسـەکە و بەسـەرهاتەکەی و خودی ئوتوبوسـەکەش، بوونە سیمبۆلێک کە پێشاندەری ڕۆژانی ڕەشی ستەم و هاوکاتیش کرانەوەی دەرگا بەرەو تیشکی ئازادی بوو. ئـەو تیشـکەی کە بـە خەباتی مەدەنی و بـە هێمنی ڕووی لـە ژووری تاریکی کۆمەڵـگای ئـەوان کردبوو. هەمـوو ئەمانەش بە "نا "گوتنـی ژنێک لە بەرامبەر ستەم و نادادوەری، دەستی پێکرد.



# ئێمیلاین پانکهێرست

# Emmeline Pankhurst

1858- 1928

# پێشەنگی نارەزایەتیەکانی ژنان لە ئینگلیس

ئێمێلاین پانکهێرست لە ڕۆژی ٢٥ی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩١٢ لە کاتی پێشکەش کردنی وتارێک بۆ خەڵک لە بارەی مافی دەنگدانی ژنان گوتی:

*" ئێمە وەک خەباتکارانی ژن، خوازیاری مافی دەنگدان و هەڵبژاردنی ژنانین بۆ نوێنەرایەتی کردن لە پارلەمان، هەر بۆیەش ئەرکێکی گەورە دەکەوێتە سەر شانمان. ئەمە یەکێکە لە گەورەترین ئەرکەکان کە تا ئێستا جیهان بە خۆیەوە دیتووە. ئەرک و بەرپرسیارەتی ڕزگار کردنی نیوەی مرۆڤەکانی سەر گۆی زەوی. هاوکات ئەمە ڕێگایەکە بۆ ڕزگار کردنی نیوەکەی تر، واتا پیاوانیش."*

لە ساڵی ١٩٠٣، جووڵانەوەی مافی دەنگدان و بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکان لە وڵاتی ئینگلیس، ڕێکخراوەیەکیان لە سەر ناوی "کۆمەڵەی ژنان و ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی و سیاسی ژنان WSPUکە، بە هەموو هێزی خۆیەوە بەرەنگاری دەولەتی پیاوسالاری سەردەم بۆوە. ئەم ڕێکخراوەیە کە لە

لایەن ئێمێلاین پانکهێرست و کچەکەی بە ناوی "کریستابێل" ڕێبەرایەتی دەکرا، بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لە بەرامبەر یاساکانی نادادوەرانەی دەسەڵات، هێندێک شێواز و ڕێگای توندوتیژیان گرتە پێش. شێواندنی ئاسایشی گشتی یەکێک بوو لە شـێوازەکانی ئەوان. ئەمە شـێوازێکی تاکتیکی بوو تا بەم جۆرە سـەرنجی بەرپرسـیاران و دانەرانی یاسـا لە وڵاتی ئینگلیس بۆ مافی ژنان رابکێشـن و پێیـان حاڵی بکەن کە ژنان بەشـێکی سـەرەکی مرۆڤایەتی پێـک دێنن و دەبێ خاوەنی ماف و ئازادی بن. ماف و ئازادیەک کە پێویسـتە ڕێزی لێ بگیرێت و لە چوارچێوەی یاساکانی فەرمی دا جێگەر بگرێ و دانی پێدابنرێت. دەنگ دانی ژنـان و هەڵبژاردن و بەربژێر بوون، بەشـێک بوو لـەو مافانەی کـە ئێمێلاین پانکهاسـت و هاوڕێیانی پێداگریان لە سەر دەکرد.



لـە گەڵ ئەوەشـدا کـە شـێوازەکانی نارەزایەتی دەربڕینـی ئێمێلایـن پانکهێرسـت و کچەکـەی و هاوڕێیانی، جیا لە هێندێک دەسـکەوتی سـنووردار شـتێکی دیکەی بە دواوە نەبوو، بەڵام ئەم گرووپە کە ناوی "شەڕڤانە پارتیزانەکان"یان لە سەر خۆیان دانابـوو، لـە بـاری سـتراتیژیکەوە توانیان سـەرکەون و لە ئاکامیـش دا ببنە سـێمبۆلێک بۆ مێژووی وڵاتی ئینگلیس و جووڵانەوەی ژنان لە ئاسـتی هەموو جیهان.

ئەمـە جووڵانەوەیـەک بوو کـە ژنانێکی توورەی لە خۆ دەگـرت. ژنانێک کە توورەیی مێژوویی ستەمی ژێر دەستی لە دڵیان دا پەنگی خواردبۆوە و خۆیان ناچار دەدیت کە دەست بکەن بە دژکردەوەی توند و تیژ لە پێناو ماف.

ئێمێلاین پانکهێرست خۆی لە بنەماڵەیەکی پیاوسالار دا لە دایک ببوو. باوکی پیاوێکـی تورە و تەوسـنی دەوڵەمەند بـوو. پیاوێکی کەللەرەق کە لە پیشـەی خزمەتکارییـەوە خـۆی پێگەیانـد بـوو بە جۆرێک کـە دواتر ببـوو بە خاوەن کارخانە.

کاتێک ئێمێلاین پانکهێرسـت بوو بە چواردە سـاڵ، بۆ درێژەدان بە خوێندن، رەوانـەی وڵاتی فەرانسـە کرا و لە شـاری پاریس مایـەوە. دوای گەڕانەوەی بـۆ ئینگلیس، پارێزەرێـک بە ناوی "ڕیچارد پانکهێرسـت" خوازبێنی لێکرد. ئەم پیـاوە یەکێـک بوو لـەو پیاوانەی کە لایەنگری لە ماف و ئـازادی ژنان دەکرد.

بەم شێوەیە ئەوان زەماوەندیان کرد و شەش ساڵی دوای زەماوەندیان، ژیانی ئێمیلایـن بـە کاروبارەکانی ناوخۆی ماڵ و ئاگاداری کردن لە چوار منداڵەکانی خۆی واتا "کریستابێل، سیلڤیا، فرانک و ئادێلا" تێپەڕ بوو.

سەرنجراکێشە کە بیروبۆچوونەکانی ئازادیخوازانەی مێردەکەی بە تایبەت لە پێوەندی لە گەڵ ژنان، بوونە هاندەری ئێمیلاین بۆ دەست پێکردنی ناڕەزایەتی و خەباتێکـی بەرفـراوان و گەورە. ماوەیەک چووە نـاو ڕیزەکانی ڕێکخراوێک بـە ناوی کۆمەڵەی پێشـرەوی سۆسیالیسـتی "فـادوب" و هاوکاتیـش لە گەڵ کـۆڕ و کۆمەڵەکانی سـەربەخۆی کارگەری هاوکاری دەکـرد. هەر لەو قۆناغە دابـوو کە ناوەندێکی تایبەتی بۆ بەرگری کردن لە مافی هەژاران و لێقەوماوان دامەزراند.

دواتر بوو بە ئەندامی شووڕای قووتابخانە. لە ماوەیەکدا کە وەکوو کارمەند لە ناوەندی تۆمارکردن و ئامار گرتنی ئەم کەسـانەی کە لە دایک دەبوون یان دەمردن کاری دەکرد، لەو راسـتیە تێگەیشـت کە مافەکانی ژنان تا چ رادەیەک لە لایەن پیاوانەوە پێشێل دەکرێ و ژنان لە کۆمەڵگا دا تا چ رادەیەک بەدبەخت و بـەش خـوراون. لە ئەنجام دا بەو بەرهەمە گەیشـت کە پێویسـتە ئیتر ژنان زەلیل و لاواز نەبن و هێزیان هەبێت. ژنان پێویسـتیان بە هێزێکی یەکگرتووی سیاسـی هەبوو تـا بتوانن دەنگیان هەڵبڕن و مافەکانیان بسـتێنن. لە روانگەی ئێمیلاین پانکهێرست، ئازادی بە ئاسانی وەدەست نەدەهات، رەنجی دەویست و بۆ رەنج دانیش هێز پێویسـت بوو. بەڵام بۆ بەهێز بوونیش ڕێکخستن پێویست بـوو. ڕێکخسـتنێک کە بتوانێ ژنان لـە دەوری خۆی کۆ بکاتـەوە، مافەکانیان پێ بناسـێنێت، خاوەنی پلان و بەرنامە بێت و سـتراتێژی و تاکتیکی هەبێت، لە هەمـان کات دا ژنان فێری خەبات و تێکۆشـان بکات و دەوڵەتیش ناچار بکات کە یاساکانی زاڵمانەی خۆی بگۆڕێ و چاکسازی لە یاساکانی بنچینەیی دا پێک بێنێت.

لە سـاڵی ۱۸۸۹، ئێمیلاین پانکهێرسـت پێنجەمین منداڵی بە دونیا هێنا، بەڵام ئـەم منداڵـەی نەژیا. ماوەیەک لە ماڵـەوە کەوت و دوای هەسـتانی بڕیاڕی دا کـە هاوڕێ لە گەڵ ژمارەیەک لە دۆسـتان و هاوڕێیانـی خۆی، ڕێکخراوەیەک لە سـەر ناوی "کۆمەڵەی ئازادی ژنـان" دابمەزرێنێت. ئەم ڕێکخراوەیە لە پێناو ئازادی ژنان، دامەزرا.

هاوسـەرەکەی بە هەمـوو هێز و توانای خۆیەوە پشـتیوانی لـە ئێمیلاین و

هاوڕێیانی دەکرد و کاتێکیش کە لە ساڵی ١٨٩٨ هاوسەرەکەی ئێمیلاین مرد، یەکێک لە گەورەترین هاندەران و پشتیوانانی تێکۆشانی خۆی لە دەست دا. بەڵام خەفەتی تەنیایی و لە دەست دانی ئەم پشتیوانە گەورەیە، نەبوونە ئاستەنگی لە پێش تێکۆشان و بیروباوەڕەکانی ئەو. هەر چەند بۆ ماوەیەک ڕێژەی تێکۆشان و خەباتی کەم کردەوە، بەلام دواتر کە یەکێک لە کچەکانی واتا "کریستابێل" کەوتە ناو هێڵی چالاکی سیاسی و خەبات لە پێناو مافی ژنان، ئەویش جارێکی دیکە بەخۆی دا هاتەوە و دەستی کردەوە بە درێژەدان بە ڕێبازی پێشووی خۆی.

لە گەڵ ئەوەشدا کە خۆی سەرەتا بە ناسینی ڕامانی چەپی و سۆسیالیستی باشتر لە بابەتی ئازادی ژنان نزیک ببوویەوە، بەلام خەمساردی ڕێکخراوە چەپی و سۆسیالیستەکان لە مەڕ بابەتی ئازادی ژنان لە ئینگلیس، ببووە هۆی ئەوەی کە بە تەواوی لەوان دڵسارد بێت. هەر بۆیە بە خۆی قۆڵی لێ هەڵماڵی و لە جیاتی ئەوەی کە ڕێکخراوەیەکی ژنان وەکوو لقی یەکێک لەو پارت و حیزبانە ساز بکات، ڕێکخراوەیەکی سەربەخۆ و تایبەت بە ژنانی لە سەر ناوی "ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی و سیاسی ژنان WSPU" دامەزراند. بنیادنەران و یەکەمین ئەندامەکانی ئەم ڕێکخراوەیە، سەرەتا لە ژنان پێک دەهاتن و ئامانجی سەرەکیان دەستەبەر کردنی ماف و ئازادیەکانی ژنان بوو.

یەکێک لە هاوخەباتان و ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەیە بە ناوی "ئێمیلین پیتویک لاوێرسۆن" لە پێوەندی لە گەڵ سەرلەنوێ دەستبەکار بوونەوەی ئێمێلاین پانکهێرست دا بەم جۆرەی نووسیوە:

> *" ئێمێلاین پانکهێرست بە جۆرێک هەڵسوکەوتی دەکرد کە وەک بڵێی بە شێوەی غەریزی، هەستی بەو ئەرکە گەورەیە کردبوو کە لەسەر شانی بوو. خووخدە و هەڵسکەوتی بە جۆرێک بوو کە دەتگوت بە مرۆڤێکی بێ نموونەیە. ئەو دەیتوانی لە سەر سەکۆی شانۆ، دەوری شاژنێک بگێڕێت. بە هۆی کێشەکانی سەردەم و ژیان، تا ئەو کاتە نەیتوانی بوو کە دەوری خۆی بە باشی بگێڕێت. بەڵام کاتێک کە کچەکەی واتا کریستابێل دەستی بە خەبات و تێکۆشان کرد، ئەویش جارێکی تر هاتەوە مەیدان. وەک بڵێی ئاگرێک لە بن خەڵووز مابوو کە لە ناکاو گەشایەوە و سەرلەنوێ کڵپەی دایەوە."*

ڕێکخـراوی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی ژنان، متمانە و بـاوەڕی بە هیچ کام لە حیزب و لایەنەکانی وڵاتی ئینگلیس نەبوو، هەر بۆیە داوای دەکرد کە ڕاستەوخۆ و بـە بێ ڕاوەسـتان، پارلەمانی ئەم وڵاتە مـاف و ئازادیەکانی ژنان بە فەرمی بناسـێ و پەرەیان پی بدات. ئەندامانی ئـەم ڕێکخراوەیە بۆ بە چۆک دا هێنانی دەوڵـەت و ناچار کردنی بەرپرسـیارانی بێ خەیاڵ کـە ئامادە نەبوون گوێ لە وتەکانـی ژنانی ئازادیخواز رابگرن، دەسـتیان کرد بە چالاکیەکانی تێکدەرانەی کۆمەڵایەتی لە وێنەی شێواندنی ڕێپێوان و میتینگی هەڵبژاردنەکانی پارلەمان.

لـە سـاڵی ١٩٠٨، ئێمێلاین پانکهێرسـت وەکوو تیئۆریسـتەنێکی ڕێکخراوی کۆمەلایەتی و سیاسی ژنان، ڕێگە و شێوازی توندتری گرتە پێش. ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەیە دەستیان کرد بە شکاندنی شووشـە و پەنجـەرەی گـەڕەک و ناوەندەکانی ناوەراستی شاری لەندەن. هاوکات دەسـتیان کرد بە سووتاندنی نامەکانی ناو سـەندووقەکانی پۆست و تەنانـەت چەندیـن خانووبەرەیـان ئاگـر دا. هەڵبەت ئـەو خانووانەی کە ئاگریـان دەدان خەڵکـی تێـدا نەبوو. لـە گەڵ ئەوەشـدا کـە کردەوەکانیان زیانێکـی زۆری مادی بـە دواوە بوو، بەڵام ئەوان ئامانجیان ئەوە نەبوو کە زیانی گیانی بە کەس بگەیەنن.



ئێمێلاین پانکهێرسـت، خۆی باسی لـەوە کـردووە کـە ئامانجیـان لـەم کردەوانە، بە تایبەت بە ڕێگای شـکاندنی شووشـەکان، شـێواندنی ئاسایشـی بەشێک لە ئینگلیستان و ژیانی ئینگلیسیە و شکاندنی شووشەکانیش دەربڕینێکی مۆدێرنی ناڕەزایەتیە. لە ڕوانگەی ئەو ئەگەر شووشـە وەکوو کەرەستەیەک و بەشـێک لە ژیان بۆ دەوڵەتی ئینگلیس نرخی هەیە، ئەوا ژنانیش وەکوو مرۆڤ و بەشـێکی سـەرەکی لە کۆمەڵگای ئینگلیس، لە ژیانی هاوبەش لە گەڵ پیاوان دا بەشدار و شەریکن و نرخ بۆ خۆیان و مافەکانیان دادەنێن. هەر بۆیە دەبێ یاساش ڕێزیان لێ بگرێ و نرخیان بۆ دابنێت.

بەڵام وەک پێشبینی دەکرا، دەوڵەتی ئینگلیس وڵامی ئەم چالاکیانەی بە گرتن و زیندانی کردنی چالاکڤانانی دایەوە. ئێمیلاین پانکهێرست، یەکیک بوو لەم زیندانیانە. ئێمیلاین لە ساڵی ١٩٠٨، بۆ یەکەم جار بە تۆمەتی شێواندنی ئاسایشی گشتی و لە راستیش دا بە تاوانی ئەوەی کە ویستبووی دەنگی ناڕەزایەتی لە پێناو مافی ژنان بگەیەنێتە گوێی هەموو لایەک، دەسبەسەر و زیندانی کرا. بەڵام ژنانی زیندانی کراو، لە زیندانیش دا دەستیان هەلنەگرت. ئەوان لە چوارچێوەی بەرتەسکی زیندانیش دا دەنگی ناڕەزایەتیان هەڵبڕی و دەستیان کرد بە مانگرتن لە خواردن. مانگرتنێکی بە کۆمەڵ کە ببووە مایەی نیگەرانی کاربەدەستانی دەوڵەت و هەر بۆیەش ئەوان بە ڕێگای بەرپرسیارانی زیندان، ژنانی مانگرتوویان ناچار دەکرد کە بە زۆری مانگرتنەکەیان بشکێنن و نانیان پێ دەخواردن. لەم نێوە دا گەمەیەکی سەیر و سەمەرە دەستی پی کردبوو. ئەو ژنانەی کە حاڵیان خراپ دەبوو یان ناچار دەکران کە دەست لە مانگرتن هەڵبگرن و نانیان دەرخوارد دەدان، دوای چاک بوونەوە یان دوای ئەوەی کە کەمێک هێزیان دەگرت، جارێکی تر و سەرلەنوێ دەستیان دەکردەوە بە مانگرتن. هەر بۆیەش ئەم جەغزی مانگرتنە بەردەوام ببوو بە کێشە و سەرئێشەیەکی سەرەکی بۆ بەرپرسانی زیندان و کاربەدەستانی دەوڵەت.



ئاگردان و سووتاندن و ناڕەزایەتی بە شێوازی توندوتیژی لە لایەن ژنان، لە ساڵی ١٩١٤ەش بەردەوام بوو. لەو ساڵە دابوو کە پلانێک لە سەر ناوی "پلانی ئاشتی" هاتە ئاراوە. بە گوێرەی ئەم پلانە ژنان مافی دەنگدانیان پێ دەدرا، بەڵام ژنانی هەژار و ژنانی کارگەر، لە مافی دەنگدان بێ بەش بوون. ئەوەش بەو مانایە بوو کە ئامانجەکانی ئێمیلاین پانکهێرست، بە تەواوەتی وەدی نەهاتبوو. لە گەڵ هەموو ئەمانەش دا دەولەتی ئینگلیس، لە پاش کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی لە بەرامبەر داخوازەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ژنان بە چۆک داهات و بڕیاری دا کە مافی دەنگدانی هەموو ژنان لە وڵاتەکەی بە فەرمی

بناسێت.

لــە ســاڵی ١٩١٨، مافی دەنگــدان و بەربژێر بوون بە هەموو ئــەم ژنانە درا کە تەمەنیان لە ســەرووی سی ســاڵ بوو. ئەم یاسایە تا سالی ١٩٢٨، واتا ئەم ســالەی کە ئێمیلاین پانکهێرســت مرد، درێژەی هەبوو. ئەم یاسایە لەم ساڵە دا گۆڕا و بە گوێرەی یاسای نوێ مافی دەنگدان و بەربژێر بوونی ژنان و پیاوان، لە هەموو بوارەکانەوە، ئیتر وەکوو یەکتر بوو.

ئێمیلاین پانکهێرست و هاوڕێیانی لە ئاکام دا سەرکەوتن و ئەم دەسکەوتانە بەرهەمی خەباتی ئەوان و کەســانی هاوشــێوەیان بوو. بــەلام کاریگەریەکانی ئــەم خەباتە تەنیــا بە وڵاتی ئینگلیس ســنووردار نەبوو. ئێمیلاین پانکهێرســت بوو بە نموونەیەک لە تێکۆشــانی مافخوازانە بۆ ژنانی ئامریکا و گەلێک ولاتی دیکــە لــە جیهــان. ئەو نرخی ئــازادی دا و تەنانەت ژیانی خــۆی و کچەکەی و هاوڕێیانی خســتە مەترسیەوە، بەڵام ئازادی ئەو نرخەی هەبوو بۆیان، بۆیەش سەرکەوتن.



# لێنی ری
# فێن ستاڵ

# Leni Riefenstahl
1902- 1995

# یەکێک لە گەورەترین دەرهێنەرانی ژن لە بواری سینەما لە جیهان

زۆر کـەس لە سـەر ئەو بـاوەڕەن کە "لێنی ری فێن سـتاڵ" یەکێک بووە لە گەورەترین دەرهێنەرانی ژن لە بواری سینەما دا.
لێنی لە سـەردەمی دەسـەڵاتداریەتی ئاڵمانی نازی گەلێـک بەرهەمی تایبەت و بە هێزی سـینەمایی هەبوو کە بە هۆی فیلمەکانی ئەو، بانگەشـە دەکرێ کە دیکتاتـۆری ئاڵمانی "ئادۆڵف هیتلێر" سـەرکەوتنی زۆرتری وەدەسـت هێناوە. هـەر بۆیەش ئەم دەرهێنەرە ژنە بەوە تۆمەتبار دەکرێت کە بە ڕێگای هونەری سـینەما، یارمەتی سـەرکەوتنی نازیست و ڕەگەزپەرەسـتەکانی ئاڵمانی داوە. لـە گـەڵ ئەوەش دا کە "لێنی ری فێن سـتاڵ" هەرگیز نەبـوو بە ئەندامی پارتی "ناسـیۆنال سۆسیالیسـت"ی ئاڵمان کە هیتلێر سـەرۆکایەتی دەکـرد، بەڵام بە تایبەتی بە هۆی سـاز کردنی فیلمێک بە ناوی "سـەرکەوتنی ئیرادە" کە باس لە هێندێک ڕووداوی ساڵی ١٩٣٤ دەکات، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لایەنگری لە بۆچوونەکانی نازیسم کرد. بەڵام بە هەر حال ئەوەی کە بە ڕوونی دیارە ئەوەیە کە ئەم فیلمە، یەکێکە لە بە هێزترین فیلمەکانی مێژووی سـینەمای سـەردەمی

خـۆی. هــەر چەند بابەتــی جێگەی ڕەخنە لە بواری ناوەڕۆکەوە لە ســەر ئەو فیلمە زۆرە و تەنانەت هێزی هونەری بە رادەیەک لە سەرە کە "ئادۆڵف هیتلێر" دەگەیەنێتە پلەی خودایی و ڕێز لە ئیدە و رامانی نازیستەکان دەگرێت.

"لێنــی ری فێن ســتاڵ" دواتر بــە هۆی تێکەڵ کردنی هونــەری بەرزی خۆی لــە گەڵ ئەم رامان و تێڕوانینانە کە کوشــتاری میلیۆنان کەس و لە ناوچوونی ئوروپــای لــێ کەوتــەوە، بۆ مــاوەی زیادتر لە پەنجا ســاڵ لە شــوێنی ژیانی دوورخرایەوە.

لێنی، کچی کابرایەکی بازرگان بوو کە لە شاری بێرلین کاری دەکرد. لێنی لە ناو بنەماڵەیەکی مام ناوەندی کە بەرڕەی خۆیان لە ئاو دەکێشا، پێ گەیشتووە و ژیانێکــی تــا رادەیەک ئاســوودەی هەبــووە. لێنی هەر لە تەمەنــی منداڵیەوە وەرزشــی کــردووە و بە تایبەتیش مەلەوانێکی باش بووە و لە ژیمناســتیکیش دا گەلێک ســەرکەوتوو بووە. بەڵام لە هەموو شــتێک زیادتر حەزی لە شانۆ و هاوکاتیش ســەما کردن بووە. دوای کۆتایــی هێنانی خولی خوێندن لە زانکۆی "هونەرەکانی جوان" لە ئاکادێمی بێرلین، دەستی کرد بە فێر بوونی سەمای باڵە و لە ساڵۆنی شانۆی "ماکس راینهارد" سەمای کرد.

لە تەمەنی بیســت و چوار ســاڵەیی دا بوو بە مامۆستایەکی سەمای باڵە و لە سەرتاســەری ئوروپا لە بواری پلان و بەرنامەکانی ســەمای باڵە دا هاوکاری دەکرد. دوابەدوای ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٢٤ بە هۆی برینێکی قووڵ کە لە کاتی ســەما کردن تووشــی ببوو، لە جێگە هەســتایەوە، ئیتر جارێکی تر نەچوویەوە ســەر سەکۆی ســەما کردن و بە یەکجاری دەســتی لەم هونەرە هەڵگرت. لەو کاتانە دابوو کە لێنی، یەکەمین "فیلمی چیایی" تەماشــا کرد. مەبەســت لە فیلمی چیایی لە زمانی ئاڵمانی دا، ئەو فیلمانەیە کە بەسەرهاتی ئەویندار لەخۆ دەگرێت و ئەم ڕووداو و بەسەرهاتانەش لە ناو هەرێمە چیاییەکان ڕوو دەدەن. زۆربەی ئەم فیلمانە ناوەڕۆکێکی خەیاڵی و پڕ لە هەستیان هەیە.

لێنی بە دیتنی ئەم فیلمە بە رادەیەک راکێشی هێز و هونەری سینەما بوو، کە لــە ماوەیەکی کەم دا خۆی گەیاندە لای دەرهێنــەری فیلمەکە بە ناوی "ئارنۆڵد فێنک" کە لە ولاتی ســویس دەژیا. ئارنۆڵد کە دواتر بوو بە مامۆســتای لێنی، لە هیندێک لە فیلمەکانی دا، دەوری پێ دا.

یەکەمین فیلم کە "لێنی ری فێن ستاڵ" دەوری تێدا گێڕا، فیلمێک بوو بە ناوی "لووتکەکانــی چارەنــووس". ئەم فیلمە لە ســاڵی ١٩٢٦ بەرهــەم هاتووە. بەڵام

خەیـاڵ و ئامانجەکانــی لێنی زۆر لەوە گەورەتر بوو کە تەنیا لە هێندێک فیلم دا دەوری سادە بگێڕێت. هەر بۆیەش، دوای ئەوەی کە هێندێک ئازمونی لە کاری دەورگێــڕان و دەرهێنان وەرگــرت، ئەمجارەیان بە خۆی قۆڵــی لێ هەڵماڵی و بناغەی ناوەندێکی فیلمگرتن دانا. یەکەمین فیلم کە لە لایەن "لێنی ری فێن ستاڵ" بەرهەم هات، فیلمێک بوو بە ناوی "تیشــکی شــین" ! ئەمە یەکەمین فیلم بوو کە ئەم ژنە ئاڵمانیە بەرهەمی هێنا و تەنانەت دەوری کەســایەتی سەرکی تێداگێرا. ئەم فیلمە سەرنجی زۆر کەسان و بە تایبەتیش دیکتاتۆر "ئادۆڵف هیتلێر"ی بۆ لای خۆی راکێشا کە تازە لە ئاڵمان دەسەڵاتی گرتبووە دەست.

لێنی لەو فیلمەدا دەوری کچێک دەگێڕێت کە بێژوویە. ئەم کچە لەم شەوانە دا کە مانگ تەواو پڕە، بە تیشکی شینی مانگ دا هەڵدەچێ کە ئەمەش ئاماژەیەکە بــۆ ئامانج و هیواکان... وە کاتێک کە "یونیتا" (ناوی لێنی لەم فیلمە دا) دەمرێت، لێنی بانگەشــەی ئەوە دەکات کە ئەم فیلمە بە جۆرێک لە جۆران، چارەنووســی خۆیەتی.

"لێنی ری فێن ستاڵ" هونەرمەندێکی ئیدەئالیست بوو کە لە مێشکی دا هێندێک ئامانجی بەرزی هەبوو. هەر ئەوەش بوو کە بە ئاســانی کەوتە ناو گێژەڵۆکەی سیاسەت و پەلکێشی نازیەکان بوو. کاتێک دوای کۆتایی هێنانی فیلمی "تیشکی شــین" گەڕایــەوە شــاری بێرلیــن، بــۆ یەکەمین جار لــە کۆبوونــەوەی پارتی "سۆســیال ناسیۆنالیست" دا بەشداری کرد. لەم کۆبوونەوەیە دا لێنی رایگەیاند کــە دان بەوە دادەنێت کە لە ژێر کاریگەری هێز و کەســایەتی "ئادۆلف هیلتێر" بووە ! زۆری پێنەچوو کە هیتلێر داوای لێکرد کە فیلمێک لە سەر کۆبوونەوەی "نۆرمبێرگ" لە ساڵی ١٩٣٤ بەرهەم بێنێت.

لێنــی بــە خێرایــی ئەم داخــوازەی هیتلێر پەســەند دەکات و دەســت بە کار دەبێــت. هاوکات داوا لە هیتلێر و بەرپرســیارانی دیکــەی ئاڵمانی دەکات تا لێی گەڕێن بە کەیفی خۆی و بە پێی داخوازی خۆی ئەم فیلمە ســاز بکات و تەواو ســەربەخۆیی هەبێــت لە پلان داڕشــتن و فیلم هەڵگرتن دا. ئــەم داخوازەش لە لایەن کاربەدەســتانی ئالمان پەسەند دەکرێت. بەم جۆرە لێنی دەست دەکات بە بەرهەم هێنانی فیلمێکی تەواو هونەری کە لە ژێر پەردەی هونەر، راســتەوخۆ و ناراســتەوخۆ پڕۆپاگەندە بۆ بیرۆکەیەکی مەترســیداریش دەکات. واتا بیر و بۆچوونی رەگەزپەرەســتانەی نازیسم ! بۆ وێنە لە یەکێک لە سکانسەکانی ئەم فیلمە داکە دواتر ناوی "ســەرکەوتنی ئیرادە"ی لە ســەر دانا، فڕۆکەی هەڵگری

ئادۆڵف هیتلێر نیشان دەدات کە لە ناو هەورەکان دایە و هێدی هێدی دەنیشێت. ئەم سکانسە راستەوخۆ پڕۆپاگەندە بۆ کەسایەتی هیتلێر دەکات کە لە ئاڵمانی ئەو سەردەمە کە خەڵکانێکی زۆر دەیانپەرەست و ناوی "پێشەوا"یان لە سەر دانابوو.

لە ساڵی ١٩٣٦، کاربەدەستانی ئاڵمانی ئەرکی ساز کردنی فیلمێک لە سەر کێبەرکێی جیهانی "ئۆلیمپیک"یان خستە سەر شانی لێنی. بەم جۆرە بوو کە "لێنی ری فێن ستاڵ"، یەکێک لە باشترین فیلمەکانی بەڵگەیی لە بواری وەرزش و بە تایبەت تۆمار کردنی کایەکانی نێونەتەوەیی ئۆلیمپیک کە لەم ساڵە دا لە وڵاتی ئاڵمان بەڕێوە چوو، بەرهەم هێنا.

لێنی لە کاتی ساز کردنی ئەو فیلمە دا، فەرمانی وەزیری پڕۆپاگەندەی ئاڵمان "جۆزێف گوبێل"ی خستە ژێر پێ کە گوتبووی: "دەبێ لە بەشی یەکەمی فیلمەکە دا، دیمەنی رەشپێستێک بە ناوی جۆس ئۆنێز کە لە بواری وەرزشی هەڵاتن لە ئاڵمانیەکان سەرکەوتووترە، لا ببردرێت و پاک بکرێتەوە!". بەڵام لێنی سەرەڕای ئەوەی کە لایەنگری لە هیتلێر دەکرد و بە ڕێگای هونەری بە هێزی خۆیەوە پڕۆپاگەندەی بۆ دەکرد، لە بواری هونەریشەوە پێداگری لە سەر دەست ئاواڵە بوون و سەربەخۆیی دەکرد.



سەرەڕای ئەمانە ئەم فیلمەش پڕۆپاگەندەیەک بوو لە پێناو پێشخستنی بیری رەگەزپەرەستانەی نازیەکانی ئاڵمانی. لەو فیلمەش دا هەوڵ دراوە کە وەرزشکارەکانی ئاڵمانی گەورەتر و بەهێزتر لە رەگەزەکانی دیکەی جیهان نیشان بدرێن و رەگەزی ئاریایی بە رەگەز و نیژادی سەرکەوتوو بناسێندرێت ! بەو حاڵەش ئەم فیلمە لە ساڵی ١٩٣٨ خەڵاتی گەورەی فێستیڤاڵی وینیزی وەدەست هێنا.

دەستپێکی شەڕ، کۆتایی کاری لێنی بوو تا کۆتایی شەڕەکە. بە هۆی شەڕ ئیتر نەیتوانی درێژە بە ساز کردنی فیلمی دیکە بدات ودوای کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانی دوویەمیش کە ئاڵمان شکەستی هێنا و خۆی بە دەستەوە دا،

"لێنی ری فێن ســتاڵ" بۆ ماوەی چوار ســاڵان، لە لایەن فەرانســەویەکانەوە بە دیل گیرا و زیندانی کرا. دوای چوار ساڵ زیندان، ئازاد کرا و تۆمەتی هاوکاری نازیەکانی لە سەر هەلگیرا.

لە ساڵی ١٩٥٤ فیلمێکی لێنی بە ناوی "تایفلاند" کە ناوەڕۆکی شەڕی ناوخۆیی سپانیا لە خۆ دەگرێت، پێشان درا و لە لایەن ڕەخنەگرانەوە بە گەرمی پێشوازی لێ کرا. ئەوە لە کاتێکدابوو کە ئەم فیلمە، فیلمێکی نیوەچڵ و ناتەواو بوو.

لە ســاڵی ١٩٥٦ فیلمێکی بە ناوی "بلاک کارگۆ" لە ســەر ئەم ڕەشپێســتانەی کــە لــە ئافریقاوە بە کۆیلەتی دەگیران، لە ولاتی "ئیتیۆپی" ســاز کرد. بەڵام ئەو فیلمەش هەرگیز بە تەواوی ســاز نەکرا و کۆتایی پێ نەهات. لە راســتی دا بە هۆی ئەوەی کە پێشتر هاوکاری لە گەڵ نازیستەکان کردبوو، هەرگیز نەیتوانی جارێکی تر پلان و پڕۆژەکانی سینەمایی خۆی پێش بخات. لە ئەنجام دا ڕووی لە کاری وێنەگری کرد و وەکوو وێنەگرێکی ژن لە گەڵ شــاندێکی وێنەگری لە ئافریقا دەستی بە کار کرد.

لە ساڵی ١٩٧٣ کۆمەڵێک لەم وێنانەی ئافریقای لە کتێبێکدا بە ناوی "دواترین نۆبا" بڵاو کردەوە کە بوو بە هۆی ئەوەی کە جارێکی تر ناوبانگ دەربکاتەوە. ئــەم ناووناوبانگە بە بڵاو کردنەوەی هێندێــک کتێب-وێنەی تر هەروا بەهێزتر بــوو. ئەم کتێبانــە بریتی بوون لەمانــە: "خەڵکی کائۆ" بەرهەمی ســاڵی ١٩٧٦، "باغەکانی مەرجانی" بەرهەمی ســاڵی ١٩٨٧، و "ئافریقای من" بەرهەمی ســاڵی ١٩٨٢.

لە ساڵی ١٩٩٤ کتێبی بیرەوەریەکانی بڵاو کردەوە.

گەورەترین شــاکاری"لێنی ری فێن ســتاڵ" فیلمی "ســەرکەوتنی ئیرادە" بوو. فیلمێکــی خەیاڵاوی و بەهێز کە ژەهــری ئیدیۆلۆژی تێکەڵ بە هەنگوینی هونەر کردبوو. بە وتەی یەکێک لە ڕەخنەگرانی ســینەما، ئەم بەرهەمەی لێنی وەکوو کۆشــکێکی گەورە بوو پڕ لە نەقش و نیگار و پێچ و خەمی جوان، کە هاوکات ئێمەی وشــیار دەکردەوە کە هێندێک جار جوانی دەتوانێ مرۆڤ لە داو بخات. لێنی ئەو هێزەی هەبوو، هێزی جوان ناسانەی سازکردنی دیمەنی هونەرمەندانە و جــوان. وە لــە ناخی ئەم جوانیە دا، لێنی توانایی ئــەوەی هەبوو کە ئەو ئیدە و رامانــەی خۆی بڕوای پێیەتی یان دەیهەوێ خەلکی بۆ لای پەلکێش بکات، بە ڕێگای هونەرەکەی بگەیەنێتە ناو هزری بەرانبەر و کاریگەری لە سەر دابنێت. ســەرەڕای هەموو ئەمانە لێنی دوای تێکشــکانی ئاڵمان، ڕووبەڕووی گەلێک

ستەم هاتەوە. بەو جۆرەی کە پێویست بوو ڕێزی لێ نەگیرا و دەرفەتی درێژە دان بە کاری سینەمای پێ نەدرا. ڕۆژنامەی "لوس ئانجلێس تایمز" لە یەکێک لە راپۆرتەکانــی دا ئاماژەی بەوە کردبوو کە ڕێبەرانی جوولەکەی ئامریکا، کاتێک زانیبوویان کە "هۆلیود" دەیهەوێت ڕێوڕەســمێک بۆ ڕێز گرتن لە هونەرمەندی گــەورەی ژن "لێنــی ری فێن ســتاڵ" وەڕێ بخات، ناڕەزایەتیان نیشــان دابوو. ئــەوان لەوە داخدار بوون کە جوولەکەکان، وێرای میلیۆنان کەســی تر ببوونە قووربانی سیاسەتەکانی هیتلێر، واتا کەسێک کە سەردەمانێک بە ڕێگای هونەر و هێزی سینەمایی ئەم ژنەوە، سیمایەکی خودایی لێ ساز کرابوو.

بــە هەر حــاڵ "لێنی ری فێن ســتاڵ"، هەر چۆنێکی بیر کردبێتــەوە و رامانی هەر چییەک بوو بێت، یەکێک بووە لەو ژنانەی کە هێزێکی سەیروسەمەرەی لە بواری ســینەما و فۆتۆگرافی دا هەبووە و مۆری خۆی لە مێژووی ئەم بوارانە دا داناوە.

ئــەو فیلمانەی کە لێنــی دەوری تێداگێڕاون یانیش بەرهەمــی هێناون بریتین لەمانە:

1925- Wege zu Kraft und Schönheit (Ways to Strength and Beauty)
1926- Der heilige Berg – (The Holy Mountain)
1927- Der große Sprung – (The Great Leap)
1928- Das Schicksal derer von Habsburg
1929- Die weiße Hölle vom Piz Palü – (The White Hell of Pitz Palu)
1930- Stürme über dem Mont Blanc – (Storm over Mont Blanc)
1931- Der weiße Rausch – Neue Wunder des Schneeschuhs
1932- Das Blaue Licht – (The Blue Light)
1933- S.O.S. Eisberg
Der Sieg des Glaubens – (Victory of Faith)
1935- Tag der Freiheit: Unsere Wehrmacht – (Day of Freedom: Our Armed Forces)
Triumph des Willens – (Triumph of the Will)
1937- Wilde Wasser
1938- Olympia 1. Teil – Fest der Völker – (Festival of Nations)(uncredited)
Olympia 2. Teil – Fest der Schönheit – (Festival of Beauty)

1954- Tiefland – (Lowlands)
2002- Impressionen unter Wasse

بەرهەمەکانی فۆتۆگرافی لێنی بریتین لەمانە:

The Last of the Nuba.
The People of Kau.
Vanishing Africa.
Africa.
Riefenstahl Olympia.

نووسراوەکانی لێنی بریتین لەمانە:

Kampf in Schnee und Eis (Leipzig, 1933)
Hinter den Kulissen des Reichsparteitags-Films[48] (München, 1935)
Schönheit im olympischen Kampf (Berlin, 1937)
Die Nuba Eng: The Last of the Nuba (München, 1973)
Die Nuba von Kau Eng: The People of Kau (München, 1976)
Korallengärten Eng: Coral Gardens (München, 1978)
Mein Afrika Eng: Vanishing Africa (München, 1982)
Leni Riefenstahl>s Memoiren Eng: The Sieve of Time: The Memoirs of Leni Riefenstahl (München, 1987)
Wunder unter Wasser Eng: Wonder under Water (München, 1990)
In translation:
Leni Riefenstahl: A Memoir by Leni Riefenstahl, autobiography (Picador Reprint edition, 1995, ISBN 0-312-11926-7)
The People of Kau by Leni Riefenstahl, English edition 1976, republished by St. Martin>s Press in 1997, ISBN 0312169639
The Last of the Nuba by Leni Riefenstahl, English edition 1976, republished by St. Martin>s Press in 1995, ISBN 0312136420
Coral Gardens by Leni Riefenstahl (Harpercollins 1st U.S. edition, 1978, ISBN 0-06-013591-3)



باربارا
تاچمەن

Barbara
Tuchman
1912- 1989

# ئەو ژنەی کە لە مێژوو چیرۆکی سازکرد

باربارا تاچمەن لە ڕۆژی هەشـتی مانگی مارسـی سـاڵی ١٩٦١ لە گۆڤاری "نیۆیـۆرک تایمز" لە بابەتێکدا بە سـەردێڕی "گەلۆ دەکرێ مێژوو بە زیندوویی بهێنیە بەر چاو"، بەم جۆرەی نووسیوە:

*"رابردوو، شـتێک نییە جیا لە هاوڕێ و دۆستێکی لەمێژینەمان، یانیش درەختێک لە ناو دارسـتانێکی کۆن و بەسـاڵاچوو کە بە بێ دەنگی بە زەوی دا کەوتووە و بەربووەتەوە."*

باربـارا تاچمـەن مێژوونووسـێکی چیـرۆک نـووس بوو کە بـە بەرهەم و کتێبەکانی خۆی، ئەو کتێبانەی کە سـەرنجی میلیۆنان کەسـیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا و بە کۆمەڵ دەفرۆشران، خزمەتێکی گەورەی بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کرد.

تاچمـەن دوو جـاران خەڵاتی جیهانـی "پۆلیتزێر"ی وەرگـرت و زۆرتریش بـە هـۆی گێڕانەوەی مێژوو لە ناو ڕۆمانەکانـی دا ناوبانگی دەکرد. باربارا، بە شـێوەیەکی سـیحراوی و بە قەڵەمێکی پڕ هێز و توانا، مێژووی لێڵ و شێواوی

ڕابڕدووی لە ناو ڕۆمانەکانی دا بە ڕوونی و ڕێک و پێکی هێنایە بەر دەستی خوێنەر. ئەو گیانی بەو شتانە بەخشی کە هەموو کەس بە مردوویان دەزانین و فەرامۆشیان کردبوون. نرخی بە زۆر شتان بەخشی کە خەریک بوون بە تەواوی بێ نرخ دەبوون و لە تاریکایی مێژوو دا چرای پێنووسی ئەو بوو کە نیگاری دەنەخشاندەوە و تیشک و ژیانی بە ڕابردوو دەدایەوە. تاچمەن مێژووی لە ڕۆمانەکانی دا زیندوو کردەوە و گەلێک کاراکتێر و کەسایەتی ژیاندەوە. بەوەش بوو بە ژنێک کە پێشەنگایەتی ڕۆمانی مێژوویی کرد لە جیهان دا.

تاچمەن لە شاری نیۆیۆرک لە دایک بووە. باوکی یەکێک بووە لە خاوەنەکانی بانکێکی جیهانی و هاوکاتیش سەرنووسەری گۆڤارێک بووە بە ناوی "نەیشێن" (نەتەوە). باپیری بازرگان بووە و خاڵیشی یەکێک بووە لە سیاسەتمەدارانی ئامریکایی کە لە وەزارەتی خەزێنەداری ئامریکا و لە گەڵ سەرۆک کۆماری سەردەم "ڕۆزوێڵت" کاری کردووە. باربارا لە کۆلێجی بەناوبانگی "رادکلیف" دا وانەی خوێندووە و دوای تەواوی کردنی خوولی خوێندن لەم کۆلێجە لە ساڵی ١٩٣٣، لە ئەنستیتوی "رادکلیف" وەکوو نووسەر و لێکۆڵەر دەستی بە کار کردووە. دواتر لە شاری تۆکیۆی پایەتەختی ژاپۆن، وەکوو ڕۆژنامەوان و پەیامنێری گۆڤاری "نەیشێن" (نەتەوە) درێژەی بە کار داوە. ئەمەش بوو بە هۆی زۆرتر بوونی ئازموونەکانی ڕۆژنامەوانی و لە ئاکامیش دا لەوێ، یەکەمین بابەتی ڕۆژنامەوانی لە ژیانی خۆی دا نووسیوە. ئەم نووسراوەیە، بابەتێکی زانستی و لێکۆڵینەوەیی بوو لە مەڕ شێوازی ژیانی ژاپۆنیەکان و لە کاتێکدا کە هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە بیست و سێ ساڵ، ئەم نووسراوەیەی لە گۆڤاری "فارن ئافرێز" (وەزارەتی دەرەوە) بڵاو کردەوە.

لە ساڵی ١٩٣٧، خۆی گەیاندە وڵاتی سپانیا و لەوێ چۆنیەتی و ئاستی شەڕەکانی خوێناوی ناوخۆی ئەم وڵاتەی، بە شێوەی ڕاپۆڕت بڵاو کردەوە. دواتر یەکەمین کتێبی خۆی لە سەر ناوی "سیاسەتی ونی بریتانیا و سپانیا لە ساڵی هەزار و حەوت سەت" لە ساڵی ١٩٣٨ بڵاو کردەوە.

لە ساڵی ١٩٤٠، باربارا لە گەڵ کەسێک بە ناوی "لێستێر تاچمەن" زەماوەندی کرد. لە ماوەی دوو ساڵ دوای زەماوەند کردنی، زۆرتری کاتەکانی خۆی لە بەشی پێداچوونەوە بە سەر بەڵگە نهێنیەکانی چەکداری دەوڵەتی ئامریکا و هاوکاتیش ئاگاداری کردن لە سێ منداڵی خۆی تەرخان کرد.

لە سـەرەتای سـاڵی ١٩٥٠ پیشـەی نووسـینەوەی مێژووی هەڵبـژارد. لەم پێوەندیە دا بە خۆی بەم جۆرەی نووسیوە:

*" ئەمە کێشـەیەکی گەورەی دەروونی بوو بۆ من. منێک کە سـێ منداڵـی بچکۆلانەم هەبوو بەلام ئیتر پێگە و شـوێن و پیشـەی کۆمەلایەتیـم نەبـوو... دەهاتمەوە ماڵێ و لە پشـت دەرگایەکی داخراو هەسـتم بەوە دەکرد کە تەنیا ماڵ شـوێنی کاری منە و دەبێ تەنیا چێشـت سـاز بکەم و ئاگام لە منداڵەکانم بێت. ئەمە بۆ من زۆر دژوار و ئاستەم بوو."*

باربـارا زۆری بڕوا بە خوێندن لە زانکۆ نەبوو. لەم بارەشـەوە بەم جۆرەی نووسیوە:

*"مـن بە درێژایـی تەمەنم لە هیچ زانکۆیـەک بەڵگەی دوکتۆڕام وەرنەگرت. بە رای من هەر ئەوەش بوو بە هۆی پێشـکەوتنم!. رەنگـە ئەگـەر خەریکـی خوێندنـی دوکتۆڕا بوومایـە و دواتر دوکتـۆرام وەرگرتبا، ئیتر هەسـتی نووسـین و تواناییەکانم لە خۆم دا کوشتبا و نەبووبام بەو نووسەرەی کە ئێستا هەم."*

باربارا بە پێچەوانەی زۆر یەک لە مێژوونووسان کە بە شێوەیەکی رەق و تەق و بە ویشکی مێژوویان دەنووسیەوە، هەوڵی دا کە مێژوو، وەکوو بەسەرهات و چیرۆک باس بکات. ئەمەش شێوازێکی نوێ بوو کە چێژێکی تایبەتی بە مێژوو دەدا و کتێبەکانـی باربـارا بە پێچەوانەی زۆر کتێبـی مێژوویی کە خەلک لێیان وەرەز دەبوون و مەیلیان نەبوو بیانخوێننەوە، سـەرنجی خوێنەرانیان وەها بۆ لای خۆیان رادەکێشا کە ببونە کتێبگەلێکی تایبەت و فاڤۆریت.

بـە خـۆی لەم پێوەندیـە دا گوتویەتـی: "بۆ گێڕانـەوەی مێژوو بە شـێوەی چیرۆک، مرۆڤ پێویستی بە پێشەکی و دەستپێک و دواتریش بەشی ناوەراست و کۆتایـی هەیـە. دەبێ هەموو ڕووداوەکان بە جۆرێـک دابڕێژی و بە زمانێک بیانگێڕیـەوە کـە خوێنەر هەر لە دەسـتپێکی خوێندنەوەی کتێبەکـە، لاپەڕە بە لاپەڕە بە هەیەجان و تامەزرۆییەوە بچێتە ناخی بەسەرهاتەکان و هەتا کۆتایی پەلکێشی بکەی."

یەکەمیـن کتێبـی سـەرکەوتووی باربـارا تاچمـەن، کتێبێـک بوو بـە ناوی "تێلێگرامـی زیمێرمەن". ئەم کتێبە راپۆرتێکی پڕ هەیەجان و سەیروسـەمەرەی لە خۆ دەگرت کە لە بارەی دەوڵەتی ئاڵمان و چۆنیەتی هاندانی وڵاتی میکزیک

بوو لە پێناو بەشداری پێکردنی لە شەڕ لە بەرامبەر ئامریکا لە ماوەی شەڕی جیهانی یەکەم دا.

لە ساڵی ١٩٦٣ باربارا تاچمەن یەکەمین ژنێک بوو کە خەڵاتی پۆلیتزێری سەبارەت بە نووسینی کتێبی "تفەنگەکانی مانگی جولای" کە زۆرتر سەبارەت بە یەکەمین هەفتەکانی دەستپێکی شەڕی جیهانی یەکەم بوو، وەدەست هێنا. باربارا لەم کتێبە دا، جیا لەوەی کە دیپلۆماسی و سیاسەتی ئاڵۆزی ئەو سەردەمەی لێکداوەتەوە، هاوکات پووچی و بێ قازانج بوونی شەڕ و کوشتاری مرۆڤەکانی بە دەستی یەکتر، نیشان داوە.



دواتر کتێبێکی بە ناوی "قەڵای لەخۆبایی "نووسی کە ئەمەش دیمەنێک بوو لە ڕووداوەکانی بەر لە شەڕی جیهانی. ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٦٦ بڵاو کرایەوە. لەم کتێبەش دا ئەم هێز و لایەنانە تاووتوێ کرابوون کە ببوونە هۆکاری داگیرساندنی شەڕ لە جیهان دا. باربارا تاچمەن لەم سێ کتێبە دا هێز و تواناییەکانی خۆی لە مەڕ چۆنیەتی بە نیگار دەرهێنان، دارشتنەوەی مێژوو، گێرانەوەی و خستنە بەرچاوی خوێنەران، بە شێوەیەکی زیندوو سەلماندووە. ئەو بە پێنووسەکەی، مێژووی زیندوو دەکردەوە و خوێنەری دەبردە قووڵاییەکانی سەردەمانێک کە لە ناو تەم و مژ دا لە بەر چاوان نەمابوون یانیش کەمتر بیریان لێ دەکراوە.

باربارا تاچمەن، بۆ جاری دوویەمین و سەبارەت بە نووسینی کتێبێکی تر بە ناوی "ستیل وێڵ و ئازموونەکانی ئامریکا لە چین لە نێوان ساڵانی ١٩١١- ١٩٤٥ "کە لە ساڵی ١٩٧٠ بڵاو بوویەوە، خەڵاتی "پۆلیتزێر" ی وەرگرتەوە. ئەم کتێبە زۆرتر پێوەندیەکانی چین و ئامریکا لە ماوەی ساڵانی جێگەی ئاماژە لە خۆ دەگرێت.

تاچمەن بە نووسینی ڕۆمانێکی تر لە سەر ناوی "ئاوێنەیەکی دوور"، لە

سـەدەی بیسـتەمەوە بۆ سـەدەی چواردەیەم سـەفەری کرد و بەسـەرهاتی شـەڕڤانێکی فەرانسەوی ئەو سـەردەمەی بە ناوی "ئێنگراند دوکسی" گێڕایەوە کـە هاوکات زاوای "ئێدواردی سـێیەم" پادشـای ئینگلیس بوو. لـەم رۆمانە دا نووسـەر داب و نەریتەکان و سیاسـەتی سـەردەمی سـەدەکانی ناوەراسـتی خستووەتە بەر چاوی خوێنەران.

تاچمـەن بە هۆی نووسـینی ئەم کتێبـەش کە لە لایەن خەڵکـەوە بە گەرمی پێشـوازی لیکـرا، گەلێک جـاران ڕێزی لێ گیرا. سـاڵێک دوای نووسـینی ئەم کتێبـە، بە هـۆی چالاکی و تواناییەکانی ئەدەبی و مێژوویی، بوو بە پرێزێدێنتی ئاکادێمی ئامریکا و کۆڕی ئەدەب و هونەر. ئەمەش یەکەمین جار بوو کە ژنێک لە ئامریکا ئەم پلە گەورە هوونەری و ئەدەبیەی پێ دەدرا.

دواتریـن کتێبـی باربارا، کتێبێک بوو بە نێوی "مارشـی چەکـداری نەزانانە، لـە تـرۆی تـا ویەتنام" کـە لە سـاڵی ١٩٨٤ بڵاو بـۆوە. لەم کتێبـە دا باربارا تاچمـەن ئامـاژە بـە چـوار ڕووداوی نەزانانە لـە مێـژووی ڕۆژاوا دەکات و دەیانخاتـە بەر بـاس. یەکەمینیان ڕووداوی "ئەسـپی تروا" بـوو. دوویەمینیان گەندەڵی سەرۆکەکانی ئایینی مەسیحیەت و بە تایبەت پاپەکانە کە دواتر بوو بە هۆی پێک هاتنی ریفۆرم و چاکسـازیەکی ئایینی لە ئوروپا، سێیەمیان شێوازی هەڵسـکەوتی دەوڵەتی ئینگلیس لە گەڵ کۆلۆنیەکانی ئامریکا و چوارەمینشـیان شەڕی ئامریکا لە دژی وڵات و گەلی ویەتنام بوو.

تاچمەن لە بارەی ئەم کتێبە دا گوتویەتی:

*"بـە نووسـینی ئـەم کتێبـە کارێکـم کرد کە پێشـتر خـۆم لێ دەپاراسـت. واتا هێنانە بەر باسـی مێژوو لە سـەر بنەمای تێز و تێڕوانینێکـی تایبـەت. من لە کتێبەکانی دیکـەم دا ئەم کارەم نەکردووە و تەنیا هەوڵم داوە کە مێژوو بە شـێوەی چیرۆک و گێڕانەوە باس بکەم."*

دیارە لەم نێوەدا هێندێک کەسـیش بەردەوام رەخنەیان لە کتێبەکانی تاچمەن هەبـووە، بـە تایبەت ژمارەیەک لە مامۆسـتایانی زانکۆ لە بـواری مێژوویی دا لـە بەرامبـەر هێندێک لە تێڕوانینـەکان و تیئۆریەکانی ئەو دا راوەسـتابوون و دژایەتیان دەکرد. بەڵام هیچ کام لەوان پێنووسەکەی بە ئەندازەی پێنووسی ئەم ژنە بەهێز و توانا نەبوو کە لەم مەیدانە دا بە سەری زاڵ بن.

باربـارا تاچمـەن، ئەرکـی خۆی وەکـوو ڕۆماننوسـێکی مێژوویـی، وەکوو

مامۆستایەک پێک هێنا. ئەو مێژووی دانەتاشیوە و ڕووداوەکانی چەواشە نەکردوون، بەڵکوو تەنیا ڕاستیەکانی مێژوویی وەک خۆیان هێناوەتە بەر چاو و تام و چێژی ئەدەبی پێداون. تام چێژێکی وا کە هەر خوێنەرێک دوای خوێندنەوەی کتێبەکانی فەرامۆشی ناکات. کەمن ئەم نووسەرانەی کە بەو ئاستە هونەری گێڕانەوەی مێژوویان هەبووبێت و پێنووسیان ئەوەندە سیحراوی بێت. تاچمەن لەم بوارە دا شێوازێکی تایبەتی ساز کرد و هەتا ئێستاس گەلێک کەس هەوڵ دەدەن بە ڕێچکەی ئەو دا هەنگاو هەڵبگرن.

تاچمەن مۆری مێژوویی خۆی لە نووسین لە سەر مێژوو دا. بەڵام با بزانین کە ئەم نووسەرە مێژوونووسە خۆی مێژووی چۆن پێناسە کردووە؟ تاچمەن گوتویەتی: "مێژوو، تۆفانی تووڕەیی و خۆراگریە! "

بەرهەمەکانی باربارا تاچمەن:

The Lost British Policy: Britain and Spain Since 1700 (1938)

Bible and Sword: England and Palestine from the Bronze Age to Balfour (1956)

The Zimmermann Telegram (1958)—The Zimmermann Telegram in early 1917 was a key incident involving Germany and Mexico that helped provoke the U.S. into entering World War I.

The Guns of August (1962) details the military decisions and actions that occurred leading up to and during the first month of World War I. It is primarily what established her reputation. During the Cuban Missile Crisis, John F. Kennedy advised the EXCOMM to read this book. Reprinted several times in the 1980s as August 1914.

The Proud Tower: A Portrait of the World Before the War, 1890–1914 (1966)—Covers the hesitant rise of U.S. imperialism, anarchist assassinations, socialism, communism, and the devolution of the 19th century order in Europe and North America.

Stilwell and the American Experience in China (1970)—A biography of Joseph Stilwell.

Notes from China (1972) (about Tuchman's own visit there)

A Distant Mirror: The Calamitous Fourteenth Century (1978)—Examines the era of 1340–1400 through political, military, and social lenses,

taking nobleman Enguerrand VII de Coucy as its central figure. Themes include the folly of chivalry and the tragedy of war.
Practicing History (1981)—Selected essays, published between 1935 and 1981, on historical writing, political ambition, and the importance of reading history.
The March of Folly: From Troy to Vietnam (1984)—A meditation on the historical recurrence of governments pursuing policies evidently contrary to their own interests. In addition to the two historical events referenced in the title, discusses the Catholic Church of the late Renaissance inciting the Protestant rebellion and Great Britain provoking the Americans to revolt.
The First Salute: A View of the American Revolution (1988). (The title refers to the St. Eustatius "flag incident" of 16 November 1776.)
[edit]Other works
America>s Security in the 1980s (1982)—Photographed with Laurence Martin for this Christopher Bertram book.[6]
The Book: A lecture sponsored by the Center for the Book in the Library of Congress and the Authors' League of America, presented at the Library of Congress October 17, 1979 (1980).



# ئێمیلی
# دیکینسۆن

Emily Dickinson

1830- 1886

# شاعیری سەدەی نۆزدە

شــوێنی لەدایک بوون، ژیان و مردنی شــاعیری بە ناوبانگی ژن لە ســەدەی نۆزدە "ئێمیلی دیکینسۆن"، لە "ئێمرهاست"، هەڵکەوتوو لە پارێزگای "ماساچۆست" بووە. "ئێمیلی دیکینســۆن"، لە ســەردەمی ژیانی خۆی دا تەنیا چەند شــێعرێکی خۆی و ئەویش نەک بە ناوی خۆی، بەڵکوو بە ناوی خوازراو بڵاو کردووەتەوە. ئەوە لە دوای مردنی بوو کە راســتی هێز و تواناکانی ئەدەبی ئەم ژنە شــاعیرە ئاشکرا بوو. دوای مردنی "ئێمیلی دیکینسۆن"، زیادتر لە هەزار و حەوت سەت شــێعر و هەڵبەستی ئێمیلی، لە ناو کەشەوی مێزی نووسینەکەی دا دۆزرایەوە. بەم جۆرە جیهان تێگەیشت کە شاعیرێکی نەناسراوی گەورەی لە کیس چووە، بەڵام لە هەمان کات دا شێعرەکانی وەدەست هاتوون. بەم جۆرە بوو کە لە گەڵ مردنی "ئێمیلی دیکینسۆن"، ناوی ئەویش وەک شاعیر لە دایک بوو. ناوێک کە تا ئێستاش لە ناو لاپەرەکانی مێژووی ئەدەبیاتی جیهان دا دەدرەوشێتەوە.

ناوەڕۆکی شــێعرەکانی "ئێمیلی دیکینسۆن"، هێمایەکی خەمگینیان پێوە دیارە. وا پێدەچێت کە ژیانێکی پڕ لە خەم و خەفەتی تێپەڕ کردووە و ئەمەش کاریگەری

لە سـەر نووسراوە و شێعرەکانی داناوە. بەڵام هاوکات وا پێدەچێت کە شاعیر لـە ڕووبـەڕوو بوونەوە و بەرەنگاری کردن لە گەڵ کێشـە و گرفتەکانی ژیان نەپرینگاوەتەوە و ئامادەی ڕووبەڕوو بوونەوەی هەر جۆرە ڕووداوێک بووە لە ژیانی دا. بە جۆرێک کە خۆی لە نووسراوەیەک دا بەم جۆرە هاتووەتە قسە:

*" پێویسـتە دەلاقـەی گیـان و دەرۆنمـان، هەمـوو کاتێک لانی کـەم نیوە ئاواڵە بهێڵینەوە بۆ پێشـوازی کردن لە ئازمونەکانی ژیان."*

" ئێمیلـی دیکینسـۆن"، کچـی مافنـاس و یاسـادانەری ئامریکایـی "ئێدوارد دیکینسـۆن" بوو کە هاوکات لە بەشـی خەزێنەداری کۆلێجی "ئێمهرست" کاری دەکـرد. کۆلێجێـک کە خۆی یەکێک بووە لە بنیادنەران و دامەزرێنەرانی. دایکی ژنێکـی گۆشـەگیر، بێدەنـگ و ئاڵقـە بە گوێی باوکـی بـوو ! ئـەم بنەماڵەیە بە گشـتی سـێ منداڵیان هەبوو.



شـوێنی ژیانی "ئێمیلی دیکینسۆن" ئەو کاتە گوندێکی سێ سەت تا چوار سەت کەسی بوو کـە ئایین و مەزهـەب دەورێکی بەرچاوی تێدا دەگێـڕا و کلیسـای گوندەکەیـان، گرینگیەکی تایبەتی بۆ خەڵک هەبوو. بە پێچەوانەی هەموو ئەندامانـی بنەماڵـە کە ئەوانیـش وەک خەلکی گوندەکەیان گوێ رایەڵی کلیسا بوون، برایەکی ئێمیلی بە ناوی "ئاستۆن" کە ئەویش لە بواری مافناسـیەوە دەرسـی خوێند بوو، لە بەرامبەر بیروبۆچوونەکانی ئایینی راوەستا. ئاستۆن بە نهێنی و بە بێ ئـەوەی باوکی بزانێت، هێندیک کتێبـی دژ بە ئایینی بۆ خوشـکەکەی دەنارد و بەم جۆرە "ئێمیلی دیکینسـۆن" کە تا ئەو کاتە تەنیا لە گەڵ نووسـراوەکانی ئایینی "کتێبی پیرۆز" ئاشـنا ببوو، ئەمجارەیـان جیهانێکی تازەی بـە ڕوو دا کرایەوە و لە گەڵ بیروبۆچوونەکانی جیاواز ئاشنا بوو.

" ئێمیلی دیکینسـۆن" لە ئاکادێمی گوندەکەیان دەرسی خوێند و دواتریش بۆ ماوەیەکـی کورتخایـەن، لە قووتابخانەی ئایینی "مۆنـت هۆلیۆک" کە تایبەت بە

کچان بوو درێژەی بە خوێندن دا. ئێمیلی لە ماوەی منداڵی و تازە لاویەتی خۆی دا گەلێک خۆشــی ڕابوارد، بەڵام دواتر خۆی گۆشــەگیر کرد و لە ناو جەغزی بنەماڵــە و پێوەندی گرتن لە گەڵ چەند کەســێکی تایبەتی وەک دۆســت، خۆی لــە دونیــای دەرەوە دابڕانــد. زۆر بە دەگمەن لە مــاڵ وەدەر دەکەوت. ئێمیلی، جیــا لە چەند ســەردانێکی کورتخایەن لە شــارەکانی "واشــینتۆن، فیلادۆلفیا و بۆســتۆن" نەبێت، هەرگیز ســەفەری نەکردووە و بۆ شوێنی دیکە نەچووە. ئەو بە گوندەکەی خۆیانەوە نووســابوو. "ئێمیلی دیکینســۆن" شــێوازی پڕۆتستانی بنەماڵەکەی ڕەت کردەوە و لە بواری ئایینیەوە، شێواز و بیروبۆچوونی تایبەتی خۆی هەبوو.

هێندێک کەس مەزندە و گومانی ئەوە دەکەن کە "ئێمیلی دیکینسۆن" ئەویندارى لاوێــک بووە بە نــاوی "بێنجامین نیۆتۆن" کە لــە لای باوکی کاری دەکرد و لە ساڵی ١٨٤٨ لە گەڵ بنەماڵەکەیان دا ژیاوە.

بنجامین کوڕێکی باش و زیرەک و تێگەیشتوو بوو. لە زۆر بوارانەوە یارمەتی ئێمیلی دا و بە زانیاریەکای خۆی، ئەویش پەنجەرەیەکی نوێی بەرەو جیهانێکی تــازە بــۆ ئێمیلی کردەوە. بــەڵام بێنجامین بە هۆی هەژاری و کورت دەســتی، نەیدەتوانــی لــە گەڵ ئێمیلی زەماوەند بکات. لە ئەنجــام دا بێنجامین لە کاتێکدا وەکوو پارێزەر و لە شــارێکی دوورتر لە شوێنی ژیانی ئێمیلی دەژیا، لە ساڵی ١٨٥٣ بە هۆی نەخۆشی سیل، ژیانی لە دەست دا.

دەگووترێ کە ئێمیلی بۆ جاری دوویەم ئەویندارى کەشیشێک بووە بە ناوی "چاڵێز وادز ڤۆرس" کە یەکتریان لە ســاڵی ١٨٥٤ لە شــاری فیلادۆلفیا دیتووە. ئــەوە لە کاتێکدا ڕووی دابوو کە ئێمیلی بۆ ســەردانی باوکی کە لەم شــارە دا کاری دەکرد، چوو بوو. ئەم کەشیشە وەکوو نوێنەر و لە کۆنگرەی ئامریکا دا کاری دەکرد.

لــە گــەڵ ئــەوەش دا کە جەنابی کەشــیش خاوەنی هاوســەر و منــداڵ بوو، بــەڵام ئەوینــداری ئێمیلی ببوو. هەر بۆیەش هەموو ســاڵێ دەچووە ســەردانی ئێمیلــی. دوای ئەوەی کە کەشــیش بە هۆی کارەکەی بۆ پارێــزگای کالیفۆرنیا دوور خرایــەوە، ئێمیلــی لە تاو دووری ئەو دەســتی کرد بە نووســینی گەلێک شێعر و هەڵبەستی ئەویندارانە کە بۆ دڵدارەکەی نووسیبوونی و هەستی خۆی لــەم پێوەندیە دا دەربڕیوە. لە تەمەنــی مامناوەندیدا، ئێمیلی بە هۆی ئەوەی کە هەموو کاتێک تەنیا جلوبەرگی سپی لە بەر دەکرد، ئیتر بە ژنێک کە دەستی لە

جیهان شووشــتووەتەوە، ناوبانگی دەکرد. تەنانەت کار گەیشــتبووە جێیەک کە میوانەکانی ماڵیش بە دەگمەن چاویان پێی دەکەوت.

لێکۆڵینــەوەکان ئەوەیــان نیشــان داوە کە هــان دەری ســەرەکی ئێمیلی بۆ نووســین و هۆنینەوەی شــێعر، نووســەرێکی ژن بووە بە نــاوی "هێلێن هانت جاکسۆن". هاوکات یەکێک لە دژبەرانی کۆیلەداری لە ئامریکا بە ناوی "توماس وێنت ڤۆرس هینگینســۆن" چەند نموونەیەک لە شێعرەکانی ئێمیلی دیتبوو. ئەم کەســە هەوڵی دابوو کە ئێمیلی هان بدات بۆ نووســینی زیادتر و ڕوو کردن لە شــێوازی تری ئەدەبی. هاوکات کەســێکی دیکەش بە ناوی "ساموئێل بولز" کە خاوەنی کتێبی "کۆماریخوازەکانی سپرینگ فیلد" بوو، جیا لە هاندانی ئێمیلی بۆ نووسین، حەوت شێعری ئەوی بە ناوی خوازراو بڵاو کردەوە.

" ئێمیلی دیکینسۆن" کاتێک ناوبانگی دەرکرد کە لە دوای مردنی، دوو دۆست و نووســەری هاوڕێی بە ناوەکانی "هەی گینســۆن" و "مابێل لومیس تێد"، دوو کۆمەڵــە شــێعر و ژمارەیــەک لە نامەکانــی ئێمیلیان لە نێوان ســاڵانی ١٨٩٠ و ١٨٩١، دواتریش لە ساڵی ١٨٩٤ بڵاو کردەوە.

دوابەدوای بڵاو بوونەوەی ئەم شــێعر و نامانە، "ئێمیلی دیکینســۆن" وەکوو یەکێک لە شاعیرە هەرە بەناوبانگ و بەرجەستەکانی سەدەی نۆزدە لە ئامریکا ناسێندرا و خەڵکانێکی زۆر پێشوازیان لە شێعرەکانی کرد.

جیا لە ئەوین، بابەتی خودا و سرووشت و ژیان، بەشێکی دیکە لە شێعرەکانی ئەم شاعیرە ناودارە لە خۆ دەگرێت کە هەست و دونیای دەرۆنی، دوای کۆتایی هاتنی ژیانی، لە لایەن خەڵکەوە هەست پێ کرا. بەڵام ئەم هەستە وەها کاریگەر بــوو لە ســەر خەڵک کە جارێکی تر شــاعیری کۆچکــردووی ، ئەمجارەیان بە ڕێگای ئەدەبیات، ژیاندەوە.



# ئاونگ
# سان سووکی
# Aung San Suu Kyi

# لە زیندانەوە بۆ ڕێبەرایەتی...

ژنێکی باریکەڵەی لاواز ئەندام، بەڵام خاوەن ئیرادە و بە هێز. ژنێک کە بە هۆی تێکۆشانی ئاشتیخوازانەی لە دژی دەسەڵاتدارانی ئەرتەشی وڵاتەکەی، لە ساڵی ١٩٩١ خەڵاتی نۆبێلی ئاشـــتی پێ درا. ئانگ ســـان سووکی سیمایەکی ناسراوە، هەم لە ئاســـتی وڵاتەکەی و هەمیش لە ئاســـتی جیهان دا. ئەم ژنە بۆ ماوەیەکی زۆر لـــە زیندانەکانـــی رژیمی "میانمار" دا ژیا و لە بەرامبەر ســـتەم و زۆرداری دەســـەڵاتدارانی دیکتاتـــۆر، وانـــەی خۆراگری و "نا" گوتنی بـــە خەڵکەکەی و بە تایبەتیش ژنانی وڵاتەکەی دا. ســـەردەمانێک باوکی ســـوکی لە دژی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیســـتی ئینگلیـــس و لـــە پێناو ســـەربەخۆیی وڵاتی "میانمار" تێکۆشـــانی کردبوو، تێکۆشـــانیک کە تەنانەت گیانی خۆی لە ســـەر دانا. ئەمجارەشیان "ئان ســـووکی" بـــە خۆی، وەکـــوو ژنێکی نموونـــەی ئازایەتی و تێگەیشـــتن، لە دژی دەســـەڵاتی خۆجێی و لە پێناو دیمۆکراســـی و ئاشـــتی دا، دەستی بە تێکۆشان کرد.

ئانگ سان سووکی، لە دایک بووی ساڵی ١٩٤٥، کچی ژنێراڵ "ئانگ سان"ە

کە لە ساڵی ١٩٤٧ لە گەڵ بریتانیەکان لە سەر خودموختاری "میانمار" کە ئەو کات ناوی "بێرمە"ی لە سەر بوو، دەستی بە وتووێژ کردبوو. ژنێراڵ ئانگ، ساڵێک دواتر و لە کاتێک دا کە سان سووچی تەنیا دوو ساڵی تەمەن بوو، تیرۆر کرا . باوکی سووکی وەکوو قارەمانێکی نەتەوەیی ئەم وڵاتە، قارەمانێک کە وڵاتی میانماری گەیاندە سەربەخۆیی ناوبانگی دەرکردووە. دایکی سووکی هاوڕی لە گەڵ کچەکەی لە ساڵی ١٩٦٠ وڵاتی میانماری بە جێ هێشت و چووە شاری "دێهلی نویێ" لە هیندوستان. سووکی خوولی خوێندنی دواناوەندی لە هیندوستان تەواو کرد و دواتریش ڕۆیشتە وڵاتی ئینگلیس. لەوێ بوو کە لە بوارەکانی ئابووری، سیاسەت و فەلسەفە لە زانکۆی ئاکسفۆرد وانەی خوێند و گەلێک کتێب و نووسراوەی خوێندەوە. بە درێژایی ئەو ساڵانە "ئانگ سان سوکی" دەیدیت کە چۆن وڵاتەکەی بە دەستی دیکتاتۆرێکی خوێن ڕێژ بە ناوی "نێ وین Ne Win" کە لە ساڵی ١٩٦٢ بە ڕێگای کودەتایەک دەسەڵاتی گرتبووە دەست، خەریکە کاول دەکرێت. خەفەقانی زاڵ بە سەر وڵاتی میانمار و خەڵکی نیشتیمانەکەی، سووکیان ئازار دەدا. ئەو لە ناخی دڵەوە هەستی بە ئێش و ژانێکی قووڵ دەکرد.



لە ساڵی ١٩٦٧ لە گەڵ "مایکێل ئاریسی" زەماوەندی کرد کە پیاوێکی ئینگلیسی بوو. داوای لە هاوسەرەکەی کرد بە بە مەرجێک ئامادەیە ببێتە هاوسەری کە تا کاتی ئازادی ولاتەکەی، پێش بە چالاکیەکانی سیاسی ئەو لە پێناو سەقامگیر کردنی دێمۆکراسی و ئازادی لە میانمار نەگرێت. ئەم بەڵێنە لە لایەن هاوسەرەکەی بە سووکی درا و تەنانەت "مایکێل" بوو بە یەکێک لە گەورەترین پشتیوانەکانی ئەو لە تێکۆشانی سیاسی دا. چەند سال دواتر مایکێل دەنگی سووکی لە ناو وڵاتی میانمارەوە بە گوێی ڕێکخراوەکانی جیهانی مافی مرۆڤ و سیاسەتمەداران گەیاند و دەورێکی بەرچاوی هەبوو لە پێشخستنی خەباتی هاوسەرەکەی دا.

"ئانگ سان سووکی" لە ساڵی ١٩٨٨ و دوای بیست ساڵ خوێندن لە دەرەوەی وڵات، بە تایبەتی لە بریتانیا بۆ زێدی خۆی گەرایەوە. دەگووترێ کە ئامانجی

"ئانگ سـان سـوکی" لە گەڕانەوە بۆ میانمار، سـەرەتا تەنیا ئاگاداری کردن لە دایکـی پیر و نەخۆشـی بووە، بـەڵام دواتر ژمارەیەک لە دژبەرانی دەسـەڵات کـە لایەنگـری باوکی سـووکی بـوون لە دەوری هـاڵان و پێیـان راگەیاند کە پێویستە دەوری ڕێبەرایتی خەبات و تێکۆشان لە دژی دیکتاتۆری حاکم بگرێتە ئەسـتۆ. هاوکات رایانگەیاند کە ئەوانیش، بە هەموو هێزی خۆیانەوە پشتیوانی لێ دەکەن. زۆربەی ئەم کەسـانەی کە ئەم داخوازەیان هەبوو، لە خوێندکاران پێک دەهاتن. "ئانگ سـان سـوکی" نەیدەزانی کە ئایا ئەم داخوازە پەسەند بکات یان نا. ئایا توانایی ڕێبەرایەتی شۆڕشـێکی گەورەی هەیە لە دژی دەسەڵاتێکی بەهێـزی چەکـدار؟ ئەو بە دوودڵییەوە لەم پرسـەی دەڕوانی. بەڵام دواتر و بە تایبـەت دوابەدوای کوشـتارێکی بەرفراوان لە خوێندکاران کە لە سـاڵی ١٩٨٨ بە دەسـتی سـەربازانی ئەرتەشـی میانمـار بەڕێوە چوو، بڕیـاڕی خۆی دا و رایگەیاند کە ئامادەی بەربەرەکانیە لە دژی سیسـتەمی دیکتاتۆری میانمار. لەو ساڵەدا میانمار ببوو بە گۆرەپانی خۆپێشاندەران بۆ دیموکراسی و سەرکووتی ئەو خۆپێشـاندەرانە لە لایەن ئەرتەشـی ئەو وڵاتەوە و لە کۆتایی دا هێزەکانی ئەرتەش دەسەڵاتیان گرتبووە دەست.

"ئانگ سـان سـوکی" لە دوای گەڕانـەوەی بۆ میانمار، شـاهیدی ڕێپێوانی خوێندکارانـی زانکـۆ بوو لـە دژی دیکتاتۆریەتـی وڵاتەکەی. لە سـاڵی ١٩٨٨ دابـوو کە ڕێپێوانیکی بەربڵاو و سەرتاسـەری وڵاتـی میانماری گرتەوە. بەڵام دەسەڵاتدار کە تەنیا زمانی گوللەی دەزانی، بە ئاگری گوللە و بە زمانی لوولەی چـەک، وڵامی خەڵکـی ناڕازی دایەوە. بەم جۆرە بوو کـە خوێنێکی زۆر ڕژایە سەر گۆشـە و کەناری کۆڵان و سەر شەقامەکان. سووکی دەنگی گووللەکانی دەبیست و ڕژانی خوێنی لاوانی وڵاتەکەی بە دەستی ئەرتەشی وڵاتەکەی خۆی بە چاو دەدیت.

بەم جۆرە بوو کە سـووکی وەکوو کەسـێک کە لە ناخی دڵەوە بۆ وڵاتەکەی سـووتابوو، بە ئیرادەیەکی پۆڵایین هاتە ناو مەیدانی راسـتەوخۆی سیاسـەتی وڵاتەکـەی و لە گەڵ دەسـتەیەک لە دۆسـت و هاوبیرانـی یەکێتی نەتەوەیی و دیموکراسیان دامەزراند و خۆی بوو بە سکرتێری ئەم گرووپە. دەسەڵاتدارانی چەکدار و حاکم بە سـەر وڵاتی "میانمار"، لە جێ دا سـووکیان دەسبەسەر کرد و هەرەشەیان لێ کرد کە تا کاتێک ئامادە نەبێت خاکی "میانمار" بە جێ بهێڵێت، ئـازادی ناکەن و دەبێ لە ماڵی خۆی دا زیندانی بکرێت. بەڵام سـان سـووکی،


لە جیاتی ئەمە داوای لە دەســەڵاتداران کرد کە لە ســەرەخۆ بجوولێنەوە و لە جیاتی هەڕەشە و هێرش، گوێ لە دەنگ و داخوازەکانی خەڵک بگرن. لە مانگی جولای ســاڵی ١٩٨٩ دابوو کە "ئانگ ســان سووکی" بەو پەڕی ئازایەتی داوای لە دیکتاتۆری چەکدار "رانگون" کرد کە لە گەڵی دابنیشــێت و دەســت بکەن بە وتووێژ. ئەم داخوازە لە کاتێکدا بوو کە "ئانگ سان سووکی" لە ماڵەکەی خۆی دا زیندانی کرابوو. دەســەڵاتدارانی دیکتاتــۆر نەیاندەزانی کە چۆن لە گەڵ ئەم ژنــە دا هەڵســوکەوت بکــەن. ئایا وەکوو باوکی تێڕۆڕی بکــەن و بیکوژن یان ڕێگایەکــی تــر بدۆزنەوە بۆ لە کــۆڵ کردنەوەی. بەلام ئــەوان نەیاندەتوانی بە ئاســانیش هەر شــتێک لە گەڵ ئەم ژنە میانماریە بکــەن، چوونکە جێگە و پێگە و کەســایەتی "ئانگ ســان ســووکی" لە ولاتەکەی زۆر بەهێز بوو. هەر قسە و پەیامێکــی ئــەو، نە تەنیا بــە خێرایی لە ناوخۆی وڵات، بگرە لــە هەموو جیهان دا بــڵاو دەبوویەوە. بەو حاڵەش ئەم ژنــە بوێرە، لە گەڵ دەوڵەتێکی چەکدار دا ڕووبەڕوو بوو کە بە ئاسانی و بە بێ گوێدانە پێوانەکانی ناونەتەوەیی، هەزاران هاووڵاتی میانماری کوشــت بوو. ســەرەڕای ئەمانەش "ئانگ سان سووکی" کە بــۆ ماوەی چەندین ســاڵ لە ئینگلیس و هاوڕێ لە گەڵ هاوســەر و دوو کوڕە بچکۆلانەکەی دەژیا، دەستی لە ئاسایش و ژیانی خۆشی بەردا و خۆی بۆ هەر جــۆرە ئازار و تەنانــەت مردنیش ئامادە کردبوو. ئــەو گەلێک جاران لە ولامی ئەم ڕۆژنامەوانانەی کە لە شــوێنە جۆربەجۆرەکانی جیهانەوە سەریان دەدا و وتووێژیان لە گەڵ دەکرد، باســی لەوە دەکرد کە هەرگیز ئامادە نییە ولاتەکەی و خەڵکەکەی بە جێ بهێڵێت و لەوەش ناترســێ کە بیکوژن. ئەوەی کە زیادتر لە هەر شــتێک رەنجی دەدات، نەک تەنیا رەنج و ئازارەکانی ژیانی تاکەکەســی خۆی، بەڵکوو ئەو چارەنووسەیە کە بە سەر خەڵکەکەی دا سەپێندراوە.

"ئانگ سان سووکی" کە بۆ ماوەی چەندین سال لە ماڵە خۆی دا دەسبەسەر بوو، لە ژێر زەخت و فشــارەکانی نێونەتەوەیی و بە تایبەت ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ســەر دەوڵەتی میانمار، توانی لە ســاڵی ١٩٩٠ بەشــداری لە هەڵبژاردنەکانی ســەرۆک کۆماری بکات. بەم شــێوەیە لــە هەڵبژاردنێکدا کە لە ژێر فشــاری دەسەلاتی ئەرتەش ئەنجام درا، بە هێنانەوەی زیادتر لە پەنجاونۆ لە ســەتی دەنگەکانی خەڵک، ســەرکەوتنی بەدەســت هێنا .بەڵام هەڵبژاردنەکە لە لایەن دەســەلاتدارانی ئەرتەشەوە هەڵوەشــایەوە و سووکی بۆ جارێکی تر دەسبەســەر و زیندانی کرایەوە. بەرهەمی ئەم کارەساتە، دانی خەلاتی جیهانی

نۆبێلی ئاشــتی  بە "ئانگ ســان ســووکی" بوو لە ساڵی ١٩٩١. هەر لەو ساڵە دا حکومــەت ئازادی کرد، بەڵام ئەم جارەیان بە پێچەوانەی پێشــووتر کە داوایان لێدەکرد وڵاتی میانمار بە جێ بهێڵێت، حوکمی ئەوەیان بە سەری دا سەپاند کە ئەگەر بێت و تەنانەت بۆ سەردانی مێرد و منداڵەکانیشی، وڵاتی میانمار بە جێ بهێڵێت، تازە بۆی نییە بگەڕێتەوە!.

بەم جۆرە بوو کە "ئانگ سان سووکی" دوو ڕێگای لە پێش بوو: یان گەڕانەوە بۆ ئوروپا و درێژە دان بە ژیان لە گەڵ هاوســەر و منداڵەکانی، یانیش مانەوە لــە وڵات و چاوەڕوان کردنی هەر جۆرە مەترســی و ڕووداوێک. بەڵام ئەو بۆ جاری دوویەم، بڕیاری دا کە لە میانمار بمێنێتەوە. لە بینینی منداڵەکانی بێبەش کرا و قەت چاوی بە هاوسەرەکەی نەکەوتەوە کە لە ساڵی ١٩٩٩،  بە نەخۆشی شێر پەنجە گیانی لە دەست دا .

بە درێژایی بیســت ســاڵی ڕابردوو ، وێڕای وەرگرتنی خەلاتی جۆراوجۆر ، ئانگ سان سووکی ژیانی تاکەکەسی خۆی کردە قوربانی ئاشتی و دیمۆکراسی وڵاتەکــەی. گەلێک جــاری دیکە لە لایــەن دەســەڵاتدارانەوە زیندانــی کــرا و ڕێگەی بەشــداری کردن لە تێکۆشــانی سیاســی و مەدەنی و هەڵبژاردنەکانــی لــێ گیــرا. وەک نموونــە لــە ســاڵی ٢٠١٠ "بــان کیمــۆن" ســەرۆکی ڕێکخــراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە فەرمی داوای لە وڵاتی میانمار کرد کە مافی بەشداری لــە هەڵبژاردنــەکان بەم ژنــە چالاکە بدات. "بــان کیمۆن" تەئکیــدی کردەوە کە هەڵبژاردنی داهاتوو میانمار بە بێ ئازاد کردنی ســەرکردەی ئۆپۆزســیۆن هیچ بایەخێکی نیە. لە کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە کێشــەی میانمار، کە لە پەراوێزی دانیشــتنی کۆمەڵەی گشــتی نەتەوەیەکگرتوەکاندا بەڕێوە چوو، بەشداربووانی کۆبوونەوەکە بە تایبەت نوێنەرانی چین، هیندوستان، ئامریکا و بریتانیا، داوای گرتنەبەری ڕێوشــوێنی پێویســتیان کرد بۆ ئازاد کردنی زیندانیانی سیاسی لە وڵاتــی میانمــار، بەر لە هەڵبژاردنی گشــتی لەم وڵاتە دا دەســت پــێ بکات. لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا "بان کیمۆن" باســی لەوە کرد کە ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبــژاردن لــە میانمار بە بی ئازاد کردنی زیندانیانی سیاســی بە تایبەت "ئانگ



سان سوکی" سەرکردەی ئۆپۆزسیۆن هیچ واتایەکی نیە و پرۆسەیەکی بێ بایەخە. بەم جۆرە بوو کە سووکی، دوای نزیکەی پازدەساڵ زیندانی بوون لە ماڵە خۆی دا، لە مانگی جولای ساڵی ٢٠١٠ بە یەکجاری لە زیندان ئازاد بوو.

"ئانگ سان سوکی" لە ئاکام دا لە هەڵبژاردنی یەکەم ئاوریلی ساڵی ٢٠١٢ سەرکەوتنی وەدەست هێنا. سووکی ئێستا چەند ساڵێکە دەسەڵاتی وڵاتەکەی بە دەستەوەیە و یەکێکە لە خۆشەویسترین کەسایەتیەکانی میانمار. ئەو لە پێناو چاکسازی و گۆڕانکاری بنچینەیی یاساکانی میانمار، پێشخستنی پێوانەکانی مافی مرۆڤ و بە تایبەتیش مافی ژنان تێدەکۆشێ و تەنانەت بووەتە سیمایەکی جیهانی.

سووکی لایەنگری گۆڕانکاری لە دەستهەڵات و هێز بوو. ئەو لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە خەڵک دەبێ هێزیان هەبێت تا بتوانن وڵاتێکی باشتریان هەبێت، هاوکات ئەوەی کە دەبێ پێوانە و ئامانجی هێز و دەسەڵات بێت، دێمۆکراسی و چەمکی مافەکانی مرۆڤە. لە روانگەی سووکی، گەلێکی بێ هێز و بی پێوانە ناتوانێ بە ئازادی و ماف بگات. یەکێک لە بەناوبانگترین رستەکانی "ئانگ سان سووکی" ئەوەیە:

*" ئەوە هێز و دەسەڵات نییە کە گەندەڵی و فەساد دێنێت، بەڵکوو ئەمە ترسە کە سەرچاوەی ئەم گەندەڵی و فەسادەیە. ترسی لە دەست دانی هێز و دەسەڵات!".*



# وو شائۆ

Wu Chao
624- 705

# ژنە ئیمپراتۆری گەورە و بە هێزی وڵاتی چین

نووسەری کتێبی "مێژووی نوێی چین" بە ناوی "جان. ف" لە کتێبەکەی دا بەم جۆرە باسی لە یەکێک لە بە هێزترین ئیمپراتۆرەکانی وڵات چین، خاتوون "وو شائۆ"ی کردووە:

*"لە مێژووی وڵاتی چین دا تاقە ژنێک کە بووەتە ئیمپراتۆر و دەسەڵاتێکی بەرفراوان و بەهێزی هەبووە، ئیمپراتۆریس وو شائۆ بووە کە ژنێکی بە تەواو مانا زیرەک و سیاسەتمەدارێکی بە توانا بووە. بەڵام لە هەمان کات دا بە هۆی هەڵسوکەوتی توندوتیژ و کردەوەکانی بێ بەزەییانەی، ناوبانگێکی نەرێنی هەبوو."*

ئێمپراتۆریس "وو" تاقە ژنێک بووە کە بە سەر وڵاتی چین دا و لە سەر ناوی خۆی حوکمداری کردووە. سەرەڕای ئەمانە لە ماوەی پەنجا ساڵ دەسەڵاتداریەتی "وو شائۆ" دا، بە تایبەتیش لە یەکەمین ساڵەکانی مێژووی چین و لە سەردەمی پڕ لە شکۆی "تانگ"، هێمنایەتی و ئاسایش باڵی بە سەر وڵات دا

کشاند و گەلێک گۆرانکاری و چاکسازی ئەنجام دران. ئەم ژنە چینیە، بە ڕێگای توندوتیژی دەسەڵاتی خۆی پاراست و هەر بۆیەش ناوبانگی "سەرکێشترین ژنی وڵاتی چین"ی پێ درا. مێژوونووسان سەبارەت بە توندوتیژیەکانی ئەم ئیمپراتۆریسە، ڕەخنەیان لێ گرتووە و لە هەمان کات دا بە هۆی دەسکەوتەکانی لە سەردەمی دەسەڵاتی دا، ڕێزی لێ دەگرن.

وو شائۆ لە شاری "شانسی" لە دایک بووە و هەر لەم شارە دا پێگەیشتووە. وو، کچی یەکێک لە ژێنێڕاڵەکانی چین بوو بە ناوی "کائوتسۆ" کە لە ناو ڕیزەکانی ئەرتەشی ئیمپراتۆریای "تانک"، هەر لە دەستپێکی دامەزراندنی ئەم ئیمپراتۆریەوە، کاری دەکرد.

وو شائۆ، تەنیا سێزدە ساڵی تەمەن بوو کە بۆ خزمەتی کردن و ئەرکی خۆشەویستی، بۆ ناو کۆشکی ئیمپراتۆر "تێتسونگ" ڕەوانە کرا. لەوێ بوو کە لە ناو حەرەمسەرای ئەم پیاوە دا، هاوڕێ لە گەڵ سەدان ژنی تر جێگەی گرت. بەڵام وو شائۆ، چارەنووسێکی جیاوازی هەبوو. دەگووترێ کە هێندێک لە کەسانی نزیک لە ئیمپراتور کە پێشبینیان دەکرد و خەونەکانیان بۆ لێک دەدایەوە، ڕایانگەیاند کە لە داهاتوویەکی نزیک دا ژنێک لە سەر تەختی پادشایەتی و ئیمپراتۆریەتی وڵاتی چین دادەنیشێت. بە گوێرەی ئەفسانەکان، کاتێک یەکێک لەم پێشگۆیانە چاوی بە وو شائۆ کەوتووە لە جێ دا تێی ڕاماوە و ڕایگەیاندووە کە ئەم کەسەی کە بڕیارە ببێتە ئیمپراتۆریسی داهاتوو، ئەم ژنەیە.

دوابەدوای مردنی ئیمپراتۆر لە ساڵی ٦٤٩ ی زایینی، تەواوی ژنەکانی حەرامسەرای ئیمپراتۆر بە گوێرەی دابونەریتێکی کۆن کە هەبوو، لە ناو پەرەستشگایەک دا جێگیر کران تا ئیتر هیچ کەس دەستی پێیان ڕانەگات و پێوەندیان لە گەڵ پیاوانی تر نەبێت. ئەوان دەبوایە تا کۆتایی تەمەنیان لەم پەرەستشگایانە دا ژیابان. بەڵام لەم نێوە دا تاکە ژنێک مایەوە کە ئەویش"وو شائۆ" بوو. وو شائۆ کە چوار منداڵی کوڕی لە ئیمپراتور هەبوو، ئەرکی ئەوەی پێ درا کە تا کاتی گەورە بوونی ئەم منداڵانە، ئەرکی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی وڵات بگرێتە ئەستۆ. ئیمپراتور تەنیا چوار منداڵی لە وو شائۆ هەبوو، بەڵام لە هیچ کام لە ژنەکانی دیکەی منداڵی نەببوو. هاوکات ئەم منداڵانە کە هەر چوار کەسیان کوڕ بوون، زۆر منداڵ بوون و توانایی جێگرتنەوەی باوکیان نەبوو. هەر بۆیەش کاربەدەستانی کۆشک بە "وو شائۆ"یان ڕاگەیاند

که پێویسته "وو شائۆ"، تا کاتی گەورە بوونی یەکێک لە منداڵە کوڕەکانی ئیمپراتۆر، جێگای ئیمپراتۆر بگرێتەوە. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە هێشتا خاتوونی سەرەکی و گەورەی کۆشک واتا "کائۆ تسونگ" زیندوو بوو. "وو شائۆ" بە خێرایی ئەم هەلەی قۆستەوە بە هۆی زیرەکی و لێهاتوویی خۆی و بە هۆی ئەوەی کە لە دەروونی دا توانایی بەڕێوەبەری و سەرکردایەتی هەبوو، بە خێرایی رایگەیاند کە لەمەو بە دوا خۆی جێگری ئیمپراتۆرە و هەر کەسیش لە دژی راوەستێت ڕووبەڕووی سزای مەترسیدار دەبێتەوە. وو شائۆ دەیزانی کە بێگومان لەم نێوە دا پیاوانێک هەن کە دژایەتی دەکەن و تەنیا ڕێگاش بۆ چەسپاندن و سەرخستنی دەسەڵاتەکەی، لە پێش گرتنی شێوازی توندوتیژیە. هەر بۆیە زۆر بێ بەزەییانە دەستی کرد بە سەرکوتی نەیاران. ئاستی بێ بەزەیی بوون بە رادەیەک بوو کە نەک تەنیا پیاوانی ناڕازی، بەڵکوو ژنانی پێشووی ئیمپراتۆریشی بە تەواوی لەناو بردن. بەڵام وو شائۆ هاوکات لە ماوەی پەنجا ساڵ تەمەنی دەسەڵاتیداریەتی خۆی دا، گەلێک خزمەتیشی بە وڵاتی چین، دەسهەلاتی ئیمپراتۆریای "تانگ" و کولتوری وڵاتەکەی کرد.

وو شائۆ جەغزی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەکەی فراوانتر کردەوە و پەرەی بە سنوورەکانی دا. وەک نموونە لە ساڵی ٦٦٠ی زایینی لە فەرمانێک دا ئەرتەشی وڵاتەکەی بۆ شەڕێکی دژوار و خوێناوی لە دژی وڵاتی کۆریا رەوانە کرد و لە ئەنجامی ئەو شەڕە دا توانی وڵاتی کۆریا تێک بشکێنێت.

دوای ئەوەی کە لە ساڵی ٦٨٣ خاتوونی پێشووی کۆشک واتا "کائۆتسۆنگ" لە دوای چەندین ساڵ کێبەرکێ بۆ وەدەست هێنانەوەی دەسەڵات مرد، مەترسی ئەوە هەبوو کە هێندێک لە کاربەدەستانی کۆشک داوای ئەوە بکەن کە یەکێک لە منداڵەکانی خۆی و ئیمپراتۆر بە ناوی "شانگ"، جێگەی باوکی بگرێتەوە. ئەمەش واتا مەترسی لە دەست دانی دەسەڵات بۆ "وو شائۆ". بەڵام وو شائۆ، توانیبووی کە ئەرتەشی وڵاتەکەی رازی بکات کە بەردەوام پشتیوانی لێبکەن و تەنیا فەرمان لە خۆی وەربگرن. بەم جۆرە بوو کە لە فەرمانێکی زاڵمانە دا "شانگ"ی بۆ شوێنێک دوور خستەوە و کوڕی دوویەمی ئیمپراتۆریشی بە ناوی "جوی" رازی کرد کە دان بە دەسەڵاتەکەی دابنێت. هاوکات ئەم ژنە بە شێوەی پیاوان حەرامسەرایەکی بۆ خۆی ساز کرد کە گەلێک پیاو لەوێ دا جێیان دەگرت و هەر جارە و یەکێک لەم پیاوانەی بۆ لەززەتی جنسی بە کار دەهێنا. لە گەڵ ئەوەشدا کە وو شائۆ بە شێوەیەکی بێ بەزەییانە لە ساڵی ٦٩٠

فەرمانی گرتەوە دەست و زۆر زاڵمانە هەڵسوکەوتی دەکرد، بەڵام دیسانیش هیچ جۆرە سەرهەڵدانێک لە دژی ئەو نەکرا. بەم جۆرە بوو کە وو شائۆ، پازدە ساڵیش بە تەنیایی و لە دوای مردنی هاوسەری فەرمی ئیمپراتۆر، لە سەر ناوی ئیمپراتۆریس دەسەڵاتی گرتە دەست.

لەم سەردەمانە دا "وو" کە ئیمپراتۆریەتی "وو" ی راگەیاند بوو لە گەڵ ئیمپراتۆریەتی "تانگ" تێکەڵ بۆوە. ئەمجارەیان دەستی کرد بە هێندێک چاکسازی و گۆرانکاری بنچینەیی لە سیستەمی دەوڵەتەکەی دا و لە جیاتی فەرماندەکانی شەڕ، زۆرتر پێوەندی لە گەڵ زانایان و پسپۆڕانی زانستی دا هەبوو. بۆ ئەمەش گەلیک کەسایەتی ژیر و زانیار لە کۆشک جێگەیان گرت. بەڵام ئەم زانایانە ئەمجارەیان کەسانێک نەبوون کە بە شێوەکی کلاسیک و نەریتی هەر لە کۆنەوە لە ناو کۆشک دا خزابن و ئیتر جێگە بەرنەدەن. بە پێچەوانەوە "وو شائۆ" هەر کەسێکی وەکوو زانیار پەسەند نەدەکرد و کەس یان کەسانێک کە بانگەشەی پسپۆڕیان لە بوارێکی تایبەتی وەک پزشکی یان هونەر دا هەبوایە، پێویست بوو سەرەتا ئازموونێکیان لە بواری خۆیان دابا و زانست و تواناکارییەکانی خۆیان سەلماندبا، ئەوسا دەیانتوانی لاق لە کۆشک بنێن.

بەم جۆرە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی ئەم ژنە چینیە، سەردەمێکی پڕ لە شانازی و شکۆیە لە بواری گەشەکردنی کولتوری و فەرهەنگی لە وڵاتی چین، بە تایبەتیس لە بواری بیناسازی و هونەری دا.

ئیمپراتۆریس لە ساڵەکانی کۆتایی دەسەڵاتیداریەتی خۆی دا، بە هۆی هاندانی هێندێک کەسی نزیک لە خۆی، ژمارەیەک لە پلەدارانی ناوکۆشکی خۆی دایە بەر تیغی شمشێر و خوێنی زۆر کەسی ڕشت.

لە ساڵی ٦٩٨ بەو ئەنجامە گەیشت کە ئیتر پێویستە دەسەڵات بە جێ بێڵی و لە ئەنجام دا رایگەیاند کە کوڕە گەورەکەی واتا "شانگ" لەمەوبەدوا ئیمپراتۆری وڵاتە و لە سەر ناوی ئیمپراتۆریای "تانگ" درێژە بە تەمەنی ئەم ئیمپراتۆریە دەدات. وو شائۆ بە خۆی چووە ناو کۆشکی هاوینی خۆی تا کۆتایی تەمەنی دانیشت و ئیتر کاری بە ئەرکی سیاسی و حکومەت نەبوو. تا ئەوەی کە لە تەمەنی هەشتا ساڵەیی دا، هەر لە هەمان کۆشک چاوەکانی بۆ هەمیشە بەست.

دەگووترێ کە ئەم ژنە، سەرەڕای لایەنەکانی ئەرێنی و نەرێنی ژیانی خۆی، یەکێک بووە لە تواناترین سەرکردەکانی مێژووی وڵاتی چین.



# موراساکی شیکیبۆ

Murasaki
Shikibu
973- 1014

# یەکەمین ڕۆماننوسی ژن لە جیهان

"موراساکی شیکیبو"، نووسەری ڕۆمانی بە ناوبانگی "بەسەرهاتی جێنجی" یە. موروساکی بە ڕوو کردن لە نەریتی نووسین بە شێوازی چینی و هەروەها گرینگیدان بە هۆنینەوەی هەڵبەست و شێعر لە سەر شێوازی چینی-ژاپۆنی، شتێکی تازە و تایبەتی ئافراند. ئەویش نووسینی یەکەمین ڕۆمانی جیهان بوو. موراساکی، ژنێکی کورتەباڵا و یەکێک بووە لە خاتوونەکانی کۆشکی دەسەڵاتدارانی ژاپۆنی لە سەدەی یازدەی زایینی دا. موراساکی بە هۆی نووسینی ڕۆمانی "بەسەرهاتی جێنجی" نەک تەنیا لە ناوخۆی ژاپۆن، بەڵکوو لە ئاستی هەموو جیهان و بە تایبەتیش لە ناو نووسەران و ئەم کەسانەی کە لە سەر مێژووی ئەدەبیاتی جیهان کار دەکەن، کەسێکی ناسراوە.

ڕۆمانی "بەسەرهاتی جێنجی" ڕۆمانێکی ئەویندارانەیە. لەم ڕۆمانە دا نووسەر هێندێک کەسایەتی دارشتووە کە هەموویان بە تەواوی و بە شێوەیەکی راستەقینە لە لایەن خوێنەرانەوە هەست پێ دەکرێن و زیندوو دەبیندرێن. ئەم شێوە کارەی موراساکی، بناغەی شێوازی نوسینی ڕۆمانی لە چەند سەدەی

دوای خۆی، واتا لە سـەدەی هەژدەی زایینی دانا و بەهێزی کرد. ئەم ڕۆمانە، لە سەرووی ڕۆمانێکی مێژووییە. ئەمە یەکێکە لە شاکارەکانی ژاپۆنی و یەکێکە لە گەورەترین بەرهەمەکانی مێژوویی-هزری جیهانی ئەدەبیات.

مخابن لە بارەی ژیاننامە و چارەنووسـی نووسـەر، زانیاریەکی زۆر لە بەر دەست دا نییە. بە گوێرەی هێندێک سەرچاوەی نووسراو لە ژاپۆن، دەگووترێ کە "موراساکی شیکیبو" کچی پلەدارێکی ژاپۆنی بووە کە فەرمانداری یەکێک لە شـارەکانی ئەم وڵاتە بووە. باوکی یەکێک بووە لە ئەندامانی سـادەی بنەماڵەی "فوجـی وارا" کـە ئەرکـی بەڕێوەبردنی وڵاتیان لە ئەسـتۆ بووە. "موراسـاکی شـیکیبو" لە دەفتەرێک دا کە ڕۆژانە باسی لە ژیانی خۆی کردووە، دەگێڕێتەوە کـە باوکی هەسـتی بـە تواناییەکانی ئەدەبـی کچەکەی کـردووە و هانی داوە کە موراسـاکی درێژە بە نووسـین بـدات. هاوکات باوکی بە هـۆی ئەوەی کە هەرگیز منداڵی کوڕی نەبووە، هەموو جارێک حەسرەتی خواردووە و خەمگین بـووە. ئەم دەفتەرە بیرەوەریە کە کارەکانی ڕۆژانەی تێدا تۆمار کراوە، زۆرتر ڕووداوەکانی نێوان سالانی ١٠٠٨ تا ١٠١٠ی زایینی لە خۆ دەگرێت.

لە گەڵ ئەوەشدا کە بنەماڵەی موراساکی زۆر بەهێز نەبوون، بەڵام دەورێکی بەرچاویان بە تایبەتی لە خزمەتی ئەدەبی دا هەبووە. بابەگەورەی موراسـاکی دەورێکـی بەرچاوی هەبـووە لە کۆ کردنەوەی "کۆمەڵێک شـێعری ژاپۆنی" لە کتێبێک دا، هاوکات باوکی یەکێک بووە لە شاعیرانی شێوازی کلاسیکی چین.

"موراسـاکی شـیکیبو" لە ساڵی ٩٩٨ مێردی بە کوڕەمامی کردووە کە یەکێک بووە لە ئەفسـەرانی پارێزەری کۆشـک. لە ژیانی هاوبەشـی ئەم ژن و مێردە دا، تاقـە منداڵێکی کچیان هەبووە کە لە سـاڵی ٩٩٩ لە دایک بووە. هاوسـەری موراساکی لە ساڵی ١٠١١ دا مردووە.

لە ناوەراستی ساڵەکانی دەیەی سەرەتای سەدەی یازدە، "موراساکی شیکیبو" بـۆ خزمەت کـردن بە ئیمپراتۆریس "ئاکیکۆ" چووەتە ناو کۆشـک و تا سـاڵی ١٠١٣ لـەم شـوێنە دا وەکوو خزمەتکار کاری کردووە. تا ئێسـتا دیار نییە کە هۆکاری دوورکەوتنەوەی موراسـاکی شـیکیبو لە کۆشکی ئیمپراتۆری چییە و تەنانەت بە ڕوونی نازاندرێت کە چۆن و بە چ هۆکارێک مردووە.

سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە "موراساکی شیکیبو" لە ماوەی ژیان و بە جێ گەیاندنی ئەرکی خزمەت بە خاتوون "ئاکیکۆ" دەستی کردووە بە نووسینی کتێبی "بەسەرهاتی جێنجی".

سەرنجراکێشە کە لەو سەردەمە دا، زۆرتر ژنان کاری ئەدەبی و نووسینیان کردووە و بە سەر جیهانی ئەدەبیات دا حاکم بوون. یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی مانەوەی "موراساکی شیکیبو" لە ناو کۆشک، تواناییەکانی ئەدەبی و پێنووسی بە هێزی بوو. بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی شاعیران و نووسەرانی ناو کۆشک لە ژنان پێک دەهاتن، ژنانی ژاپۆنی زۆرتر ئەرکی خزمەتکاری خاتوون و پیاوانی کۆشکیان لە سەر شان بوو. هەر بۆیە ئەم ژنانە زۆرتر بۆ لەززەتی جنسی پیاوان بە کار دەهاتن و لە پشت دیوارەکان و لە چوارچێوەی کۆشک دا بە دیل گیرابوون. لەم نێوەدا زۆر یەک لە شاعیران و نووسەرانی ژن، بە بێ ئەوەی ناویان هەبێت، نووسراوە و شێعرەکانیان بە بێ ناوی بڵاو دەکرایەوە و سیمایان بۆ هەمیشە لە مێژوو دا ون دەبوو. موراساکی یەکێک بوو لەم ژنانەی کە بە هەڵکەوت توانی لە سەر ناوی خۆی بنووسێت و ناوی زیندوو راگیرا. هەر چەند دەگووترێ کە بۆی هەیە ناوی خودی موراساکیش، ناوی راستەقینەی ئەم ژنە نووسەرە نەبووبێت و لە راستی دا ئەم ناوە لە ڕووی یەکێک لە کەسایەتیە قارەمانەکانی ڕۆمانەکەی واتا "بەسەرهاتی جێنجی" هەڵگیرابێت. چوونکە زۆرتر بۆ ئەم کتێب و شێعرانەی کە دەنووسران، ناوی باوکی نووسەر و شاعیرە ژنەکە یانیش ناوی یەکێک لە قارەمانەکانی



ناو چیرۆک و بەسەرهاتەکە، بەکار دەهات. ئەمەش لەم هزرەی پیاوانەوە سەرچاوەی دەگرت کە گۆیا ناوی ژنان و تەنانەت ژنانی پلەداری ناوکۆشکیش نەحس و بەدبەختی هێنەرە !

لە ڕووی نووسراوەکانی ڕۆژانەی موراساکی دەردەکەوێت کە ئەم ژنە نووسەرە لە ناو کۆشکی ئیمپراتۆر، جیا لە خزمەت کردن بە شازادە و کاربەدەستانی دیکەی کۆشک، چەندین ئەرکی دیکەشی لە سەر شان بووە. هاوکات لە گەڵ بەجێ گەیاندنی کارەکانی رۆژانەی، دەرفەتی ئەوەشی هەبووە کە بنووسێ و بۆی هەیە بە هۆی تواناییەکانی ئەدەبی، لە لایەن خاوەن

کۆشــکەوە بۆ نووســینی زیادتر هان درابێت. لەم نێوە دا "موراساکی شیکیبو" لــە دەفتەری نووســراوەکانی ڕۆژانەی دا، هێندێک ڕووداو و بەســەرهاتی ناو کۆشکیشــی باس کــردووە کە ئەمانەش لە بــواری لێکۆڵینەوەکانی مێژوویی و ناســینی ئەم ســەردەم و قۆناغە لە مێژووی وڵاتی ژاپــۆن، خاوەن گرینگیەکی تایبەتین.

ڕۆمانی "بەسەرهاتی جێنجی" بەسەرهاتی حەفتا ساڵ تەمەن و ژیانی کەسێک بــە ناوی "جێنجــی" باس دەکات. جێنجــی کوڕێکی حەرامــزادەی ئیمپراتۆرە و هــاوکات کوڕەکــەی جێنجــی کــە نــاوی "کائورۆ"یە، لە راســتی نــەک کوڕی راســتەقینەی خۆی، بەڵکوو کوڕی باشــترین دۆســتی جێنجیە و لەوی بووە ! ئەوەی کە ئەم ڕۆمانەی زۆر ســەرنجراکێش کــردووە، تەنیا ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە نین، بەڵکوو دارشــتن و باس کردن لە هێندێک کەســایەتی راستەقینە لە هەلومەرجەکانی راستەقینەوە هەست پێکراوە.

جێنجی لەم پێوەندیە دا بە خۆی نووسیویەتی:

"هەر شــتێک لە جیهانی راســتەقینە دا دەتوانێ ببێتە مــژاری گێڕانەوە، بەو مەرجەی کە لە جیهانی راستەقینە و بە شێوەی راستەقینە ڕووی دابێت!".

ئەم شــاکارە ئەدەبیەی موراســاکی، گەڵایەکی زێڕینە لە مێژووی ئەدەبیاتی وڵاتی ژاپۆن و خاڵێکی پڕ لە شــانازیە بۆ ژنانی ژاپۆنی کە لەو ســەردەمە دا، ســەڕەڕای ئــەوەی کە لە لایەن پیاوانەوە بە شــێوەی خراپ بــە کار دەهاتن و بە چاوی کۆیلەی جنســی و خزمەتکار چاویان لێ دەکرا، بەڵام ئەوان بە ســەر جیهانی ئەدەبی دا زاڵ بوون و وشەکان و رامانی ئەوان، دەورێکی بەرچاویان هەبووە لە شێوە پێدانی هزرەکان. "موراساکی شیکیبو"، یەکێکە لەو ژنانەی کە لەم نێوە دا، وەکوو ژنیکی نموونە، سیمایەکی درەوشانە.



# ئان فرانک

# Anne Frank

1929- 1945

# نمونەیەک لەو کچانەی
# کە بوونە قووربانی فاشیسم

کاتێک "ئان فرانک"، دەفتەرچەی بچکۆڵەی سوور و سپی رەنگی خۆی کردەوە تا دەست بکات بە نووسینی بیرەوەریەکانی ڕۆژانەی، بەم گوتانە دەستی بە نووسین کرد:

" هیچ کەس، حەز لە خوێندنەوەی ڕاز و نهێنیەکانی کیژێکی تەمەن سێزدە ساڵە ناکات."

"ئان فرانک" لە ساڵی ١٩٤٢ هاوڕێ لە گەڵ بنەماڵەکەی کە جوولەکە بوون و هەروەها چوار جوولەکەی تر، لە ترسی ئەوەی کە بە دەستی سەربازەکانی ئەرتەشی هیتلێر دەسبەسەر نەبن، لە شوێنێک دا، خۆیان شاردەوە. بەڵام دوای تێپەڕ بوونی دوو ساڵ، لە ساڵی ١٩٤٤، واتا لە کۆتایی ساڵەکانی دەسەڵاتی فاشیزمی هیلتێر، شوێنەکەیان لە قاو درا و قۆڵبەست کران. لە ماوەی ئەم دوو ساڵە دا ئەم کیژۆڵە کەم تەمەنە، لە دەفتەری ڕۆژانەی خۆی دا دەستی کرد بە نووسینەوەی رەنج نامەکانی خۆی و بنەماڵەکەی و هاوڕێییانیان. ئەوان لە ژێر شیروانیەک دا دەژیان و لە ناو ترس و دڵەڕاوکێ و خەفەت، بیریان لە

داهاتوویەکــی لێڵ و تاریک دەکردەوە. "ئان فرانک" و بنەماڵەکەی لە شــوێنێک دا خۆیــان حەشــار دابوو کە ئەم شــوێنە بە خانووی ڕەنج نــاوی لێ برا. ئەم کیژۆڵەیە کە ئەو کات تەنیا ســێزدە ســالی تەمەن بوو، بــە قەڵەمێکی بە هێزی ئەدەبی دەســتی کرد بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و بە جۆرێک ژیاننامەی خۆی و کەســانی دەوروبەری گێڕایەوە. ئان، ئەم نامانە زۆرت بۆ دۆســتێکی خەیاڵی خۆی بە ناوی "کیتی" دەنووسی.

"ئــان لوئیس ماری فرانک"، لە شــاری فرانکفۆرتی ئاڵمان لە دایک بووە. ئان، دوویەمیــن کچــی "ئێدیت" و "ئۆتۆ" بوو. لە ســاڵی ١٩٣٤، بنەماڵەکەی بە هیوای ڕزگار بوون لە زوڵم و ستەمی ئاڵمانیەکانی لایەنگری هیتلێر، خۆیان گەیاندووەتە شــاری "ئامســتردام"ی هۆلەند و لەم شــارە ئۆتۆ، دەستی کردووە بە چاندن و فرۆشتنی گیا و بۆن، بە ژنانی خاوەن پارە و زەنگینی ئالمانی. کاتێک لە ساڵی ١٩٤٠ ئەرتەشــی هیتلێر شاری ئامستردامی داگیر کرد، "ئۆتۆ فرانک" لە هەوڵی ئــەوە دابــوو کە بە هێمنی و بە بــێ ئەوەی کەس بزانێت، لە گــەڵ بنەماڵەکەی شوێنی ژیانی خۆیان بگۆڕن و لە شوێنێکی تر خۆیان حەشار بدەن.

لــە مانگــی جولای ســاڵی ١٩٤٢ خوشــکە گەورەی "ئــان" بە نــاوی "مارگۆ" نامەیەکی پێگەیشــت و بە گوێرەی ئەم نامەیــە پێیان ڕاگەیاند بوو کە هەر چی زووتــر، بە هــۆی ئەوەی کە جوولەکەیە، پێویســتە خۆی ڕادەســتی هێزەکانی ئاڵمانی بکات و ئەوانیش بۆ شــوێنێکی تر دووری بخەنەوە. دوا بە دوای ئەمە هەموو بنەماڵە خۆیان لە ژێر شیروانی بینایەکی گەورە دا شاردەوە. ئەم شوێنە لە ڕاســتی دا شێروانی ئەنبارێکی ســێ قاتی بوو. لەم نێوەدا بنەماڵەی کەسێک بە ناوی "وان پێلســۆس" و کوڕەکەیان بە ناوی "پیتێر" و ددانســازێک بە ناوی "پۆففێر"، بۆ ماوەی دوو ســاڵان لە هەمان شــوێن، لە گەڵیان دا ژیان. ئەم تاقمە مرۆڤــە تەنیا بە ڕێگای ڕادیۆ ئــاگاداری ڕووداوەکانی جیهانــی دەرەوە بوون. ڕادیۆیەک کە زۆرتر شــەوانە و زۆر بە بێ دەنگی گوێیان لێ دەگرت. خۆراک و پۆشــاکیان زۆر ســادە بوو. یەکێک لە کارمەندەکانی پێشووی دوکانی ئۆتۆ، تەنیا کەسێک بوو کە ئاگای لەم کەسانە بوو. ئەم کارمەندە هەموو ڕۆژێ و بە نهێنی ئاو و نانی بۆ دەبردن و بە کۆپینی دەسکرد، بڕە نان و خۆراکی مانگانەی بــۆ وەردەگرتن. ئــەوان لە ناو زیندانێک دا بوون کــە زیندانەوانی نەبوو بەڵام، هاوکات هیچ ڕێگایەکیان بۆ هەڵاتن و دەرباز بوون نەدەزانی.

لـــه هەلومەرجێکـــی بـــەم جـــۆرە دابوو کە "ئـــان فرانک"، ئەم رەوشـــە تاڵ و ناخۆشـــە تەوسیف دەکات. دەفتەری بچکۆلانەی بیرەوەریەکانی ئان، دەفتەرێکە لـــە گێڕانەوەکانـــی پـــڕ لە ئێش و ژان و بەدبەختی و ئـــازار. "ئان فرانک" کە لەو تەمەنە دا تازە خەریکە پێدەگات، بە سادەیی باسی لە مەیلە جنسیەکانی خۆیشی کردووە و راســـتگۆیانە ئەوەی بە زەینی دا هاتووە نووســـیویەتی. ئان، باس لە هەســـتی خوشکایەتی خۆی بۆ خوشـــکە گەورەکەی "مارگۆ" دەکات کە کچێکی شـــیرینە بەلام جاروبـــارە پرتەوبۆڵەی دێت. باس لە دڵ ئێشـــەکان و تووڕەیی خۆی لە دایکی دەکات و هەروەها متمانەی خۆی بە باوکی دەگێڕێتەوە کە لەم دەفتەرچەیەدا ناوی "پیم" واتا ناوی سەگێکی بنەماڵەیی لە سەر داناوە.

نووســـەری بەناوبانـــگ "جودیـــەت ترومەن" لە بـــارەی "ئان فرانـــک"ەوە بەم جۆرەی نووسیوە:

" ئان فرانک نووسەرێکی زۆر بە توانا، زیرەک و ڕووراست بوو کە خۆی لە شێوازی نووسینی دەسکرد و ساختەکارانەی هێندێک لاو دەپاراست."



لە مانگی ئاگۆستی ساڵی ١٩٤٤، پۆلیســـی فاشیســـتی نازی شوێنی خۆشـــاردنەوەی ئەوانـــی دیتـــەوە. شـــیمانە دەکرێ کە ئەم کەسانە بە هۆی کەسێک کە لە ئەنبارەکە کاری کـــردووە لقـــاو درابێن. لـــە ڕۆژی چواری ئاگۆست، هێزەکانی پۆلیس هێرشیان کردە ئەم حەشارگەیە و هەموویان دەسبەسەر کردن.

هێزەکانی پۆلیسی ئاڵمان، وێڕای پشکینی هەموو ژوورەکە، جانتای "ئـــان فرانک"یان بەتـــاڵ کرد کە لە نـــاوی دا دەفتەرچـــەی بچکۆلانەی هەبوو. ئەم دەفتەرچەیە لەم شـــوێنە بە جێ ما...

هەفتەیـــەک دواتـــر "می یپ گیز" کە یەکێک بوو لەو کەســـانەی کە ئاگای لەم بنەماڵەی ئان و هاوڕێیانی ئەوان بوو، دەچێتە شـــوێنی خۆشـــاردنەوەی ئەوان. بـــەلام لـــە جیاتی بنەماڵەی ئان و هاوڕێیانی، ئەنبارێکی بەتاڵ دەبینێت. لەم نێوە

دا چاوی بەم دەفتەرچەیە دەکەوێت کە لە گۆشەیەکی ئەنبارەکە لە سەر زەوی کەوتبـوو. کاتێک لاپەڕەکانی ئەم دەفتەرچـە بچکۆلانەیە هەڵدەداتەوە، تێدەگات کە ئیتر چاوی بە "ئان فرانک" و بنەماڵەکەی و هاوڕێیانی ناکەوێتەوە و هەست بـەوە دەکات کە پێویسـتە ئەم دەفتەرچەیە وەکـو بەڵگەیەک لە بیرەوەریەکانی ئەم بنەماڵەیە و بە تایبەت "ئان فرانک" بپارێزێت.

بنەماڵــەی "فرانــک"، بنەماڵــەی "پۆلسـێس" و ددانسـاز "پۆففێـر"، بۆ ماوەی مانگێک لە ناو یەکێک لە ئۆردوگاکانی ئاڵمان ڕاگیران و دواتریش بۆ ئۆردوگای سووتاندنی مرۆڤەکان لە "ئاوشویتس" دوور دەخرێنەوە.

ژنێکـی ئاڵمانی کە لە زیندانی ئاڵمانیـەکان ڕزگاری بووە و ماوەیەک لە گەڵ "ئـان فرانـک" و بنەماڵەکەی بووە، لە وتووێژێـک دا بەم جۆرە باس لە ترس و دڵەڕاوکێی ئەم کچە نووسەرە کەم تەمەنە دەکات:



" ئـان فرانـک، چاوی بـە هەموو ئەم کارەسـات و ڕووداوانـە کـەوت کە بە سەر خەڵک و هاوڕێیان و بنەماڵەکەی و خۆی دا هات.... لە مێژ بوو کە ئیتر ئێمە چاوەکانمان هێزی بینینی نەمابوو... ئەم کچـە تـا دواترین کاتەکانـی ژیانی هەر گریـا و گریا و فرمێسـکی هەڵوەراندن. گەلۆ ئێـوە دەتوانن بیهێننـە بەر چاوی خۆتـان کە ئێمە خۆمان ئەوەندە گریا بووین کە ئیتر فرمێسـک لە چاوەکانمان دا ویشک ببوو؟!"

"ئان فرانک" و خوشکەکەی واتا "مارگۆ" یان لە پاییزی ساڵی ١٩٤٤ بۆ "بێرگێن بێلسێن" دوور خستەوە. ساڵێک دواتر و لە وەرزی بەهار دابوو کە هەردوکیان، بە هۆکاری نەخۆشـی "تیفوس" کە لە ناو ئۆردوگاکە دا بڵاو ببوویەوە، ژیانیان لە دەسـت دا. بەم جۆرە "ئان فرانک"، لە تەمەن پازدە سـاڵەیی دا ژیانی بەخت کـرد، لـە کاتێکدا کـە تەنیـا دەفتەرچەیەکی لێ بـە جێ مـا. دەفتەرچەیەک کە خـۆی (ئان) بـڕوای نەدەکرد ڕۆژێک ببێتە هۆی مانــەوەی یاد و بیرەوەری و پێشـاندەری هەسـت و تواناکانی ئەدەبی ئەو بێـت. دەفتەرچەیەک کە هاوکات بەشـێکە لە مێژووی ڕەنجی مرۆڤایەتی. مێژوویەک لە خوێن و سـتەم و ئازار

که دەسەڵاتدارانی پیاو لە پێناو وەدەست هێنانی دەسەڵاتی زۆرتر و تەماح، بۆ ئان فرانک و میلیۆنان کەسی دیکەیان ساز کرد. مێژووی تاڵی شەڕ و کوشتار و ئاوارەیی و ئەشکەنجە و زیندان و دوور خستنەوە و مردن بە نەخۆشی...

لــە بنەماڵــەی "فرانک" تەنیــا باوکیان بوو کە لە دوای کۆتایی هاتنی شــەڕی جیهانی دوویەم زیندوو ما. هەموویان مردن و "ئۆتۆ فرانک" لە کاتی گەڕانەوەی بۆ ئامستردام، تووشی ئەم کەسە هات کە دەفتەرچە بچکۆلانەکەی کیژۆڵەکەی بــۆ ڕاگرتبــوو. دواتر لە ســاڵی ١٩٤٧ ئەم دەفتەرچەیە لە ژێــر ناوی "خانووی ڕەنج" بڵاو کرایەوە.

دەقی ئەو کتێبە لە ساڵی ١٩٥٣ لە وڵاتی ئامریکا بە سەردێڕی "بیرەوەریەکانی کیژۆڵەیــەک" بــڵاو کراوەتەوە. ئەم بیرەوەریانە بە شــێوەی کتێب لە ئاســتێکی بەربــڵاو دا فرۆشــران و کاریگەریەکی زۆریان لە ســەر خوێنــەران هەبوو بە جۆرێــک کە هەمــان کتێب بۆ جاری دوویــەم و بە هەژمارێکی زۆر لە ســاڵی ١٩٩٥ بــڵاو کرایــەوە. کتێبــی بیرەوەریەکانی "ئــان فرانک"، تا ئێســتا بە دەیان زمانــی جۆراوجۆر لە جیهان دا وەرگێڕدراوەتەوە. هاوکات چەندین شــانۆنامە و فیلمی لە ڕوو ساز کراوە. "ئان فرانک" جیا لەم بیرەوەریانە، چەندین چیرۆک و بابەتی نووســیوە کە ئەم بەرهەمانەش لە ســاڵی ١٩٥٧ لە وڵاتی هۆلەند بڵاو کراونەتەوە.

"ئان فرانک"، وێڕای گێڕانەوەی ئەم بەدبەختیانەی کە بەرسەریان هاتووە، لە دواترین نووسینەکانی ڕۆژانەی خۆی دا، بەم جۆرەی نووسیوە:

" ... ســەڕەڕای هەموو شــتێک، لە سەر ئەو بڕوایەم کە مرۆڤەکان لە دەرۆن دا خاوەنی دڵێکی باش و مێهرەبانن...!"

ئــەم جــۆرە تێڕوانینــەی کچێکی کــەم تەمەنی قەڵەم بەدەســت کــە وەکوو گوڵاڵەیەک ژیانی پەڕپەڕ بوو، دەبێ ببێتە مایەی شەرم بۆ ئەو کەسانەی کە تا ئێستا کۆمەڵکوژیەکانی لە وێنەی "هۆلۆکۆست" ڕەت دەکەنەوە یانیش هاندەری کوشت و کوشتار و خوێن ڕشتنی مرۆڤەکانن لە جیهان دا. لەم نێوە دا ئاشکرا بووە کە ئەوەی سەرکەوت، نەک چەک و تەقەمەنی و ئەرتەشەکان، بەڵکوو ئەم وشــە ســادە و پاکانەن کە لە کانیاوی زوڵاڵی دەرۆنی کیژۆلەیەکی وەک "ئان فرانک" هەڵقووڵاون.



# فريدا كالۆ

# Frida Kahlo

1907- 1954

# گەورەترین نیگارکێشی ژن لە مێکزیک

"فریدا کالۆ" لە ڕوانگەی زۆر کەسان گەورەترین نیگارکێشی مێکزیک و لە ڕوانگەی زۆر کەسی دیکەش وەکو ژن، گەورەترین نیگارکێشی ژنە لە وڵاتی مێکزیک. هونەری "فریدا کالۆ" هونەرێکی تایبەتیە، چوونکە زۆربەی کاتەکان خەریکی کێشانەوەی نیگاری کەسێکی تایبەتی بووە کە ئەویش بە خۆیەتی. کالۆ لەم پێوەندیە دا گوتویەتی:

*" من نیگاری ڕووخساری خۆم دەکێشمەوە، چوونکە زۆربەی کاتەکان بە تەنیام. هاوکات من خۆم لە هەموو کەسێکی تر باشتر دەناسم."*

"فریدا کالۆ" بە کێشانەوەی خۆی و بە ساز کردنی ڕووخسارگەلێک کە وەکوو فریدای دوویەم پێناسە دەکرێن، هاوکات لە گەڵ نیشان دانی هەستی دەرۆنی، ئێش و ئازارەکانی ناو دڵی، لە ڕووخساری نیگارەکانی دا، هێناوەتە بەر چاو.

سەرچاوەی سەرەکی ئێش و ئازارەکانی دەرۆنی فریدا، هاوسەرەکەی واتا

"دیۆگۆ ریۆرا" بوو کە ئەویش نیگارکێشێکی مارکسیست بوو. دیۆگۆ لە بارەی فریدا دا گوتویەتی:

*"فریدا لە مێژووی هونەر دا، نموونەی نیگارکێشێکی تایبەتە کە سینگ و دڵی خۆی هەڵدڕیوە تا راستیەکانی هەستی خۆی ئاشکرا بکات."*

"فریدا کالۆ" لەشاری "مێکزیکۆ"، لە خانوویەکی شینی نزیک لە بنەوش کە وەک "خانووی شین" ناوبانگی دەرکردبوو، لە دایک بووە. فریدا یەکێک بووە لە پێنج منداڵەکانی وێنەگر و نیگارکێشێکی پرۆفێشناڵ بە ناوی "گیلێر" کە بە رەگەز جوولەکە بوو کە باپیرانی لە وڵاتی "ئۆستریخ"ەوە هاتبوون. دایکیشی واتا "ماتیلدا" بە ئایین مەسیحی و بە رەگەز نیوە سپانیایی و نیوە سورپێست بوو.

لە گەڵ ئەوەشدا کە فریدا لە لە ساڵی ١٩٠٧ لە دایک بووە، بەڵام هەموو کاتێک رایدەگەیاند کە ئەو لەدایک بووی ساڵی ١٩١٠ یە. شیمانە دەکرێ کە ئەم کارەی بە ئانقەست و بە هۆی ئەوە کردووە کە لەم ساڵە دا، شۆڕشێکی بەربڵاو لە وڵاتەکەی بەڕێوە چوو.




یەکێک لە نووسەرانی ژیاننامەی "فریدا کالۆ"، باس لەوە دەکات کە فریدا بە گیان و دڵ و بە ڕێگای هونەرەکەی، پشتیوانی لە شۆڕشی خەڵکی وڵاتی مێکزیک کردووە. ئەم پشتیوانیە تەنانەت لە شێوازی دیکۆراسیۆنی ماڵ، جۆری جلوبەرگ و هەڵسوکەوتی ئەم ژنە هونەرمەندە دا بە ڕوونی بیندراوە.

لە کۆتایی ساڵەکانی ١٩٢٠، فریدا بە تەواوی کۆمۆنیستێکی توندڕەو بوو. فریدا، زۆر لە ژێر کاریگەری خۆشەویستەکەی واتا "دیۆگۆ ریۆرا" دا بووە. نیگارکێش لە نیگارەکانی دا ڕەخنەی لە سیستەمی کاپیتالیستی دەگرێ و بۆ وێنە بە چاوێکی رەخنەگرانەوە شاری "نیۆیۆرک" لە قۆناغەکانی قەیرانی ئابووریدا دەخاتە بەر چاو.

"فریدا کالۆ" نەک تەنیا نیگارکێش، بەڵکوو لاوێکی پڕ هەست بوو کە توانایی نووسینی هەبوو. هەم وەکوو نووسەر و هەمیش وەکوو خوێندکارێکی زانکۆ، هەستی ئاگرینی دەرۆنی خۆی هێناوەتە زمان.

لە ساڵی ١٩٢٥ کاتێک بە ئوتوبوس لە خوێندنگا بەرەو ماڵ دەچوویەوە، ئوتوبوسەکەیان تووشی پێکدادانێک هات و زۆربەی سەرنشینەکانی ئەم ئوتوبوسە و بە تایبەتیش زیادتر لە هەموویان فریدا، بە گرانی بریندار بوون. لە گەڵ ئەوەشدا کە فریدا لە مردن رزگار بوو، بەڵام بە هۆی ئەم زەربەیەی کە پێی کەوت، بە درێژایی تەمەنی ئازاری چێشت و کاریگەریەکانی ئەم ڕووداوە لە جەستەی دا بەردەوام بوو.




لەو ماوەیە دا کە بە هۆی ڕووداوی خۆپێکدادانی ئۆتوبوس لە ماڵێ کەوتبوو، دەستی کرد بە نیگارکێشی و هەوڵی دا کە بەو ڕێگایە هەم کات دەرباز بکات و هەمیش هێندێک پووڵ و پارە وەدەست بێنێت. لە گەڵ ئەوەشدا کە هەموو کاتێک حەزی لە تەماشا کردنی وێنەکانی کتێبی منداڵان هەبوو، بەڵام هەرگیز بە درێژایی تەمەنی، جیا لە خوولێکی کورتخایەن لە لایەن "فێرناندۆ فێرناندێز" هەرگیز پەروەردەیەکی تەواوی لە سەر چۆنیەتی نیگارکێشان نەدیتبوو. فێرناندۆ تا رادەیەک فێری کردبوو کە چۆن نیگار بکێشێتەوە و پێشی گوتبوو کە "فریدا کالۆ" توانایی و مایەی نیگارکێشانەوەی هەیە و ئەگەر بەردەوام بێت نیگارکێشێکی زۆر چاکی لێ دەردێت. فریدا لە یەکەمین نیگارەکانی دا، بە ڕوونی نیشانی داوە کە لە ژێر کاریگەری شێوازی "کوبیسم" و هەروەها شێوەی نیگارکێشی کەسێکە بە ناوی "ئادۆلفۆبێست مۆگار".

یەکەمین پۆرترە کە "فریدا کالۆ" لە ڕووخساری خۆی کێشاوە، لە ساڵی ١٩٢٦ دا بوو. فریدا درێژەی بە نیگارکێشی دا و هێندێک جار بە شێوازی ڕیئالیستی و هێندێک جاریش بە شێوازی سووررێئالیستی، نیگاری بەرهەم دەهێنان. لەم نێوە دا گەلێک تابلۆی بە نرخی بەرهەم هێنان کە ناوی بەشێک لەم تابلۆیانە

بەم جۆرەیە: "ڕووخساری دیۆگۆ ریۆرا، ملوانکەیەک لە خانوو، کاسەسەرێک لە ناوەراستی ناوچاوان، هێمای بیرکردنەوە لە بارەی مردن، مەیمونەکانی دەستەمۆی فریدا"، هەروەها تابلۆی "ستونی تێکشکاو" کە پێشاندەری ستوونێکی پۆلایینە لە ناو جەستەی ڕووتی خۆی دا و لە ساڵی ١٩٤٢ کێشابوویەوە.

فریدا لە ساڵی ١٩٢٨ چەند نموونەیەک لە تابلۆکانی خۆی نیشانی "دیۆگۆ ریۆرا" دەدات و دیۆگۆ بە بیبینی ئەم تابلۆیانە سەری سوورِ دەمێنێت و هانی دەدات کە زیادتر و زیادتر لە جاران درێژە بە نیگارکێشانەوە بدات. دیۆگۆ، نە تەنیا ئەویندای نیگارەکانی فریدا، بەڵکوو ئەویندای خۆیشی بوو. ئەوان لە ساڵی ١٩٢٩ زەماوەندیان کرد. بەڵام ئەم زەماوەندە گەلێک جاران بە هۆکاری بێ وەفاییەکانی دیۆگۆی هاوسەری فریدا، تووشی کێشە و بەزم دەهات. هەڵبەت قسەوباسی ئەوەش هەبوو کە گۆیا خودی "فریدا کالۆ"ش، هێندێک سەروسرِ و پێوەندی نهێنی ئەویندارانەی لە گەڵ هێندێک کەس هەبووە کە لە ناویان دا دەکرێ ئاماژە بە پەیکەرەساز "ئیزامۆ نیگۆشی" و هەروەها یەکێک لە ڕیبەرانی جووڵانەوەی سۆسیالیستی ڕووسی بە ناوی "لیئۆ ترۆتێسکی" بکەین کە لە ڕووسیە بۆ وڵاتی مێکزیک دوور خرابۆوە و دواتریش بە ڕێگای دۆست و پێوەندیەکانی ستالین تێرۆر کرا. هەموو ئەمانە بوو بە هۆی ئەوەی کە فریدا و هاوسەرەکەی چەندین جار لە یەکتر جودا ببنەوە و دیسان یەکبگرنەوە و دیسان جودا ببنەوە.




دەگووترێ کە خاڵێکی دیکەی ناکۆکی ئەم ژن و مێردە لە سەر ئەوە بوو کە فریدا منداڵی نەدەبوو. هەستی ژنانەی فریدا بۆ منداڵ و منداڵدار بوون لە زۆر یەک لە تابلۆکانی لە وێنەی "لەدایک بوونی من" بەرهەمی ساڵی ١٩٣٣، "من و دایانەکەم" بەرهەمی ساڵی ١٩٣٧ و "من و بووکەچینیەکانم"، بەرهەمی ساڵی ١٩٣٧، بە ڕوونی دەبیندرێت.

یەکێک لە نووسەران بە ناوی "ئاندێ برۆتۆن" لە ڕۆژنامەی "لۆمۆند" لە

ساڵی ١٩٣٨، نیگارەکانی ئەم ژنە مێکزیکیەی بە نیگارگەلێکی زۆر جوان و شاز ناسیوە و فریداشی بە دەسماڵێک لە گوڵ وەسف کردووە کە لە دەوری بۆمبێک ئاڵاوە. سەرەڕای هەموو ئەمانە تا ساڵی ١٩٥٣، واتا ساڵێک بەر لە مردنی هونەرمەند، هیچ جۆرە پێشانگایەکی گەورە لە نیگارەکانی "فریدا کالۆ" لە وڵاتی مێکزیک بەڕێوە نەچوو. ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە فریدا بە سەختی نەخۆش کەوت و تەنانەت بە هۆی بڕینەوەی لاقی ڕاستی بە هۆی نەخۆشی، ئازاری دەچێژا. نەخۆشی فریدا جار لە گەڵ جار زیادتر پەرەی دەستاند تا ئەوەی کە لە ڕۆژی سیزدەی جونی ساڵی ١٩٥٤، مەرگ باڵی بە سەر چاوەکانی وردبینانەی ئەم هونەرمەندە هەست ناسکە دا کێشا.

بە گشتی فریدا نزیکەی دوو سەت تابلۆی بەرهەم هێنان کە بە تابلۆکانی، هەست و جیهانی دەرۆنی خۆی دەخاتە بەر چاو و لەهەمان کاتدا تابلۆکانی هان دەدات کە خۆیان لە کەسایەتی ئەو و تابلۆکانی دا بدۆزنەوە و لە دەرۆنی خۆیان دا قووڵ ببنەوە.



# کلیئۆپاترا

**٦٩ی بەر لە زایین تا ٣٠ بەر لە زایین**

Cleopatra

# ئەو خوداژنەی کە ئیمپراتۆریەکانی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتی وەلەرزە خستبوو

ئـــەو ژنـــەی کە تەواوی ئیمپراتۆریای ڕۆم لێی دەترســـان "کلیئـــۆ پاترا" بوو. "کلیئـــۆ پاترا" حەوتەمین شـــاژنی وڵاتـــی "ئیجیپت" (میســـری ئەمڕۆکە) بوو کە هـــاوکات وەک ئاخریـــن فێرعۆنی ئیمپراتۆریای "بێتلیمۆس"ی ناســـراوە کە ئەم ئیمپراتۆریایە لە لایەن یونانیەکانەوە بنیان نرابوو. ئەم ژنە، هەم وەکوو قارەمان و هەمیش وەکوو ژنێکی ئەفسانەیی لە مێژوو دا ناوبانگی هەیە.

لە گەڵ ئەوەشدا کە هێندێک نیگار ڕووخساری "کلیئۆ پاترا" وەک ژنێکی زۆر جوان و دلڕفێن نیشـــان دەدەن و هاوکات سیمای "کلیئۆ پاترا" لەو فیلمانەش دا کە لە ســـەری ســـاز کراون، زۆر جوان و سەرنجراکێشـــە، بەڵام دەگووترێ کە جوانیەکەی بەو ئاســـتەش زۆر نەبووە. ئەوەی کـــە "کلیئۆ پاترا"ی زۆرتر وەک کەســـێکی ســـەرنجراکێش لێکردووە، لە راستی کەســـایەتی و تایبەتمەندیەکانی ئەون. نووســـەرێکی ژیاننامەی "کلیئۆ پاترا" بە ناوی "جولیا سامسۆن" ئاماژەی بەو بابەتە کردووە و گوتویەتی:

*" ئەوە لە تایبەتمەندیەکانی کەسایەتی کلیئۆ پاترا بوو کە خەڵکی*

*فریو دەدا و بەرەو لای خۆی رادەکێشان."*

هــاوکات بــە تەواوی ڕوون نییە کە ئایا "کلیئۆ پاتــرا" تێکەڵ بە پێوەندیەکانی بێ پاسانەوەی جنسی و ئەوینداری لە گەڵ خەڵکانێکی زۆر بووە یان نا، بەلام دەگوترێ کە "جولیۆس ســێزار" پادشــا و ئیمپراتۆری ڕۆم و هەروەها "مارک ئانتۆنی" ئەویندارى بوون.

"کلیئۆ پاترا" وەکوو پادشای وڵاتێک کە سەردەمانێک یەکێک بووە لە وڵاتانی هــەرە بەهێز و پێشــکەوتوو لە جیهــان کە دواتر لە لایــەن ڕۆمیەکانەوە داگیر کــرا، نــەک تەنیا وەکوو خاوەن ملک و وڵات، بەڵکــوو هاوکات وەکوو مرۆڤێک کە خاوەنی هەســت و دڵە، هەلبژاردنی ئەوینــدار و گرتنە رێچکەی ئەویندارى، گرینگی تایبەتی هەبوو. ئەم خاتوونە بە هێزە بە هۆی خواست و داخوازەکانی دڵی، دەورێکی کاریگەری لە ســەر چارەنووســی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریای ڕۆم هەبوو.

"کلیئــۆ پاتــرا" بە خــۆی یەکێک بووە لــە نەوەکانی یەکێک لــە فەرماندەکانی ســپای "ئالێکساندێری ماکادۆنی" بە ناوی "سوتێر" کە دوای داگیرکردنی وڵاتی "ئیجێپت" و لە دوای مردنی ئالێکساندێر لە ساڵی ٣٢٣ی بەر لە زایین، دەسەڵاتی وڵاتی "ئیجێپت"ی گرتبووە دەست.

لە سەردەمی منداڵی دا، "کلیئۆ پاترا" بە چاوی خۆی شەڕ و ناکۆکیەکانی نێوان باوکی و خوشــکە گەورەکەی بە چاو بینی کە لە ســەر دەســەڵات و بە دەست گرتنــی جێگە و پێگەی پادشــایەتی بە شــەڕ دەهاتن. "ئۆلی تێــس"ی باوکی، بە هاوکاری و یارمەتی ماددی ڕۆمیەکان و بە تایبەتیش بە یارمەتی فەرماندەیەکی شەڕی ڕۆمیەکان بە ناوی "مارک ئانتۆنی"، لەم شەڕە دا سەرکەوتنی وەدەست هێنا و دەسهەلاتی گرتە دەست.

" ئۆلی تێس" لە ســاڵی ٥٢ی بەر لە زایین مرد و بە پێی وەســیەتنامەیەک کە لە پاشــە خۆی بە جێی هێشت بوو، دەسەڵات و ئەرکی پادشایەتی بە کچەکەی واتا "کلیئۆ پاترا" دەگەیشــت. جیا لە کلیئۆ، لەم وەسیەتنامەیە دا ئاماژە بە ناوی زڕبرایەکی تەمەن دە ســاڵە و "بێتلیمۆس"ی سێزدەیەم، هاوسەری "کلیئۆ پاترا" بۆ ئەم ئەرکە کرابوو.

شــووڕای دیاری کردنی جێگری پادشــا، دەبوایە لەم سێ کەسەی کە ناویان لە وەســیەتنامەکە دا هاتووە کەســێک بۆ پادشایەتی هەلبژێرن. لەم نێوە دابوو کە شانســی هاوسەری "کلیئۆ پاترا"، واتا "بێتلیمۆس"ی سێزدەیەم لە هەموویان

زیادتر بوو. ئەم شــووڕایەش بە کردەوە و لە کۆبوونەوەیەک دا پشتیوانیان لە هاوسەری "کلیئۆ پاترا" دەکرد و ئەمەش بەو واتایە بوو کە مەترسی لە دەست دانی هێزی هاتبووە پێش. هەر بۆیە "کلیئۆ پاترا" بە ناچار شاری "ئالێکساندریا"ی بــەرەو "ئەشــکەلۆن" بە جێ هێشــت. ئەمە شــارێک بوو کە لە قــەراغ دەریا و لــە باکوری "غــەززە" هەڵکەوت بوو. لــەوێ بوو کە "کلیئۆ پاترا" ئەرتەشــێکی شــەڕکەری پێک هێنا و لە دژی هاوســەرەکەی کە خۆی بــە جیگری فیرعۆنی پێشــوو واتا باوکــی "کلیئۆ پاترا" راگەیاند بوو، شــەڕی راگەیاند. "بێتلیمۆس"ی سێزدەیەم هێرشی کردە سەر شاری "ئەشکەلۆن"، بەڵام لەم شەڕە دا تێکشکا و پاشەکشەی کرد. ئەمەش یەکەمین سەرکەوتنی "کلیئۆ پاترا" بوو.

لەو کاتە دا واتا لە ساڵی ٤٨ی بەر لە زایین، ئیمپراتۆری ڕۆم، "ژولیۆس سێزار" گەیشــتە شــاری "ئالێکســاندریا". لە راســتی دا هێندێک لە رۆمیەکان لایەنگری ئەوە بوون کە دەسەڵاتێکی هاوبەشی پادشایەتی واتا "هاوپادشایەتی" لە نێوان "کلیئــۆ پاترا" و هاوســەرەکەی دا ســاز بێــت و لە لایەکی دیکــەش ژمارەیەک ڕۆمی لە دژایەتی و ســەرهەڵدانی "ئیجیپتیەکان" لە بەرامبەر ئیمپراتۆریای ڕۆم نیگــەران بــوون و بۆ کۆتایی هێنان بەو کێشــانە و ڕێککەوتن، ســێزاری ڕۆم خۆی گەیاندبووە ئەم شارە. هاوکات وڵاتی "ئیجیپت" هەم دەوڵەمەند و زەنگین بــوو، هەمیش بە ئیمپراتۆریای رۆم قەرزدار بوو. ســێزار کە بەردەوام لە گەڵ وڵاتانی دیکە لە شەڕ دابوو، پێویستی بە پارە و پووڵ هەبوو. "ژولیۆس سێزار" نامەیەکــی بــۆ "کلیئۆ پاترا" نارد و داوای لێکرد کە بــۆ چاوپێکەوتن لە گەڵی دا بچێتە لای. مێژوونووســی بە ناوبانگ "پلۆتارێک" لەم پێوەندیە دا دەنووســێت کــە گۆیــا بۆ ئەنجام دانی ئەم چاوپێکەوتنە، "کلیئــۆ پاترا"یان لە ناو تەونێک دا پێچایەوە و بەم جۆرە شار بە شار و گوند بە گوند بە بێ ئەوەی کە سەربازانی ئێجێپتی ئاگایان لێی بێت، تاکو لای ژولیۆس سێزار بردرا.

ســێزار کــە بە خۆیشــی لە گەڵ هاوســەری "کلیئــۆ پاترا" بە شــەڕ هاتبوو، ئەرتەشــی "بێتلیمۆس"ی تێکشــکاند و بێتلیمۆسی سێزدەیەم کە لە ترسی گیانی خۆی هەڵدەهات، لە ناو دەریا دا خنکا.

ژولیۆس سێزار، لە فەرمانێک دا رایگەیاند کە "کلیئۆ پاترا" و برایەکی بچووکی کە تەنیا دوازدەســاڵی تەمەن بوو، هاوڕی لە گەڵ مێردە تازەکەی "کلیئۆ پاترا" بــە نــاوی "بێتلیمۆس"ی چاردەیەم، ســێ بە ســێ ئەرکــی بەڕێوەبردنی وڵاتی ئیجێپت و پادشــایەتیان پێ دەســپێردرێت. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە ژولیۆس بە


خۆی ئەویینداری "کلیئۆ پاترا" ببوو. کلیئۆ پاترا و سیزار بەهۆی پێوەندی نهێنی ئەویندارانە، کوڕێکیان بوو بە ناوی "سیزاریۆن". دەگووترێ کە ژولیۆس سیزار و "کلیئۆ پاترا" تا کاتی کوژرانی سـیزار لە سـاڵی چل و چواری بەر لە زایین، هەروا ئەویینداری یەکتر مانەوە و بە یەکەوە پێوەندیان هەبووە.

دوابەدوای مردنی ژولیۆس سیزار، "کلیئۆ پاترا" زۆر لەوە دەترسا کە بە هۆی کوژرانی سیزار، گەلێک کەس بیانهەوێت کە ئەو و تەنانەت کوڕە هاوبەشەکەی خۆی و سـیزار لە ناو بەرن. ئەمە شـەڕی وەدەست هێنانی تاجی پاشایەتی و دەسەڵات بوو کە هەموو کەسی لە یەکتر دەخستە گومان و تەنانەت خوشک و برا و هاوسـەریش لە وەها کاتێکدا جێگەی متمانەی یەکتر نەبوون. "برۆتۆس" و "کاسـیۆس" کە پلانی کوشـتنی "ژولیۆس سـیزار"یان داڕشـت بوو، لە رۆم هەڵاتبوون و هەوڵیان دەدا ئەرتەشێک بۆ بەرەنگاری کردن لە بەرامبەر "مارک ئانتۆنی" و "ئۆکتاویان"ی خوشکەزای سیزار، ئامادە بکەن.

لەم نێوە دا "کلیئۆ پاترا" داوای لە هێزەکانی ئەرتەشـی رۆم کرد کە هێندێک هێـزی یارمەتـی بۆ پشـتیوانی کـردن لە "دۆلا بێـلا" بنێرن کە یەکێـک بوو لە حاکمانی وەفادار بە ژولیۆس سـیزار لە هەرێمی سوریەی ئەمڕۆکە. "دولا بێلا" لە دژی "کاسـیۆس" شـەڕی دەکرد کە دژبەری سیزار بوو. لەم شەڕە دا "دۆلا بێلا" بە سـەختی تێک دەشـکێت و دوای ئەمەش "کاسـیۆس" ی سـەرکەوتوو، تەمـاح لە خاکی ئێجیپت دەکات. کاسـیۆس داوای دانی بـاج و پارەی لە "کلیئۆ پاتـرا" کـرد، بەڵام "کلیئـۆ پاترا" ئەم داوایـەی ڕەت کردەوە و لـە بەرامبەر دا ویسـتی پشـتیوانی لە "مارک ئانتۆنی" و "ئۆکتاویان" بکات. هەر بۆیە لە سـاڵی ٤٢ی بـەر لـە زایین کەشـتیەکانی جەنگی خۆی بەرەو "فیلی پـی" رەوانە کرد، بـەڵام لـە ڕێگە دا تۆفان زەربەی لە کەشـتیەکانی دا و بە ناچار بەرەو ئێجیپت پاشەکشەیان کرد. هەر لەو کاتە دا دوو شەڕی گەورە لە "فیلی پی" ڕوویان دا کە لە ئەنجام دا "برۆتوس" و "کاسـیۆس" کوژران و دەسـەڵاتی ڕۆم لە نێوان "مارک ئانتۆنی"، "ئۆکتاویان" و "لۆپی دۆس" دابەش کرا.

"مـارک ئانتۆنـی" بیر لـەوە دەکاتەوە کە هێـرش بکاتە سـەر ئیمپراتۆریای ساسـانیەکان لە کوردسـتان و ئێرانی ئەمڕۆکە. بۆ جێبەجێ کردنی ئەم پلانە، بـەرەو پێشـوازی "کلیئـۆ پاترا" لە ناوچەی "تارسـۆس" وەڕێ کـەوت کە ئەم ناوچەیە ئێسـتا لە نزیک شـاری ئادانا (لە نێوان باکوری کوردسـتان و رۆمی کـۆن، لـە خاکی تورکیـای ئەمڕۆکـە دا) هەڵکەوتووە. بە وتـەی مێژوونووس

"پلۆتاریک"، مارک ئانتۆنی بە سواری کەشتیەک کە بەشێکی لە زێڕ و بە گەلێک نەقش و نیگاری وردەکارانەوە ساز کرابوو، هاوڕێ لە گەڵ ئەرتەشەکەی و بە دەیان و سەدان کەشتی شەڕ، بەرەو وڵاتی "تارسۆس" وەڕێ دەکەوێ و لە لایەن شاژنی وڵاتی ئیجێپت "کلیئۆ پاترا" بە گەرمی پێشوازی لێ دەکرێت. ئەم دوو کەسە بە دیتنی یەکتر ئەوینداری یەک دەبن و ئەم ئەوینە هەتا کۆتایی ژیانیان بەردەوام بووە.



لە ساڵی ٣٦ی بەر لە زایین، "مارک ئانتۆنی" و "کلیئۆ پاترا" لەگەڵ یەکتر زەماوەندیان کرد. ئەوە لە کاتێکدابوو کە مارک ئانتۆنی چوار ساڵ پێشتر و لە گەڵ خوشکی "ئۆکتاویان" واتا خوشکەزای "ژولیۆس سێزار" زەماوەندی کردبوو کە بەرهەمێکی سیاسی زۆریشی لەم زەماوەندە وەدەست هێنابوو.

"کلیئۆ پاترا"، مارک ئانتۆنی بۆ هێرش کردن بۆ سەر ئیمپراتۆریای ساسانی هان دا و بیری لەوە کردبۆوە کە لە ئەگەری سەرکەوتنی مارک ئانتۆنی بە سەر ئیمپراتۆریای ساسانی، ئەوە دەسەڵاتی خۆیشی زیادتر پەرە دەستێنێت. ئامانجی ئەوان ئەوە بوو کە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان و دواتریش دەسەڵاتی ئەم هەرێمانەش بە میرات بۆ ڕۆڵەکانیان بە جێ بهێڵن. لە ڕاستی دا بە وتەی "سامسۆن"، ڕۆمیەکان لە هێز و یەکیەتی "کلیئۆ پاترا" و "مارک ئانتۆنی" دەترسان.

کەسایەتی "کلیئۆ پاترا" بە ڕادەیەک سەرنجراکێش و کاریگەر بوو کە مارک ئانتۆنی بە خێرایی ئەم داخوازەی پەسەند کرد و بەرەو ڕۆژهەڵات وەڕێ کەوت. بەڵام ئەم هێرشە هیچ ئاکامێکی نەبوو. لە گەڵ ئەوەشدا کە "کلیئۆ پاترا" گەلێک سەرباز و کەرەستەی وەک هێزی یارمەتیدەر لە گەڵ "مارک ئانتۆنی"

بـــەرەو هەرێمەکانی ساســـانیەکان رەوانە کرد، بەڵام لە ئەنجام دا شکەســـتیان خـــوارد و ئەمەش بوو بە هۆی تا رادەیەک دڵســـارد بوونەوەی "کلیئۆ پاترا" لە مارک ئانتۆنی لە بواری چەکداری دا. هەر چەند هەموو کاتێک خۆشـــی ویســـت و بەردەوام ئەویندارى یەکتر مانەوە.

جـــاری دواتر "مـــارک ئانتۆنـــی" بڕیـــاڕی داگیرکردنی ئەرمەنســـتان دەدات. لـــەم شـــەڕە دا "کلیئـــۆ پاترا" هاوڕێیەتـــی دەکات و تا قەراغ ڕووبـــاری فرات لە گەڵـــی دەڕوات. لەوێ "کلیئـــۆ پاترا" لە مارک ئانتۆنی جیـــا دەبێتەوە تا پەیمانی یەکیەتی خۆی لە گەڵ ســـوڕیانیەکان (کە لە ســـوریە حاکـــم بوون) و هەروەها دەوڵەتی یەهودیە (کە لە ئیسرائیلی ئەمڕۆکە دا جێگیر بوون) دووبارە بکاتەوە. دوابەدوای ســـەرکەوتنی ئانتۆنی بە ســـەر ئەرمەنیـــەکان دا، "کلیئۆ پاترا" وەکو شـــاژنیکی ســـەرکەوتوو کە وڵاتێکی نوێ کەوتووەتە ناو جوگرافیای دەسەڵاتی ئەو، دەگەڕێتەوە شـــاری "ئالێکســـاندریا". لەو گەڕانەوەیە دا بوو کە فەرمانی دا شـــانۆیەکی زۆر گەورە و پڕ شـــکۆی بۆ بگێڕن. لەو شـــانۆیە دا کە ناوی "پێ بەخشـــین" بوو، "کلیئۆ پاترا" و کوڕەکەی خۆی واتا "ســـێزاریۆن" وەکوو شـــای شـــایانی جیهان ناوزەد کران و هاوکات "کلیئۆ پاترا" دەسەڵاتداریەتی وڵاتەکەی خۆی لە ناو ســـێ کەس و لە ســـێ بەشـــدا دابەش کرد کە بەشـــێکیان زنجیرە چیاکانـــی زاگـــرۆس و خاکی ئیمپراتۆریای ساسانیشـــی دەگرتـــەوە. ئەوەش لە کاتێکدابوو کە ئەم هەرێمانە هێشـــتا لـــە لایەن "کلیئۆ پاترا" داگیر نەکرابوون و خاوەنیان نەبوو.

بەڵام لە رۆم، جێگە و پێگەی مارک ئانتۆنی وەکوو کەســـێک کە بە شـــێوەی هاوبـــەش لە گەڵ "کلیئۆ پاترا" خەریکە بە ســـەر وڵاتانی ئاســـیایی دا حکومەت دەکات، وەکـــوو جاران نەمابوو. ڕۆمیـــەکان ئەمجارەیان وەکوو نەیار، چاویان لـــە مـــارک ئانتۆنـــی دەکرد. بـــە تایبەتیش خوشـــکەزای "ژولیۆس ســـێزار" واتا "ئۆکتاویـــان" بە هۆی ئەوەی کە مارک ئانتۆنی خوشـــکەکەی بەجێ هێشـــتبوو، زۆر لێـــی تـــووڕە بوو. لە ئەنجام دا هەر دوو لایەن لە یەکتری هەڵپرینگانەوە و شـــەڕێکی دژوار لە نێوان ئەرتەشـــی مارک ئانتۆنی و ئۆکتاویان ڕووی دا. ئەم شەڕە لە ساڵی ٣١ی بەر لە زایین و لە ناوچەی "ئاکتیۆم" بەڕێوە چوو.

دەگووتـــرێ کـــە ئەگەر ئانتۆنی گوێـــی لە پەندەکانی "کلیئۆ پاتـــرا" راگرتبا کە پێی گوتبوو "بەر لەوەی کەشـــتیەکانی ئۆکتاویان بگاتە ئاکتیۆم هێرشـــیان بکە ســـەر"، بۆی هەبوو کە لەم شـــەڕە دا ســـەرکەوتبا، بەڵام مارک ئانتۆنی وڵامی

ئـــەم پێشـــنیارەی نەدایەوە و لـــە ئەنجام دا و لە شـــەڕێکدا کە لە قـــەراغ دەریا و لە ســـەر ویشـــکایی ڕوویدا، مارک ئانتۆنی شکەســـتی خوارد. لەم شـــەڕە دا ئانتۆنی بە ســـەر تیژایی شمشـــێرەکەی خۆی دا کەوت و بە گرانی بریندار بوو. بـــەڵام برینەکەی بە رادەیەک قوورس بوو کە دەرمـــان نەدەکرا. ئەم ئەویندارە لە باوەشـــی خۆشەویســـتەکەی واتا شـــاژن و خاتوونی هەرێمەکە "کلیئۆ پاترا" چاوەکانی بۆ هەمیشە وێک نا.

"کلیئۆ پاترا" لە کاتی شـــەڕەکە دا خۆی دەگەیەنێتە پەناگەیەک و ســـەڕەرای ئـــەوەی کـــە ئۆکتاویـــان زۆر هەوڵی دا کە "کلیئـــۆ پاترا" بـــە زیندوویی بگرێت، بەڵام هەوڵەکانی بێ ئاکام مانەوە، چوونکە ئەم شـــاژنە کە ئامادە نەبوو خۆی بەدەســـتی دوژمنەوە بدات، بە ژارێکی مەترسیدار کە لە ناو سەوەتەی هەنجیر دا شاردبوویەوە، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

"ئۆکتاویـــان" کە بە مردنی "مارک ئانتۆنـــی" و "کلیئۆ پاترا" کەیف خۆش بوو، بەزەیی بە منداڵە گەورەکەی ژولیوس ســـێزار واتا "سێزاریۆن"یش دا نەهاتەوە کـــە هـــاوکات منداڵی "کلیئۆ پاترا"ش بوو. بۆ ئەوەی کە نـــەکا لە داهاتوو دا ئەم کوڕە بە تۆڵەی دایکی دەســـت بکات بە ســـەرهەڵدان، لە جێدا ئەویشـــی کوشت و دوو منداڵەکـــەی دیکـــەی "کلیئۆ پاترا"شـــی لە گەڵ خۆی بـــردە ڕۆم تا لە لای خوشکەکەی پەروەردە بکرێن و بە داب و نەریتی ڕۆمی خوو بگرن.

بە گشـــتی ســـیمای ئەم ژنە لە مێژوو دا، ســـیمایەکی ناســـراوە. "کلیئۆ پاترا" جیـــا لـــەوەی کە زۆر جـــاران وەکـــوو خوداژنێکی ئەوین و خۆشەویســـتی خۆ دەنوێنـــێ، هـــاوکات لە باری مێژووییشـــەوە دەردەکەوێت کـــە ژنێکی زیرەک و سیاســـەتمەدار و فەرماندەیەکـــی بە توانای شـــەڕ بووە. ژنێـــک کە بووە مایەی نیگەرانی دەسەڵاتدارانی ئەرمەنی، ساسانی و ڕۆمی و مۆری خۆی لە مێژووی سیاسی جیهانی سەردەمی خۆی دا.



# هێلێن کلێر

Helen Keller

1880- 1968

# یار، پشتیوان و ڕزگاریبەخشی میلیۆنان کوێر لە سەرتاسەری جیهان

"هێلێـن کلێـر"، تەنیا هـەژدە مانگـی تەمەن بوو کـە بە هۆی نەخۆشـیەکی نەناسـراوە، بـە تەواوی کەڕ بوو. هەر بە هۆی ئەم نەخۆشـیە، چاوەکانیشـی کوێر بوون و هێزی بیستنی لە بەردا نەما و هاوکاتیش زمانی لاڵ بوو. منداڵیکی تەمەن یەک ساڵ و نیوە، کە لە ناکاو جیهان بە ڕووی دا تاریک دەبێت و تەنیا هەسـت کردن بە سـێ شـت دەکات: چێشـتن، بۆن کردن و لەمس کردن. بەم جۆرە بوو کە لە ناکاو "هێلێن کلێر"، لاواز و بێ بەرگری مایەوە.

کاتێک هێلێن بوو بە حەوت ساڵ، خانمێکیان بە ناوی "ئان-سولیوان" وەکوو مامۆسـتا بۆ گرت. ئەم مامۆسـتا ژنە، کەسـێکی یەکجار دڵسـۆز و مێهرەبان بـوو. "ئان-سـولیوان" بـە هەموو هێـز و توانای خۆیەوە کاری لـە گەڵ هێلێن دەکرد و هەوڵی دەدا کە بۆشـایی بینایـی چاوەکانی ئەو بە دۆزینەوەی بینایی و ڕووناکاییـەک لـە ناخی دا قەرەبوو بکاتـەوە. بەم جۆرە بوو کە تا رادەیەکی زۆر سـەرکەوتنی وەدەسـت هێنا و ئەم ڕووداوەش لە لایەن خەڵکەوە وەکوو موعجیزەیەک باسی لێوە کرا. موعجیزەیەک کە بە موعجیزەی "ئالاباما" ناوبانگی

دەرکردبوو. تەنانەت چەندین کتێب لەم بارەوە نووسراون و چەندین فیلم، هەر لە سەر ئەم بابەتە ساز کران.

"ئان-سولیوان"، بە هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆر، توانیبووی کە نووسین و خوێندنەوە فێری کچێکی منداڵی کەڕ و کوێر بکات! بەم جۆرە بوو کە موعجیزەئاسا پەنجەیەکی نوێی ڕو بە جیهان بۆ هێلێن کردەوە.

یەکەمین جار ئەم مامۆستا ژنە لە گەڵ "هێلێن" دەچێتە دەرەوەی ماڵ و لە شوێنێک پیاسە دەکەن. ئەم شوێنە پڕ بووە لە گوڵی بۆنخۆش و بە تایبەتیش گوڵەکانی لاولاوە و پێچ پێچ. لە کاتی پیاسە کردن "ئان-سولیوان" تێدەگات کە هێلێن بە هۆی هەست پێکردن بە نمایی ئاو و بۆنی خۆشی گوڵەکان کەیفخۆش بووە. "ئان-سولیوان" مستێک ئاو بە سەر بەری دەستێکی هێلێن دادەکات و لە سەر بەری دەستەکەی دیکەی، وشەی ئاو دەنووسێت. ئەمە یەکەمین وشە بوو کە هێلین فێری نووسینی بوو. وە بەم جۆرە بوو کە هێلێن توانی ڕێگایەک بۆ پێوەندی گرتن لە گەڵ دونیای دەرەوە بدۆزێتەوە.

"هێلێن کلێر"، دواتر لەم بارەوە نووسیبووی:

*" لە ناکاو هەستم بە لەرزەیەکی سەیر و سەمەرە کرد لە دەروونی خۆم دا. دەتگووت مردووم و لە ناکاو زیندوو دەبمەوە! هەستم بەوە دەکرد کە بە ڕێگای ئەم هێما و قدیلکە دانانەوە، دەکرێ لە گەڵ مرۆڤەکانی تر بدوێم و پێوەندیم لە گەڵیان هەبێت. هێندێک شت لە ناکاو بە مێشکم دا دەهاتن و لە ناکاویش سەرلەنوێ ون دەبوون. ئەم شتانە بە ناوی سەرتاپای گیانم دا دەگەڕان. ئەمە خۆی لە خۆی دا ئیلهامێک بوو، موعجیزەیەک بوو! مامۆستای دلۆڤانم، وشەکانی فێری من کرد. ئەم وشانە، باڵەکانی ڕووحی منن. مامۆستاکەم، فێری فڕینی کردم!"*

دوای ئەوەی کە "هێلێن کلێر"، نووسین و خوێندنەوەی هێندێک لە وشەکان فێر دەبێت، ئەمجارەیان مامۆستاکەی فێری شتێکی دیکەی دەکات: قسە کردن بە ڕێگای جووڵاندنەوەی قامکەکانی!... ئێستا ئیتر هێلێن، بە تەواوی کەوتبووە ناو جیهانێکی نوێ. شەو و ڕۆژ بیری لەوە دەکردەوە کە وشەی نوێ و ناوی کەرەستەی نوێ فێر ببێت. بەم جۆرە بوو کە لە ماوەیەکی کورتخایەن دا، فێری خوێندنەوەی ئالفابێتی "بریل" بوو کە ئالفابێتێکی تایبەتی کوێرەکانە.

"هێلێن کلێر"، لە تەمەنێک داکە هێشتا زۆر لاو بوو، فێری زمانەکانی

فەرانسەوەی، ئاڵمانی، یونانی و لاتین بوو. ئاواتەخواز بوو کە مەدرەکی لیسانسی هەبێت و لە ئاکامیش دا دوای خوێندنێکی زۆر چاک و سەرکەوتووانە، بە هێنانەوەی باشترین نمرەکان، لیسانسەکەشی لە زانکۆ وەرگرت. لەم نێوە دا هەستی بەوە کرد کە پێویستە هەنگاوی لەمانە گەورەتر هەڵێنێت و کاری گەورەتر بکات. بیری لەوە کردەوە کە هەوڵ بدات ئازموونەکانی خۆی بە خەڵکانی تر رابگەیەنێت و لەم پێناوەشدا دەستی کرد بە تێکۆشان. ئامانجی سەرەکی "هێلێن کلێر" ئەوە بوو کە ئیتر منداڵەکانی خەڵک تووشی نەخۆشی کوێری و کەڕی نەبن. بەڵایەک کە خۆی بە هۆی نەخۆشی تووشی هاتبوو.

"هێلێن کلێر"، دەستی کرد بە سەفەر. لە ماوەی سێ ساڵان دا ئەم ژنە کەڕ و لاڵ و کوێرە، بە زۆر وڵاتی جیهان دا گەڕا و دووسەت و پەنجا کۆنفرانسی بەڕێوە برد !

راستە کە هێلێن کلێر چاوەکانی کوێر و گوێیەکانی کەڕ بوون، بەڵام چاوەکانی دەروونی زۆر ئاواڵەتر بوون لە چاوانی زۆر کەسان و گوێی بیستنی راستیەکانی ڕووحی زۆر کراوەتر بوو لە گوێ زۆر خەڵکان. ئەم خەڵکانەی کە لە کاتی شەڕی جیهانی دوویەم دا بە چاوی ساغ و گوێچکەی ساغ، دەستیان دەدایە تفەنگ و خەنجەر و چاوی یەکتریان دەکوڵی و گوێچکەی یەکتریان دەبڕی و خوێنی یەکتریان دەڕشت. لە وەها قۆناغێک دا، واتا لە سەردەمی شەڕی سەرتاسەری جیهانی دوویەم دا کە جیهان شەڵاڵی خوێن و دووکەڵ و ئاگر بوو، "هێلێن کلێر" سەردانی نەخۆشخانەکانی دەکرد و گوڵی بۆ نەخۆش و بریندارەکان دەبرد و دڵداری دەدانەوە.



خەڵکانی چاوساغ و گوێ ساغ، چاویان لە بەدبەختی و مالوێران بوون و ڕژانی خوێن دەکرد و گوێیان لە دەنگی گوللە و بۆمب و ناڵە و هاواری یەکتر بوو، بەڵام کەم بوون ئەم کەسانەی کە لە ناویان دا لە دژی شەڕ دەنگ هەڵبڕێت و بە پێچەوانەوە لە هەر شوێنێک هاواری تۆڵەوەرگرتن بەرز دەبۆوە. بەڵام ئەم کچە کوێر و کەڕە، هەر بەو زمانە لاڵەپەتیەی خۆیەوە، دەنگی لە

دژی شەڕ و جەنگی بێ واتا بەرز دەکردەوە. لە هەمان کات دا "هێلێن کلێر" هەوڵی دەدا کە یارمەتی خەڵکانی وڵاتانی هەژار و بە تایبەتیش میلیۆنان منداڵی کەڕ و لاڵ و کوێر بدات لە سەرتاسەری جیهان. ئەو بیری لە چاردە میلیۆن منداڵ دەکردەوە کە لە سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم دا، کەڕ و لاڵ و یانیش کوێر بوون.

هێلێن دەیگوت:

*" گیانم پڕە لە پشکۆی ڕەنگ و مۆسیقا و ڕووناکایی. ئەم پشکۆیانەی کە بەرەو گیانم هەڵدەفڕن و لە خەم و خەفەت و سەرمای تەنیایی ڕزگارم دەکەن!".*

ئەوە راستی کەسایەتی و دەرۆنی "هێلێن کلێر" بوو. ئەم ژنەی کە لاڵ بوو، بەڵام وە قسە هاتبوو. ئەم ژنەی کە کوێر بوو، بەڵام ڕەنگ و ڕووناکایی لە ناخی دا دیتبوو. ژنێک کە کەڕ بوو، بەڵام موزیکێکی ئینسانی و مرۆڤدۆستانەی لە ژیان و ئاسمانی خەیاڵی دا ئافراندبوو. بەم جۆرە بوو کە "هێلێن کلێر"، بە تەواو مانا لە پێناو خزمەت بە مرۆڤایەتی هەوڵی دا و لەوپەڕی بێ ئۆمێدی دا و لە جیهانێک دا کە هیواکان بە هۆی شەڕ و کوشتار بە تەواوی لەناو دەچوون، هەم هیوای بە کەسانی کەم ئەندام و کەڕ و لاڵ و کوێر دەبەخشی، هەمیش بەو کەسانەی کە بە رواڵەت ساغ و تەندرووستن. هاوکات هێلێن لە دژی ستەم و بێداد، بە ئیرادەیەکی پۆڵایین و بە دڵێکی پاک و میهرەبانەوە، دەستی بە خەبات کردبوو.



"هێلێن کلێر" لە ماوەی ژیانی دا، گەلێک قووتابخانە و فێرگەی تایبەتی بۆ خەڵکانی کەڕ و لال و کوێر و بە تایبەتیش بۆ منداڵان کردەوە. هێلێن بەم کارەی خۆی، یارمەتی میلیۆنان منداڵی کەم ئەندامی دا کە فێری خوێندن و نووسینەوە

بــن. بەم جــۆرە بوو کە ئەم پەنجەرەیەی کە بە ســەر جیهانی تاریکی دەرۆنی خۆی دا کرابۆوە، ڕوو بە میلیۆنان کەسی دیکەش کردەوە و تیشکی هەستێکی نوێی ڕژاندە ناو دەرۆنی ئەوانیشەوە.

"هێلێــن کلێر"، وانەی ئــەوەی بە هەموو کەس دا کە مــرۆڤ، تەنانەت ئەگەر لاواز و کــەم ئەندامیــش بێت، گرینــگ نییە. گرینگ ئەوەیە کــە چۆن پەروەردە بکات و بەرەنگاری لاوازیەکان بێتەوە. لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە بتوانێ گیان و کەســایەتی خۆی بە هێز بکات. ئەمەش هێزی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتیە... هەر بەو هۆیەوە بوو کە "هێلێن کلێر"، لە گەڵ ئەوەش دا کە تا ڕۆژی مردن هەر وا کەڕ و کوێر و لاڵ ژیا، بەڵام هەموو کاتێک دەیگووت:

" *من بەختەوەرترین ژنی جیهانم !*".



# ڕۆزا
# لوگزێمبورگ

# Rosa Luxemburg
1870- 1919

# یەکێک لە ژنانی شۆڕشگەری ناسراو لە مێژووی مرۆڤایەتی دا

"کلارا زیتکیــن"، یەکێک لە دۆســتان و هاوکارانی نزیکی "رۆزا لوگزێمبورگ" بەم جۆرە ئاماژە بە کەسایەتی ئەم ژنە شۆڕشگەرە دەکات:

*" ڕۆزا لوگزێمبــورگ تەواوی ژیانــی خۆی لە پێناو ئامانجەکانی سۆسیالیســتی فیدا کرد. نــەک تەنیا مردنــی دڵتەزێنی، بەڵکوو سەرتاســەری ژیانــی پڕ لە رەنجی، چرکە بــە چرکە و کات بە کات و ڕۆژ بــە ڕۆژ، بــە درێژایی ســاڵەکانی تەمەنی، لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجی سۆسیالیســم ژیا. ئەو هەڵگری شمشــێری* شۆڕشگەری پۆلۆنیایی "رۆزا لوگزێمبورگ" لە وڵاتەکەی دا کە کەوتبووە بەر غەزەب و هیرشی ئاڵمانیەکانی نازی و لە هەمان کات دا لە لایەن ڕووسیاوە تەماحی تێکرابوو، بیری لە ڕێبازێک بۆ ڕزگاری خەڵکەکەی و مرۆڤایەتی دەکردەوە. بەم جۆرە بوو کە ڕووی لە بیروبۆچوونەکانی سۆسیالیستی کرد و پشتیوانی لە سیاسەتەکانی "یەکیەتی رادیکاڵی سۆسیالیستی سپارتاکوس"

و "پارتی کۆمۆنیستی ئاڵمان" کرد.

"ڕۆزا لوگزێمبورگ" لە گوندێکی بچکۆلە لە نزیک شاری "زامۆسکێ" لە دایک بـوو. باوکی بازرگانێکی جوولەکـە بوو کە لە وڵاتی پۆلۆنیا جێگیر ببوو. ڕۆزا، یەکێـک بـوو لە پێنج منداڵـی بنەماڵەکەیان و لە سـەردەمی منداڵـی دابە هۆی نەخۆشـیەک لە ناو ماسـوولکەکانی ڕانی دا، بۆ ماوەی یەک سـاڵان نەیتوانی بـە ڕێگـە دا بـڕوات و لە جێگـە دا کەوت. ئەم نەخۆشـیە هەرگیـز دەرمان و چارەسـەری بـۆ نەدۆزرایەوە، هـەر بۆیە ڕۆزا بە درێژایی تەمەنی، دەشەلی. لە گەڵ ئەوەشدا کە بە منداڵی زۆر وردیلانە دەهاتە بەرچاو، بەڵام منداڵێکی گەش و چالاک بوو کـە بـڕوا و متمانەیەکـی زۆری بـە خۆی هەبوو. زۆری حـەز لە خوێندنەوەی کتێب و بـە تایبەتیـش خوێندنەوەی هەڵبەسـت و شـێعر هەبوو. کاتێک ڕۆزا سـێ ساڵانە بوو، بنەماڵەکەی بەرەو شـاری "وارشـۆ" ماڵیـان گواسـتەوە. لـەوی باوکـی ڕۆزا، وەکوو ئەندامێکی گرووپی بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی ڕووناکبیران هەلبژێردرا.



لە ساڵی ١٨٨١ ڕۆزا بە چاوەکانی خۆی، کوشـتاری بـە کۆمەڵـی جوولەکەکانی لە شاری "وارشۆ" بینی !. ڕووداوێکی وەها دڵتەزێن و خۆفهێنەر کە بوو بە هۆی چاوترسێن بوونی ڕۆزا لە خەڵک و شوێنە گشتیەکان.

"ڕۆزا لوگزێمبـورگ" کەوتـە ژێر کاریگەری سۆسیالیسـتەکانی پۆلۆنیا و لە ساڵی١٨٨٧ چووە ناو ڕیزی ڕێکخراوێکی نایاسایی کارگەری.

لە ساڵی ١٨٨٩ بە هۆی چالاکیەکانی شۆڕشگەرانە و رادیکاڵی خۆی، بە ناچار شـاری "وارشۆ"ی بە جی هێشـت و لە "زوریخ"ی ئاڵمان نیشتەجێ بوو. لەوێ تووشـی کەسێکی شۆڕشگەر هات بە ناوی "لیئۆ جۆکیشێز". ئەم کەسە خەڵکی وڵاتـی "لیتۆنی" بوو کە بۆ ماوەی بیسـت سـاڵان، بوو بە هـاوڕێ و هاوکاری ڕۆزا. لـەوێ بـوو کە ڕۆزا دەسـتی کرد بە خوێنـدن کۆمەڵێک لـە بوارەکانی فەلسـەفە، ئابووری و ماف. دواتریش تێزی دوکتوراکەی خۆی لە سـەر ناوی

"پێشخستنی پیشەسازی لە وڵاتی پۆلۆنیا" سەرکەوتووانە کۆتایی پێ هێنا.

"رۆزا لوگزێمبورگ" لە سـاڵی ١٨٩٢ هاوڕێ لە گەڵ "لێئۆ جۆکیشـێز" پارتی سۆسیالیستی پۆلۆنیایان دامەزراند و دواتریش لە ساڵی ١٨٩٤ پارتی سۆسیال دێمۆکراتی پۆلۆنیایان بنیاد نا.

لـە سـاڵی ١٨٩٨، "رۆزا لوگزێمبورگ" لە گەڵ "گۆسـتاو لوبێکس" کە یەکێک بوو لە ئانارشیستەکانی ئاڵمانی زەماوەندی کرد و بەم جۆرە بوو بە هاووڵاتی ئاڵمانی. لە شاری "بێرلین" دەستی کرد بە ڕێکخستنی کارگەران و پڕۆلێتارەکانی ئاڵمانـی لـە نـاو ڕیزەکانی پارتی سۆسـیال دێمۆکراتی ئاڵمان و بە هەسـت و بڕوایەتی قایم و پتەو، لەم بارەوە بەم جۆرەی نووسی:

*" بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە تا شـەش مانگی تر، دەبم بە یەکێک لە باشترین قسەکەرانی پارتەکەمان."*

لە راسـتیدا ڕۆزا، یەکێک بوو لە باشـترین وتەبێژانی کە دەیتوانی بە دەنگ و هەسـت و هەیەجان و لێکدانەوەکانی مامۆسـتایانەی، خەڵکانی دیکە بەرەو لای خۆی رابکێشێت.

لە ساڵی ١٩٠٤ بە تاوانی ئەوەی کە لە کاتی قسە کردن بۆ خەڵک سووکایەتی بە ئیمپراتۆر "ویلهۆلمی دوویەم" کردووە، سـزای سـێ ساڵ زیندانی بە سەردا سـەپێندرا. سـاڵێک دوای ئەمە، بە هەڵگرتنی پاسـپۆرتێکی دەسکرد، گەڕایەوە پۆلۆنیا. ئامانجی سەرەکی رۆزا ئەوە بوو کە هێزەکانی پرۆلێتاریای پۆلۆنیا، لە دژی تاقمەکانی ڕووسـیای تێزار بە ڕێکخسـتن بکات. بەم جۆرە بوو کە ڕۆزا لوگزێمبورگ، هەم لە دژی ئاڵمان و هەمیش لە دژی ڕووسـیا راوەسـتا. لەوێ (پۆلۆنیا) بە دەستی پۆلیسی ڕووسیای تێزار قۆڵبەست و زیندانی کرا. بەڵام بە یارمەتی پارتی سۆسـیال دێمۆکراتی ئاڵمان و بە دانی بەرتیل و هاوکاتیش بە دانانی بارمتەی ماڵی ئازادبوو. ئەم ئازموونە بۆ ڕۆزا، ئازموونێکی زۆر گەورە بوو، هەر بۆیە دەسـتی کرد بە پێشخسـتنی هێندێک تیئۆری و ڕوانگەی نوێ و لە بابەتێک دا بە سەردێڕی: "مانگرتنی گشتی"، داوای لە هەموو کارگەران کرد کە دەست بکەن بە مانگرتن و بە کردەوە لە دژی دەسەڵاتداران راوەستن.

لـە سـاڵی ١٩٠٧ وەکـوو مامۆسـتای ئابـووری لـە خوێندنگایـەک کـە بۆ بەرپرسیارانی پارتی سۆسیال دێمۆکراتی ئاڵمانیا ساز کرابوو، هەڵبژێردرا.

"ڕۆزا لوگزێمبـورگ" هاوکات دەسـتی کرد بە نووسـین و بـلاو کردنەوەی چەندین کتێبی پەروەردەیی لە ساڵی ١٩١٤ و یەکێک لە بەناوبانگترین کتێبەکانی

ئەمە بوو: "کەڵەکە بوونی سەرمایە" بەرهەمی ساڵی ١٩١٤.

دەستپێکردنی لە ناکاوی شەڕی یەکەمی جیهانی، بە تەواو مانا ئەم ژنە شۆڕشگەرەی نیگەران کرد. "ڕۆزا لوگزێمبورگ" لەوە دەترسا کە هەستی نیشتیمان پەروەری کارێک بکات کە چینەکانی ژێردەست و بە تایبەتیش کارگەرانی وڵاتانی هەرێمەکە، لە جیاتی یەکگرتن کە بنەما و درووشمی شۆڕشەکانی سۆسیالیستی ئەو کات درووشمی "کارگەرانی جیهان یەکبگرن" بوو، دەست بکەن بە دژایەتی یەکتر و ببنە ئامرازی شەڕی دەسەڵاتداران و دەوڵەتانی پاوانخوازی ئوروپایی. رۆزا زۆربەی ساڵەکانی سەردەمی شەڕی جیهانی یەکەمی لە زیندان تێپەڕاند و لەوێ دا بوو کە ڕێکخراوی "گرووپی سپارتاکوس"ی بە هاوکاری هاوڕێیانی خۆی لە وێنەی "کارۆل لیپ کێنشێنت" و "کلارا زێتکین" وەڕێ خست.

لە ژێر فەرماندەیی و ڕێبەرایەتی "ڕۆزا لوگزێمبورگ" و "کارۆڵ لیپ کێنشێنت"، گرووپی سپارتاکوس داوای سەربەخۆییان بۆ چینی کارگەر و بە تایبەتیش دامەزراندنی سیستەمی دیکتاتۆری پرۆلێتاریان کرد (کە بە پێی تیئۆری چەپەکانی ئەو سەردەمە، وەکو شتێکی پیرۆز و دەسەڵاتی زۆرینەی خەڵک بە سەر کەمینە دا لێک دەدرایەوە). بەم جۆرە بوو کە ئەوان لە دوای شەڕ، بەرەنگاری دەوڵەتی دیمۆکراتی پۆلۆنیا بوونەوە و ڕوویان لە توندوتیژی و تەنانەت کردەوەی تیرۆریستی کرد. ئەمەش شێوازێکی ئانارشیستی ئەم گرووپە بوو.

بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە "ڕۆزا لوگزێمبورگ" پشتیوانی لە سیاسەتەکانی ڕێکخراوی "گرووپی سپارتاکوس" دەکرد، بە پێچەوانەی زۆر یەک لە ئەندامانی ئەم گرووپە، لە سەر ئەوە باوەڕە بوو کە پێویستە گۆڕانکاریەکان هەنگاو بە هەنگاو و بە شێوەی سرووشتی خۆیان هەڵبگیرێن. هەر بۆیەش کاتێک کە "لێنین" لە وڵاتی ڕووسیە کە هێشتا قۆناغەکانی سەرمایەداری بە خۆوە نەدیت بوو، دەستی بە شۆڕش کرد و حکومەتێکی سۆسیالیستی دامەزراند، ڕۆزا لوگزامبورگ یەکێک بوو لەم کەسانەی کە بەم هۆیەوە ڕەخنەی لێگرت !

ڕۆزا لە نووسراوەیەک دا رەخنەی لە "لێنین" و "ترۆتسکی" گرتووە کە مافەکانی دیمۆکراتیکیان لە بەرچاو نەگرتووە و بەم جۆرەی نووسی:

*"لێنین لەو کەرەسانەی کە بە کاری هێناون، بە تەواوی تووشی هەڵە هاتووە. لێنین حکومەت کردنی لە گەڵ دیکتاتۆریەتی*

*کابرایەکی کارخانەدار، لێ تێک چووە!"*.

لە ساڵی ١٩١٨، "ڕۆزا لوگزێمبورگ" دەورێکی بەرچاوی هەبوو لەوەی کە گرووپی سپارتاکوس، ببێتە پارتی کۆمۆنیستی ئاڵمان.

لە مانگی ژانویەی ساڵی ١٩١٩، "ڕۆزا لوگزێمبورگ" و "لیپ کێنشێت"، بە هۆی بەشداری کردنیان لە شۆڕش و سەرهەڵدانێکی کۆمۆنیستی لە لایەن پۆلیسەوە گیران. بەڵام دواتر لە لایەن سەربازەکان لە دەستی پۆلیس رفێندران. لێپرسینەوەیەکی زۆریان لە گەڵ کرا، بە توندی درانە بەر لێدان و ئەشکەنجە کران. دواتریش درانە بەر دەسرێژی گوللە و کوشتیانن. تەرمی گوللەباران کراوی "ڕۆزا لوگزێمبورگ" لە ناو قووڵکەیەک دا دۆزرایەوە.

بکوژانی ڕۆزا، دوای ئەوەی کە ناو و ناسنامەکانیان ئاشکرابوو، دانیان بە جەنایەتەکانی خۆیان دانا، بەڵام لە جیاتی ئەوەی کە سزا بدرێن، ئازاد کران !.



لە گەڵ ئەوەش دا کە دواتر پارتی کۆمۆنیستی ئاڵمان توانی بە هێزتر بێت و خۆی پێش بخات، بەڵام بە هۆی سەرهەڵدانی پارتی نازیەکانی ئاڵمانی بە پێشەنگایەتی "ئادۆڵف هیتلێر"، بە تەواوی لاواز بوون و لە ناوچوون.


"ڕۆزا لوگزێمبورگ"، گیانی خۆی لە سەر ئامانجەکان و تێڕوانینەکانی دانا. ئەو بوو بە قووربانی سیاسەتی تێرۆریزمی دەوڵەتی و میلیتاریستی. بەڵام بە خۆی سەرەڕای ئەوەی کە خاوەنی هێندێک تیئۆری رادیکاڵ بوو، هەروەها سەرەڕای ئەوەی کە هاوکاری لە گەڵ کەسانی زۆر رادیکاڵ دەکرد، لە سەر ئەو باوەرە بوو کە "ئازادی" و "ئاسایش"ی مرۆڤەکان بنەمای هەموو شتێکە و هەر شۆڕش و لایەنێکیش کە نەتوانێ ئەمانە دابین بکات، تەنانەت ئەگەر شۆڕشێکی چەپی و سۆسیالیستیش بێت لە وێنەی شۆڕشی سۆڤیەت، دەبێ رەخنەی لی بگیرێت.

ئەم ژنە زانا و تیئۆریسیەنە، لەم پێوەندیە دا بەم جۆرەی نووسیوە:

*"سۆسیالیسم بە پێی سرووشت و بنەمای خۆی، شتێک نییە*

*کە دیکتە بکرێت... بە بێ هەڵبژاردنی گشـتی، بە بێ ئازادی بێ شــەرت و مەرجــی ڕۆژنامەکان و کۆبوونــەوەکان، بە بێ فرە ڕەنگــی بیروبۆچوونەکان، ژیان لە هەر کۆمەڵگایەک دەمرێت و تەنیا بۆرۆکراسی بە چالاکی دەمێنێتەوە."*

"ڕۆزا لوگزێمبــورگ" بە ژیانی ئازادیخوازانە و شۆڕشــگەرانەی و بە مردنی تراژێدیانــەی، بــوو بە ســیمبۆلێکی جیهانی و ژنێک کە نمونــەی ورە و بڕوا و تێکۆشانی ئازادیخوازانەیە.



# دایە ترێزا

## Mother Teresa

1910- 1997

# هەڵگری پەیامی خۆشەویستی و مرۆڤ دۆستی

هیچ کەس نازانێ کە ئەم ژنە ئاڵبانیاییەی وڵاتی یۆگوسلاوی، بە چ شێوەیەک و چـۆن لـە گوندەکەی خۆیان و لـە چیا بەرزەکانی وڵاتەکـەی، خۆی گەیاندە وڵاتی هیندوسـتان. ناوی راستەقینەی "ئاگنێس گونزابوژگیسۆ" یە کە دواتر بە "دایـە ترێـزا" ناوبانگی دەکرد. هەر لە تەمەنی هەژدە سـاڵەییەوە بڕیاڕی دا کە ژیانـی خـۆی بۆ خزمەتی خەڵکانی هەژار لە وڵاتی هیندوسـتان تەرخان بکات. دوای تێپەڕاندنی دوو ساڵ خوولی خوێندنی ئایینی لە قووتابخانەیەکی هەرێمی "هیمالیا" وەکوو مامۆستای مێژوو و جیئۆگرافی، لە کۆلێجی کچانەی بەنگاڵی لە "ئانتالی" هەڵکەوتوو لە نزیک شاری "کەلکەتە" دەستی کرد بە وانە گوتنەوە و بە هۆی ئەوەی کە ڕۆژانە چاوی بە هەژاری و فەلاکەت و بەدبەختی خەڵکانی ئەم هەرێمانـە دەکـەوت، لە ناخی دڵەوە ڕەنجی دەکێشـا و ئازاری دەبینی. ڕۆژێک لە ڕۆژانی ساڵی ١٩٤٦ بڕیاری کە ئیتر دەست لە کاری مامۆستایەتی هەڵگرێ و تـەواوی ژیانی خـۆی بخاتە خزمەتی هەژاران و ئەوەندەی لە دەسـتی دێت یارمەتیان بدات.

ئــەم بڕیارە "دایە ترێزا" هێندەش ســادە و بێ کێشــە و گرفـت نەبوو. وڵاتی هیندوستان لەو سەردەمە دا، لە قۆناغی بەر لە سەربەخۆیی دابوو. لە قۆناغێکی وەها هەستیار و لە کاتێکدا کە ئاڵۆزی و ناکۆکیەکی زۆر لە هیندوستان دەبیندرا، بــە تایبەتیش شــەڕی نەتەوەیی و تایفەیــی و مەزهەبی لە نێوان موســڵمانانی هیندوســتان کە دواتر دەوڵەتی پاکســتانیان دامەزراند و زۆریان بە فەرمی لە هیندوســتان جیا بوونــەوە، "دایە ترێزا" نەیدەتوانی بە ئاســانی "واتیکان" رازی بــکات کە ئیمــکان و دەرفەتی کردنەوەی خوێندنگایەکــی نوێی ئایینی پێ بدات. بــەڵام ئــەو پێداگر بوو لە ســەر داخوازەکــەی و لــە ئاکامیــش دا سەرکەوت.



"دایــە ترێــزا" لە مــاوەی چوار مانــگ دا خوولێکــی تــەواوی پەرەستاری بینی. زۆری پێنەچوو کــە خەڵکانیکــی تریــش، هەمــان خوولیان بینی و پێوەســتی "دایە ترێــزا" بــوون. ئــەوان گرووپێکیان پێک هێنا و دەســتیان کرد بە ســاز کردنی خوێندنگاکان، نەخۆشــخانەکانی گــەڕۆک و هەروەها ســاز کردنی خانوویەک بۆ پێشــوازی کردن و وەرگرتنی ئەو منداڵانەی کە تووشــی نەخۆشــی گوولی هاتبوون. نەخۆشــیەک کە بە تایبەتی لە ســاڵانی ١٩٥٠ و لە شاری "کەلکەتە"ی هیندوستان، لە ئاستێکی بەربڵاو، پەلی هاویشتبوو.

دوای تێپــەڕ بوونی چەند ســاڵ، گرووپی ئایینی کەلکەتــە، چەندین خانووی دیکەیان لە شوێنەکانی جۆراوجۆری هیندوستان لە وێنەی "دێهلی" و "بەمبەیی" ســاز کرد. ئەم هەنگاوەی کە لە شاری کەلکەتە دەستی پێکرد و دواتر لە چەند شــاری دیکەی هیندوســتان دا پەرەی گرت، بەوەش سنووردار نەبوو، بەڵکوو ئەمــە هەنگاوێــک بوو کە بــەرەو جیهانی بــوون دەچوو. گرووپەکــە دواتر لە وڵاتانێکــی دیکەی لە وێنــەی "ڤێنێزۆئێلا، پێرۆ، کۆلۆمبیا، بولیوی، ئۆســترالیا، غەززە و یەمەن" درێژەیان بە تێکۆشــان دا. بەم جۆرە بوو کە لە سەرتاسەری جیهــان، نزیکەی هەزار و هەشــت ســەت ژنی خێرخواز و فیــداکار، بە بێ هیچ جۆرە پاداشــت و بە بێ ئەوەی چاوەڕوانی شتێک بکەن، تەنیا لە پێناو خزمەت بە مرۆڤایەتی و بەربەرەکانی کردن لە گەڵ ئازارەکانی مرۆڤ، بوونە هاوکاری

"دایە ترێزا" و لە شێست و چوار ناوەندی خێرخوازانە کە ئەم ژنە بنیادی نابوو، کاریـــان دەکرد. ئەم ژنانـــە کە ژیانی خۆیان فیدای خزمـــەت کردن بە خەڵکانی هـــەژار و نەخـــۆش و بە تایبـــەت منداڵانی هەتیو و بێ سەرپەرەســـت کردبوو، هەموویان لێچکەیەکی ســـپی رەنگیان بە ســـەرەوە بوو کـــە دەوری ئەم لێچکە ســـپیە، بە هێڵێکی شین نەخشابوو. هاوکات هەموو کاتێک سەتڵێکی بچکۆڵەیان بە دەســـتەوە بوو کە پڕ بوو لە کەفاو و بەردەوام خەریکی خاوێن کردنەوە و شووشتنەوە بوون.

لـــە نـــاو ئـــەم ژنانـــە دا، "دایە ترێـــزا" کەســـایەتی ناوەندی بـــوو. ژنێک کە بە دڵێکی گەورەوە، لە ژێر ســـیفرەوە دەســـتی بە کار کرد و هەســـتی مرۆڤایەتی و مرۆڤ دۆســـتی خـــۆی لە گەڵ لێهاتوویی و بە زانســـتی چۆنیەتی کار کردن و بەڕێکخســـتن کردن تێکەڵ کرد و گەلێـــک ناوەندی خێرخوازانەی لە وڵاتانـــی جۆراوجۆری جیهان دامەزرانـــد. هەمـــوو ئەمانەش لە بیروبـــاوەڕ و هەســـتی پاکی ئەم ژنـــەوە ســـەرچاوەی دەگرت کە ئەگەر چی لە باری فیزیکیەوە زۆر بە هێـــز نەبوو، بـــەڵام دەرۆنێکی بەهێز و کەسایەتیەکی قوورس و قاییمی هەبوو، بە جۆرێک کە زیادتر کە خەڵکانی ئاســـایی کاری دەکرد و یەک چرکەش راوەستانی نەبوو. لە هەمان کات دا بەردەوام دڵداری خەڵکانی هەژار و لێقەوماوی دەداوە و هێز و ورەی پێدەبەخشین.



"دایە ترێزا" بە خۆی گوتویەتی:

"هەرگیـــز بیر لە پارە و پووڵ ناکەمەوە. چونکە مرۆڤ دەتوانێ پارە و پووڵ وەدەست بێنێ. خودا دەیگەیەنێ. ئەگەر خودا نەماندات‌ێ، وا دیارە کە ئەو کارەی کـــە ئێمە دەیکەین وڵامدەرەوەی ویســـت و داخوازەکانی ئەو نەبووە!". بەڵام لە راســـتیدا زۆر کـــەس و ناوەندیش هەبوون کـــە یارمەتی "دایـــە ترێزا"یان دەدا. خەڵکانیکـــی زۆر لەپێڕەوانـــی ئایینی مەســـیحی، پاپ و واتیـــکان، ژمارەیەک لە ســـەرۆک کۆماران و ســـەرۆک وەزیرانی چەندین وڵاتـــی ڕۆژاوایی و تەنانەت خەلکانێک کە بڕوایان بە ئایین نەبوو بەڵام مرۆڤ دۆســـت بوون، بە شـــێوەی

مـاددی کۆمەکیـان دەکـرد. لـە هەمـان کات دا گەلێـک راگەیاندنی لـە وێنەی رادیـۆکان، تەلەڤیزیۆنـەکان و ڕۆژنامەکان، لە سەرتاسـەری جیهان دا هەوڵی ناسـاندنی باشـتری "دایە ترێـزا" و ناوەندەکانی خێرخوازانـەی ئەویان دەدا و ئەمەش ببووە هۆی ئەوەی کە خەڵکانێکی زۆرتر متمانەی پێ بکەن و یارمەتی ماددی بۆ بنێرن.

کەسێک بە ناوی "میکائیل گۆمێز" دەگێڕێتەوە کە بۆ یەکەم جار، ئیدەی ساز کردنـی ناوەندێک بـۆ یارمەتیدانـی خەڵکانی هەژار و بە تایبـەت ئەوانەی کە نەخۆشـن و پێویسـتیان بە دەرمان هەیە، بە دیتنی دیمەنی گیان لە دەسـتدانی مرۆڤێک لە ناو مێشـکی "دایە ترێزا" دا شـکڵی گـرت. "میکائیل" دەگێڕێتەوە کە ڕۆژێک لە نزیک نەخۆشـخانەیەک چاوی بە کابرایەک دەکەوێ کە بە زەوی دا کەوتووە و پێویستی بە دەرمانی بە پەلە هەیە، بەڵام بەرپرسیارانی نەخۆشـخانەکە پێـی دەڵێن کە تا کاتێک پـارەی نەبێت، مافی هاتنە ژوور بـۆ ناو نەخۆشـخانەکەی نییە و ناتوانن دەرمانی بکەن یان دەرمانی بدەنێ. کاتێک "دایە ترێزا" ئـەو دیمەنـە دەبینێـت، خۆی پێ ڕاناگیرێ و بە پەلە هەوڵ دەدات خۆی بگەیەنێتە دەرمانخانەیەک و هێندێک کەلوپەلی بۆ بێنێت، بەڵام لـە کاتی گەڕانـەوە دا دەبینن کە ئـەم کابرایە مردووە. "دایە ترێزا" زۆر تـووڕە دەبـێ و سـکاڵا لە سەرۆکی نەخۆشخانەکە دەکات.



ڕۆژێـک دوای ڕووداوی گیان لە دەسـت دانی ئەم کابرایە، "دایە ترێزا" ئەمجارەیان چاوی بە ژنێک کەوتووە کە بە برینداری و لە قەراغ نەخۆشخانەیەکی دیکە کەوتووە. "دایە ترێزا" دەست دەکات بە هاتو هەڵڵا تا ئەوەی کە سـەرۆکی نەخۆشـخانەکە ناچار دەکات ئەم ژنە وەربگرێت و دەرمانی بکات. دواتر لە گەڵ بەرپرسـانی ئەم نەخۆشـخانەیە

قســە دەکات و رازیــان دەکات کــە بۆ دەرمان کردن و یارمەتیدانی کەســانێک کــە پارەیــان نییــە و لێقەومــاون، ژووریکی پێ بــدەن و لەم بــوارە دا رازیان دەکات. ئەم ژوورە یەکەمین شــوێنی دەســت بە کار بوونــی "دایە ترێزا" بووە وەکوو پەرەســتار. ئەمەش بەر لە دامەزراندنــی ناوەندەکانی خیرخوازی بووە کــە دواتر پێکی هێنــان. "دایە ترێزا" دەیزانی کە ئەم هەوڵانــەی ئەو بە تەنیایی وڵام دەرەوەی ئازارەکانــی میلیۆنان کەســی دیکە نییــن. هەر بۆیە خۆی قۆڵی لــێ هەڵماڵی و دەســتی کرد بە دامەزراندن و ســاز کردنــی خانوو و پەناگا بۆ خەڵکانی بێ ماڵ و حاڵ و نەخۆشخانە بۆ نەخۆشانی بێ پووڵ و پارە.

"دایە ترێزا" دەیزانی کە چ ئەرکێکی قوورســی لە ســەر شــانە. لە شــارێکی پڕ حەشــیمەتی وەکوو "کەلکەتە" دەســتی بە کار کردبوو. شــارێک کە پڕ بوو لــە خەڵکانێکــی برســی و هــەژار. تەنانــەت ئەوانەی کــە دەرفەتی چــوون بۆ نەخۆشخانەشــیان هەبوو، بەو جۆرەی کە پێویســت بوو خزمەتیان نەدەکرا و دەرمــان نەدەکران. ژوورەکانی پیس و نەخۆشــی زۆر و تەختی خەوی کەم... لــە دەرەوەی نەخۆشــخانەکانیش خەڵکانێکــی زۆر هەبوون کە لــە بەر چاوی دوکتــورەکان دەیانناڵانــد و دەمــردن. منداڵانێک کە بەردەوام لــە ناو زبڵەکان دا دەخەوتــن و پاشــماوەی خۆراکی خەڵکانی تریان دەخوارد. ســواڵکەر و دز و چەقۆ کێش هاوڕێ لە گەڵ زبڵ و قووڕ و چڵپاو، بەشــێکی ســەرەکی بوون لە دیمەنی گەڕەکە هەژارنشــینەکانی شــارەکە. هەموو ئەمانەش "دایە ترێزا"یان ئازار دەدا کە بە تەنیایی دەیهەویســت بچێتە شــەڕی ئەم ئازارانە و ڕێگە چارە و دەرمانیکیــان بــۆ بدۆزێتەوە. ســەرەڕای هەموو ئەمانە "دایە ترێزا" شــتێکی گــەورەی هەبــوو: دڵێکی کراوە و پڕ لە تیشــکی هیوا. ئــەو هیوایەکی ئایینی لە دڵ دابوو کە مایەی بڕواکەی بوو. هەر بۆیە بێ راوەســتان، ئەوەی لە دەســتی دەهات کردی.

دوای ئــەوەی کــە "دایە ترێــزا" یەکەمین ماڵی بۆ پەنادان بــە خەڵکانی هەژار و نەخۆش ســاز کــرد، چەندین دوکتور خۆبەخشــانە لەوێ دەســتیان کرد بە خزمــەت و دواتر ئــەو ماڵە وەکوو "ماڵــی پیرۆز" ناوبانگی دەکــرد. دایە ترێزا خۆی ئەم شوێنەی کە خەڵکی تێدا دەرمان دەکرا بە ماڵی خودا ناوزەد کردبوو و گوتبووی: "خودا لەوێیە!".

جیا لە مانە دوای ئەوەی کە "دایە ترێزا" توانی لە ئاستی هیندوستان و دواتریش جیهان دا پەرە بە چالاکیەکانی بدات و ناوەندگەلیکی زۆرتر بۆ یارمەتی خەڵک

دامەزرێنێت، ئەم جارەیان پێوەندی لە گەڵ سیاسەتمەداران و کاربەدەستانی وڵاتان دەگرت و یارمەتی لەوان دەخواست. بە تایبەتیش یەکێک لەو شتانەی کە "دایە ترێزا"ی خەمگین کردبوو، رەوشی ئەو کەسانە بوو کە تووشی نەخۆشی گولی هاتبوون. لەو کاتە دا چوار میلیۆن کەس لە جیهان دا تووشی نەخۆشی گوولی ببوون کە دوو میلیۆنیان لە وڵاتی هیندوستان دەژیان. ئەم گوولانە لە کۆمەڵگا دا جێگەیان نەبوو. خەڵک لێیان هەڵدەهاتن. لییان دەترسان یانیش گاڵتەیان پێ دەکردن. کاریان نەبوو، هەر بۆیەش نانیان بە زەحمەت وەدەست دەکەوت. دایە ترێزا بە هاوکاری دوکتورێکی بێڵژیکی بە ناوی "هێمێریکێکس" کە بۆ یارمەتی گوولەکانی هیندوستان هاتبووە ئەم وڵاتە، هەوڵی کۆ کردنەوە



و کۆمەک کردنی گوولەکانی دا. دواتریش، دوای سەربەخۆ بوونی هیندوستان، لە گەڵ ئەم دوکتورە پێوەندیان بە "جەواهیر نەعل نەهرۆ"ی سەرۆک وەزیرانی هیندوستان گرت و لە بارەی چارەسەری کێشەی گوولەکان قسەیان لە گەڵ کرد. ئەوان پێشنیاری ساز کردنی شارێکی تایبەتیان بۆ گوولەکان کرد و لە ئاکام دا شوێنێک بە ناوی "شانتی ناگار" یان "شاری ئاشتی" بۆ کۆ کردنەوە و جیگیر کردنی ئەم نەخۆشانە لە بەر چاو گیرا. "دایە ترێزا" و پەرەستارەکان کە زۆربەیان لە ژنانی ئایینی پێک دەهاتن، لەو شوێنە دەستیان کرد بە خزمەتی ئەم نەخۆشانە و لە شووشتنی جلوبەرگ و لەشیانەوە بگرە تا ئامادە کردنی خۆراک و گەڕاندنیان، یارمەتیان دەدان.

"دایە ترێزا" گەلێک جاران خەڵات کرا. لە ساڵی ١٩٦٢، خەڵاتی "پادماشری" لە هیندوستان وەرگرت و دواتریش خەڵاتێکی دیکەی بە ناوی "خەڵاتی ئاشتی ژان"ی پێ درا. دواتریش خەڵاتی ئاشتی "نۆبێل"ی وەرگرت.

کاتێک "دایە ترێزا" خەڵاتی نۆبێلی وەرگرت گوتی:

*" من شایانی ئەو خەڵاتە نیم، بەڵام سپاسی خودا دەکەم کە ئەم پارەیەی بۆ یارمەتیدانی خەڵکانی هەژار و لێقەوماو بەڕێ کرد! بەم جۆرە هەموو ئەم یەک میلیۆن کرۆن پارەیەی کە وەک ".*

*خەڵاتی نۆبێل وەریگرتبوو، بە خەڵکانی هەژار بەخشی، هەر وەک چۆن ژیانی خۆی بەوان بەخشی بوو.*

"دایە ترێزا" هەروەها گوتویەتی:

*"بۆ ئەوەی خزمەت بە خەڵک بکەین، ئێمە ئەو خەڵکانەی کە دەبێ یارمەتیان بدەرێن هەڵنابژێرین و هیچ پلان و بەرنامەیەکی لەپێش دارێژراومان نییە. ئێمە بە پێی پێداویستیەکان و لە هەر کوێیەک کە تووشی خەڵکانێک ببین کە پێویستیان بە کۆمەک و یارمەتیە، هەوڵ دەدەین بگەینە فریایان و بۆ ئەمەش خودا رێنوێنمانە."*

ئەگەر ژنانێکی وەکوو "رۆزا لوگزێمبورگ" بە هۆی رامانەکانی ماتریالیستی و سۆسیالسیتی و نووسەرێکی وەک "سیمۆن دۆبووار" بە هۆی رامانەکانی فیمینیستی خۆیانەوە، هەوڵی یارمەتیدانی خەڵکیان داوە، کەسێکی وەک "دایە ترێزا"ش، بە هۆی روانگەکانی ئایینی خۆیەوە، ئاسایشی مرۆڤ بە بنەما دەگرێ و هەوڵ دەدات بۆ باشتر کردنی جیهان و کەمتر کردنەوەی ئازارەکانی مرۆڤ. بەم جۆرەیە کە دەتوانین بڵێین "دایە ترێزا" یەکێکە لە ژنانی پیرۆزی سەدەی بیستەم.



# حەپسە
# خانی نەقیب

Hasip Naqib
1891-1953

# دامەزرێنەری یەکەمین کۆمەڵەی ژنانی کوردستان!

یەکێک لە ژنانی ناوداری کورد لە مێژووی ولاتەکەمان، حەپسە خانی نەقیب، کچـی مەعـرووف بەرزەنجی و نەوەی کاک ئەحمەدی شـێخ (ئامـۆزای نەمر شـێخ مەحمود پادشـای کوردستانە) کە هاوسەری شـێخ قادری حەفید بووە. حەپسـە خاتوون لە سـاڵی ١٨٩١ لە شـاری سـلێمانی لە دایک بووە. بە هۆی ئەوەی کە مەعروفی باوکی نەقیب بووە، خۆیشـی بە حەپسەی نەقیب ناوبانگی دەرکردووە. ئەم پلەی نەقیبە لە لایەن کاربەدەسـتانی ئیمپراتۆریای عۆسمانی، بە مەعروفی باوکی حەپسە خاتوون دراوە.

حەپسـە خان لـە بەر ئەوەی کە لە نـاو بنەماڵەیەکی ئایینـی، کتێب خوێن و شۆڕشگەر لە دایک بووە، هەموو کاتێک حەزی لە فێر بوون و تێگەیشتن بووە و لە زۆر بواران دا زیادتر لە ژنانی هاوچەرخ، خۆی پێش خستووە. بەم جۆرە بوو کە حەپسە خان وەک ژنێکی نموونە و کەم وێنە ناوبانگی دەرکرد.

وەک دەگووتـرێ ژنیکـی زانا، مێهرەبان و شـیرین کەلام بـووە بە جۆرێک کـە هەموو کاتێک دیوەخانی ماڵەکەیان پڕ بووە لە ژنانی سـلێمانی و دەسـتی

بەخشــەندەیی و خێرخوازیشــی بە رادەیەک بووە کە هەمــوو کاتێک یارمەتی ماڵــی و مەعنــەوی ئــەم ژنانــەی داوە کــە تووشــی لێقەومــان و دەربەدەری هاتوون و پەنایان بۆ هێناوە یان خۆی هەوڵی دۆزینەوەی داون. حەپســە خان هاوکات یەکێک بووە لەو ژنانەی کە بەرگری لە مافی ئەو ژنانە کردووە کە لە لایەن مێردەکانیانەوە ســتەمیان لێ کراوە و ڕووبەڕووی ئازار و ســووکایەتی هاتوونــەوە. ئــەم ژنە کوردە گەلێک جاران ویســتوویەتی کۆڵەکەی بنەماڵەکان بپارێــزێ و هەوڵی ناوبژیوانی و تەبــا کردنەوەی پێوەندی نێوان ژن و مێردی داوە لە شاری سلێمانی. ئەم کارە خێرخوازانەیەی حەپسە خاتوون و بەخشینی مــاڵ و یارمەتی مــاددی بە ژنانی لێقەومــاو، بووەتە هــۆی پتەوبوونی پێگەی کۆمەڵایەتــی ئەم ژنە کــوردە کە خۆی لە بنەماڵەیەکی عەشــیرەت و دەرەبەگ بــووە و ئەمــەش نرخی کۆمەڵایەتی ئەوی ڕۆژ لە گــەڵ رۆژ زیادتر بردووەتە سەرێ !

بــەڵام پێوەندی حەپســە خاتوون لە گەڵ ژنان تەنیا بــە کاری خیرخوازی و مرۆڤ دۆستانە کۆتایی پێ نەهاتووە. حەپسە خان بە هۆی پێشینەی بنەمالەیی و کەســایەتی بەهێزی خۆی وەکوو شــێرە ژنێکی وشیار و خوێندەوار، هەوڵی داوە کــە ژنــان هەموو کاتێک لــە دەوری خۆی کۆ بکاتــەوە و لەم دەرفەتەش بــۆ وشــیار کردنەوەیــان کەڵکی وەرگرتووە. بــەم جۆرە ماڵەکــەی کردووەتە قووتابخانەیــەک بۆ فێر کردنی ژنانی نەخوێندەوار بە نووســین و هاندانیان بۆ خوێندنەوە. هاوکات بانگەشــەی ئەوە کراوە کە حەپســە خان، بیری نەتەوەیی و سیاســی لە پێناو چەمکی ئازادی لە گەڵ ژنانی دەوروبەری دابەش کردووە و هەوڵــی داوە کە هەســتی کوردبونیــان، وەکوو نەتەوەیەک کە پێویســتی بە ناسنامەی خۆی و بە ئازادیە، پتەوتر بکات!

حەپســە خان بۆ یەکەم جار لە ســاڵی ١٩٢٣، کاتێک "سمایل سمکۆی شکاک" دەچێتە شــاری ســلێمانی و لە لایەن شــێخ مەحمودی بەرزەنجیەوە بە گەرمی پێشــوازی لێ دەکرێت، یەکەمین کۆبوونەوەی بەربڵاوی ژنانی شاری سلێمانی کــە زۆرتــر لە ڕێپێوان چــووە، وەڕێ دەخات ! بەم جۆرە بە ســەدان ژنی ئەم شــارە بە داخوازی حەپســە خاتوون و بۆ پێشــوازی کردن لە سمایل سمکۆی شــکاک و سوارەکانی، دەڕژێنە ناو شــەقامەکانی شاری سلێمانی و بە گەرمی پێشوازیان لێ دەکەن. ئەم ژنە کوردە لە هاتنی سمایل ئاغا زۆر خۆشحاڵ بووە و پێی وابووە کە یەکگرتنی "سمایل ئاغا و شێخ مەحمودی بەرزەنجی" دەتوانێ

دەوری بەرچاوی هەبێت لە یەکیەتی کوردانی هەموو بەشـــەکانی کوردستان و بەهێزتر بوونیان.

لــە ڕۆژی ٢٦،٠٦،١٩٣٠، یەکەمین ناوەندی مەدەنی ژنان لە کوردســـتان واتا کۆمەڵەیەکــی ژنان بە ناوی "کۆمەڵــەی ئافرەتانی کورد" دادەمەزرێنێ و دەبێتە بەرپرسیاری ئەم کۆمەڵەیە ! ئەمە یەکەمین جارە کە ژنانی کورد لە باشووری کوردســـتان کۆمەڵەیەکــی تایبەتی ژنان وەکــوو ناوەندێکی تایبــەت بە خۆیان دادەمەزرێنن و هەوڵی بەشداری کردن لە کاروبارەکانی سیاسی و کۆمەلاّیەتی لە ســـەر ناوی کۆمەڵــەی ئافرەتانی کورد دەدەن ! جیا لە حەپســـەخانی نەقیب کــە ســـەرۆکی ئــەم کۆمەڵەیــە بووە، ژنــە چالاکێکی تر بە ناوی حەپســـەخانی عیرفانــە فەنــی، هاوســـەری جەمیــل ســـائیب، دەوری هەبووە لە بەرپرسیارەتی و بەڕێوەبردنــی ئەم ناوەندە. ئەم کۆمەڵەیــە هــاوکات بارەگایەکی تایبــەت بە خۆی هەبــووە لە ناو شارەکە دا.



دیارە بە گشــتی ســاز کردنی کۆمەڵەیەکــی تایبەت بــە ژنان و بە دەستی ژنان بۆ داکۆکی کردن لــە مــاف و داخوازیەکانی ژنان، نــەک تەنیا لە کوردســـتان، بەڵکوو لە هەموو ڕۆژهەلاّتی ناوەراســـت لە نیوەی یەکەمینی سەدەی بیستەم، نموونەیەکی کەم وێنەیە.

ئــەم ژنــە وریا و تێکۆشـــەرەی کورد، لە ســـاڵی ١٩٣٠، نامەیەکــی ڕامیاریی مێژوویی بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری "ژێنێڤ" نووسیوە و بە ڕاشـــکاوی داوای مافی چارەنووسی کوردی لەسەر خاکی کوردستان کردووە. ئــەم داواکارییــە، دەنگێکی باشــی دایەوە، بــە تایبەتی لەو ســـەردەمە تاریکەی کە کــوردان پێیدا تێدەپەڕین. کاتێکیش کە کۆماری دیموکراتیی کوردســـتان بە ســـەرۆکایەتی پێشەوا قازیی محەمەد لە رۆژی ١٩٤٦،٠١،٢٢ لە شاری مەهاباد دامەزرا، حەپســـەخان بەهەموو توانایيەکی دارایی، پشـــتگریی لەو کۆمارە کرد.



بەرامبەر بەم هەوڵ و تێکۆشانە، پێشەوا سپاسنامەیەکی تایبەتی بۆ ناردووە و ڕێزێکی زۆری لێگرتووە.

هەر وەک باس کرا، حەپسەخان لە بواری زانستیی و پەرەپێدانی خوێندەواری لەناو ژنانی کورد دا، ڕۆڵێکی بەرز و بەرچاوی هەبووە، تەنانەت دەستی کردووە بە ساز کردنی قووتابخانەیەکی تایبەتی ژنانیش کە بە تایبەتی ئێواران، ژنانی شاری سلێمانی سەردانی ئەم شوێنەیان کردووە و وانەیان بینیوە. بەم شێوەیە حەپسە خان، خانوویەکی خۆی کردووەتە قووتابخانە و شوێنی فێرکاری ژنانی نەخوێندەوار!

ئەم ژنە چالاکە لە تەمەنی شەست و دووساڵیی دا و لە ساڵی ١٩٥٣، بە نەخۆشی شێرپەنجە، کۆچی دوایی کرد و لە گردی (سەیوان) ی شاری سلێمانی بەخاکسپێردرا.



# لەیلا زانا

Layla Zana

# ژنە کوردێک، لە پارلەمانەوە تا زیندان، لە زیندانەوە بۆ پارلەمان....

لەیلا زانا بە کچە کوردێک ناوبانگی دەرکردووە کە پارلەمانی تورکیا و شووینیستەکانی ئەم وڵاتەی هەژاند. زانا لە مانگی مەی ساڵی ١٩٦١ لە شاری سیلوان هەڵکەوتوو لە نزیک شاری دیاربەکر لە باکوری کوردستان (باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا) لە دایک بوو. لەیلا، تەنیا چاردە ساڵی تەمەن بوو کە لە گەڵ "مێهدی زانا" کە ئەوکات قایم مەقامی شاری دیاربەکر بوو، ژیانی هاوبەشی پێک هێنا. ئەم ژیانە هاوبەشە تا ساڵی ١٩٨٠، واتا ئەو کاتەی کە کودەتای چەکداری لە لایەن "ژێنێراڵ کەنعان ئێڤرەن" لە تورکیا وەڕێخرا، بەردەوام بوو.

لەیلا زاناش وەکوو هەزاران کەسی تر لە باکوری کوردستان و تورکیا، بە تاوانی رامانی جیاواز و چالاکی سیاسی، قۆڵبەست و زیندانی کراوە.

زانا لە ساڵی ١٩٩١ ، دوای ئەوەی کە بوو بە ئەندامی حیزبێکی یاسایی کە لە لایەن کوردەکانەوە پێک هاتبوو، لە هەڵبژاردنی پارلەمانی دا، دەنگێکی زۆری وەدەست هێنا و وەکوو یەکەمین ژنی کورد، لاقی لە ناو پارلەمانی تورکیا نا.

لەیلا زانا لە کاتێک دا کە لە تورکیا قسە کردن بە زمانی کوردی نایاسایی بوو، لە پشت تریبونی قسە کردن لە ناوخۆی پارلەمان، بە زمانی کوردی سوێندی یاسایی خوارد و ئەمەش بوو بە هۆی تووڕەیی پارلەمانتارە تورکەکان و تەنانەت ئەو پارلەمانتارە کوردانەی کە بە هۆی سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن، ئیتر ناسنامەی کوردی خۆیان لە بیر چوو بۆوە. لەیلا زانا لە ناو هاتوهەڵڵای پارلەمانتارەکانی نارازی کە تەنانەت تەحەمولی بیستنی وشەیەک لە زمانی کوردیان نەبوو، درێژەی بە قسەکانی دا و بە زمانی کوردی قسەی کرد. ئەمە یەکەم جار بوو لە مێژووی دەوڵەتی تورکیا دا کە کەسێک بەم جۆرە بوێرانە و لە شوێنێکی وەها فەرمی دا، تابۆی دەشکاند. زانا لە کاتی خوێندنەوەی سوێندنامەکەی بە کوردی، جیا لەوەی کە سووکایەتی پێکرا و زۆرینەی پارلەمانتارەکان بە هاتوهاوار جنێویان پێدەدا و لە میزەکانیان دەکووتا، میکرۆفۆنەکەشیان لێ بڕی.



بەڵام لەیلا زانا بە پێچەوانەی نەیارانی کە هەبوونی نەتەوەیەکیان ئینکار دەکرد و حاشایان لە بوونی کوردان و زمانی کوردی دەکرد، ئەو ڕێزی لە نەتەوەی حاکمیش گرت و هەوڵی دەدا کە پێیان حاڵی بکات کە لە تورکیا دەبێ گەلانی کورد و تورک و عەرەب و چەرکەز و لاز و ئەرمەن... هەموو لە گەڵ یەکتر وەکوو خوشک و برا بژین و خاوەنی مافی هاوبەش و یەکسان بن. ئەم داخوازە لە ڕوانگەی توندڕەوانی تورک، بە جووداخوازی دەبیندرا. هەر بۆیە دواتر ڕووبەڕووی مەحاکەمە و دادگاییەکی نادادوەرانە هاتەوە..

دەیان ساڵ بوو کە بە گوێرەی یاساکانی دەوڵەتی تورکیا، بە کار هێنانی زمانی کوردی تەنانەت بۆ قسە کردنی ئاساییش لە ژیانی ڕۆژانە دا، قەدەغە

کرابوو. لەیلا زانا لە سوێندنامەی پارلەمانی تورکیا دا، بە زمانی کوردی گوتی:

*"من شانازی ئەوەم هەیە کە بۆ پاراستنی تەواوەتی سنووری تورکیا و پاراستنی سەربەخۆیی وڵات و یەکگرتوویی خەڵک و سەروەری تەواوی خەڵک سوێند دەخۆم کە وەفادار بم بە یاسای بنەڕەتی و برایەتی و یەکسانی نەتەوەی تورک و کورد."*

لە راستی دا لەیلا زانا پەیماننامەیەکی بە زمانی تورکی پێشکەش کرد و تەنیا ئەم بەشەی کۆتایی بە زمانی کوردی بوو کە گوتی: "من ئەم سوێندە بۆ برایەتی گەلی کورد و تورک دەخۆم!".

سەرەڕای ئەوەی کە لەیلا زانا مافی پارلەمەنتاری وەک بەرگری هەبوو، بەڵام حیزبەکەی نایاسایی ڕاگەیەندرا و ئاسایشی خۆشی کەوتە بەر مەترسی. زانا لە ساڵی ١٩٩٤ دەگەڵ سێ پارلەمانتاری دیکەی حیزبەکەی کە بریتی بوون لە "خەتیب دیجلە، سەلیم ساداک و ئۆرهان دۆغان" بە تۆمەتی خەیانەت بە نیشتمان و ئەندام بوونیان لە پارتی کارگەرانی کوردستان دەستبەسەر کران. لەیلا زانا لە دادگا زۆر بوێرانە لە پێش چاوی کامێراکان و خەڵک، وڵامی پرسیارەکانی دادوەر و شاندەکەی دایەوە و رایگەیاند کە هەموو ئەم تۆمەتانە بێ بنەمان و خۆی و هاوڕێیانی کەسانێکی سەربەخۆن. لەیلا هەر جۆرە پێوەندیەکی بە هەر جۆرە هێزێکی شۆڕشگەری کوردی کە لە ڕوانگەی دەوڵەتی تورکیاوە بە تێرۆریست دەناسرێن، بە توندی رەت کردەوە و باسی لەوە کرد کە داخوازی ئەو تەنیا دادوەری و یەکیەتی و خوشک و برایەتی نەتەوەکانە. بەڵام بڕیاری دادوەر بە پێی بڕوا بە شایەت کە لە ژێر ئەشکەنجە و لە دژی ئەم کەسانە شایەتی دابوو، لە دژی لەیلا زانا و هاوڕێیانی دەرکرا. بەم جۆرە لەیلا زانا و هاوڕێیانی لە بڕیارێکی نادادوەرانە دا مافی پارلەمانتاریەتی و چالاکی سیاسیان لێ ئەستێندرایەوە و سزای پازدە



ساڵ زیندانیشیان بە سەر دا سەپێندرا.

کاتێک دادگا ئەم بڕیارەی لە دژی لەیلا زانا و هاوڕێیانی ڕاگەیاند، زانا گوتی:

*"ئەمە پیلانە. ڕوون ئاشکرایە کە من کێم. هیچکام لەم تۆمەتانە قەبوڵ ناکەم. وە ئەگەر ئەمانە ڕاست بونایە، بێگومان بەرپرسیارەتی هەموویانم وەئەستۆ دەگرت، تەنانەت ئەگەر بە نرخی ژیانم تەواو بووبا. من بەرگریم لە دێموکراسی، مافی مرۆڤ و برایەتی نێوان خەڵک کردووە و بەردەوامیش هەوڵی بۆ دەدەم تا ئەو کاتەی کە زیندوو بم."*

بەم جۆرە بوو کە لەیلا زانا، نرخی ئازادیخوازی دا. دابڕان لە هاوسەر و کچەکەی و چەندین ساڵ ڕاگیران لە زیندان... زیندانێک کە پڕ بوو لە زیندانیانی سیاسی و بە تایبەتیش زیندانیانی ئەشکەنجە کراوی کورد. لەیلا شاهیدی ڕەنج و ئازاری گەلێک ژنی کورد بوو کە بە هۆی هەڵوێستی ئازادیخوازانەیان گیرابوون و شکەنجە کرابوون، بەڵام ورەیان نەڕووخا بوو. ئەم ساڵانە بۆ لەیلا، لە پشت میلەکانی زیندان تاڵ، بەڵام پڕ بوون لە ئازموون...



ڕێکخراوی جیهانی "لێبوردنی ناونەتەوەیی Amnesty International"، لەیلا زانای بە "زیندانیەکی ویژدانی" ناساند. زانا لە ساڵی ١٩٩٤ەوە تا ئێستا گەلێک خەڵاتی پێ دراوە کە بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بەو خەڵاتانەی بکەین: خەڵاتی "ڕافتۆ"، خەڵاتی "ساخارۆف"، خەڵاتی "خوان ماریا باندریسی"، خەڵاتی "ڤاڵدۆست" و خەڵاتی "برۆنۆ کرێسکا".

لە ساڵی ١٩٩٤ وڵاتی نۆرویژ، بە هۆی چالاکیەکانی ئاشتیخوازانەی لەیلا زانا، خەڵاتی "ڕافتۆ" ئاشتی پێ دا، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە لەیلا زانا لە زیندان بوو، بە خۆی نەیتوانی کە ئەم خەڵاتە ڕاستەوخۆ وەربگرێت.

لە ساڵی ١٩٩٥ یەکیەتی ئوروپا بۆ ڕێزگرتن لە ڕەنجی لەیلا زانا کە بە هۆی دەربڕینی بیروڕای ئازاد زیندانی کرابوو. هەروەها بۆ ڕێزگرتن لە تێکۆشانی

مەدەنیانەی وەکوو ژنێکی بوێری کورد لە پێناو ئاشتی و مافی مرۆڤ، خەڵاتی ساخارۆفیان بە لەیلا بەخشی. لەیلا زانا تا ساڵی ٢٠٠٤ کە لە زیندان بوو، نەیتوانی ئەم خەڵاتەی بگاتە دەست.

هەر لە زیندان و لە ساڵی ١٩٩٦، خەڵاتی مافی مرۆڤی "ڤالدۆست"ی لە لایەن دەوڵەتی ئیتالیا پێ درا.

هەمان ساڵ، واتا ساڵی ١٩٩٦ ، خەڵاتێکی دیکە بە ناوی "خەڵاتی داخێن" بۆ ئازادی بیروڕا دەربڕین لە وڵاتی ئاڵمان پێشکەشی لەیلا زانا کرا.

زانا لە ساڵی ١٩٩٨، بە تاوانی نووسینی نامەیەک کە لە روانگەی دەوڵەتی تورکیا بۆچوونی جیاخوازی تێدا بووە و لە یەکێک لە ڕۆژنامەکانی کوردی دا بڵاو ببۆوە، بڕیاڕی زیادتر کردنی حوکمی زیندانی بۆ درا.



هاوکات کە لە زیندان دابوو، کتێبێکی لە ژێر ناوی "نووسین لە زینداندا" بڵاو کردەوە. بە پێی داواکاری بەردەوامی تورکیا بۆ بە ئەندامبوونی ئەم وڵاتە لە یەکێتی ئەورووپا دا، یەکێتی ئەورووپاش بەردەوام داوای ئازادی لەیلا زانا و ڕەچاو کردنی پێوانە و ستانداردەکانی مافی مرۆڤی ئورووپای لەم وڵاتە دەکرد.

لە ساڵی ٢٠٠١، دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا دوای لێکۆڵینەوە، بڕیارێکی لە دژی حکومەتی تورکیا دەرکرد. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە دەوڵەتی تورکیا ئەم بڕیارەی بە فەرمی نەناسی.

لە ساڵی ٢٠٠٢ دەرهێنەرێکی بە رەگەز ئیسپانیایی، بە ناوی "خاویەر کۆرکویرا"، فیلمێکی لە ژێر ناوی "گەڕانەوە لە جیهاندا" سازکرد و کێشەی لەیلا زانای خستە بەر لێکدانەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٣ بە گوێرەی یاسایەکی نوێ، دەبوایە پێداچوونەوە بە سەر بڕیاری دادگای تورکیا دا کراباوە.

لە ئاپریلی ساڵی ٢٠٠٤ و لە دادگایەک دا کە تۆمەتباران، لە ناویشیان دا "لەیلا زانا" بەشداری نەبوون، تۆمەتەکان و حوکمەکان دووپات بوونەوە. لە مانگی ژۆئەنی ساڵی ٢٠٠٤، پاش داوای دادوەری باڵا بۆ پێداچوونەوەی بڕیاری دادگا، حوکمی ئازاد کردنی لەیلا زانا و ئەوانی تر درا. بەم جۆرە لەیلا زانا و هاوڕێیانی، دوای دە ساڵ مانەوە لە زیندان و رەنج و خۆراگریەکی زۆر،

ئازاد کران...

لەیــلا زانا و هاوڕێیانی، دوای ئــازاد بوون لە زیندان ڕێکخراوێکی نوێیان بە ناوی "بزوتنەوەی دێموکراتیکی کۆمەڵگە" ڕاگەیاند. لە ڕۆژی ١٧ی ئوتی ســاڵی ٢٠٠٥، پارتــی کۆمەڵــگای دێموکراتیک بە تێکەڵ-بوونــی "حیزبی دێموکراتیکی گەل" و پارتیەکی تر دامەزرا.

لە ژانویەی ســاڵی ٢٠٠٥، دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا، دەوڵەتی تورکیای بــە دانــی بڕی نۆ هەزار یۆرۆی، بــە لەیلا زانا و هاوڕێیانــی، بە هۆی گرتن و زیندانی کردنی بێ بەڵگە و تاوانی ئەم کەســانە و پێشــێل کردنی مافی ئازادی بیروڕا دەربڕین، سزا دا و بڕیار درا کە ئەم بڕە پارەیە بەم زیندانیانە بدرێت.

لە ساڵی ٢٠٠٧ بەدواوە، لەیلا زانا وەک چالاکوانی مافی مرۆڤ لە تورکیا، لە حیزبێکی نوێ دەستی بە کار کرد کە لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە دامەزرابوو.

لە ســاڵی ٢٠٠٨ خەڵاتی "خوان ماریا باندریســی" ئیســپانیایی پێ بەخشرا و هاوکاتیــش لە لایــەن دەولەتی ئیتالیا، مافی هاوولاتی بوونی شــانازی ئیتالیای پێ دراوە. زانا لە کاتی وەرگرتنی بەڵگەی شانازی هاووڵاتی بوونی ئیتالیا، بەم جۆرە قسەی کرد:

*"ئێمە دەبێت شتە باش و هاوبەشەکان ببینین و هەرگیز بێ هیوا نەبین. ئێمەی کورد ناخۆشــی و شەڕمان لە گەڵ گەلانی تورک و عــەرب و فــارس نەبووە، بەڵکو سیســتەم و دەوڵەتەکانن کە ویستویانە ناسنامەی نەتەوەییمان بسڕنەوە."*

جیــا لەمانە، لەیلا زانا لە نێوان ســاڵانی ٢٠٠٥ تــا ٢٠٠٨ کاندیدی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێل بووە.

سەرەڕای ئەوەی لەیلا هەموو کاتێک دوای ئازادیش لە ژێر چاوەدێری پۆلیس دابــووە (هاوکات لە لایەن هێندێک ڕێکخراوی نهێنی لە وێنەی "ئەرگەنەکۆن" و "ژیتەم" کە هەزاران چالاکوانی مەدەنی کوردیان لە ماوەی ســالەکانی نەوەد و دوو هەزار لە کوردســتان و تورکیا ڕفاندن و دوای ئەشــکەنجە کوشتبوویانن یانیش لە ســەر شــەقامەکان تیرۆریان کردبوون)، مەترسی گیانی لە سەر بوو، بەڵام لەیلا زانا بە ئاگاداری لە هەموو ئەم مەترســیانە و بە لە بەر چاو گرتنی ئەوەی کە دیسان بۆی هەیە بۆ دەیان ساڵی دیکەش حوکمی زیندانی بە سەر دا بسەپێنن و بچێتەوە ناو ژووره تاریکەکانی زیندان، بەڵام دیسانیش سوور بوو لە دەربڕینی بیروڕای خۆی و پێداگری کردن لە ماف و ئازادی خەڵک.

لەیلا زانا وەک ئیدەیەک بۆ نوێ کردنەوەی ڕێکخستنی لە تورکیا، پێشنیاری ئەوەی دا کە تورکیا لە دابەشـکردنی پارێزگاکان دا لە شـێوەی فێدراڵی کەڵک وەربگـرێ و یەکێـک لە پارێـزگاکان ناوی کوردسـتان بێ، کە ئەمە باسـێکی هاڵۆزی لێ ساز بوو.

زانا لە مانگی ئێپریلی سـاڵی ٢٠٠٨ جارێکـی تر لە لایەن دادگاکانی تورکیاوە و ئەمجارەیان بە دوو ساڵ زیندان سزا درا. تۆمەتی ئەمجارەشی ئەوە بوو کە گۆیا چەمکی تێرۆریزمی بڵاو کردۆتەوە.

چەند مانگ دواتر و لە مانگی دێسەمبری هەمان ساڵ، دادگایەکی تر حوکمی دە سـاڵ زیندانی بۆ لەیلا زانا بڕیەوە. دادگا بڕیاری دا کە لەیلا زانا، یاسـاکانی تورکیای پێشـێل کردووە و شـاندی کەیفەری تورکیا لە ٩ وتار دا، لە سەر ئەم بڕیارە دوا.

کۆمیسـیۆنی یەکگرتوویـی تورکیا-ئەوروپـا و کۆمەڵگـەی نێونەتەوەیی بۆ چالاکـی ڕامیاری، دژایەتی خۆیان بـە توندی لە بەرانبەر حوکمی زیندانی لەیلا زانای دەربڕی.

لەیلا زانا ئەم وتارەی لە EUTCC پێشکەش کرد:

> *"سـازکردنی دۆسـیە لە دژی من، بە تەواوی دژایەتی کردنە لە گـەڵ ئازادی بیر و ڕا. ئەمە دەسـەلمینێت کـە هەر کوردێک لە تورکیا، هەڕەشەی لێ دەکرێت. بڕیاری دادگا شێوەیەکی دیکەیە لە سـەرکوت کردن، دەم بەسـتن و تەنبێ کردنـی کوردەکان. فکری زاڵ بە سـەر وڵاتی تورکیایە کە لە ڕێگەی نادێموکراتیک و سـەرکوتکرانە و بڕیاری نادادوەرانە، وەکوو ڕێگا چارەیەک بـۆ ئاشـتی ڕامیـاری و کۆمەڵایەتی کەڵـک وەردەگرێت. بەڵام سـەرەڕای ئەوەش، خەڵک بۆ مافەکانی پێناسـە کراوی خۆیان، بەردەوام تا هەر چەند کە کات بخایەنێت، خەبات دەکەن."*

لە ڕێکەوتی ٢٨ی ژانویەی ساڵی ٢٠٠٩، لە دادگای باڵای چوارەمی جەنایاتی دیاربەکر، لەیلا زانا بۆ بە ١٥ مانگ زیندانی سزا درا. ئەمەش بە هۆی ئەم وتارە بوو کە لە زانکۆی لەندەن پێشکەشی کردبوو.

لە دێسـەمبری سـاڵی ٢٠٠٩ ، پارتی DTP بە تاوانی گۆیا پێوەندی هەیە لە گەڵ ریزەکانی جوداییخواز و تێرۆریسـت، بڕیاری داخسـتنی درا و کەسانێکی وەکـوو "لەیلا زانا، ئەحمەد تورک، ئایسـەل تووغلـوک، نورەددین دەمیرتاش،

سەلیمساداک" و... سی سیاسەتوانی دیکەی کورد بۆ ماوەی پێنج ساڵان مافی چالاکی سیاسیان لێ وەرگیرا.

لــە ٧ی ئاپریلــی ٢٠١٠، دادگای تورکیا لەیلا زانای بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی رامانی جوداییخوازی و تێرۆریستی بە سێ ساڵ حوکمی زیندان دا پێدرا.

دادگاکانی تورکیا بەردەوامن لە دەرکردنی حوکمی زیندان لە دژی لەیلا زانا و گەلێــک جــاران بە هۆی وتارەکانی ئازادیخوازانــە و ماف پەروەرانەی کە لە پێنــاو بەرگری لە کــوردان و مافی کەمینەکان و هەروەها مافی ژنان و منداڵان دەنگــی ناڕەزایەتــی بــەرز دەکاتەوە، داوای دەیان ســاڵ زیندانــی بۆ دەکرێت. بــەڵام زانــا نەترســانە بەرەنگاری هەمــوو گرفتەکان دەبێتەوە و ترســی نە لە زیندانە و نە لە مردن. لەیلا زانا ئێســتا وەک کەسایەتیەکی سەربەخۆ، هاوکات وەکوو پارلەمانتارێکی ســەر بە پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی DTP کار دەکات و هەوڵەکانی بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی پرسی کورد لە تورکیا خستووەتە گەڕ. زانا هاوکات بیر لە یەکیەتی کوردان دەکاتەوە و بۆ ئەو مەبەستەش چەند جار سەردانی هەرێمی باشووری کوردستانی کردووە و لە گەڵ سەرکردەکانی کورد لە هەرێم دیدار و چاوپێکەوتنی هەبووە.

ئەمرۆکە ئیتر هەر کە باســی شــۆڕش، زیندان و ژنی کورد دەکرێت، یەکەم ســیما کە دێتە بەر چاو، رەنگە ســیمای "لەیلا زانا" بێت. ئەم ژنە وردیلەیە، کە پارلەمانی تورکیا و شووینیزمی ناوچەکەی هەژاند، ژیانی خۆی لە پێناو ئازادی دا فیدا کردووە و بە شــەو و ڕۆژ لە تێکۆشــان دایە، ئیتر بووەتە ســێمبولێک کە ســنووری کوردستانی تێپەڕ کردووە و یەکێکە لە ژنانی گەورە و ناسراوی خەباتکار لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوین و جیهان دا.



# لەیلا بەدرخان

# Leyla Bedirxan
1908- 1986

# شازادەی کوردان و
# ئەستێرەیەکی درەوشانی سەمای بالێ

لەیـلا بەدرخان لە مێژووی کوردسـتان و نەتەوەی کـورددا یەکەمین کچی کوردە، کە لە بواری هونەری "بالێ" دا دەرکەوتووە. لەیلا بەدرخان لە بنەماڵەی تێکۆشەری بەدرخانییەکانە و کچی عەبدولرەزاق بەدرخان و کچەزای بەدرخان پاشایە.

لەیلا ساڵی ١٩٠٨ لە شاری ئیستانبولی تورکیا لەدایکبوو. ساڵی ١٩١٣ دوای ئەوەی کە بڕیاری لەناوبردنی بنەماڵەی ڕووناکبیر و تێکۆشەری بەدرخانییەکان لـە لایەن دەوڵەتی تورکی عوسـمانی دەرکرا، لەیلا لەگـەڵ دایکی ناچار بوون لە ناوچەکانی ژێردەسـەڵاتی عوسمانی کۆچ بکەن و ڕووبکەنە میسر. ئەو کاتە لەیلا کەم تەمەن بوو، بۆیە تەمەنی منداڵی خۆی لە وڵاتی میسر بە سەر برد.

دوای شـەڕی جیهانـی یەکـەم (١٩١٤-١٩١٨)، لەیـلا بەدرخـان لـە میسـر وەدەرکەوتووە و چووەتە ئوروپا. لەوێ قۆناغێکی نوێی لە ژیانیدا دەستپێکرد.

لەیلا لە وڵاتی سـویس، دەسـتی کردووە بە خوێندن و لـە وڵاتی ئەڵمانیاش پەیمانـگای هونەری سـەمای "بالـێ"ی تەواوکرد و پاشـان لە وڵاتی فرەنسـا


نیشتەجێ بوو.

لەیلا بەدرخان، هەر لە منداڵیەوە ئەوینداری هەڵپەڕکێ و سەما و گۆڤەند بوو. هەر بۆیە لە سەردەمی منداڵیەوە، سەرنجی داوەتە چۆنیەتی سەما کردنی خەڵک و بە تایبەتیش بە ڕێگای سەیرکردنی سەمای ژنانەوە بە شێوەیەکی سروشتی خۆی فێری سەماکردن کردووە. لەیلا بەدرخان بە تەواوی خولیای سەماکردن بوو. ئەم هەستە بەتایبەت دوای نیشتەجێبوونی لە ئوروپا، زیادتر لە جاران گەشەی کردووە. بەم جۆرە لەیلا بەدرخان بە جیا لەوەی کە دواتر خوولی سەما کردنی بینیوە، بە شەو و ڕۆژ وەکوو ئەویندارێکی ئەم هونەرە سەمای کردووە و بە دەوری خۆی دا خوولاوەتەوە. چاو لە سەما کردن و سەما کردن لە لایەک و خوێندنەوە و پەروەردە دیتن لە لایەکی تر، هاوکاتیش نەرمی ئەندام و ئامادە بوونی جەستەیی و گیانی لەیلا بەدرخان بۆ سەما کردن، بوونە هۆی ئەوەی کە لە ماوەیەکی کورتخایەن دا، ببێتە یەکێک لەو سەماکەرانەی کە سەرنجی مامۆستایانی سەمای بەرەو خۆی راکێشا و دواتریش دەستی بە یەکێک لە دژواترین جۆرەکانی سەما، واتا سەمای "بالێ" کرد. لەیلا بەدرخان لە سەمای بالێش دا گەلێک داهێنەر و ئافرێنەر بووە و بە داهێنانی خۆی سەمای کردووە.

لەیلا بەدرخان لە ساڵی ١٩٣٠ تا سەرەتای ساڵانی ١٩٤٠ەکان، لە ناو ساڵۆنەکانی سەمای وڵاتانی نەمسا، ئەڵمانیا، سویسرا، فرەنسا، بەلجیکا، ئیتالیا سەمای کردووە و سەرنجی خەڵکانیکی زۆری بۆ لای خۆی راکێشاوە. هەروەها لەیلا بەردخان بۆ نمایشکردنی سەما جوانەکانی، بانگهێشتی وڵاتانێکی وەک ئامریکا و کانادا و چەندین وڵاتی دیکە کراوە.

لەیلا بەردخان وەک کچێکی کورد، یەکێک بووە لە سەماکەرانی ناسراوی بالێ و بەتایبەتیش لەناو خەڵکانی هونەردۆست بە "شازادەی کورد" ناوبانگی دەکردووە. لەیلا بۆخۆیشی هەمیشە، بەوپەڕی شانازییەوە خۆی وەکو کچە کوردێک و خەڵکی کوردستان ناساندووە. بێگومان نامە مێژووییەکانی لەیلا بەردخان، سەلمێنەری ئەو راستیەن. هەروەها بنەماڵە تێکۆشەرەکەی بەدرخان پاشا کاریگەرییەکی زۆریان هەبووە بۆ وەدەرکەوتنی لەیلا وەک کچە هونەرمەندێکی کورد.

لەیلا تەمەنی زۆر بچووک بووە، کە "عەبدولرەزاق بەدرخان"ی باوکی کۆچی دوایی کردووە، بەڵام عەبدولرەزاق کاریگەرییەکی زۆری لە سەر لەیلای کچی



هەبووو. عەبدولرەزاق بەدرخان تاکە ڕێبەری کوردە کە لەو سەردەمە دا، واتا لە قۆناغی بەر لە ساڵەکانی شەڕی جیهانی یەکەم، لە ماڵەکەی خۆیدا پیانۆی هەبووە. بیری ئاواڵە و بنیانی دیمۆکراتیک لە ناو بەدرخانیەکان، بووەتە هۆی ئەوەی کە ژنانی بنەماڵە بە ئازادی و مافدارانە هەڵسوکەوت بکەن و بگرە کچێکی وەکوو لەیلا بە دڵی خۆی جلوبەرگی لە بەر دەکرد و تەنانەت سەمای بالێی وەکوو هونەرێکی لە ژیانی خۆی دا هەڵبژاردبوو. هاوکات بنەماڵەی بەدرخان، وەکوو بنەماڵەیەکی ڕووناکبیر، جیا لەوەی کە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیان دامەزراند و پیتی لاتینیان بۆ نووسین بە زمانی کوردی داهێنا، بنەماڵەیەکی سیاسی و نیشتیمان پەروەر بوون کە خوازیاری ئازادی نەتەوەیی کوردان بوون لە دەستی دەوڵەتانی داگیرکەر. ئەم بیروبۆچوونەش کاریگەری لە سەر لەیلا دانابوو.

"شازادە لەیلا" کچە کوردێکی ڕووناکبیر و مێژوو زان بووە. زۆر حەزی بە خوێندنەوەی لاپەڕەکانی مێژوو بووە. ئەم کچە هونەرمەندە لێکۆڵینەوەی لەسەر

ڕێوڕەسمەکانی ئایینی زەردەشتی، ئێزیدی و ئایینە کۆنەکانی زاگرۆسی، میسر و هیند و سەماکانی ئایینی ڕۆژهەڵاتی کردووە.

لەیلا بەدرخان توانی وەکوو یەکەم کچە هونەرمەندی بواری سەمای باڵێ و وەکوو یەکەم ژنە هونەرمەندی کورد بە ناسنامەی نەتەوەکەیەوە، ناوی بچێتە نــاو لاپەڕەکانی مێــژووی جیهــان. ئەلبوومەکانی مێژووی جیهان و ئارشــیڤ خانەکان، پڕن لە وێنەکانی جوان و دڵڕفێنی ئەم کچە کوردە بە تایبەت لە کاتی سەما کرد.

شــازادەی کــوردان لەیــلا بەدرخــان، دوای ئــەوەی تەمەنــی بــەرەو ژوور ڕۆیشــتووە، نەیتوانیوە چیتر درێژە بە هونەری باڵێ بدات و سەما بکات، بەڵام بــەردەوام بووە لــە چالاکیەکانــی ڕووناکبیرانەی و خوێندنــەوە و لێکۆڵینەوە. شــازادەی کورد، لە ســاڵی ١٩٨٦ و لە شــاری پاریســی پایەتەختی فەڕەنسە، ماڵئاوایی لە ژیان کردووە.



# مەستوورە ئەردەڵان

# Mastura Ardalan

1804- 1848

# ژنە شاعیری بەناوبانگی کورد لە ساڵەکانی سەدەی نۆزدەیەم

شاعیر و وەرگێڕی ناسراوی کورد "عەبدوڕڕەحمان شەرەفکەندی" ناسراو بە "هەژار"، لە سەر ژیان و کەسایەتی ژنە شاعیری ناوسراوی کورد "مەستوورە ئەردەڵان" بەم جۆرەی نووسیوە:

*مەستوورەی ئەردەڵان شاعیر و مێژوونووسی کوردە. ناوی راستەقینەی خۆی "ماهـ شەرەف" خانم و نازناوی "مەستوورە"بووە کە دواتر وەکوو "مەستوورەی ئەردەڵانی" ناوبانگی دەرکردووە. مەستورەی ئەردەڵان، لە دەوروبەری ساڵی ١٨٠٤، لە بنەماڵەی "قادریی"ەکانی، کە ئەوسا زۆر لە لای والییەکان بەقەدر بوون، لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چاوی بە جیهان هەڵێناوە.*

مامۆستا "مەولەویی تاوەگۆزی" لە پەسنی مەستورەی ئەردەڵان دا، بە زاراوەی هەورامانی ئەم شیعرەی گوتووە:

"خورشیدەکەی ناز، ئەوجی بورجی سەور

سـەرتوغرای دەفتـەر مەحبووبـان جـە دەور
هـا لـە خانەکـەی بورجـی شـەرەف دا
نوورئەفشانیشـەن وە هـەر تـەرەف دا"

(لەو سـەردەمە دا لە شـاری سنە و هەرێمی ئەردەڵان، سەرەڕای ئەوەی کە زۆرینەی خەڵکان و دانیشتوانی بە زاراوەی سۆرانی قسە دەکەن، بەڵام زاراوە و شـێوازی هەورامانیش گەلێک زاڵ بووە و زۆربەی هەرە زۆری شـاعیران و نووسـەرانی کورد لە وێنەی "مەولەوی کورد" و دواتریش خودی "مەسـتوورە ئـەردەڵان" و...گەلێک کەسـی تر، جیا لە زمانەکانی دیکەی وەک فارسـی، زۆر جاران زاراوەی کوردی هەورامانیان وەکوو زمانی ئەدەبی بەکار هێناوە.)

باوکی مەسـتورە خانم، ئەولەسـەن بەگ یان "ئەبولحەسـەن بەگ" بووە کە یەکێک بووە لە پیاوە ناسـراوەکانی شـاری سـنە لە سـەردەمی خۆیدا.باوکی کەسـێکی ئەدیب دۆسـت و تێگەیشـتوو بووە، هەر بۆیە ماەشـەرەف خانمی بردووەتە قووتابخانە و پێی خوێندووە.ئەمەش سەرەتایەک بوو بۆ پەروەردەی کەسـایەتی مەسـتوورە وەکـوو ژنێـک کە بە سـەر ئەدەبیـات دا زاڵ بووە و دەستپێکێک بووە بۆ ناو و ناسنامەی داهاتووی وەکوو شاعیر.

لە زەمانی خوسـرەو خانی ئەردەلان، والیی شـاری سنە، کە بە" ناکام" ناوی براوە، خان و ماڵە قادرییەکان لە یەکتر رەنجاون و ئاشت بوونەوە و دواتریش بوونە خزم. مەسـتوورە بۆتە خێزانی خوسرەو خان. خانیش لە شێعردانان، لە خانـم نزیک بۆتەوە. لە دیوانی هەردووکیان دا، شـێعر بە یەکدا هەڵدانیان زۆر بەرچاوە. مەستوورە چل و چوار ساڵ تەمەنی بووە کە لە سلێمانی مردووە و هەر لەوێش نێژراوە.

مەستوورە لە شیعردانان، چ بە کوردی و چ بە فارسی، زۆر خاوەن دەسەڵات بووە. بەداخەوە زۆربەی شـێعرەکانی لە ناو چـوون و تەنیا دوهەزار بەیتێکی ماوەتەوە کە سـاڵی ١٩٢٦، میرزا ئەسـەدوڵلا خانی کوردسـتانی، سـەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگی شاری سنە، لە تاران چاپی کردووە. کوردییەکانی هەر زۆر کەم ماون، بەڵام لە قەسیدەیەکی دا کە بەم بەیتەوە دەست پێ دەکا:

"گرفتـارم بە نازی چاوەکانی مەسـتی فەتتانت
بریندارم بە نێشـی سینەدۆزی تیری موژگانت"

وا دیار ئەدا کە شیعرە کوردییەکانیشی زۆر رەوان بووبێت. نووسەری کتێبی "حەدیقەی ناسـری"، کە ئامۆزای مەسـتوورە بووە، ژمارەی هەڵبەستەکانی لە

قەسیدە و غەزەڵ و وردە بابەت، بە نزیکەی بیست هەزار بەیت نووسیوە.بەڵام "توحفـەی ناسـری" کە ئەویش لە مەڕ کوردسـتان تاریخێکـە، دە هەزاری لەو بیستە کەم کردۆتەوە و دەڵێ دەهەزار بەیتێکی هۆنیوە.

بەداخەوە بەشـێکی زۆر لە شـێعرەکانی مەسـتوورەی ئەردەڵان، وەک زۆر گەنجینەی بە نرخی دیکەی کوردی و بە هۆی کەمتەرخەمی لە ناو چوون، بەڵام سەڕەڕای هەموو ئەمانە، مەستوورە ئەردەڵان، یەکێکە لە سیماکانی درەوشانی مێژووی ئەدەبی کوردی.



# لەیلا قاسم

Leyla Qasim
1952- 1974

# ئەو کچە قارەمانەی لە پای سێدارەی مەرگ، سروودی هیوا و ژیانەوەی خوێند

کچە تێکۆشەری کورد "لەیلا قاسم"، لە ساڵی ١٩٥٢ لە گوندی "بامیلی" سەر بە شاری "خانەقین" لە باشوری کوردستان و لە ناو خێزانێکی هەژار و نیشتمانپەروەری کوردی فەیلی لە دایکبووە. "قاسم حەسەن" باوکی لەیلا، کارگەری کۆمپانیای پاڵاوگەی نەوتی "ئەلوەند" بوو. دوای ئەوەی قاسم خانەنشین کراوە، لە ساڵی ١٩٧١ لە خانەقینەوە ماڵیان بۆ بەغدا گواستۆتەوە. هەموو خوشک و براکانی لەیلا، (سەبیحە، سەلام، سەفا و سەلاح) خەریکی خوێندن بوون. سەرباری خوێندن هەر یەکەیان، هاوکات لە گەڵ خوێندن، بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانی رۆژانەیان، کاریان کردووە.

لەیلا قاسم بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥٨، لە شاری خانەقین، چووەتە بەر خوێندن و قۆناغەکانی سەرەتایی و دواناوەندی لەم شارە تەواو کردووە. لەیلا لە ساڵی ١٩٧١، لە بەشی کۆمەڵناسی لە کۆلێژی بەغدا وەرگیراوە. لەیلا قاسم، بەر لە چوونی بۆ بەغدا، وەکوو کچێکی کورد، هاوکات لە گەڵ ئەوەی کە هەر لە تەمەنی منداڵییەوەی تامی تاڵی هەژاری و نەداری چەشتبوو، تامی تاڵ و

پـڕ ئازاری زوڵـم و زۆرداری ڕێژیمی عێراق و رەگەزپەرەسـتانی عەرەبی لە دژی کـوردان، بە تەواوی هەسـت پێ کرد. ئەمەش بـوو بە هۆی دژکردەوە و گەشـەکردنی هەسـت و بیری ئازادیخوازانە لە ناخی دا. بەم جۆرە بوو کە ئەم کچە تێکۆشەرە فەیلیە، بڕیاڕی دا کە بەشداری لە ڕیزەکانی تێکۆشان و خەباتی ئازادی دا بکات.



لەیـلا هەر زوو لەگـەڵ بزووتنـەوە و ڕێکخسـتنەکانی نەتەوەکەیـدا ئاشـنا بـوو. سـاڵی ١٩٧٠ لـە ڕێگای بـرا گەورەکـەی واتا "سـەلام قاسـم"ی پێوەندی بە بزاڤی سیاسیی نەتەوەکەیـەوە کـردووە و لـە نێـو ڕیزەکانی "یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان" خەبـات و تێکۆشـانی بەڕێوە بردووە. لەیلا قاسـم لە نێو خوێندکارانـی کوردی زانکـۆی بەغدا، ڕۆڵێکی کاریگـەری هەبـووە لـە وشـیارکردنەوە و بە ڕێکخسـتن کردنیان. لە کاتێکدا کە دەگوترا ژن ناتوانێت شانبەشـانی پیاوان لە شـار و لە شـاخ و لە دێهاتەکاندا بە گوێرەی پێویست خەبات بکات و ڕوانگەی فیئۆدالی هێشتا بە سەر کۆمەڵگەی کوردی دا زاڵ بوو، لەیلا بە پێچەوانەوە شانبەشانی خوێندکارە کوڕەکانی کورد، خەباتێکی بەرفراوانـی بەڕێوە برد و دژ بە نایەکسـانی مافەکانی ژنان و پیاوان دەسـتی بە تێکۆشـان کرد. ئەم وشـیاریە نەتەوەییە بەتایبەت بە هۆی ئەوەی کە لەیلا قاسم بە خۆی لە بواری کۆمەڵناسیدا دەرسی دەیخوێند و زانستێکی زۆری لە چۆنیەتی کۆمەڵناسی دا هەبووە، قوولتر لە زۆربەی ئەم پیاوانە بوو کە وەکوو هاوکار و هاوخەبات کاریان لە گەڵ دەکرد. لەیلا زۆر بە باشی ناسنامەی خۆی هەم وەکوو ژن و هەمیش وەکوو مرۆڤێکی کورد کە خاک و ناسـنامەکەی لێ ئەستێندراوە، لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی خۆی تێگەیشتبوو.

لەیلا قاسـم لە گەڵ یەکێک لە هاوڕێکانی خۆی بە ناوی "جەواد هەمەوەندی" زۆرتریـن خەبـات و چالاکییان کـردووە و زۆر لە یەک نزیـک بوونەوە. ئەمە خۆشەویسـتیەکی سادە و سـاکار نەبوو، ئەمە خۆشەویسـتیەک بوو لە ناخی دڵەوە. دوو هاوکار و هاوخەبات کە هەست و تێڕوانین و ئامانجەکانیان هاوبەش بوو. لەیلا خوێندکاری زانکۆ و جەوادیش کارگەری یەکێک لە کارگەکانی بەغدا

بـوو. لەیـلا هەر بە هـاوکاری جەواد، بـۆ ماوەیەک لە ناوچەکانی باشـووری کوردستان چووە نێو ڕیزەکانی پێشمەرگە و چەکی پێشمەرگایەتی کردە شان. ئەمـەش ئازموونێک بـوو کە لەیلای جار لە گەڵ جار پووختەتر و کەسـایەتی پۆلاییتر دەکرد. لەیلا قاسـم هەمووکات بە چاوی کراوەتر، ڕەوشـی سیاسـی کوردانی هەڵدەسـەنگاند و بە شـێوەیەکی باشـتر هەوڵی بەڕێوەبردنی خەباتی ڕێکخسـتنی لە ناو شانە و دەسـتەکانی ناو شارەکاندا دەدا. لەیلا بە کەسایەتی ژیر و دیسیپلینی شۆڕشگەرانەی خۆی، ئەو ڕاستیەی بە هەموو کەس سەلماند کە ژنانی کورد، ئەگەر ئیرادە بکەن و بیانهەوێت، نەک تەنیا دەتوانن شانبەشانی پیـاوان لـە دژی داگیرکەرانـی وڵاتەکەیـان بۆ ئـازادی خەبات بکـەن، بەڵکوو دەتوانن دەوری پێشـەنگایەتی و ڕێبەرایەتی جووڵانـەوەی ئازادیش بگرنە دەسـت و ببنە نموونەی خۆراگری و شۆڕش.



لەیلا و جەواد لە سـەرەتای سـاڵی ١٩٧٤، بە یەکەوە دەسـتیان کردبوو بە ئەنجام دانی لێکۆڵینەوەیەکی زانسـتی و کۆمەڵناسـانە لە سـەر کۆمەڵگا و خەڵکی کوردسـتان. ئەوان لەم سـاڵە دا کۆی نووسراوە و بەرهەمەکەی خۆیـان وەکـوو کتێبێک ئامادە کـرد و تەنیا لـە دەرفەتێـک دەگەڕان کە بـڵاوی بکەنەوە. بەڵام بـەهۆی تێکچوونی وتووێژەکانی نێوان سـەرکردایەتی کورد و ڕێژیمی عێراق و دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ و پاشانیش بـەهۆی گیرانـی لەیـلا قاسـم و جـەواد و هاوڕێکانـی تریـان، دەستنووسـی لێکۆڵینەوەکەیان لەلایەن سـیخوڕەکانی حکومەتی عیراقەوە دەستی بە سەر دا گیرا و لەناوبردرا.

لە مانگی مارسـی ١٩٧٤، دوای دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ و هێرشکردنەوەی ئەرتەشـی عێراق بۆسـەر ناوچەکانی کوردسـتان، ڕێژیمی بەعس دەستی کرد بـە کۆچبەرکردنـی هەزاران کـورد و بۆمباران کردنی شـارەکانی "قەڵادزێ و هەڵەبجە". هاوکات ئەرتەشی عێراق، پرۆسەی ڕاوەدوونان و گرتن و ئەشکەنجە کردنی ڕووناکبیران، خوێندکاران و ئازادیخوازانی کوردی لە ئاستێکی بەربڵاو دەسـت پێکـرد. لـە بەرامبـەر دا هەزاران کەسـیش لـە تاکەکانی کۆمـەڵ، بۆ

بەرگریکــردن لە مافەکانی خۆیان و نەتەوەکەیان ڕوویان لە شــاخەکان کرد و چەکی پێشــمەرگەیاتییان هەڵگرت. لەو کاتەدا لەیلا قاســم و جەواد هەمەوەندی و نەریمــان فوئــاد و هێندێک لە هاوڕێکانی تریــان، پێیانوابوو خەباتکردن تەنیا لە شــاخ بەس نییە، بەڵکو خەبات و تێکۆشــان لە شــارەکاندا و لەنێو جەرگەی دوژمندا پێویســتیەکی ســەردەمە و زۆر گرنگیکە کە لەم قۆناخە دا ســەنگەری شــارەکانیش بە هێز بکرێت. هەر بۆیە ئەوان، لە گەڵ ئەوەشــدا کە ئازموون و توانایی هەڵگرتنی چەکیان هەبوو، هاوکات لە ناخی دڵیشەوە حەزیان لە شاخ و ژیانی ئازادی بوو، بەڵام ڕوویان لە شــاخەکان نەکرد و بۆ درێژەدانی خەبات و تێکۆشان، لە ناو دڵی دوژمن و لــە بەغدای پایەتەختی عێراق دا مانەوە.



لە وەها قۆناغێکی هەســتیار دا مانــەوە لە ناو شــارەکان بۆ کەســانێکی ناسراوی لە وێنەی لەیــلا قاســم، بــێ مەترســی نەبوو. مەترســیەک کە لەیلا و هاوڕێیانی خۆشیان لێی ئاگادار بوون، بەڵام نەشدەکرا کە مەیدان چۆل بکرێت. لەگەڵ بەرفراوانبوونی شەڕەکان لە ساڵی١٩٧٤ ، دەزگاکانی هەواڵگری ڕێژیمی بەعس بەردەوام و زۆر بەتوندی، چاودێری یەک بە یەکی چالاکوانانی کوردیان دەکــرد. بۆیــە زۆری نەخایاند کە لە ڕۆژی ٢٨,٠٤,١٩٧٤، لەیلا قاســم و چوار کــەس لە هاوڕێکانی بە ناوەکانی: "جەواد هەمەوەندی، نەریمان فوئاد مەســتی، حەســەن حەمەڕەشید و ئازاد سلێمان میران"، لە هەڵمەتێکی هێزەکانی ئاسایش و سەربازانی ڕێژیمی بەعس لە بەغدا، قۆڵبەست و زیندانی کران.

ڕۆژنامــەی "الصــورە" کە زمانحاڵی ڕێژیمی بەعســی دەســەڵاتدار و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنــی نێوخۆیــی عێراق بوو، لەیلا قاســم و هاوڕێکانی وەکو تێکدەر و گێرەشــێوێن و تیرۆریســت ناوزەد کرد. رژیمی بەعس ئەم ئازادیخوازانەی بۆ ناو ژوورەکانی تاکەکەســی گواســتەوە و بە ســەخت ترین شێوە دەستی کرد بە لێدان و ئەشــکەنجە کردنیان. بەڵام ســەرەڕای هەموو ئــەم لێدان و ئازار و ئەشکەنجە تاقەت پڕووکێنانە، هیچ کام لەم پێنج کەسانە، دانیان بە داخوازەکانی دوژمــن دا نەهێنــا و هەتــا ئاخر بەرخۆدانیــان کرد. ئەوە لە کاتێــک دا بوو کە

ئەگــەر لەیــلا قاســم و هاوڕێیانی دانیان بە هێندێک شــت دانابــا، گیانی گەلێک مرۆڤی شۆڕشــگەر و وڵات پارێزی کورد دەکەوتە مەترســی. ئەوان خۆیان لە بەر هەموو ئەم ئەشــکەنجانە دا ڕاگرت و تەنانەت ئامادەی مردن بوون، بەڵام ئامادە نەبوون کە ناوی کەس بدرکێنن و لە ئامانج و داخوازەکانی مافخوازانەی خۆیان پاشەگەز ببنەوە.

جیــا لە خۆراگری لــە بەرامبەر ئەشــکەنجەکان، لەیلا قاســم وەکوو کچێکی چاونەترس و زیرەک، زۆر ژیرانە وڵامی پرسیارەکانی هێزەکانی ئەشکەنجەگەری دایەوە و پێی سەلماندن کە ئەو، کچێک نییە کە بەرامبەر دوژمن و داگیرکەری وڵاتەکەی دا بە چۆک دابێت، بە پێچەوانەوە ئامادەیە سەری بە سەربەرزی بچێتە سەر داری سێدارە، بەڵام بۆ کەسی ناچەمێنێتەوە. لەیلا لە وەڵامی پرسیارەکانی بەڕێوەبــەری دەزگای هەواڵگری بەعســدا کە هەڕەشــەی لەســێدارەدانیان لێ کردبوو، بە بێ ترس گوتبووی:

*"بە کوشــتنی من هەزاران کورد، لە خەوی نەزانی هەڵدەســتن. زۆر خۆشــحاڵ و ســەربەرزم کــە گیانــم لە ڕێــگای ڕزگاری کوردستان دا فیدا دەکەم."*

بەم جۆرە بوو کە هەر ئازار و ئەشکەنجەیەک، نەیانتوانی بڕیاری پەشیمانی بە لەیلا دەربڕن.

ڕێژیمــی بەعــس بە مەبەســتی چاوترســاندنی خەڵــک، بە تایبەتیــش لاوان، خوێنــدکاران و ڕووناکبیرانــی کــورد، لــە ماوەیەکــی کورتخایــەن و دوای دەســتگیرکردنی لەیلا زانا و هاوڕێیانی، هەموویانــی دادگایی کرد. دادگاییەکی نادادوەرانــە لــە لایــەن دەوڵەتێکــی داگیرکەر لــە دژی کچێکی شۆڕشــگەری ئازادیخــواز کە تەنیا تاوانی داخوازی ماف و ئاشــتی و یەکســانی گەلان بوو، بەڕێــوە چــوو. هەر بۆیەش هــەر وەک چاوەڕوان دەکرا، بڕیــاڕی زاڵمانەی لە ناوبردنی لەیلا و هەڤاڵانی بە ڕێگای پەتی سێدارە، دەرکرا...

هێشــتا دوو هەفتــە بەســەر گیرانــی لەیــلا قاســم و هاوڕێیانــی تێنەپەڕی نەبووبــوو، کــە ڕۆژی ١٩٧٤/٥/١٢ لەیــلا قاســم و هەڤاڵانــی، کاتژمێر حەوتی بەیانی لە زیندانێکی نهێنی تایبەت بە زیندانیەکانی سیاســی لە شــاری بەغدا لە سێدارەدران.... دەگووترێ کە لەیلا قاسم لە کاتێک کە پەتی سێدارەیان لە مل کردووە بە دەنگی بەرز هاواری کردووە و هاوڕێ لە گەڵ هەڤاڵانی، درووشمی ئازادیخوازانەی داوە...

بەڵام رژێمی عێراق تەنیا بە کوشتنی لەیلا قاسم و هاوڕێیانی رانەوەستا. هێزەکانی سیخوڕی بەعس دەیانزانی کە برا گەورەکەی لەیلا واتا "سەلام قاسم" یەکێکی ترە لە چالاکوانانی ئازادیخوازی کورد و بە وردی خستیانە ژێر چاوەدێری خۆیانەوە. تەنیا ماوەیەک دوای لەسێدارەدانی لەیلا، "سەلام قاسم"ی براکەشی، هەر لە شاری بەغدا و لە لایەن بەعسییەکانەوە کوژرا. تاوانی سەلام قاسم تەنیا ئەوە بووە کە وێنەی لەیلا قاسمی خوشکی بە دەستی هێندێک لە خوێندکارانی کورد و ئەندامانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات گەیاند بوو. دایک و باوکی لەیلا قاسم، بەهۆی لەدەستدانی دوو رۆڵەیان، بە کۆست و خەمێکی گەورەوە سەریان ناوە و کۆچی دواییان کرد.



هەواڵی لەسێدارەدانی لەیلا قاسم بە کوردستاندا بڵاو بۆوە. هەروەها هێندێک لە چاپەمەنییەکانی جیهان هەواڵی لە سێدارەدانی لەیلا قاسمیان، وەک لەسێدارەدانی یەکەم ژن لە مێژووی سیاسی عێراقدا بڵاوکردەوە...

لەسێدارەدانی کچە کوردێکی ئازا و بوێری وەک لەیلا قاسم بەدەستی رێژیمی عێراق، کاریگەرییەکی زۆری لە سەر لاوان و بە تایبەتیش کچانی کوردستان هەبوو. بە جۆرێک کە سەدان و هەزاران لاوی کورد، ڕوویان کردە چیاکانی کوردستان، یانیش لە ناو شار و گوند و شارۆچکەکان، دەستیان کرد بە خەباتی سیاسی لە پێناو ئازادی.

لەیلا قاسم، بوو بە چیرۆک و ئەفسانە و بوو بە سیمبۆلی ئازادی ژنانی کورد. سیمبۆلێک لە تێکۆشانێکی بێ وچان بۆ ئازادی و سیمبۆلێک لە خۆراگرتن لە ناو زیندان.

هێندێک لە شاعیرانی گەورەی کورد لە وێنەی "جگەرخوێن و هێمن" هەڵبەستیان بۆ هۆنیوەتەوە، گەلێک بابەتی لە سەر نووسراوە و گەلێک جاران ناوی هاتووە و ڕێوڕەسمی ڕێزگرتنی لە خەبات و ئازایەتی، بۆ بەڕێوە چووە.

مامۆستا "هێمن موکریانی" لەسەر قارەمانی لەیلا قاسم، لە هەڵبەستێک دا بەم جۆرە وەسفی کردووە:

"کە تۆ تۆرای لە چاوم وەک خەوی من
لە بسکت رەشترە مانگەشەوی من
برۆ مەجنوون بە لەیلای خۆت مەنازە
کە ناوبانگی پتر دەرکرد ئەوی من

بزەی هاتێ، گوتی جەلادی خوێری!
بە کەیفی خۆت پەتت باوێژە ئەستۆم
ئەوە پەت نیێ، میدالی ئیفتخارە
کە بوومە قارەمانی میلەتی خۆم."



# دانیال میتەران

Danielle
Mitterrand
1924- 2011

# خاتوونی یەکەمی کۆماری فەرانسە و دۆستی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ژێر ستەم....

دانیـال میتـەران، لە سـاڵی ١٩٢٤ لـە شـارۆچکەی ڤێردون لە فەرەنسـا لە دایکبـوو. تەنیا شـازدە سـاڵی تەمەن بوو کـە هاوڕێ لە گەڵ دایـک و باوکی کە هـەر دووکیان مامۆسـتای قووتابخانە بوون، بەشـداری لـە جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی "بەرگری فەرانسە" کرد. دانیاڵ، سەرەڕای ئەوەی کە تەمەنێکی زۆری نەبوو، بەڵام وەکوو کیژێکی وشیار و تێگەیشتوو، لە خەبات و تێکۆشان لـە پێناو ئازادی گەلی فەرانسـە، دژ بە هێزەکانی ئاڵمانـی نازی داگیرکەر، بەو پـەڕی زیرەکـی خۆیەوە، بوو بـە یەکێک لە کادرەکانـی جووڵانەوەی بەرگری کردن لە پێناو ئازادی نیشـتیمانەکەی "فەرانسە". لە ناو گەرمەی ئەم تێکۆشانە دابوو کە لە گەڵ "فرانسـوا میتەران François Mitterrand" ئاشـنا بوو. سـێ مانگ دوای ئازادی یەکجاری فەرانسە لە چنگی هیتلێر، لە ڕۆژی ٢٨ی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٤٤، دانیال و فرانسوا، لە گەڵ یەکتر زەماوەندیان کرد. ئەمەش نە تەنیا کۆتایـی کار و خەباتی سیاسـیان نەبوو، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، دەسـتپێکێکی تـازە بوو لە پێناو سـاز کردنەوە و ئاوەدان کردنەوەی فەرانسـە و خەبات لە

پێناو پێش خستنی مافەکانی مرۆڤ و بە تایبەتیش مافی ژنان و منداڵان.

دانیال میتەران سێ منداڵی بە دونیا هێناوە. یەکیان ناوی "پاسکاڵ" بوو کە هەر زوو مرد. ئەوی دیکەیان "ژان کریستۆفێر" و هەروەها "گیلبێرت میتەران".

دانیال، بە هۆی خەبات و تێکۆشانی لە بەرامبەر داگیرکەرانی نیشتیمانەکەی، چەند ساڵ دواتر، واتا لە ساڵی ١٩٨١، بۆ ڕێزگرتن لەو تێکۆشانە، خەڵاتی "بەرگریکارانی فەرانسە"ی وەرگرتووە. میتەران یەکێک لەو کەسانەیە کە خەڵاتی North–Southی وەرگرتووە. هەر لەو ساڵەش دا بوو کە دانیال میتەران، وەک خاتوونی یەکەمی فەرانسە هەڵبژێردرا. هەموو ئەمانە لە کاتێکدابوو کە هاوسەرەکەشی واتا "فرانسوا میتەران" بە هۆی لێهاتوویی و خەبات و تێکۆشانی بێ وچان، لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری دا سەرکەوتنی وەدەست هێنا و بوو بە سەرۆک کۆمار.



دوابەدوای ئازادی فەرانسە و لە ساڵی ١٩٨٦، دانیال میتەران بە هاوکاری هاوسەرەکەی کە هاوکات سەرۆکی پارتی سۆسیالیستی فەرانسە و سەرۆک کۆماری ئەم وڵاتە بوو، ڕێکخراوێکی مرۆڤ دۆستانەی بە ناوی " France-Li- ertés Foundation" دامەزراند. دانیال بە ڕێگای ئەم ڕێکخراوەیەوە، سەردانی وڵاتانی دیکەی دەکرد و لە پێناو ئازادی گەلانی ژێر دەست و یارمەتیدانی خەڵکانی هەژاری نەتەوەکانی تر لە ئافریقا، ئاسیا و ئامریکای لاتین و هەموو شوێنەکانی دیکەی جیهان، تێکۆشانێکی مرۆڤ دۆستانەی دەست پێکرد. لە ڕاستیدا ئەم ڕێکخراوە نوێیەی بە تێکەڵ کردنی ڕێکخراوەیەکی تری هاوشێوە کە لە ساڵی ١٩٨١ سازی کردبوو، بنیاد نا و خۆیشی بوو بە یەکەمین خاتوونی بەرپرسیار لەم ڕێکخراوەیە دا.

شۆڕشی گەلی کوبا، جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی سۆسیالیستی "ساندنیست" کە ڕێبەرەکەیان واتا "ساندینۆ" بە پیلانی ئامریکاییەکان لە وڵاتی نیکاراگوئێ کوژرا، شۆڕشی مافخوازانەی کوردان، مافخوازانی "تەبەت" لە چین، خەڵکانی ماف خوازی ناسراو بە "باربار" لە باکوری ئافریقا و بە تایبەت لە وڵاتی "مۆراکۆ"

و چەندین گەل و جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی دیکە لە جیهان، نموونەیەکن لەو خەڵـک و جووڵانەوانـەی کە دانیال میتەران، بە هەمـوو هێز و توانای خۆیەوە پشتیوانی لێ دەکردن. هاوکات جیا لە دابین کردن و ناردنی خۆراک و پۆشاک بۆ خەڵکانی برسی لە وڵاتانی جۆراوجۆر، لە بواری داو و دەرمانیش یارمەتی داون و ئەوەی لە دەستی هاتووە کردوویەتی.

میتەران، لە ماوەی تێکۆشانەکانی مرۆڤ دۆستانەی دا هەموو کاتێک پشتیوانی لـە جووڵانەوەی ئازادیخوازانـەی کوردانیش کردووە و تەنانەت وەکوو یەکێک لە باشـترین دۆستانی کورد نەک تەنیا لە کوردستان، بەڵکوو لە هەموو جیهان ناسـراوە. میتەران، بە تایبەتی لە گەڵ ڕێبەران و شۆڕشـگەرانی کورد لە پێناو وەدەست هێنانی مافەکانی کوردان و بە هەموو جۆرە شێوازێکی یارمەتیدان، لە پێوەندی دا بووە. دانیاڵ میتەران، لە سـاڵی ١٩٩٢ دوابەدوای تێکشکانی سەدام حوسـێن لە باشووری کوردستان و سـەرهەڵدانی گەل لەم بەشەی نیشتیمانی کوردان، هاوڕێ لە گەڵ سیاسەتمەدار و ڕێبەری دڵسۆزی فەرانسەوی "بێرنارد کۆشـنەر" کە دواتر بوو بە یەکێک لە سـەرۆک کۆمارەکانی فەرانسە، سەردانی کوردسـتانیان کرد و جارێکی تر پشتیوانی و هاودڵی خۆیان لە گەڵ کوردان نیشان دا. جیا لەمانـە میتەران بـە توندی لە گـەڵ هاتنـی تورکیـا بـۆ ناو یەکیەتـی ئورووپـا دژایەتـی دەکـرد، چوونکە پێـی وابوو کە تورکیـا، مافەکانی مرۆڤ و بە تایبەتیش مافی کوردانی پێشـێل کـردووە و ناتوانـێ ببێتـە ئەندامی یەکیەتیـەک کە ماف و یاسـاکانی مافـی مـرۆڤ بە بنچینە دەگرێـت. میتەران هاوکات پشـتیوانی لە پێک هاتن و دامەزرانی کوردسـتانێکی سـەربەخۆ کردووە و بە هەموو توانای خۆیەوە لە پێناو وەدەسـت هێنانی مافی دیاری کردنی چارەنـووس بۆ کوردان لە هەموو بەشەکانی کوردستان، بە تایبەت لە ڕۆژهەڵات، باکور و باشووری کوردستان، هەوڵی داوە.



دانیـال میتـەران وەکـوو ژنێکی ماف پـەروەر، هەموو کاتێک بـە هۆی ئەم



هەموو ســتەم و نادادوەری سیاســی و ئابووری کە لە جیهان دا هەیە خەمگین بووە و لەم بارەوە گوتویەتی:
"من دەســەڵاتی ئابووری کە بە ســەر خەڵکان دا حکومەت دەکات، مەحکوم دەکەم. ئەمە سیســتەمێکە کە تاکەکانی مرۆڤ دەکات بە بەشــێک لە میکانیزمی ئابووری خۆی و دەیانتوێنێتەوە. ڕێز لە خەڵکانی هەژار ناگرێت و تەنیا شتێک کە بە لایەوە گرینگە، قازانجی مادییە و بەس".
دانیال میتەران، یەکێکە لە خۆشەویست ترین ژنانی ڕۆژاوایی لە ناو کوردان دا. ئەم ژنە فەرانســەویە کە هەر لە تەمەنی لاویەتی خۆیەوە لە دژی ســتەم و زۆرداری خەباتی کردووە، تا ئاخرین ڕۆژ و چرکەکانی ژیانیشــی دەســتی لە تێکۆشــان هەڵنەگرت. مەخابن میتەران لە تەمەنی هەشــتا و حەوت ســاڵەیی و لە ســاڵی ٢٠١١، کۆچی دوایی کرد و هەموو مرۆڤ دۆستانی و ئازادیخوازانی جیهــان، بە تایبەتیــش کوردانی خەمگین کرد. ئازادیخــوازان و ڕێبەرانی کورد لە هەموو بەشــەکانی کوردســتان پەیامی سەرەخۆشــیان نــارد و تەنانەت بۆ ڕێزگرتــن لــە یــاد و خەباتی ئەم ژنــە گەورەیە، هەزاران کەس لە کوردســتان جلوبەرگی ڕەشــیان لە بــەر کرد. دانیال میتەران، کۆچــی دوایی کرد بەڵام، لە مێژووی مرۆڤایەتی دا و بە تایبەتیش لە کوردســتان، شــوێنێکی تایبەتی هەیەو بــە دایکــی کوردان ناســراوە. کەم نین ئــەو کوردانەی کە بە یــادی ئەو، ناوی کچەکانیان ناوە "دانیال".

# Women of Determination

Shirin Jihani

Kurdistan 2012